وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سۆران
فاکەڵتیی ئاداب
بەشی زمانی کوردی

# ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی
# لە زمانی کوردی و فارسیدا

دکتۆرانامەیەکە

**شێرزاد سەعید سەددیق**

پێشکەشی ئەنجومەنی فاکەڵتیی ئادابی زانکۆی سۆرانی کردووە و
بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشتیار

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول**

٢٧١٣ کوردی ٢٠١٣ زایینی ١٤٣٥ کۆچی

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سۆران ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

پ.ی.د. عەبدوللا حوسێن ڕەسول

مێژو : / / ٢٠١٣

بە پێی ئەو پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی.د. پەخشان سابر حەمەد

سەرۆکی لێژنەی خوێندنی باڵا

مێژو : / / ٢٠١٣

**ئێمەی ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ قوتابییەکەدا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تریەوە کرد و بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردی پێ بدرێت.**

ناو: پ.ی.د. قەیس کاکل تۆفیق

ئەندام

مێژو:      /   / ٢٠١٣

ناو: پ.ی. د. محمد صالح عبداللە

ئەندام

مێژو: ٢٤ /١٢/ ٢٠١٣

ناو: پ.ی.د. ئەبوبکر عومەر قادر

ئەندام

مێژو: ٢٤ /١٢/ ٢٠١٣

ناو: د. عمر محمود کریم

ئەندام

مێژو: ٢٤ /١٢/ ٢٠١٣

ناو: پ.ی.د. عەبدوللا حوسێن ڕەسول

ئەندام و سەرپەرشتیار

مێژو:      /   / ٢٠١٣

ناو: پ.د. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی

سەرۆکی لیژنە

مێژو:      /   / ٢٠١٣

**لە لایەن ئەنجومەنی فاکەڵتیی ئادابەوە پەسەند کرا.**

**ناو: پ.ی.د. قەیس کاکل تۆفیق**

**ڕاگری فاکەڵتی بەوەکالەت**

**مێژو:      /   /  ٢٠١**

# پێشکەش

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە :**

**دایك و باوكی دڵسۆزم.**

**هاوسەری ئازیزم (مەهاباد) و جگەرگۆشەكانم (شەنگ و ڕەند).**

**خوشك و براكانم.**

**هەمو ئەو بەڕێزانەی بە درێژایی تەمەنم شتێكیان لێ فێربوم.**

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس و پێزانین بۆ :**

- **حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتدارییان دەرفەتی خوێندنی دکتۆرام بۆ ڕەخسا.**
- **سەرۆکایەتیی زانکۆی سۆران، ڕاگرایەتیی فاکەڵتی ئاداب و سەرۆکایەتیی بەشی زمانی کوردی کە دڵسۆزانە یارمەتییان دام و ئاسانکاریی زۆریان بۆ کردم.**
- **بەڕێز (پ.ی.د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول) کە دڵسۆزانە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی گرتە ئەستۆی خۆی.**
- **بەڕێزان (پ.ی.د. قەیس کاکل تۆفیق) و (د.دیار عەلی کەمال) کە بە ڕا گۆڕینەوە و گفتوگۆ و تاوتوێکردنی هەندێ بابەتی نامەکەم هاوکارم بون و بە دڵفراوانییەوە وەڵامی پرسیارەکانیان داومەتەوە.**
- **بەڕێز (پ.د. صادق کریم یحیی) کە خۆبەخشانە ئەرکی پێداچونەوەی نمونە فارسیەکانی گرتە ئەستۆی خۆی.**
- **هاوسەری بەڕێزم کە لە وەرگێڕانی دەقە ئینگلیزییەکان یارمەتیی زۆری دام.**
- **هاوڕێی دڵسۆزم، بەڕێز(م. دلێر صادق کانبی) کە جگە لە گفتوگۆ و تاوتوێکردنی بابەتەکان، چەندین سەرچاوەی گرنگ و بە نرخی خستە بەردەستم.**
- **بەڕێوەبەر و فەرمانبەرانی کتێبخانەی فاکەڵتیی ئاداب.**
- **هەمو ئەو بەڕێزانەی کە ناویان نەهاتوە و بە جۆرێك لە جۆرەکان هاوکارییان کردوم.**

# پێشکەش

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە :**

**دایك و باوکی دڵسۆزم.**

**هاوسەری ئازیزم (مەهاباد) و جگەرگۆشەکانم (شەنگ و ڕەند).**

**خوشك و براکانم.**

**هەمو ئەو بەڕێزانەی بە درێژایی تەمەنم شتێکیان لێ فێربوم.**

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| ئامانج | Goal |
| ئامرازی پەیوەندی | Preposition |
| ئامێر | Instrument |
| ئاوەڵکار | Adverb |
| ئاوەڵناو | Adjective |
| ئەرك | Function |
| ئەرکە ڕێزمانییەکان | Grammatical functions |
| ئەگەر و تەنیا ئەگەر | If and if only |
| ئەنافۆر | Anaphor |
| باس | Topic |
| بەرکار | Object |
| بەرکاری دووەم | Second object |
| بەلوتکەکردن | Topicalization |
| بەها | Value |
| بگۆڕ | Attribute |
| بگۆڕی واتایی | Semantic Variables |
| بکەر | Subject |
| بکەری دەرنەبڕاو | Unexpressed subject |
| تەواوکەر | Complement |
| تەوەرە | Focus |
| توخمی بە لێکسیم بو | Lexicalized element |
| جێکەوتەی بچوك | Minimal projection |
| جێکەوتەی مەزن | Maximal projection |
| جێکەوتەی ناوەند | Intermediate projection |
| خاوەندارێتی | possessive |
| خوشك | Sister |
| دایك | Mother |

| | |
|---|---|
| Lexical entry | دەروازەی لێکسیکی |
| Attribute value matrix | دوانەی بگۆڕ و بەها |
| Binary | دوانەیی |
| Case | دۆخ |
| Determiner | دیارخەر |
| Aspect | ڕوکار |
| Constituent Structure | ڕۆنانی پێکهاتەیی |
| Functional Structure | ڕۆنانی ئەرکی |
| Mood | ڕێژەی کار |
| Path | ڕێڕەو |
| Universal grammar | ڕێزمانی سەراپا |
| Lexical Functional Grammar | ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی |
| Agreement | ڕێککەوتن |
| Adjunct | سەربار |
| Head | سەرە |
| Source | سەرچاوە |
| Beneficiary | سودمەند |
| Location | شوێن |
| Experimenter | چێژەر |
| Inflectional | گەردانی |
| Node | گرێ |
| Predicate | گوزارە |
| Coherence | گونجان |
| Transformational | گوێزانەوەیی |
| prepositional phrase | فرێزی بەند |
| Case Phrase | فرێزی دۆخ |
| Determiner phrase | فرێزی دیارخەری |
| Number Phrase | فرێزی ژمارە |

| | |
|---|---|
| Complemetizer Phrase | فرێزی گەیەنەری |
| Conjunction Phrase | فرێزی لێکدەر |
| Noun phrase | فرێزی ناوی |
| Adverb phrase | فرێزی ئاوەڵکاری |
| Adjective phrase | فرێزی ئاوەڵناوی |
| Well formedness | فۆڕم دروست |
| Ill-formed | فۆرم نادروست |
| Tense | کات |
| Agent | کارا |
| Dative | کارتێکراو |
| Infinite verb | کاری بێ کات |
| The controlled element | کەرەستەی کۆنتڕۆڵکراو |
| Finite verb | کرداری کات و کەسدار |
| Daughter | کچ |
| Controller | کۆنتڕۆڵکەر |
| Oblique | نابکەری |
| Un grammatical | ناڕێزمانی |
| Non-transformational | ناگوێزانەوەیی |
| Noun | ناو |
| Passive verbal noun | ناوی کرداری بکەر نادیار |
| Object marker | نیشانەی بەرکار |
| Parallel | هاوتەریب |
| Accompaniment | هاوڕێیەتی |
| Co-head | هاو-سەرە |
| Constructionally induced | هەڵهێنجراوی پێکهاتەیی |
| Lexically induced | هەڵهێنجراوی لێکسیکی |
| Patient | وەرگر |
| Uniqueness | یەکبون |

## ناوەرۆك

**بابەت** **لاپەرە**


پێشەكی ........................................ ١- ٣

ناونیشان و بواری نامەكە ........................................ ١

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە ........................................ ١

پرسیارەكان و گرفتی توێژینەوەكە ........................................ ١

ئامانجی توێژینەوەكە ........................................ ٢

كەرەستەی نامەكە ........................................ ٢

ڕێبازی توێژینەوە ........................................ ٢

ناوەرۆكی نامەكە ........................................ ٣

بەشی یەكەم ڕێزمانی لێكسیكیی ئەركی ........................................ ٤-59

١) سەرەتا ........................................ ٤

١-١) ناونیشانی ڕێزمانەكە ........................................ ٥

١-١-١) ڕێزمان ........................................ ٦

١-١-٢) لێكسیكی ........................................ ٧

١-١-٣) ئەركی ........................................ ٨

١-٢) لایەنی تیۆری ڕێزمانی لێكسیكیی ئەركی ........................................ ٨

١-٢-١) ڕۆنانی پێكهاتە ........................................ ٩

١-٢-١-١) كورتەیەك لەسەر تیۆری ئێكس-باڕ ........................................ ١٠

١-٢-١-١-٢) فرێز لە تیۆری ئێكس-باڕ ........................................ ١١

١-٢-١-١-٣) جۆرەكانی فرێز لە ڕوی سەرەوە ........................................ ١٣

١-٢-٢) ڕۆنانی ئەركی ........................................ ١٥

١-٢-٢-١) هاوبەشەكان ........................................ ٢٠

١-٢-٢-١-١) هاوبەشە بێسنورەكان ........................................ ٢٣

١-٢-٢-١-١-١) بكەر ........................................ ٢٣

١-٢-٢-١-١-٢) بەركار ........................................ ٢٤

١-٢-٢-١-١-٣) بەركاری ٢ ........................................ ٢٤

١-٢-٢-١-٢) هاوبەشە سنوردارەکان ........ ٢٥
١-٢-٢-١-٢-١) دۆخی نابکەری ........ ٢٦
١-٢-٢-١-٢-٢) تەواوکەر ........ ٢٧
١-٢-٢-٢) ناهاوبەشەکان ........ ٢٩
١-٢-٢-٢-١) سەربار ........ ٢٩
١-٢-٢-٢-٢) باس ........ ٣١
١-٢-٢-٢-٣) تەوەرە ........ ٣٢
١-٢-٣) لە ڕۆنانی پێکهاتە بۆ ڕۆنانی ئەرکی ........ ٣٣
١-٣) مەرجەکانی فۆڕم دروستی ........ ٤٦
١-٣-١) بنەمای یەکبون ........ ٤٧
١-٣-٢) بنەمای تەواوی ........ ٤٩
١-٣-٣) بنەمای گونجان ........ ٥١
١-٤) کۆنتڕۆل ........ ٥٢
١-٤-١) کۆنتڕۆلی ئەرکی ........ ٥٤
١-٤-٢) کۆنتڕۆلی ئەنافۆڕ ........ ٥٨
بەشی دوەم ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە زمانی کوردیدا ........ ٦٠-١٣٤
٢-١) سەرەتا ........ ٦٠
٢-٢) ڕۆنانی پێکهاتەی ڕستە لە زمانی کوردیدا ........ ٦٠
٢-٢-١) جۆرەکانی فرێز لە زمانی کوردیدا ........ ٦٠
٢-٢-١-١) فرێزی لێکسیکی ........ ٦١
٢-٢-١-١-١) فرێزی ناوی ........ ٦١
٢-٢-١-١-١-١) ڕۆنانی فرێزی ناوی ........ ٦٢
٢-٢-١-١-٢) فرێزی ئاوەڵناوی ........ ٦٣
٢-٢-١-١-٣) فرێزی بەند ........ ٦٦
٢-٢-١-١-٤) فرێزی ئاوەڵکاری ........ ٦٨
٢-٢-٢) فرێزی ئەرکی ........ ٦٩
٢-٢-٢-١) فرێزی دیارخەری ........ ٦٩
٢-٢-٢-٢) فرێزی خاوەنداریێتی ........ ٧١
٢-٢-٢-٣) فرێزی خستنەسەر ........ ٧٢

٢-٢-٢-٤) فرێزی ژماره ..................... ٧٣
٢-٢-٢-٥) فرێزی گەردانی ..................... ٧٤
٢-٢-٢-٦) فرێزی گەیەنەری ..................... ٧٩
٢-٢-٢-٧) فرێزی لێکدەر ..................... ٨٠
٢-٣) ڕۆنانی ئەرکیی ڕسته له زمانی کوردیدا ..................... ٨٣
٢-٣-١) بگۆڕ و بەهاکانیان له زمانی کوردیدا ..................... ٨٣
٢-٣-١-١) بگۆڕ و بەهاکانی بکەر له زمانی کوردیدا ..................... ٨٣
٢-٣-١-١-١) ژمارەی بکەر ..................... ٨٣
٢-٣-١-١-٢) بکەر له ڕوی کەسەوه ..................... ٨٤
٢-٣-١-١-٣) بکەر له ڕوی ناسراوییەوه ..................... ٨٤
٢-٣-١-١-٤) دیارخەرەکانی پێشەوەی بکەر ..................... ٨٧
٢-٣-١-١-٥) گوزارەی بکەر ..................... ٨٨
٢-٣-١-٢) بگۆڕ و بەهاکانی بەرکار له زمانی کوردیدا ..................... ٨٩
٢-٣-١-٣) بگۆڕ و بەهاکانی بەرکاری ٢ له زمانی کوردیدا ..................... ٨٩
٢-٣-١-٤) بگۆڕ و بەهاکانی کار له زمانی کوردیدا ..................... ٩٠
٢-٣-١-٤-١) کات ..................... ٩٠
٢-٣-١-٤-٢) ڕوکار ..................... ٩١
٢-٣-١-٤-٣) ڕێژەی کار ..................... ٩٢
٢-٣-١-٤-٤) توخم ..................... ٩٢
٢-٣-١-٤-٥) ناکردن ..................... ٩٥
٢-٣-١-٤-٦) گوزاره ..................... ٩٦
٢-٤) شیکردنەوەی جۆرەکانی ڕسته ..................... ١٠١
٢-٤-١) ڕستەی یەك هاوبەشی ..................... ١٠١
٢-٤-٢) ڕستەی دو هاوبەشی ..................... ١٠٥
٢-٤-٣) ڕستەی سێ هاوبەشی ..................... ١١٢
٢-٤-٤) ڕستەی چوار هاوبەشی ..................... ١١٧
٢-٥) باس و تەوەرەی ڕسته له زمانی کوردیدا ..................... ١١٨
٢-٦) فۆڕم دروستی ڕۆنانی ئەرکی ڕسته له زمانی کوردیدا ..................... ١٢٦
٢-٦-١) بنەمای (یەکبون)ی ڕۆنانی ئەرکی ڕسته له زمانی کوردیدا ..................... ١٢٦
٢-٦-٢) بنەمای( تەواوی)ی ڕۆنانی ئەرکی ڕسته له زمانی کوردیدا ..................... ١٣٢

۲-٦-۳) بنەمای( گونجان)ی ڕۆنانی ئەرکی ڕستە لە زمانی کوردیدا ........................................ ۱۳۳

۲-۷) کۆنترۆل لە ڕستەی زمانی کوردیدا ........................................ ۱۳٤

بەشی سێیەم :ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە زمانی فارسیدا ........................................ ۱۳۵- ۲۱۱

۳-۱) سەرەتا ........................................ ۱۳۵

۳-۲) ڕۆنانی پێکهاتەی ڕستە لە زمانی فارسیدا ........................................ ۱۳۵

۳-۲-۱) جۆرەکانی فرێز لە زمانی فارسیدا ........................................ ۱۳٦

۳-۲-۱-۱) فرێزی لێکسیکی ........................................ ۱۳٦

۳-۲-۱-۱-۱) فرێزی ناوی (گروه اسمی) ........................................ ۱۳٦

۳-۲-۱-۱-۱-۱) ڕۆنانی فرێزی ناوی ........................................ ۱۳۷

۳-۲-۱-۱-۲) فرێزی ئاوەڵناوی (گروه صفتی) ........................................ ۱۳۹

۳-۲-۱-۱-۲-۱) ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوی ........................................ ۱۳۹

۳-۲-۱-۱-۳) فرێزی بەند (گروه حرف اضافه) ........................................ ۱٤۱

۳-۲-۱-۱-٤) فرێزی ئاوەڵکاری (گروه قیدی) ........................................ ۱٤٦

۳-۲-۲) فرێزە ئەرکیەکانی زمانی فارسی ........................................ ۱٤۸

۳-۲-۲-۱) فرێزی دیارخەری (گروه تعریف) ........................................ ۱٤۸

۳-۲-۲-۲) فرێزی خاوەنداریێتی (گروه مالکیت) ........................................ ۱٤۹

۳-۲-۲-۳) فرێزی خستنەسەر (گروه اضافه) ........................................ ۱۵۰

۳-۲-۲-٤) فرێزی ژمارە (گروه شمار) ........................................ ۱۵۰

۳-۲-۲-۵) فرێزی دۆخ (گروه حالت) ........................................ ۱۵۰

۳-۲-۲-٦) فرێزی گەردانی (گروه تصریفی) ........................................ ۱۵٦

۳-۲-۲-۷) فرێزی گەیەنەری (گروه متمم نما) ........................................ ۱۵۷

۳-۲-۲-۸) فرێزی لێکدەر (گروه ربطی) ........................................ ۱۵۹

۳-۳) ڕۆنانی ئەرکیی ڕستە لە زمانی فارسیدا ........................................ ۱٦۰

۳-۳-۱) بگۆڕ و بەهاکانیان لە زمانی فارسیدا ........................................ ۱٦۱

۳-۳-۱-۱) بگۆڕ و بەهاکانی بکەر لە زمانی فارسیدا ........................................ ۱٦۱

۳-۳-۱-۱-۱) ژمارەی بکەر ........................................ ۱٦۱

۳-۳-۱-۱-۲) بکەر لە ڕوی کەسەوە ........................................ ۱٦۲

۳-۳-۱-۱-۳) بکەر لە ڕوی ناسراوییەوە ........................................ ۱٦۳

۳-۳-۱-۱-٤) دیارخەرەکانی پێشەوەی بکەر ........................................ ۱٦٤

۳-۳-۱-۱-۵) گوزارەی بکەر ........................................ ۱٦۵

٣-٣-١-٢) بگۆڕ و بەهاکانی بەرکار لە زمانی فارسیدا ........ ١٦٨
٣-٣-١-٣) بگۆڕ و بەهاکانی بەرکاری ٢ لە زمانی فارسیدا ........ ١٦٩
٣-٣-١-٤) بگۆڕ و بەهاکانی کار لە زمانی فارسیدا ........ ١٦٩
٣-٣-١-٤-١) کات (زمان) ........ ١٧٠
٣-٣-١-٤-٢) ڕوکار (نمود) ........ ١٧٠
٣-٣-١-٤-٣) ڕێژەی کار (وجه فعل) ........ ١٧٤
٣-٣-١-٤-٤) توخم (شناسه) ........ ١٧٤
٣-٣-١-٤-٥) ناکردن ........ ١٧٨
٣-٣-١-٤-٦) گوزارە ........ ١٨٠
٣-٤) شیکردنەوەی جۆرەکانی ڕستە ........ ١٨٤
٣-٤-١) ڕستەی یەك هاوبەشی ........ ١٨٥
٣-٤-٢) ڕستەی دو هاوبەشی ........ ١٨٨
٣-٤-٣) ڕستەی سێ هاوبەشی ........ ١٩٢
٣-٥) باس و تەوەرەی ڕستە لە زمانی فارسیدا ........ ١٩٧
٣-٦) فۆرم دروستی ڕۆنانی ئەرکی ڕستە لە زمانی فارسیدا ........ ٢٠٥
٣-٦-١) بنەمای (یەکبون)ی ڕۆنانی ئەرکیی ڕستە لە زمانی فارسیدا ........ ٢٠٥
٣-٦-٢) بنەمای( تەواوی)ی ڕۆنانی ئەرکیی ڕستە لە زمانی فارسیدا ........ ٢٠٩
٣-٦-٣) بنەمای( گونجان)ی ڕۆنانی ئەرکیی ڕستە لە زمانی فارسیدا ........ ٢١٠
٣-٧) کۆنترۆل لە ڕستەی زمانی فارسی ........ ٢١١
بەشی چوارەم: بەراوردی ڕستە بەپێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢١٢- ٢٥١

٤-١) سەرەتا ........ ٢١٢
٤-٢) ڕۆنانی پێکهاتەی ڕستە لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢١٢
٤-٢-١) جۆرەکانی فرێز لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢١٢
٤-٢-١-١) فرێزی لێکسیکی لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢١٣
٤-٢-١-١-١) فرێزی ناوی لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢١٣
٤-٢-١-١-٢) فرێزی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢١٤
٤-٢-١-١-٣) فرێزی بەند لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢١٥
٤-٢-١-١-٤) فرێزی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢١٦
٤-٢-٢-) فرێزە ئەرکیەکان لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢١٦
٤-٢-٢-١) فرێزی دیارخەری لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢١٧
٤-٢-٢-٢) فرێزی خاوەنداریێتی لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢١٩
٤-٢-٢-٣) فرێزی خستنەسەر لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢١٩
٤-٢-٢-٤) فرێزی ژمارە لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢١٩
٤-٢-٢-٥) فرێزی دۆخ لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٢١
٤-٢-٢-٦) فرێزی گەردانی لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٢٢
٤-٢-٢-٧) فرێزی گەیەنەری لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٢٢
٤-٢-٢-٨) فرێزی لێکدەر لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٢٣
٤-٣) ڕۆنانی ئەرکی ڕستە لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٢٣
٤-٣-١) بگۆڕ و بەهاکانیان لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٢٤
٤-٣-١-١) بگۆڕ و بەهاکانی بکەر لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٢٤
٤-٣-١-١-١) ژمارەی بکەر لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٢٤
٤-٣-١-١-٢) کەسی بکەر لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٢٥
٤-٣-١-١-٣) بکەر لە ڕوی ناسراوییەوە لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٢٦
٤-٣-١-١-٤) دیارخەری بکەر لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٢٦
٤-٣-١-١-٥) گوزارەی بکەر لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٢٧
٤-٣-١-٢) بگۆڕ و بەهاکانی بەرکار لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٢٧
٤-٣-١-٣) بگۆڕ و بەهاکانی بەرکاری ٢ لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٢٩
٤-٣-١-٤) بگۆڕ و بەهاکانی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٢٩
٤-٣-١-٤-١) کاتی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٣٠
٤-٣-١-٤-٢) ڕوکاری کار لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ ٢٣٠

٤-٣-١-٤-٣) ڕێژەی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٣٠
٤-٣-١-٤-٤) توخم لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٣١
٤-٣-١-٤-٥) ناکردنی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٣٢
٤-٣-١-٤-٦) گوزارەی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٣٣
٤-٣-١-٥) بگۆڕ و بەهاکانی تەواوکەر لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٣٤
٤-٣-١-٦) بگۆڕ و بەهاکانی سەربار لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٣٧
٤- ٤) شیکردنەوەی ڕستە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٣٨
٤- ٤ -١) ڕستەی یەك هاوبەشی لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٣٩
٤- ٤ -٢) ڕستەی دو هاوبەشی لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٤١
٤- ٤ -٢- ١) ڕستەی دو هاوبەشی (بکەر و بەرکار) لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٤١
٤- ٤ -٢- ٢) ڕستەی دو هاوبەشی (بکەر و بەرکاری ٢) لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٤٣
٤- ٤ -٢- ٣) ڕستەی دو هاوبەشی (بکەر و تەواوکەری I) لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٤٤
٤- ٤ -٢- ٤) ڕستەی دو هاوبەشی (بکەر و تەواوکەری CP) لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٤٥
٤- ٤ -٣) ڕستەی سێ هاوبەشی لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٤٦
٤- ٤ -٣- ١) ڕستەی سێ هاوبەشی (بکەر ، بەرکار و بەرکاری ٢) لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٤٦
٤- ٤ -٣- ٢) ڕستەی سێ هاوبەشی (بکەر ، بەرکار و تەواوکەری I) لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٤٧
٤- ٤ -٣- ٣) ڕستەی سێ هاوبەشی (بکەر ، بەرکار و تەواوکەری CP) لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٤٨
٤- ٤ -٣- ٤) ڕستەی سێ هاوبەشی (بکەر ، تەواوکەری I و تەواوکەری I) لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٤٩
٤- ٤ -٣- ٥) ڕستەی سێ هاوبەشی (بکەر ، بەرکاری٢ و تەواوکەری CP) لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٥٠
٤- ٥) باس و تەوەرەی ڕستە لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٥١
٤- ٦) فۆڕم دروستی لە ڕۆنانی ئەرکی ڕستە لە زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٥١
٤- ٧) کۆنترۆڵ لە ڕستەی زمانی کوردی و فارسیدا ........................................ ٢٥١
ئەنجام ........................................ ٢٥٢
سەرچاوەکان ........................................ ٢٥٤
ملخص البحث ........................................ ٢٦٤
Abstract ........................................ ٢٦٥

## پێشەکی

### ناونیشان و بواری نامەکە :

ناونیشانی توێژینەوەکە (ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێسیکیی ئەرکی لە زمانی کوردی و فارسیدا) یە. ئەم نامەیە لە هەردو ڕۆنانی پێکهاتەیی و ئەرکیی ڕستە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی ستاندەری فارسی لە چوارچێوەی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی، دەکۆڵێتەوە.

### هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

گرنگیی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە زمانەوانیی هاوچەرخ و پەرەپێدان بەم ڕێزمانە لە شوێنە جیاوازەکان لە لایەك و کارابونی ڕێزمانەکە وەکو بنەمایەك بۆ لایەنی ڕێزمانی وەرگێڕانی ئامێری لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە لایەکی تر، هەروەها نەبونی توێژینەوەی تایبەت بەم ڕێزمانە لە زمانی کوردیدا و کەمی ئەم توێژینەوانە لە زمانی فارسیدا لەم بوارەدا، هۆکار و پاڵنەری سەرەکی بون بۆ نوسینی ئەم نامەیە.

### پرسیارەکان و گرفتی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

_ ئایا سەراپایی بونی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی وەك ئەوەی دانەرانی ئەم ڕێزمانە بانگەشەی بۆ دەکەن، ڕاستە و ئەم ڕێزمانە بۆ زمانی کوردی و فارسی دەگونجێ؟

_ ئایا ڕستەکانی زمانی کوردی و فارسی لە ڕوی ڕۆنانی پێکهاتەییەوە جیاوازن ؟ لێکچون و جیاوازییەکانی ڕۆنانی پێکهاتەیی ڕستەی کوردی و فارسی لە چی دایە؟ ئایا لە هەردو زمانەکەدا بگۆڕەکان هەمان جۆرە بەها هەڵدەبژێرن، لێکچون و جیاوازی هەیە لە هەڵبژاردنی بەهای بگۆڕەکان؟

## ئامانجی توێژینەوەكە :

ئامانج لەم توێژینەوەیە باسكردنی ڕستەیە لە زمانی كوردی و فارسیدا بە پێی ڕێزمانی لێكسیكیی ئەركی كە ڕێزمانێكی ناگوێزانەوەییە و بە جیاواز لە ڕێزمانە باوەكانی تر باسی زمان دەكا بە گشتی و ڕستە بە تایبەتی.

باسكردنی پەسەنكارانەی ڕۆنانی پێكهاتەیی و ڕۆنانی ئەركی ڕستە لە هەردو زمان و بەراوردكردنیان، ڕێگا خۆشكەرە بۆ دانانی پرۆگرامێك بۆ وەرگێڕانی ئامێری لە نێوان ئەم دو زمانەدا، هەروەها هاوكارێكە بۆ ئەو پەڕتوكانەی كە بە مەبەستی فێركردنی یەكێ لەم زمانانە بۆ ئاخێوەری زمانی تر دەنوسرێن.

## كەرەستەی نامەكە :

لەم نامەیەدا لەو بەشەی تایبەتە بە ڕستە لە زمانی كوردییەوە، زاری ناوەڕاستی زمانی كوردی كراوەتە كەرەستەی لێكۆڵینەوە، چونكە ئەم زارە وەكو زمانی فەرمی چەند پارێزگایەكی هەرێمی كوردستان بەكاردێ، كەرەستە و نمونە كوردییەكان لە قسەكردنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زاری ناوەڕاست وەرگیراون. زمانی فارسیی ستاندارد كراوەتە كەرەستەی لێكۆڵینەوە و نمونە فارسییەكان لە فارسیزانەكان وەرگیراون، لەو نمونانەی خۆم دامناون، بۆ دڵنیابون لە فارسی بونی نمونەكان نیشانی فارسیزان دراون. توێژەر كەسێكی (bilingual)ە، خۆی ئاخێوەری زاری ناوەڕاستی زمانی كوردییە و زمانی فارسیش زمانی دوەمیەتی.

## ڕێبازی توێژینەوەكە :

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسەنكارانە و بەراوردی لە چوارچێوەی ڕێزمانی لێكسیكیی ئەركی بەكارهاتوە. لە بەشی دوەم و سێیەمدا بە پێی ڕێبازی پەسنكارانە ڕستەی كوردی و فارسی تاوتوێكراوە. لە بەشی چوارەمدا بە پێی ڕێبازی بەراوردكاری، ڕستە لە نێوان ئەم دو زمانە بەراوردكراوە.

**ناوەرۆکی نامەکە:**

نامەکە جگە لە پێشەکی، لە چوار بەش پێکهاتوە:

**بەشی یەکەم:** بە ناونیشانی (ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی)یە، بەشێکی تیۆرییە و باسی لایەنی تیۆری ئەم ڕێزمانە دەکا. باس لە سەرهەڵدان و بنەماکانی دەکا. هەروەها بە جیا بابەتی ڕۆنانی پێکهاتە و ڕۆنانی ئەرکی دەخاتە ڕو.

**بەشی دوەم:** لە ژێرناونیشانی (ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە زمانی کوردیدا) و بە پێی ڕێبازی پەسەنکارانە و لە چوارچێوەی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکیدا، باسی ڕۆنانی پێکهاتە ، ڕۆنانی ئەرکی، شیکردنەوەی ڕستە، باس و تەوەرە ، فۆڕم دروستی و کۆنتڕۆل لە ڕستەی زمانی کوردی کراوە و بە نمونە و شیکاری پێویست خراوەتە بەر چاو.

**بەشی سێیەم:** (ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە زمانی فارسیدا) ناونیشانی بەشی سێیەمی ئەم نامەیەیە. لەم بەشەدا بە پێی ڕێبازی پەسەنکارانە و لە چوارچێوەی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکیدا باسی ڕۆنانی پێکهاتە، ڕۆنانی ئەرکی، شیکردنەوەی ڕستە، باس و تەوەرە ، فۆڕم دروستی و کۆنتڕۆل لە ڕستەی زمانی فارسی کراوە. بابەتەکان بە نمونە و شیکاری پێویست خراونەتە بەرچاو.

**بەشی چوارەم:** لەم بەشەدا، بابەتەکانی بەشی دوەم و سێیەم بەراورد کراون و لە ئەنجامدا لێکچون و جیاوازییەکانی نێوان ڕستە لە هەر دو زمانەکەدا دەسنیشانکراون. ناونیشانی ئەم بەشە بریتییە لە (بەراوردی ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە زمانی کوردی و فارسیدا).

لە کۆتاییشدا، ئەو ئەنجامانەی لەو توێژینەوەیە پێیان گەیشتوین، خراونەتە ڕو. پاشان لیستی سەرچاوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی هاتوە. لە کۆتاییدا کورتەی توێژینەوەکە بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەشکراوە.

# بەشی یەکەم

# ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی

## ١ ) سەرەتا :

ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی[1] لە ناوەڕاست تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵداوە، لەو کاتەوە بیروڕای جیاواز لەبارەی ڕستەسازییەوە سەریهەڵدا. دو کەس ڕۆلیان هەبو لە دانانی ئەم ڕێزمانەدا، یەکەمیان (جۆن برێزنەن)[2] ی ڕێزمانزان، یەکێك بوە لە قوتابیەکانی چۆمسکی، باوەڕی وابو لە گوێزانەوەدا هەڵەیەك هەیە، بۆیە بۆ سەلماندنی ئەم باوەڕە خولیای دەستکەوتنی بەڵگە بو لە زمانەوانی دەرونیدا. دوەم کەس ڕۆنالد کاپلان[3] بو، پسپۆر بو لە زمانەوانی کۆمپیوتەری و زمانەوانی دەرونیدا، کاری لەسەر پرۆژەیەك دەکرد بە ناوی (تۆڕی گوێزانەوەی ئارگیومێنتی)[4]. ئەو دو کەسە بۆیان دەرکەوت، کە هەردوکیان لەسەر یەك ڕێچکەن و بەرەو هەمان ئاراستە دەڕۆن، بۆیە بڕیاریاندا پێکەوە کاربکەن، لە ئەنجامی ئەو پێکەوە کارکردنەدا، ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی پەیدابو( Falk، ٢٠٠١، ٣). یەکەم توێژینەوەی هاوبەشی برێزنەن و کاپلان لە ژێر ناونیشانی (دەربڕینی زەینی پەیوەندییە ڕێزمانییەکان)[5]ە، کە لە ساڵی ١٩٨٢دا بلاوکرایەوە.

گرنگیدان بە زمانی منداڵ و چۆنیەتی فێربونی زمان و گەشەسەندنی زمانەکەیان لە کاتی گەشەی منداڵدا، وایکردوە زمانەوانان بایەخی زۆر بەم بابەتە بدەن و چەندین تیۆری جیاواز لەم بوارەدا هاتۆتە ئاراوە، " کاتێ کە منداڵان فێری زمانی دایك دەبن، دەبنە خاوەنی کۆمەڵە توانایەك.

---

1 ) Lexical Functional Grammar / LFG.
2 ) Joan Bresnan.
3 ) Ronald M. Kaplan.
4 ) Argumented Transition Network.
5) The Mental Representation of Grammatical Relations.

منداڵان زیرەکی و زانیاری وەردەگرن، ئەمەش وادەکا کۆمەڵە وشەیەکی نوێ بە ژمارەیەکی بێ کۆتا دەربڕن. هەروەها دەتوانن، فێری چەند تایبەتمەندییەکی ئەم وشانە ببن، مەبەستی سەرەکی زمانەوانە دەرونییەکان دەرخستنی ئەو توانا زەینیەیە، ئەمەش پێی دەوترێ تیۆری توانست" (Kaplan, & Bresnan، ١٩٨٢، ١٧٤ ).

ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە یەکەم دەرکەوتنیدا وەك تیۆرێکی زمانی، جەختی لەسەر دەربڕینی زەینی پەیوەندیی ڕێزمانی دەکرد بۆ مەرجە جیهانییەکانی زمانە سروشتییەکان. ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی وەکو سەرەتایەك، ئەرکە ڕێزمانییەکانی وەرگرت(Shieber، ٢٠٠٣، ٣٩).

" ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی تیۆرێکی ناگوێزانەوەیی[٦] پێکهاتەی زمانە، گریمانەی ئەوە دەکا، باشتر وایە کە زمان لە ڕێگای دو پێکهاتەی هاوتەریبەوە، مودێلکاری و پەسەن بکرێ کە نوێنەرایەتیی لایەنە جیاوازەکانی پێکهاتەی زمانی و زانیاری دەکەن" (Dalrymple، ٢٠٠١، ١). بەم پێیە لەم ڕێزمانەدا هیچ گوێزانەوەیەك لە ئارادا نییە ( ایوان ساگ و توماس واسو، ٢٠٠٧، ٦٨).

## ١-١ ) ناونیشانی ڕێزمانەکە :

بە لێکدانەوەی وشە بە وشەی ناونیشانی ئەم ڕێزمانە، بۆمان دەردەکەوێ، ئەم ڕێزمانە جیاوازە لە هەندێ ڕێزمانی تر، کە تەنیا گرنگی بە یەکێك لەم لایەنانە، لێکسیکی یان ئەرکی دەدەن، لەم ڕێزمانەدا بۆ شیکردنەوەی زمان هەر دو لایەنی لێکسیکی و ئەرکی دەکرێنە تەوەری کارکردن.

بە وردبونەوەی زیاتر لە ناونیشانی ڕێزمانەکە، درك بەو دو تایبەتمەندییەی خوارەوە دەکرێ:

"یەکەم: جەختی ئەم قوتابخانەیە لەسەر ڕۆڵی لێکسیکییەکانە. هەر سیمایەك، وەك: کەس، ژمارە، کات،... هتد خاوەنی دەروازەیەکە، کۆمەڵێك لەم سیمایانە دەروازەی لێکسیکی[٧] پێکدەهێنن.

[6] ) non-transformational.
[7] ) lexical entry.

دوەم: ئەرکە ڕێزمانییەکان لە چوارچێوەی پێویستیی ڕێزمانەکەدا دادەنرێن. لەم ڕێزمانەدا چەمکە دێرینەکانی بکەر و بەرکار،...هتد لە ڕوانگەی ترەوە باسیان لێوەدەکرێ، بەڵام بە هەمان ناوەوە" (اکرم طیبی، ١٩٩٦، ٣٣ - ٣٤ ).

لە خوارەوە باسی هەریەك لە وشە پێکهێنەرەکانی ناونیشانی ئەم تیۆرە دەکەین:

## ١-١-١ ) ڕێزمان:

هەر لە کۆنەوە گرنگیی بە توێژینەوەی ڕێزمان دراوە. لە توێژینەوەی زماندا دو چەمکی جیاواز لە ناو ڕێزماندا هەن: " ١- چەمکی ڕێزمان، وەك کۆمەڵە یاسایەك کە ئاخێوەرانی زمان بە هۆیەوە فێری دروست قسەکردن و دروست نوسین دەبن. ٢- ئەو زانستە بێئاگایانەی مرۆڤ لە سیستەمی زمانی، کە بە هۆیەوە مرۆڤ قسە دەکا، جا چ لە زەینی مرۆڤەوە بێ، چ زمانەوان وەسفی بکا"( علی درزی، ٢٠٠٦، ٥). هەر یەك لەم چەمکە جیاوازانە شێوازێکی جیاواز لە ڕێزمان بیردەهێننەوە، یەکەمیان ڕێزمانی دێرین کە پابەندی مرۆڤ بە یاسا زمانییەکان نیشاندەدا و دوەمیان ڕێزمانی پەسەنکارانە کە بایەخ بە ڕاستییە زمانییەکان دەدا.

ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی وەکو تیۆری گوێزانەوە، جۆرێك لە ڕێزمانی بەرهەمهێنانە. ئەو شێوازەیە لە شیکردنەوەی زمان کە سودێکی زۆری لە کارەکانی چۆمسکی وەرگرتوە. ڕێزمانی بەرهەمهێنان چەند ئامانجێکی سەرەکیی هەیە، وەك: دۆزینەوەی زمانەوانی سەراپا، دۆزینەوەی لایەنی دەرونی زمانەوانیی زەینی،...هتد (Falk، ٢٠٠١، ٢٧). ئەمەش وا دەکا کە دان بەم ڕاستیانەی خوارەوە بنێین:

١- ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی، یەکێکە لە ڕێزمانە گشتییەکان، بە واتایەکی تر، ئەم ڕێزمانە ڕێزمانێکی گشتگیرە و بۆ هەمو زمانەکان دەگونجێ، ئەم گریمانەیەش تا ئەو کاتە ڕاستە کە زمانێکی سروشتی نەبێ کە نەتوانرێ بەم ڕێزمانە شیبکرێتەوە.

٢- ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی، یەکێکە لەو تیۆرە زمانییانەی کە لە تیۆر و بیرۆکە زمانییەکانی چۆمسکی سەرچاوەی وەرگرتوە. بە هەمو ئەو جیاوازییانەی کە ئەم ڕێزمانە

هەیەتی، لە بەشێك لە ڕێزمانەکەدا هەست بە سێبەری تیۆرە زمانییەکانی چۆمسکی دەکرێ.

### ١-١-٢ ) لێکسیکی:

لێکسیك و گرنگییەکەی بە درێژایی مێژوی زمانەوانی، واتە لەو کاتەی کە زمانەوانی وەك لقێکی سەربەخۆی زانستی گرنگیی پێدرا، ڕوبەڕوی کەوتن و هەستانەوە بوە. لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم گرنگی زۆر بە لێکسیك دراوە، بەشێوەیەك کە تەوەرەی سەرەکیی زۆربەی ڕێزمانەکان بوە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێزمانی بەرهەمهێن، کە تیایدا ڕستە تەوەرەیە، لە گرنگی لێکسیکی کەم کردەوە. لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا بە هۆی گۆڕانی تێڕوانین بۆ لێکسیك و دەروازە فەرهەنگییەکەی لە زمانەوانی تیۆریدا، گرنگییەکی زۆر بە لێکسیك دەدرا. ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی و (ڕێزمانی فرێز ڕۆنانی گشتی)[٨] نمونەی ئەو ڕێزمانانەن کە گرنگییان بە لێکسیك داوە ( شهلا شریفی،٢٠٠٧، ٩٢-٩٧).

ڕێزمانە لێکسیکییەکان یان تیۆرە لێکسیکییەکان، ئەو تیۆرانەن کە لێکسیك ڕۆلێکی باڵایان تێدا دەبینێ (Falk، ٢٠٠١، ٣). کەواتە ئەو جۆرە تیۆرانەی کە تیایاندا لێکسیك تەوەرەیە و گرنگی زۆر بە لێکسیك و دەروازە فەرهەنگییەکەی دەدرێ بە تیۆرێ لێکسیکی ناو دەبرێن.

فەرهەنگی وشەکان لە نێوان خۆیاندا بە تۆرێکی واتایی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، پۆلین کراون و خاوەن زمانەکانیش مانای وشەکانی زمانەکەیان دەزانن (عبدالواحد مشیر دزەیی، ٢٠٠٩، ٥٣) و هەر دەروازەیەکی فەرهەنگی لە وەسفکردنی هەر یەکەیەکی فەرهەنگیدا کۆمەڵێ زانیاریی ڕۆنانی لەبەرچاودەگرێ، کە پەیوەندیی بە لایەنی سینتاکس و واتایی و تایبەتمەندیی دەنگی و گەلێ تایبەتمەندیی ناوەکی تری یەکە فەرهەنگییەکەوە هەیە ( Casadio، ١٩٩٩، ٣، - وەگێڕاو لە سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٩، ١١٦).

---

[8] ) Generalized phrase structure grammar

### ١-١-٣ ) ئەركی:

زاراوەی (ئەرك)[٩]، جگە لەوەی ئەركی كەرەستە پێكهێنەرەكانی ڕستە نیشانددا، بەكارهێنانی تریشی هەیە كە "بریتییە، لە نیشاندانی بەرجەستەكردنی سروشتی ئەم مۆدێلە، لەم حاڵەتەدا (ئەرك)، بەو واتایەی لە زانستی بیركاریدا هەیەتی بەكاردێ، واتە بەرجەستەكردنی پەیوەندیی نێوان ناوەكان و بەهاكانیان" (Sells، ١٩٨٥، ١٣٦). بە واتایەكی تر هەر وشەیەك كە بەشداری پێكهێنانی ڕستە بكا، ئەركەكەی بریتی دەبێ لە بەهای ئەم كەرەستەیە، كە لە ڕێگەی بەرجەستەكردنی لەم مۆدێلە ڕێزمانییەوە ڕۆڵی خۆی دەبێ.

### ١-٢ ) لایەنی تیۆری ڕێزمانی لێكسیكیی ئەركی:

لە ڕێزمانی لێكسیكیی ئەركیدا بایەخ بە دو ئاستی جیاواز دەدەرێ، كە لە لایەن برێزنەن و كەپلانەوە لە ساڵی ١٩٨٢زدا پێشكەشكراوە، ڕێزمانی لێكسیكیی ئەركی لەسەر چەندین دیاردەی زمانی پەیڕەوكراوە. ئەم ڕێزمانە بڕوای بە دو ئاستی سەرەكی هەیە بۆ دەربڕینی سینتاكسی ڕستە، كە بریتین لە ڕۆنانی پێكهاتە و ڕۆنانی ئەركی (Kaplan ، ١٩٨٥، ٣٠٥-٣٠٦). بە شێوەیەكی گشتی دەكرێ بیرۆكەی سەرەكی ئەم ڕێزمانە لەم هێڵكارییەی خوارەوەدا نیشان بدەین:




هێڵكاری ژمارە (١)

(محمد دبیر مقدم، ٢٠٠١، ل ٥١٩)

---

[9] ) Function

هەر وەك لە هێڵکاری ژمارە (١)دا دیارە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی بایەخێکی زۆر بە لێکسیك دەدا و بە بنەمای شیکردنەوەی ڕێزمانی داناوە. کەواتە: لە شیکردنەوەی ڕستەدا دەبێ گرنگی بە هەر دو ئاستی ڕۆنانی پێکهاتە و ڕۆنانی ئەرکی بدرێ، هەروەها هێڵکارییەکە جۆری پەیوەندیی ڕێزمان بە گشتی و هەر یەك لەم دو ئاستە بە تایبەتی بە هەر یەك لە ئاستەکانی دەنگ و واتا نیشاندەدا.

## ١-٢-١) ڕۆنانی پێکهاتە [١٠] :

لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکییدا لە شیکردنەوەی ڕستەدا، یەکەم ئاست کە سودی لێوەردەگیرێ ئاستی ڕۆنانی پێکهاتەیە. ڕۆنانی پێکهاتە هەمان هێڵکاری درەختی ڕوکەشی ڕستەیەکە. ئەم ئاستە دەبێتە بنەمای کارکردنی یاسا دەنگسازییەکان و لە ئەنجامدا، چۆنیەتی دەربڕینی ڕستە دیاریدەکا. ڕۆنانی پێکهاتە، بە کاتیگۆری سینتاکسی و زەنجیرەکانی کۆتایی و پەیوەندییەکانی زاڵبون و پەیوەندییەکانی تر پێناسە دەکرێ. کەواتە؛ ڕۆنانی پێکهاتە بە هۆی ڕێزمانەوە دیاریدەکرێ و تیایدا دەستنیشانی هەمو ڕۆنانە ڕوکەشە پێشبینی کراوەکانی زمان دەکا (Kaplan & Bresnan، ١٩٨٢، ١٧٤). شیکردنەوە ڕوکەشییەکەی ڕستە لەبەر ڕۆشنایی بیروڕا و کارەکانی چۆمسکی دا هاتۆتە ناو ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکییەوە. ڕۆنانی پێکهاتە لەسەر بنەمای تیۆری ئێکس-باڕدا دامەزراوە، بۆیە پەیڕەوەی هەمان بنەماکانی ئێکس-باڕ دەکا (Kazana، ٢٠١١، ل ٦).

لە پێناسەی بریزنەن و کاپلان دا بۆ ڕۆنانی پێکهاتە، ئاماژەیان بە شیکردنەوەی درەختی ڕوکەشی کردوە. دەبێ ئەوەش لەبیرنەکەین کە چەند شێوازێکی جیاواز هەیە بۆ نواندنی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە، وەك هێڵکاری درەختی، کەوانە ناونراوەکان، داڕشتنەوەی یاساکان، (سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٩، ٢٠-٢٢)...هتد، دەکرێ لە تۆمارکردنی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەدا سود لە هەریەکەیان وەربگیرێ و لە حاڵەتی پێویستدا لە شێوازێکەوە بگۆڕدرێ بۆ شێوازێکی تر. هەندێك

---

[10] ) Constituent Structure/C- Structure

لەو شێوازانە بۆ نیشاندانی پێکهێنی ڕوکەشی ڕستەی خوارەوە بەکاردەهێنین:

١) ئازاد چو بۆ سەیران.

ا) هێڵکاری درەختی:




ب) کەوانە ناونراوەکان:

[ڕ [ف.ن. [ن. [ئازاد]]] [ف.ك. [ك. [چو]] [ف.به. [ئا.په [بۆ [ن. [سەیران]]]

پ) دارِشتنەوەی یاساکان:

ڕ ← ف.ن. ف.ك.

ف.ن. ← ن

ف.ك. ← ك. ف.به

ف.به ← ئا.په ن

## ٢-١-١) کورتەیەك لەسەر تیۆری ئێکس-باڕ:

دوای هەستکردن بە کەم وکوڕییەکانی یاساکانی فریز پێکهێنان، چۆمسکی هەوڵی چارەسەرکردنیانی دا، لە ڕاستیدا تیۆری ئێکس-باڕ شێوازێکی پێشکەوتوی یاساکانی فریز پێکهێنانە کە بۆ پڕکردنەوەی کەم و کوڕییەکانی یاسا پێکهێنەرەکان و تۆمارکردنی وردتری ڕاستییە زمانییەکان لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا دروستبوە (ارسلان گلفام، ٢٠٠٧، ٨٦). چۆمسکی لە یەکێ لە بەرهەمەکانی بە ناوی ( Remarks On Nominalization) لە ساڵی ١٩٧٠، بە مەبەستی نیشاندانی پێکهاتەی ناوەکی ناوی دارێژراو، هەندێ گۆڕانکاری لە یاساکانی فرێزپێکهێناندا کرد.

ئەم بنەما نوێیانەی فرێز پێکهێنان لە ژێر ناونیشانی (ئێکس-باڕ)دا ناسراون ( محمد دبیر مقدم، ٢٠٠١، ٣٠٠). دواتر ئەم تیۆرە لە ساڵی ١٩٧٧ لە لایەن جاکندوف گەشەی سەند و لە دوای ساڵی ١٩٨٠ ئەم تیۆرە هێنراوەتە ناو تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە. لە تیۆری ئێکس-باڕدا چۆمسکی دو هەنگاوی گرنگی ناوە بۆ پێشکەشکردنی تیۆرێکی زمانی:

یەکەم: هەوڵی دا، یاساکانی فرێزە جیاوازەکان بگۆڕێ بۆ بنەمایەکی گشتگیر.

دوەم: بابەتی گرنگیی دانان بە پێکهێنە ناوەندییەکانی زمانی هێنایە ئاراوە (ارسلان گلفام، ٢٠٠٧، ٨٦).

بە وردبونەوە لە تیۆری ئێکس-باڕ، ئەوە دەردەکەوێ کە ئێکس-باڕ بە پێچەوانەی یاساکانی فرێز پێکهێنان (کە گرنگی بە دانانی چەند یاسایەك بۆ فرێزە جیاوازەکان دراوە) لە ئێکس-باڕدا زیاتر بایەخ بە ڕۆنانی فرێزەکان دراوە، لە ناو فرێزی ناویدا کاتیگۆرییەکی ناوەندیی زیاد کردوە کە گەورەترە لە ناو و بچوکترە لە فرێزەکە، هەر ئاستێکی فراوانبونی فرێز پێی دەوترێ ئێکس-باڕ (crystal، ١٩٩٢، ٤٤٣).

لە تیۆری ئێکس-باڕدا (X ) گۆڕراوێکە بۆ هەر کاتیگۆرییەکی سەرەکی، وەکو: کاتیگۆری (کار، ناو،... هتد) ( پیتر ا. ام. سورن، ٢٠٠٩، ٣٤٧). کاتێك کە یەکێ لەم کاتیگۆرییانە لە جیاتی ( X ) دادەنێین، فرێز دروست دەکا. لە ئێکس-باڕ بونی سەرە بە مەرج دانراوە دەبێ هەر فرێزێك بە لایەنی کەم لە سەرەیەك پێکهاتبێ دەکرێ چەند پێکهاتەیەکی تری لەگەڵ بێ (Cook & Newsan، ١٩٩٦، ١٣٥). فرێزەکانیش بە ناوی سەرەکانیانەوە ناودەنرێن.[١١] ئەو بنەمایەی ئێکس-باڕ وەکو خۆی هاتۆتە ناو ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکییەوە و فرێزی بێ سەرە نییە(Falk، ٢٠٠١، ٤٨).

---

[١١]) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ١- حاتم ولیا محمد، ٢٠٠٩، ل ١٤٧- ١٥٥ ٢- خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول، ٢٠١٢، ل ١٤-١٩.

## ١-٢-١-١-٢- ) فرێز لە تیۆری ئێکس-باڕدا :

لەسەرەتادا دەبێ باس لە هەندێ تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پێکهاتەی فرێز بکەین. پێکهاتەی فرێز رێگایەکە بۆ دەستەبەرکردنی پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی ڕستە لە ڕێگای چەمکی (پێکهاتوە لە )؛ بۆ نمونە فرێزی A پێکهاتوە لە پێکهێنەکانی B و C هەروەك لە خوارەوە نیشاندراوە:




دەشێ پێکهێنەکانی B و C یش بە نۆرە لە پێکهێنی تر پێکهاتبن:




پێکهاتەی فرێز لە شێوەی هەڕەمی دایە که هەر پێکهێنێك لە پێکهێنی تر پێکهاتوە هەتا دەگاتە ئەو شوێنەی چیتر فراوان نابن. پەیوەندی (پێکهاتوە لە) لە شێوەی ( A → B C ) دەردەبڕێ. هەروەها دەکرێ بەشێوەی کەوانەییش نیشانبدرێ ( [A B C ] ). ئەو کەرەستەیەی لە هێلکارییە درەختییەکە لە سەروی کەرەستەیەکی ترەوە و لە لقێکی تر نییە و پێی دەوترێ حوکمکەر. بۆ نمونە A حوکم لەسەر هەموویان دەکا، B تەنیا حوکم لەسەر D و E دەکا، بەلاّم حوکم لەسەرF ناکا. پێکهێنی C حوکم لەسەر F دەکا. ئەو کەرەستەیەی ڕاستەوخۆ لەسەر ئەوێتر دێت حوکمی ڕاستەوخۆی دەکا. کەواتە؛ A حوکمی ڕاستەوخۆی B و C دەکا بەلاّم حوکمی ڕاستەوخۆی D و E و F ناکا ( Newsan &Cook ، ١٩٩٦، ١٣٣-١٣٥).

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، یەکێ لە مەبەستە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئێکس-باڕ نەهێشتنی یاسا جیاوازەکانی فرێزپێکهێنان بو لە فرێزە لێکسیکییە جیاوازەکاندا، بۆ ئەم مەبەستە دو یاسای سەرەکی هەیە، کە هەمو کاتیگۆرییە لێکیسیکییەکان دەگرێتەوە:

سەرە $= X^{\circ}$ و X بۆ هەمو کاتیگۆرییەکی لێکسیکی

$$XP = \text{Specifier } X'$$
$$X' = X^{\circ}\,\text{Complement } (= YP^{*})$$

لەو هێڵکارییە درەختییانەی بە پێی یاساکانی سەرەوە دروستدەکرێن ئەو گرێیەی[١٢] دەکەوێتە سەرەوەی درەختەکە پێی دەوترێ (دایك)، کە دو کچی هەیە، بریتین لە لای ڕاستی یاسای فرێز پێکهێنان.

$$XP = \text{Specifier } X'$$

ئەو گرێیە کچانەی لە هەمان ئاستن، پێیان دەوترێ ( خوشك). لە هێڵکاری خوارەوەدا یەکێك لە کچەکان ( X´ )ە، لە هەمان کاتدا دایکیشە بۆ کچەکانی هەروەکو پەیوەندییەکی خێزانی.

پێکهاتەی سەرەکی ئێکس-بار




هێڵکاری ژمارە ( ٢ )

( Cheryl A. Black، ١٩٩٥، ٥)

### ١-٢-١-١-٣- ( جۆرەکانی فرێز لە ڕوی ( سەرە )وە:

ڕۆنانی پێکهاتە لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی دو جۆر کاتیگۆری دەخاتە ڕو، کاتیگۆری لێکسیکی و کاتیگۆری ئەرکی. کاتیگۆرییە لێکسیکییەکان وەکو ناو، ئاوەڵناو، کار، ئاوەڵکار، ئامرازی پەیوەندی،... هتد کە ڕۆڵی سەرە یان فرێزیان هەیە، لەناو ئەو فرێزانەی هەمان کاتیگۆرییان هەیە،

---

12) Node

وەکو فرێزی ناوی، فرێزی ئاوەڵکاری، فرێزی کاری، فرێزی بەند،...هتد. کاتیگۆرییە ئەرکییەکان وەکو ئەرکی گەردانی[١٣]، ئەرکی گەیەنەری[١٤]، هەروەها ئەرکەکانی دیاریکەری[١٥] و دۆخ[١٦]،... هتد، دەبن بە سەرەی فرێزەکانیان و فرێزەکانیان بە ناوی کاتیگۆرییە ئەرکییەکانیان ناودەنرێن (Kazana، ٢٠١١، ٦). بۆ نمونە:

٢) ئازاد پەنجەرەکەی شکاند.




بە هەمان شێوەی تیۆری ئێکس-بارِ کە ناونانی فرێزەکان بە پێی جۆری سەرەکەیەتی، لە رێزمانی لێکسیکیی ئەرکیش فرێزەکان بە پێی جۆری سەرەوە ناودەنرێ، تەنیا یەك جیاوازییان هەیە کە سێلز لە خشتەی خوارەوە ئەم جیاوازییە نیشاندەدا:

| | | |
|---|---|---|
| X | X′ | X″ |
| N | N′ | NP |
| V | V′ | VP |
| A | A′ | AP |
| P | P′ | PP |
| | S | S′ |

( خشتەی ژمارە (١))

---

[13] ) Inflectional / I
[14] ) Complementizer / C
[15] ) Determiner / D
[16] ) Case / K

وەك لە خشتەی ژمارە (١) دەبینین، ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی ڤێرژنێکی نوێی تیۆری ئێکس-بارە، ئەم پێکهاتەیە لە یەکسانبوەکان لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە دەچێ بێجگە لەوەی کە S و ´Sجێکەوتەی هیچ کاتیگۆرییەکی لێکسیکی نین لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکیدا. (Sells، ١٩٨٥، ١٣٩ )

ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی تیۆری ڕۆنانی پێکهاتەی دەوڵەمەند کرد بە کاتیگۆرییەکی بێ سەرەی بێ جێکەوتە کە ئەویش کاتیگۆری S ە، ئەم کاتیگۆرییە جیایە لە S ،IP بەشێك نییە لە سیستەمی ئێکس-بارِ و سەرەی ڕۆنانی پێکهاتەیی نییە، بۆیە لەگەڵ هیچ کاتیگۆرییەکی لێکسیکی باس ناکرێ، دەکرێ کۆمەڵە وشەیەك یان کۆمەڵە فریێزێکی تێدا بێ، لەگەڵ پێکهێنێکی لێکسیکی وەکو سەرەیەکی ئەرکی کار بکا یان فریێزی ناوی ( یان فریزێکی دیارکەر) بکەر و پرێدیکەیتی هەر کاتیگۆریەك بێ.

a- S ⟶ X*
b- S ⟶ XP* , X˚
c- S ⟶ NP, XP

(Falk،٢٠٠١، ٤٩)

لە یاسای a کە لە سەرەوە هاتوە، *X بە واتای کۆمەڵە وشەیەکە و لە یاسای b، *XP کۆمەڵە فریێزێك دەگەیەنێ و X˚ یش کەرەستەیەکی لێکسیکییە وەك سەرەیەکی ئەرکی ڕەفتار دەکا.

### 1-٢-٢ ) ڕۆنانی ئەرکی [١٧] :

لەم ڕێزمانەدا ئاستی دوەم کە دەچێتە خانەی ڕێزمان، ڕۆنانی (ئەرکی)یە. (بڕوانە هێڵکاری ژمارە ١، لاپەرە ٨) لە زۆر سەرچاوەی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی ڕۆنانی ئەرکی پێناسە کراوە، کە لە خوارەوە چەند دانەیەکیان دەخەینە ڕو:

---

[17] )Functional Structure/ F-Structure

- ڕۆنانی ئەرکی لە ڕستەدا پەیوەندییە ڕێزمانییە واتادارەکان دەخاتەڕو، هەروەها زانیاریی تەواو پێشکەش دەکا لەبارەی یەکە سیمانتیکییەکان بۆ دەرخستنی یاسای گونجاو بۆ ئارگیومێنتی گوزارە (Kaplan & Bresnan ، ١٩٨٢، ١٧٦ ).

- ڕۆنانی ئەرکی بریتییە لە دوانەیەکی بگۆڕ و بەها[١٨]، بگۆڕەکان سیما و ئەرکەڕێزمانییەکانن، بەهاش بریتییە لە پێکهاتەی ناوەکی یان ڕۆنانێکی ئەرکی بچوکتر( Falk، ٢٠٠١، ٥٥).

- ڕۆنانی ئەرکی کۆکراوەیەکی ئەرکی سینتاکسی ڕستەیە، دەچێتە خانەی ڕێزمانی پەسەنکارانەی باو. دەربڕی ڕۆنانی سینتاکسی ئارگیۆمێنتی گوزارە و پەیوەندییە ئەرکییەکانی وەکو بکەر و بەرکارە (Dalrymple، ٢٠٠١، ٧).

لە ڕۆنانی ئەرکیدا جگە لە زانیارییە واتاییەکانی پەیوەست بە دەروازە، کە ئەم دەروازەیە لێکسیکەکان لەگەڵ خۆیان هێناویانە، ئەرکی ڕێزمانی پێکهاتەکانی ڕستە، وەك ئەرکی ( بکەر، بەرکار، کار) نیشاندەدەن. لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکیدا بکەر و بەرکاریش وەکو کار بە گوزارە دادەنرێن، بەو جیاوازییەی کە گوزارەی ناویین. جگە لە باسکردنی ئەرکی ڕێزمانی بۆ هەر ناوێك دیارخەر و ژمارەش تۆمار دەکرێ. گوزارەی کار بریتییە لە کار و گشت ئەو بابەتانەی ( بکەر و بەرکار ) کە کارەکە پێویستی پێیان هەیە. گوزارەی کاری و ناوی هەندێ فۆڕمی واتایین کە دەروازە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لێکسیکەکان لەگەڵ خۆیان دەهێنن ئەم فۆڕمە واتاییانە لە ناو (‘ ’) دادەنرێن. هەریەکە لە ئەرکە ڕێزمانییەکانی (بکەر، بەرکار و کار ) یان تایبەتمەندییە ڕێزمانییە ئەرکییەکان (وەکو: دیارخەر، ژمارە، کات،...هتد) "بگۆڕ"[١٩]ەکانن و دەرخەری ئەم بگۆڕانە لە ڕستە ناو دەنرێ "بەها"[٢٠](Kaplan & Bresnan، ١٩٨٢، ١٧٦-١٧٧). بە نمونەی خوارەوە زیاتر ئەم بابەتە ڕوندەکەینەوە:

---

[18] ) attribute value matrix
[19] ) attribute
[20] ) value

٣ ) کوڕێك کتێبێکی دا بە منداڵەکە.

| | | |
|---|---|---|
| بکەر | دیارخەر | ێك |
| | ژمارە | تاك |
| | گوزارە | 'کوڕ' |
| گوزارە | دان < (↑ بکەر) (↑ بەکار) (↑ بەرکار2) > ' | |
| کات | ڕابردو | |
| بەرکار | دیارخەر | ێك |
| | ژمارە | تاك |
| | گوزارە | 'کتێب' |
| بەرکاری٢ | دیارخەر | ەکە |
| | ژمارە | تاك |
| | گوزارە | 'منداڵ' |

لە ڕاستیدا ڕۆنانی ئەرکی بریتییە لە نیشاندانی چەند جۆرێك لە تایبەتمەندی و بەها کە لە ناو کەوانەی چوارگۆشەییدایە، بۆ نمونە لەو ڕۆنانە ئەرکییەی سەرەوە هەریەکە لە (بکەر، گوزارە، کات، بەرکار، بەرکاری ٢) بگۆڕن و ئەوانەی بەرامبەریان نوسراون بەهای ئەم ئەرکە ڕێزمانییانەن، لە کات (ڕابردو) و بەهای گوازارە کاری (دان) و پێویستیەکانی کارەکەیە لە ڕوی دەرکەوتنی ئەرکە ڕێزمانییەکانی. کەواتە؛

| بگۆڕ | بەها | |
|---|---|---|
| بکەر | دیارخەر | ێك |
| | ژمارە | تاك |
| | گوزارە | 'کوڕ' |

بە هەمان شێوە لە ناو کەوانە بچوکە چوارگۆشەییەکانیش تایبەتمەندی و بەها هەیە ئەگەر کەوانە چوارگۆشەییەکەی بەرامبەر بە بکەر بە نمونە بێنینەوە، تایبەتمەندی و بەهاکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبن:

| بگۆڕ | بەها |
|---|---|
| دیارخەر | یێك |
| ژمارە | تاك |
| گوزارە | 'کوڕ' |

دیارخەر بگۆڕە و (یێك) کە لەبەرامبەری نوسراوە بەهاکەیەتی، بەهای تایبەتمەندی ژمارە یەکسانە بە تاك و بەهای گوزارەکەش دەبێتە'کوڕ'.

زانیارییەکانی ڕۆنانی ئەرکی بنەمای خوێندنەوەی واتایی پێکهاتەکەیە لە ئاستی واتادا. بۆ نمونە لە سەرەوە بە پێی بەهای بگۆڕی گوزارە ، واتە بە پێی فۆڕمە واتاییەکانی پەیوەست بەم تایبەتمەندییە یەکبون لەگەڵ بەشی واتا دروست دەبێ.

ڕۆنانی ئەرکی 'دان < (↑ بکەر ) (↑ بەرکار ) (↑ بەرکاری ٢ )>'

↕ ↕ ↕

ڕۆنانی واتایی دان ( کارا ، کارتێکراو ، سودمەند)

بە بەراورد لە نێوان دەرکەوتەی ئەرکی و دەرکەوتەی واتایی نمونەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ (کوڕێك) کارایە و (منداڵەکە) سودمەندە و (کتێبێك) دەبێتە کارتێکراو. لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکیدا دەبێ یەکبون هەبێ لە نێوان ڕۆنانی واتایی و ئەرکی ڕستەدا ( محمد دبیر مقدم، ٢٠٠١، ٥٢٣).

لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکیدا ئەرکە ڕێزمانییەکان گشتگیرن و لە ڕوی سینتاکسیەوە بە پێکهێنی سەرەتایی زمان دادەنرێن ئەمە پێچەوانەی ڕێزمانی تەقلیدی و ئەو توێژینەوە نوێیانەیە لە زمانە جیاوازەکان ئەنجام دراون و تیایاندا ئەمەیان ڕەتکردۆتەوە کە ئەرکە ڕێزمانییەکان پێکهێنی سەرەتایی بن لە ئاستی دەربڕینە سینتاکسییەکانەوە (Bresnan، ١٩٨٢، ٣٤٧ ). ئەرکە ڕێزمانییەکان لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکیدا پێشبینی کراون چونکە پەیوەندیی لۆجیکی ناوەکی دەنوێنن. ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە ئەرکە ڕێزمانییەکانیدا چەند بیرۆکەیەکی لە ڕوانگەی

تایپۆلۆجی و ڕوانگەی ئەرکی وەرگرتوە. گرنگترین ئەرك، کە کەرەستە سینتاکسییەکان پێشکەشی دەکەن بریتییە لە دەربڕینی ئارگیومێنت و گوزارەکان، لە ئەنجامدا گرنگترین ئەرکی ڕێزمانی بریتییە لە ئەرکی ئارگیومێنتی، وەك باشترین نمونەش بۆ ئەرکی ئارگیومێنتەکان دەتوانین، ئەرکی بکەری و ئەرکی بەرکاری، ... هتد بە نمونە بهێنینەوە ( Falk، ٢٠٠١، ٥٥).

ئارگیومێنت ئەو بەشانەی پاڕستەن پەیوەندییەکی سیمانتیکی بەهێزیان هەیە لەگەڵ پرێدیکەیتەکان. بە بێ ئارگیومێنتەکان پاڕستە ناتوانێ بیرۆکەی تەواو ببەخشێ (Dalrymple، ٢٠٠٥، ٨).

ئەرکە ڕێزمانییەکان لە ڕێزمانی لێکسیکی-ئەرکیدا بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلین دەکرێن:




( Joan Bresnan، ١٩٨٢، ل ٣٤٢-٣٤٨ )

لەم ڕێزمانە هەندێ شت چۆتە ناو ئەرکی ڕێزمانییەوە و ئەم ڕێزمانە بە شێوەیەکی فراوانتر سەیری ئەرکە ڕێزمانییەکان دەکا، وەك (باس، تەوەرە) کە لە ڕێزمانەکانی تر بە ئەرکی ڕێزمانی دانانرێن. لە کۆنەوە هەمو ڕێزماننوسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە گوزارە هاوبەش هەڵدەبژێرێ، لە

GB پێی دەوترێ دەروازەی فەرهەنگی کە واتای کارەکە و هەندێ زانیاری تر دەدا، هاوبەشیەکە لێرە هەر دەروازەی فەرهەنگییە)(محمد معروف فتاح، ٢٦/٥/ ٢٠١٠).

ئەو ئەرکە ڕێزمانییانە بە پێی تایبەتمەندییەکانیان دابەشی سەر چەند پۆلێك دەکرێن. هەمو ئەو ئەرکە ڕێزمانییانەی کە بە PRED دەربڕاون پێیان دەوترێ گوزارە کە بریتین لە ئەرکە ئارگیومێنتییەکان، بە واتایەکی تر، ئەوانە چەند ئارگیومێنتێکن بە فۆڕمی لێکسیکی بۆ (سەرە) تایبەت کراون. ئەو ئەرکە ڕێزمانییانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناچنە ناو ئارگیومێنتی ڕۆنانی ڕۆلەکانی گوزارەوە، پێیاندەوترێ (ئەرکی نا ئارگیومێنتی). ئەرکە نائارگیومێنتییەکان وەکو (سەربار، باس، تەوەرە) جگە لەمانە ئەو کاتانەی کە لە ڕستەدا بکەر دەکرێتە باس، لەم حاڵەتەدا بکەر دەچێتە خانەی ئەرکە نائارگیومێنتیەکانەوە. لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا جۆری ئەرکە ڕێزمانییەکان بە پێی ئارگیۆمینتی و نائارگیومێنتی نیشاندەدەین .

ئەرکی نائارگیومێنتی — ئەرکی ئارگیومێنتی — ئەرکی نائارگیومێنتی

TOP FOC SUBJ OBJ OBLθ COMP ADJ

(Deepthi Kumar ،٢٠٠٢ , ٢١)

هێڵکاری ژمارە (٤)

## ١-٢-٢-١ ) هاوبەشەکان:

کاتیگۆرییە هاوبەشەکان وەك پێشتر ئاماژەیان پێدرا، ئەو کەرەستانە بون، کە پرێدیکەیت هەڵیاندەبژێرێت و واتای کارەکە و هەندێ زانیاریی تر دەگەیەنێ. هاوبەشەکان ئەو فرێزە ناوییانەن کە ڕاستەوخۆ لە لایەن کارەکەوە وەك هاوبەش هەڵدەبژێردرێن.(محمد معروف فتاح، ٢٠١٠/٥/٢٦) کاتیگۆرییە هاوبەشەکان بە پێی جۆری ڕۆڵبینینیان لە ڕستەدا، لە ڕوی سیمانتیکییەوە دابەشی سەر دو جۆری هاوبەشی بێسنور و هاوبەشی سنوردار کراون. (بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٣)لە لاپەرە ١٩)

بە پێی جۆری توێژینەوەکان و تێروانینیان بۆ ڕۆڵە واتاییەکان چەند جۆرە ڕۆڵێك دەستنیشانکراون لە خوارەوە هەندێکیان دەخەینەڕو:

- کارا[٢١] : گیاندارێکە دەبێتە هۆی ڕوودانی کار یا دەستپێکەر کارە (Kroeger، ٢٠٠٥، ٥٤).
- کارتێکراو[٢٢] : ئەو دۆخە زیندوەیە کە بە هۆی بارێکەوە کاری تێکراوە، یان ئەو کەسەیە کە ڕووداوێك کاردەکاتە سەری، یا شتێکی بەسەر دێنێ (یوسف شریف سعید، ٢٠٠٩، ٢٤).

٤) ئازاد دیوارەکەی ڕوخاند.
کارا کارتێکراو

- چێژەر[٢٣] : ئارگیومێنتێکە ئاماژە بۆ هەست، هۆش و ئەزمونی سۆزداری دەکات.

٥) ئازاد ڕوداوەکەی بینی.
چێژەر

- وەرگر[٢٤] : ئەو ئارگیومێنتەیە کە شتێ وەردەگرێ جا چاك یا خراپ (سەباح ڕەشید قادر،٢٠٠٩، ٢٩).

٦) ئازاد کتێبەکەی دا بە نەوزاد.
وەرگر

- سودمەند[٢٥] : بەو کەسە دەگوترێت کە سود لە کارێ وەردەگرێ (یوسف شریف سعید،٢٠٠٩، ١٩).

٧) ئازاد مافورەکەی بۆ نەوزاد شوشت.
سودمەند

---

21 ) Agent
22 ) Dative
23 ) Expericenter
24 ) Patinet
25 ) Beneficiary

- ئامێر[٢٦]: هێز یا شتێکە کە ڕۆلی ئامێر لە ئەنجامدانی کار یان بارێك کە کارەکە دەگەیەنیێ لە ئەستۆی دایە (محمد دبیر مقدم، ٢٠٠٥، ٣١٦).

- شوێن[٢٧]: ئەو خاڵەیە کە ڕوداوەکە تێدا ڕودەدا (ڕۆلەکانی سەرچاوە و ئامانج و ڕێرەو بە لقکراوەی شوێن دادەنرێن) (Kroeger، ٢٠٠٥، ٥٤).

٨) لە تاران ئۆمێدم بینی.

شوێن

- سەرچاوە[٢٨]: خاڵی دەستپێکردنی ڕوداوە.

- ئامانج[٢٩]: خاڵی کۆتاییهاتنی ڕوداوە.

٩)لە هەولێرەوە چوین بۆ چاڤی لاند.

سەرچاوە ئامانج

- ڕێرەو[٣٠]: ئاراستەی جوڵەیە لە سەرچاوە بۆ ئامانج.

١٠)بە ئۆتۆمبێل بە ئیبراهیم خەلیل دا چوین بۆ تورکیا.

ڕێرەو

- هاورێیەتی[٣١]: کەس یان شتێکە پەیوەندی هاورێیەتی هەیە لەگەڵ ئەنجامدەری کارەکە.

١١) ئازاد لەگەڵ نەوزاد هات.

هاورێیەتی

---

26 ) Instrument
27 ) Location
28 ) Source
29 ) Goal
30 ) Path
31 ) Accmpaniment

### ١-٢-٢-١-١ ) هاوبەشە بێسنورەکان :

کاتیگۆرییە هاوبەشە بێ سنوەرەکان وەکو بکەر و بەرکار و بەرکاری ٢ ئەوانەن کە بە زۆری دۆخی بکەری و دۆخی بەرکارییان هەیە و لە فرێزی دیارخەریدا دەردەکەون. بەواتایەکی تر دیاردەی بنەمای ئەرك کاریگەریی زۆری لەسەر کاتیگۆرییە هاوبەشە بێ سنورەکان هەیە (Falk، ٢٠٠١، ٥٦). هاوبەشە بێ سنورەکان ئەو هاوبەشانەی ڕستەن کە سنور بۆ ڕۆڵەکانیان دانانرێ، ڕۆڵەکان کاتێك دەبن بە ناسنوردار کە بە هۆی چەندین ڕۆڵەوە بەرجەستە بکرێن ( محمد معروف فتاح، ٢٠١٠/٥/٢٦).

### ١-٢-٢-١-١-١ ) بکەر:

لە پێکهاتەی ڕستە و پاڕستەدا بکەر بە کەرەستەی سەرەکی دادەنرێ. فرێزی ناوی لە پاڕستەدا ڕۆڵی بکەر دەبینێ و لە زۆربەی زمانەکاندا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، و کار وەکو هاوبەش هەڵیدەبژێرێ (karamat، ٢٠٠٦، ١٩).

بکەر لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکیدا بە کاتیگۆرییەکی هاوبەشی بێ سنور دانراوە، چونکە دەتوانێ چەند ڕۆڵێکی سیمانتیکی لە ڕستەدا بینێ. وەك لە نمونەکانی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

١٢) ئازاد وەڵامی نامەکەی دایەوە . (کارا)

١٣) منداڵەکە سێوەکەی خوارد. (چێژەر)

١٤)کلیلەکە دەرگای کردەوە . (ئامێر)

١٥) منداڵەکە کەوت. (کارلێکراو)

١٦) بەیانی بارانە. (کات)

١٧) هەولێر خۆشە. (شوێن)

لەبەر ئەوەی لە ئەرکی ڕێزمانی دا بکەر توانیویەتی چەند ڕۆڵێکی سیمانتیکی جیاواز ببینی، ئەمەش وایکردوە بکەر لە ڕوی سیمانتیکیەوە بە کاتیگۆرییەکی هاوبەشی بێ سنور دابنرێت.

### ١-٢-٢-١-١-٢ ) بەرکار:

لە ڕوی جۆری دەرکەوتنیەوە بەرکار دەبێتە دو جۆر:

یەکەم: بەرکاری ڕێزمانی ( Grammatical Object) ئەو کەرەستەیە کە بۆشایی بەرکار لە ڕستەدا پڕدەکاتەوە لە ژێر فرێز کاری ڕستەدایە.

دوەم: بەرکاری لۆجیکی ( Lojical Object) ئەو کەرەستەیە کە کاری بکەرەکەی دەکەوێتە سەر (عمر محمود کریم، ٢٠٠٤، ٣٥).

بەرکار، دوەم ئارگیومێنتە لەو پارستانەی کاری تێپەڕیان هەیە. لەزۆربەی ئەو زمانانەی کە پەیڕەوی ریزبونی کەرەستەکان دەکەن لەڕستەدا، بەرکار بەگوێرەی شوێنەکەی دیاردەکرێ. بەڵام ئەو زمانانەی پەیڕەوی ڕێزبونی کەرەستە ناکەن لە ڕستەدا، بەپێی نیشانەی دۆخ دەناسرێنەوە، وەك: زمانی هیندی و ئەڵمانی و... هتد (Karamat، ٢٠٠٦، ١٩-٢٠). بە هەمان شێوەی بکەر، بەرکاریش دەتوانێ چەند ڕۆڵێکی سیمانتیکی بەرجەستە بکا وەك لەم نمونانەی خوارەوە دەبینین:

١٨) ئازاد <u>پەنجەرەکەی</u> شکاند. ( کارلێکراو)

١٩) ئازاد <u>کلیلەکەی</u> دا بە نەوزاد. (ئامێر)

### ١-٢-٢-١-١-3 ) بەرکاری ٢ :

لە بەشێك لە سەرچاوانەی کە باسی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی دەکەن، بەرکاری سیتا لە جیاتی بەرکاری دوەم بەکار دەهێنن، لە ڕێزمانەکانی تریش ڕێزمانی ناڕاستەوخۆ بەکار هاتوە. بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئەو بەرکارەیە کاریگەریی بکەری ڕستەی دەکەوێتە سەر دوای کاریگەرییەك کە پێشتر لەسەر بەرکارێکی تر کردویەتی ( محمد علی خولی، ١٩٨٢، ١٩٠).

ئەو کارانەی پێویستیان بە دو بەرکار هەیە، بەرکاری دوەم لەگەڵ بکەر و بەرکاری یەکەم وەکو هاوبەش هەڵدەبژێرێ. بەرکاری دوەم لە هەندی زماندا بە پێی شوێنی دەرکەوتنیان لە ڕستەدا دیاردەکرێ، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا دەکەونە دوای بەرکاری یەکەم کە ئەویش ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای کار، بۆ نمونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠)She | gave | him | a book. |
| ↕ | ↕ | ↕ | ↕ |
| SUB | V | OBJ | OBJ2 |

لە زمانی کوردیدا بەرکاری دوەم دەتوانێ لە چەند شوێنێکی جیاواز دەرکەوێ، وەك: دوای کار، دوای بەرکار، دوای بکەر ، بەم پێیە ناتوانین بە پێی شوێنی دەرکەوتنی لە ڕستەدا، بەرکاری دوەم دیاربکەین. بەرکاری دوەم دەتوانێ چەند ڕۆلێکی سیمانتیکی بێ سنور بەرجەستە بکا، وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەبینین.

٢١) ئازاد کتێبەکەی دا بە نەوزاد. ( سودمەند)

٢٢) ئازاد نامەیەکی بۆ نەوزاد نارد. ( مەبەست)

٢٣) ئازاد بەکلیل دەرگای کردەوە. ( ئامێر)

## ١-٢-٢-١-٢ ) هاوبەشە سنوردارەکان :

پۆلێکی تر لە کاتیگۆرییە هاوبەشەکان لە ڕوی سیمانتیکییەوە پێیان دەوترێ سنوردار. بنەمای ئەرك زۆر بە کەمی کاریگەریی لەسەر ئەم پۆلە هەیە، زۆربەیان بە یارمەتی ئامرازی پەیوەندی و ئەو دۆخانەی کە ڕۆلە سیمانتیکییەکانیان نیشاندەدا، دەستنیشاندەکرێن ( Falk، ٢٠٠١، ٥٦). ئەمەش پێچەوانەی کاتیگۆرییە هاوبەشە بێ سنورەکانە کە بە پێی بنەمای ئەرك دەستنیشاندەکران. دۆخی نابکەری و تەواوکەر و تەواوکەری کراوە لەم پۆلەن.

## ١-٢-٢-١-٢-١ ) دۆخی نابکەری[٣٢] :

ئۆبلیکی سیتا بۆ پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی ئارگیۆمێنت یان سەربار بەکاردێ کە دۆخی سیمانتیکییان هەیە. ئەو زاراوەیە بۆ ئەو فۆڕمانە دەگەڕێتەوە کە فریێزی ناوی وەریاندەگرێت (بە زۆری تاکە ناوێك یان ڕاناوێکە کە بۆ گشت فۆڕمە دۆخییەکانی وشە دەگەڕێتەوە جگە لە دۆخی بکەری) (Crystal، ٢٠٠٨، ٣٣٧). کەواتە ئۆبلیکی سیتا تەنیا ناتوانێ دۆخی بکەری وەربگرێ بۆیە بە دۆخی بەرکاری یان دۆخی نابکەری ناودەبرێ. دۆخی بەرکاری ناوێك یان ڕاناوێکە دەبێتە بەرکار بۆ کار یان ئامرازی پەیوەندی.

ڕێزماننوسە نوێیەکانی ئینگلیز، بەکارهێنانی دۆخی بەرکاریان لە جیاتی ئۆبلیکی سیتا پەسەند کردوە. بەم پێیە جیاوازی لە نێوان دو وشە لە جیاوازی تواناییاندایە لە وەرگرتنی دۆخی بەرکاری کە ئەرکی خاوەندارێتی نیشاندەدا (Wikipidia، ٢٠١٣). ئەو ئارگیومێنتانە فۆڕمی مۆڕفۆسینتاکسی گونجاوییان نییە بۆ ئەوەی وەك بەرکار هەژمار بکرێن، هەروەها ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو پرۆسە سینتاکسیانەی کار دەکەنە سەر بەرکار(وەکو بکەرنادیاری) ئەو ئارگیومێنتانە پەیوەندییان بە ڕۆڵی سیمانتیکی دیاریکراو هەیە و بۆ نیشاندانیانی ڕۆلە سیمانتیکییە نیشاندار کراوەکان بە کار دێن (Karamat، ٢٠٠٦، ٢١). بۆ نمونە:

٢٤) I gave a book <u>to him.</u>

OBLgoal

ئۆبلیکی ئامانج لە زمانی ئینگلیزیدا بەردەوام لەگەڵ toدەردەکەوێ. ( وەك لە نمونەی ٢٤) ئەم تایبەتمەندییەش وا دەکا کە لە ڕستەیەکدا تەنیا یەك ئۆبلیك هەمان ڕۆڵی سیمانتیکی هەبێ.

٢٥) David give the book <u>to Chris</u> <u>to Ken.*</u>

OBLgoal OBLgoal

(Dalrymple، ٢٠٠١، ٢٦)

---

[32] ) Oblique / OBLθ

یەکێکی تر لەو ناوانەی بۆ ئۆبلیکی سیتا بەکار هاتوە، ( دۆخی بەرکاری تەواوکەری) لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا بەم شێوەیە پێناسەکراوە: ئەو فرێزە ناویەیە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئامرازی پەیوەندییەوە (محمد دبیر مقدم، ٢٠٠٤، ٤٥٠).

ئەگەری ئەوە هەیە کە وەك لایەنەکانی تری ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی کە کاریگەربوە بە تیۆرەکانی چۆمسکی، ئەم لایەنەش لە ژێر کاریگەریی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوەدا هاتبێە ناو ڕێزمانەکەوە.

دەبێ ئەوەش لەبیرنەکەین یەکێ لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی ئەوەیە دەکرێ بە شێوەیەکی سەربەخۆ توێژینەوە لە سینتاکس بکەین بە بێ پشت بەستن بە سیمانتیك. ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی، بە شێوەیەکی بەهێز تیشك دەخاتە سەر ئەرکە ڕێزمانییەکان وەك چەمکێکی سەرەتایی بۆ شیکردنەوە ڕێزمانییەکان (Frank، ٢٠١٣، ٧٨). ئەمەش وایکردوە ئەو لایەنانەی زۆر پەیوەستن بە ڕۆڵە سیمانتیکییەکانەوە لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی تەقلیدیدا بە کەمی کاری لەسەر بکرێ. نەخشەکێشانی فەرهەنگی لە چوارچێوەی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە پەیوەندیی نێوان ڕۆڵە واتاییەکان و ئەرکە ڕێزمانییەکان دەکۆڵێتەوە، لە لایەن (Levin1987؛ Bresnan & Kanerva 1989)ەوە دانراوە (ڤیان سلێمان حاجی، ٢٠٠٩، ٨٥).

### ١-٢-٢-١-٢-٢- ) تەواوکەر:

تەواوکەر ئەو بەشەی فرێزی کردارییە، کە لەناو ڕستەدا بۆ تەواوکردنی گوزارە پێویستە (محەمەد عومەر عەول، ٢٠٠٨، ٣٠) دابەشی سەر دو جۆر دەبێ: تەواوکەری کراوە[٣٣] و تەواوکەری داخراو[٣٤]. جیاوازیی تەواوکەری کراوە و داخراو لەوەدایە تەواکەری داخراو ئەرکی بکەرەکەی لە ناوەوە کۆنترۆڵ کراوە، بەڵام تەواوکەری کراوە ئارگیومێنتی گوزارەی کراوەیە، لە زمانی ئینگلیزیدا

---

33 ) XCOMP

34 ) COMP

بەزۆری چاوگییە کە تیایدا ئەرکی بکەرەکەی لە دەرەوەدا کۆنترۆڵ کراوە ( Asudeh & Toivone، ۲۰۰۹، ٥ ). نمونەی تەواوکەری داخراو:

۲٦) ئازاد بە نەوزادی وت کە رزگار توشی پێکان بووە.

تەواوکەری داخراو

لەو زمانانەی کاری بێکاتیان[۳٥] نییە (وەکو کوردی و فارسی) تەواوکەری کراوەیان نییە، کار لە کوردیدا بەردەوام کات و کەسدارە، لەو حاڵەتانەدا کە چاوگ لەناو ڕستە وەکو ناو دەردەکەوێ بکەری نییە تا لە دەرەوە کۆنترۆڵ بکرێ یا لە ناوەوە. نمونەی تەواوکەری کراوە لە زمانی ئینگلیزی:

۲۷) John wants to be a genius.

تەواوکەری کراوە (Dalrymple، ۲۰۰٥، ۸)

لە کاتیگۆری ئەرکیدا تەواوکەرەکان بەپێی شوێنیان دەبنە خوشکی سەرەکان لە فرێزدا. ئەو تەواوکەرانەی کاتیگۆری ئەرکییان هەیە پێیان دەوترێ: هاو-سەرەی ڕۆنانی ئەرکی[۳٦]، بەو واتایەی تایبەتمەندییە ئەرکییەکانی کاتیگۆرییە ئەرکییەکان هاوبەشە لەگەڵ تەواوکەرەکانیان، بۆ نمونە IP لە زمانی ئینگلیزیدا تایبەتمەندییە ئەرکییە سینتاکسییەکەی هاوبەشە لەگەڵ تەواوکەرەکەی، واتە VP و سەرە فرمانیەکەی (V). کەواتە دەکرێ پێکهاتەی ئەرکی پەیوەندی بە دو سەرەی جیاواز هەبێ لە ڕۆنانی پێکهاتەکان. وەك نمونەکەی سەرەوە یەکێکیان کاتیگۆرییەکی ئەرکی IP و ئەویتریان کاتیگۆرییەکی لێکسیکی VPهەیە.

۲۸) David is yawing.

---

[35] ) Infinite verb

[36] ) Co-head f-structure




(74ل.2001 .Mary Dalrymple)

له زمانی کوردیشدا تەواوکەری زۆرەکیەی کاری بون دەبێتە بەشێك لە کارەکە و ئەو بەشە ناکارییەی IP ەکە دەبێتە هاو-سەرەی IP.

٢٩) هەولێر خۆشە.




له نمونەی (٢٩)دا خۆش + ە هاو-سەرەی فرێزی کات و کەسن.

## ١-٢-٢-٢) ناهاوبەشەکان:

کاتیگۆرییە ناهاوبەشەکان ئەوانەن ڕاستەوخۆ کار لە ڕۆنانی ڕستە ناکەن و بە پێچەوانەی کاتیگۆرییە هاوبەشەکان لەلایەن کارەوە هەڵنابژێردرێن. وەك لە هێڵکاری ژمارە (٣)دا دیارە کاتیگۆرییە ناهاوبەشەکان ئەمانەن: سەربار، سەرباری کراوە، تەوەرە و باس.

### ١-٢-٢-٢-١) سەربار[٣٧]:

سەربار یەکێك لە ناهاوبەشە داخراوەکانە، هەبونی لە ڕستەدا بە ئارەزوە، واتە دەکرێ لابرێ و هیچ کاریش نەکاتە سەر واتای ڕستەکە و دەکرێ سەربارێك یان زیاتر لە ڕستەیەکدا هەبێ.

[37] )ADJUNCT

کەرەستەیەکی نا ئارگیۆمێنتییە کە زانیاری زیادە دەگەیەنێتە گوێگر، بە واتایەکی تر ئەو کەرەستانەی ڕۆلی سەربار دەبینن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پرێدیکەیتەوە نییە. گرنگی سەربار لەوەدایە یارمەتی گوێگر دەدا بۆ وەرگرتنی هەندێك زانیاری دەربارەی ( کات و شوێن و چۆنیەتی و ....هتد) ی ڕودانی کارەکە (Kroeger، ٢٠٠٥، ٢٢٧).

٣٠ ) ا- دوێنێ ئازاد هات .

٣٠) ب- دوێنێ ئازاد لە هەولێرەوە هات.

٣٠) پ- دوێنێ ئازاد بە پەلە لە هەولێر هات.

٣٠) ت- ئازاد هات.

وەك لە نمونەکانی (٣٠-ا و ب و پ) دەبینین سەربارەکان دەکرێ ژمارەیان لە ڕستەدا زیاتر بەدانەیەك و زانیاری لەبارەی کات و شوێن و چونیەتی هاتنی ئازاد دەگەیەنن، دەکرێ هەمو سەربارەکان لاببرێن بێ ئەوەی کاریگەریی لەسەر واتای ڕستەکە هەبێ. (وەك نمونەی ٣٠- ت) هەروەها دەتوانین بڵێین ناوێکە بۆ ئەو فرێزە ئاوەڵکارییانە دەگەڕێتەوە کە لە ناو ڕستەدا بەکاردێن. سەربار دەتوانێ بەم شێوازانەی خوارەوە دەرکەوێ:

١- وەکو ئاوەڵکار:

٣١) ئازاد جارجار سەردانی هەولێر دەکا.

٢- وەکو فرێزی بەند:

٣٢) ئازاد لە بەیانیەوە چاوەرێت دەکا.

٣- وەکو پاڕستەی سەرباری:

٣٣) کە نەوزاد هات ئازاد لەماڵەوە نەبو.

سەربار دەبێتە دوجۆر: سەرباری کراوە و سەرباری داخراو. سەربارە کراوەکان ئەو ئەرکە ڕێزمانییە بکەرەکەیان لە دەرەوە کۆنترۆڵ کراوە هەروەکو ئەرکی ڕێزمانی تەواوکەری کراوە. X

**لە ناو ئەرکەکەدا ئەوە نیشاندەدا کە ئەرکێکی کراوەیە و بکەرەکەی لە دەرەوە کۆنترۆڵ کراوە و بە کورتکراوە ( XADJ ) نیشاندەدرێ. وەك لەم نمونەیەی خوارەوە دەردەکەوێ:**

٣٤) Having opened the window , David took a deep breath.

**سەرباری کراوە** (Dalrymple، ٢٠٠٥، ٨-٩)

### ١-٢-٢-٢-٢ ) باس[٣٨] :

**کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە ڕوی جۆری گەیاندنی زانیارییەوە و دابەشی سەر دو جۆر دەبن: ١- باس ٢- تەوەرە. باس ئەو زانیارییە کۆنانەیە گوێگر لەسەر بابەتەکە دەیزانێ، بە زۆری لە سەرەتای ڕستەدا دێ. بەم شێوەیە پێناسە کراوە: باس زاراوەیەکە لە ڕێزمان و سیمانتیکدا بەکاردێ بریتییە لە زانیاری کۆن. باسی ڕستە یان کەسە، یان شتە، یان، ... هتد کە قسەی لەبارەوە دەکرێ. باس بە زۆری تایبەتە بە بکەری ڕستەوە (Crystal، ٢٠٠١، ٤٨٨).**

**٣٥) ئازاد بەیەکەم دەرچو.**

**باس**

**چۆنیەتی ڕیزکردنی کەرەستە لە زمانەکاندا کاریگەرییەکی ئەرکی هەیە لەسەر ئەوەی چ ڕێگەیەك هەڵدەبژێرن بۆ ڕونکردنەوەی زانیارییەکی دیاریکراو، گرنگ ئەوەیە دەستنیشانی ئەو بابەتە بکرێ چ جۆرە ئەرکێك ڕێگەپێدراوە و چ جۆرە ئەرکێکی ئارگیۆمێنتی لەوێ دەبینرێ. لە زمانە (SOV)یەکاندا، یەکەم کەرەستە کە لە ڕستەدا دێ بە باس دادەنرێ (Butt & King، ١٩٩٦، ٢).**

**٣٦ ) ا- حەسەن کتێبەکەی دا بە من .** — **باس**

**٣٦) ب- کتێبەکە حەسەن دای بە من .** — **بەلوتکەکراو**

**نمونەی ٣٦–ا شێوە ڕیزبونێکی ئاساییە لە زمانە (SOV)یەکان. (حەسەن) بکەری ڕستەکەیە بۆتە باسی ڕستەکە. لە نمونەی ٣٦-ب (کتێبەکە) بە لوتکە کراوە و شوێنی بکەری ڕستەی گرتوە .**

---

[38] )Topic

به شێوەیەکی تایبەتی پێکهێنە بە لوتکەکراوەکان لە پێکهاتەی IP دا لە شوێنی دیارخەر دەردەکەون، دەرکەوتنی پێکهێنە بە لوتکەکراوەکە لەو شوێنە، دەبێتە هۆی دروستبونی ڕیزبونێکی نائاسایی، دەکرێ دو ڕۆنانی هەبێ لە نمونەی ٣٦-ب دا:

أ) Topic : [ IP کتێب]

ب) No-Topic: [IP [I´[کتێب]]]

خوێندنەوەی یەکەم ئەوەیە بکەرەکە پێکهێنی بە لوتکە کراوە و لە شوێنی دیارخەر هاتوە چونکە بەزۆری بکەر دەکەوێتە پێش ئارگیومێنتە نابکەرییەکان لە ڕستەدا. ئەم جوڵەیە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ڕیزبونی کەرەستە لە ڕستەدا نابێ، لەوانەیە تەنیا بۆ ئەوەی ببێە باس لە IPەکەدا، لەوێ دەرکەوتوە.

خوێندنەوەی دوەم ئەوەیە بکەری ڕستەکە نەبۆتە باس و کەرەستەیەك لە ناو I´ ەکە، ( کە لەم نمونەیەدا بەرکاری ڕستەکەیە) بۆتە باسی ڕستە. ( سەرچاوەی پێشو، ٣ )

### ١-٢-٢-٢-٣ ) تەوەرە[٣٩] :

تەوەرە زاراوەیەکە بۆ ئەو شیکردنەوە دو لایەنییەی بۆ ڕستە کراوە، بەکاردێ و جیاوازی دەکا لە نێوان ئەو زانیارییانەی لای قسەکەرە و دەیزانێ و ئەو زانیارییانەی کە بابەتی گفتوگۆکەیە و حەزدەکرێ بزانرێ و ببیسترێ. واتە؛ جیاوازی لە نێوان زانیاریی نوێ و زانیاریی باسکراودا دەردەخا (Crystal، ٢٠٠١، ١٩٢-١٩٣). تەوەرە لای فالك بەم شێوەیە پێناسەکراوە: زاراوەیەکە بۆ ئەو بەشەی ڕستە بەکاردێ کە زانیاری نوێ دەبەخشێ (Falk، ٢٠٠١، ٥٥ ).

٣٧ ) ئازاد بەیەکەم دەرچو.

تەوەرە

[39] )Focus

ئازاد بكەری ڕستەكەیە و زانیارییەكی كۆنە و دەبێتە باسی ڕستەكە و ( بەیەكەم دەرچو ) ئەو بابەتە نوێیەیە لە ڕستەدا دەركەوتوە و دەبێتە تەوەرە.

ئەركی سەرەكی تەوەرە پڕكردنەوەی بۆشاییە زانیارییەكانی نێوان قسەكەر و گوێگرە و زانیاریی نویٚ لەبارەی بابەتی گفتوگۆكە دەبەخشیٚ. ئەو زانیارییەی كە زانیارییە كۆن و زانراوەكان بە[New-]نیشاندەدرێن. ئەو پاشخانە زانیارییەی گوێگر هەیەتی یارمەتیدەرێكە بۆ تێگەیشتنی تەوەرە (Butt & King، ١٩٩٦، ٦).

٣٨) ا – حەسەن كتێبەكەی دا بە من.

٣٨) ب – حەسەن كتێبەكەی دا بە من.

٣٨) پ- حەسەن كتێبەكەی دا بە من.

وەك لە نمونەكانی (٣٨- ا- ب- پ) دەردەكەویٚ بە پێی پاشخانی زانیاریی گوێگر دەكریٚ تەوەرەی ڕستەكە یەكیٚ لەو حاڵەتانە بیٚ كە هێڵی لە ژێردا كێشراوە، هەروەها زانیارییە كۆنەكە (كە لەم نمونانەدا هێڵی لە ژێردا نەكێشراوە دەبێتە باس.

## ١-٢-٣ ) لە ڕۆنانی پێكهاتە بۆ ڕۆنانی ئەركی:

ڕۆنانی ئەركی كۆمەڵێك زانیاریی ڕێزمانی وەكو جوتە قاڵبی تایبەتمەندی و بەها دەردەخا، كە هەر گرێیەك لە خۆی گرتوە. یەكیٚ لە بیرۆكەكانی ڕێزمانی لێكسیكیی ئەركی ئەوەیە ڕۆنانی ئەركی زانیارییە ڕێزمانییەكان دەگەیەنیٚ كە زۆربەیان لە ناو زمانەكاندا گشتگیرن، ئەو زانیارییە ڕێزمانییانەش بریتین لە زانیاریی ئەركی وسیمانتیكی. هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەیە لە دەربڕینی ڕوكەشی ئەوجۆرە زانیارییانە جیاوازییان هەبیٚ بەلاٰم لە ڕوی ناوەرۆكەوە وەك یەكن. كەواتە لەكاتێكدا لێكسیك و ڕۆنانی پێكهاتەی زمانە جیاوازەكان وەك یەك نین و بە گۆڕاو دادەنرێن، ئاستی ڕۆنانی ئەركییان بە نەگۆڕ دادەنریٚ. لەو ڕوانگەیەوە ئەگەری ئەوە هەیە، دەربڕینە هاوتاكان لە لە زمانە جیاوازەكاندا، لە روی ڕۆنانی پێكهاتەوە جیاوازی بنەڕەتییان هەبیٚ،

بەلاَم ڕۆنانی ئەركییان زۆر لەیەك بچێ. لەڕێزمانی لێكسیكیی ئەركیدا پەیوەندییەكی ڕێكخراو هەیە لەنێوان پێكهاتەكان لە ڕۆنانی پێكهاتەكان و ڕۆنانی ئەركی دا، بەلاَم جۆری پەیوەندییەكە یەك بۆ یەك نییە (Sells، ٢٠٠١، ٦).

پێویستە هەر گرێیەك لە ڕۆنانی پێكهاتەكان پەیوەندیی بە ڕۆنانی ئەركی هەبێ، ئەمەش بەهۆی هاوكێشە دیاریكراوەوەیە، ئەم هاوكێشانە لە هەندێ حاڵەتدا لە ڕێگەی دەروازەی فەرهەنگی یان بە یاساكانی فرێز پێكهێن دەرخراون، بەلاَم بەشێوەیەكی گشتی بەشێوەی چەند بنەمایەك دەردەبڕێن (Bresnan، ٢٠٠١، ١٠٢-١٠٣).

هاوكێشەكان شێوەی (یەكسانە بە) وەردەگرن، هەروەكو (↓=↑) ، كە تیایدا ئەو تیرەی ڕوی بەرەو سەرەوەیە بریتییە لە ڕۆنانی ئەركی گرێی دایك، و یەكسانە بەو تیرەی ڕوی لەخوارەوەیە و بریتییە لە ڕۆنانی ئەركی گرێیەكە خۆی.

ئەو هێلكارییەی خوارەوە پەیوەندییەكە ڕونتر دەكاتەوە:

٣٩) كوڕەكە كتێبەكەی دا بە نەوزاد.



ئەو یەکسان بونەی لە DP ی لای ڕاست هەیە، واتای ئەوەیە ڕۆنانی ئەرکی بکەرەکە لە ڕۆنانی ئەرکی گرێ(node)ی دایکم وەکو ڕۆنانی ئەرکی منە. لەو شێوازە شیکردنەوەیەدا زانیاری دەروازەی فەرهەنگی یەکدەگرێ لەگەڵ ڕۆنانە ئەرکییە ئاڵۆزەکان (Musgrave، ٢٠٠١، ٢٠).

بنەماکانی پەیوەندیی نێوان ڕۆنانی پێکهاتە و ڕۆنانی ئەرکی:

ا) سەرەکانی ڕۆنانی پێکهاتە، سەرەی ڕۆنانی ئەرکین. (هەر سەرەیەك لە تیۆری ئێکس-باڕدا کار بەم هاوکێشەیە دەکا.)

ب) دیارخەرەکانی کاتیگۆرییە ئەرکییەکان هەمان ئەرکە دیسکۆڕسییەکانی ڕێزمانییەکانن. (دیارخەرەکانی CP و IP بە یەکێك لەم شێوازانەی خوارەوە دەردەبڕێن.)

(↑ SUBJ) = ↓ / (↑ TOPIC) = ↓ / (↑ FOCUS) = ↓

پ) تەواوکەرەکانی کاتیگۆرییە ئەرکییەکان لە ڕۆنانە ئەرکییە (هاو- سەرە)کاندا وەکو تەواوکەری IP لە ناو CP بەم هاوکێشەیەی (↑=↓) نیشان دەدرێت، هەروەها تەواوکەریVP یش لە ناو IP هەمان هاوکێشەی هەیە.

ت) تەواوکەرەکانی کاتیگۆرییە لێکسیکییەکان ئەرکی ئارگیومێنتین. ( هەر خوشکێکی سەرەی V لە VP بەو جۆرە نیشان دەدرێ.

(↑ OBJ) = ↓ / (↑ OBL) = ↓

(Sells ، ٢٠٠١، ٦-٧)

کاتێك دەمانەوێ لە ڕۆنانی پێکهاتەوە بەرەو ڕۆنانی ئەرکی بڕۆین لە قاڵبەکانی جوتەی تایبەتمەندی و بەها، پێویستیمان بە زانینی سیماکانی بگۆڕ و بەهاکانیانە. (ماری دالریمپل) لە خشتەی خوارەوەدا دەستنیشانی سیماکانی تایبەتمەندی و بەهایەکانی کردوە:

| | سیما | بەها |
|---|---|---|
| کەس | PERS | ١ و ٢ و ٣ |
| ڕەگەز | GEND | نێر، مێ، ... هتد. |
| ژمارە | NUM | تاك، دوانە، کۆ، ...هتد. |
| دۆخ | CASE | نۆمێنیتڤ، ئەکیوزێتیڤ، ... هتد. |
| فۆرم | FORM | فۆرمە ڕوکارییەکان |
| ڕێژەی کار | VFORM | ڕابردوی تەواو، رانەبردوی تەواو،... هتد. |
| فۆڕمی گەیەنەری | COMPFORM | ئامرازە گەیەنەرەکان وەکو: that , whether... هتد. |
| کات | TENS | رانەبردو، رابردو،... هتد. |
| ئەسپێکت | ASPECT | ڕۆنانی ئەرکی وەسفێکی ئالۆزی ئەسپێکتی ڕستە دەردەخا. هەندێ جار بەم شێوەیە کورتدەکرێەوە: PRES.IMPERFECT |
| چەشنی ڕاناو | PRONTYPE | ڕاناوی خۆیی، ڕاناوی کەسی، ڕاناوی پرس، ... هتد. |

(خشتەی ژمارە (٢))

ئەو بەهایانەی کە لە خشتەی ژمارە (٢) نوسراون، ئەوانەن زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە، هەندێ لە ڕیزماننوسەکان چەند سیمایەکی تریان داناوە بۆ هەمان بەها (Dalrymple، ٢٠٠٥، ٩).بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان ڕۆنانی پێکهاتە و ڕۆنانی ئەرکی نیشانبدەین ڕستەی ژمارە (٣٩) دەکەینە نمونە:




پێشتر باسی ئەوەمان کرد تیۆری لێکسیکیی ئەرکی لە ئاستی ڕۆنانی پێکهاتە سودی لە تیۆری ئێکس-باڕ وەردەگرێ، بەڵام کاتێك سەیری هێڵکاری سەرەوە دەکەین درك بە جیاوازییەکەیان دەکەین. لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی جگە لەو زانیارییانەی کە لە هێڵکاری درەختییەکەی ئێکس-باڕ دەردەکەوێ، زانیاری زیاترمان پێ دەبەخشێ بۆ نمونە پێماندەڵێ کە (کوڕ) بکەرە، (کتێب) بەرکارە و (دا) کارە و (نەوزاد)یش بەرکاری دوەمی ڕستەیە، بێ ئەوەی پێویست بە ئەوە بکا تەماشای ئەوە بکەین هەر یەك لەم کەرەستانە کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی کام یەك لە پێکهێنەکانی ڕستە. بابەتێکێکی تر لە هێڵکارییە درەختییەکەی ئێکس-باڕ جیای دەکاتەوە، بەکار هێنانی کۆمەڵێ هێما و هاوکێشەی جیاوازە .

لە هەنگاوی دوەمدا بۆ گەیشتن بە ڕۆنانی ئەرکی لە ڕێگەی ڕۆنانی پێکهاتەوە، دەروازەی فەرهەنگی هەر یەك لە ئارگیومێنتەکان لە خوارەوەی پرێدیکەیتەکان دەنوسین:




تیرکانی ناو هاوکێشەکان ڕێگای گەیشتن بە ڕۆنانی ئەرکیمان نیشان دەدەن. تیرە بەرەو سەر و خوارەکان کە لە ڕۆنانی پێکهاتە بەکار هاتوە پێیاندەوترێ (فرە بگۆڕ)ەکان. لە پرۆسەی گەیشتن بە ڕۆنانی ئەرکی لە ڕێگەی ڕۆنانی پێکهاتە، ناوەکان دەبنە جێگرەوەی فرە بگۆڕەکانی هێلکارییە درەختییەکە دواتر دەگۆڕن بۆ هاوکێشەیەکی ئەرکی تایبەت و ڕۆنانی ئەرکی لەڕێگەی ئەو هاوکێشانە بەدەستدێ.

پێکهێنەکانی درەختی فرێزەکانی ڕستە، خاوەنی ڕۆنانی ئەرکی تایبەت بە خۆیانن، بۆ ناونانی هەر فرێزێك، بگۆڕێك (بۆ نمونە *f* ) بەکاردەهێنین و لە هێلکارییە درەختییەکە دەیاننوسین (بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتری لە پاڵ *f*ەکاندا ژمارە دادەنێین ( اکرم طیبی، ١٩٩٦، ٤٦-٤٧).

لە هەنگاوی سێیەمدا بۆ ناونانی پێکهێنەکان بە پێی ئاراستەی فرەبگۆڕەکان بۆ ڕستەکە $f$ دادەنێین و بۆ هەریەك لە فرێزەکانی ناو ڕستە ( $f$ ) بە ژمارەی جیاواز دادەنێین، واتە ( $f_1$، $f_2$، $f_3$،...هتد)




ئەو فرە بگۆڕانەی ئاراستەیان بۆ سەرەوەیە ($f_1$)یان بۆ دادەنێن.




ئەو فرەبگۆڕانەی کە ئاراستەیان بۆ خوارەوەیە بۆ گرێی خۆی دەگەڕێتەوە و لە هەریەکەیان ($f_1$) ەکەی خۆی بۆ دادەنێینەوە.




هێڵكاری درەختەكەمان پاش ناونانی سیما پرێدیكەیتییەكان بەم شێوەی خوارەوە دەبێ:



ئەو زنجیرە هاوکێشە یەکسان بوانەی سەر هێڵکارییە درەختیەکە پێیاندەوترێ وەسفی ئەرکی، کە بە مەبەستی نیشاندانی پەیوەندیی نێوان ڕۆنانی پێکهاتە و ڕۆنانی ئەرکی بەکاردێ. (Falk، ٢٠٠١، ٦٦-٦٧). وشەی لێکدراوی (وەسفی ئەرکی) بۆ دو مەبەست بەکاردێ:

یەکەم: بە مەبەستی تێستکردنی ڕێزمانێتی و ناڕێزمانێتی ڕستە.

دوەم: لە ڕێگەی وەسفی ئەرکی، ڕۆنانی ئەرکی ڕستە دەستنیشاندەکرێ (Wescoat, & Zaenen، ١٩٩١، ١١١).

بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. ($f_1$ بکەر) = $f_2$
2. $f_2 = f_8$
3. ($f_6$ گوزارە)=‘کوڕ’
4. ($f_6$ ژمارە)= تاك
5. ($f_6$ کەس)= ٣
6. $f_1 = f_3$
7. ($f_1$ بەرکار) = $f_4$
8. $f_4 = f_9$
9. ($f_9$ گوزارە)= ‘کتێب’
10. ($f_9$ ژمارە)= تاك
11. ($f_9$ کەس)= ٣
12. $f_1 = f_5$
13. $f_5 = f_6$
14. $f_6 = f_{10}$
15. ($f_{10}$ گوزارە) = ‘<دان($f_{10}$ بکەر)( $f_{10}$ بەرکار)( $f_{10}$ ٢ بەکاری )>’
16. ($f_{10}$ ژمارەی بکەر)= تاك

17. ($f_{10}$ کەسی بکەر)= ٣

18. ($f_{10}$ کات)= رابردو

19. ( $f_1$ بەرکار٢) = $f_7$

20. $f_7 = f_{11}$

21. ($f_{11}$ گوزارە)= 'نەوزاد'

22. ($f_{11}$ ژمارە)= تاک

23. ($f_{11}$ کەس)= ٣

لە خوارەوە زیاتر ئەم بابەتە ڕوندەبێتەوە:

$f_8$

| | |
|---|---|
| ژمارە | تاک |
| کەس | 3 |
| گوزارە | 'کوڕ' |

$f_9$

| | |
|---|---|
| ژمارە | تاک |
| کەس | 3 |
| گوزارە | 'کتێب' |

$f_{10}$

| | |
|---|---|
| گوزارە | 'دان < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) (↑ بەرکار2) >' |
| کات | رابردو |
| بکەر | [ ژمارە تاک ; کەس 3 ] |

$f_{11}$

| | |
|---|---|
| ژمارە | تاک |
| کەس | 3 |
| گوزارە | 'نەوزاد' |

کاتێك لە هاوکێشەکە وردەبینەوە دەبینین زانیارییەکانی تایبەت بە بکەر دوجار تۆمار کراوە. جارێکیان لە $f_8$ و جارێکیش لە $f_{10}$ .

1- ($f_1$ بکەر) = $f_2$

2- $f_2 = f_8$

3- ($f_6$ گوزارە)='کوڕ'

4- ($f_6$ ژمارە)= تاك

5- ($f_6$ کەس)= ٣

16- ($f_{10}$ ژمارەی بکەر)= تاك

17-($f_{10}$ کەسی بکەر)= ٣




وەك لە ڕۆنانی ئەرکی و هاوکێشەکاندا دەبینین، ئەو زانیارییەی پەیوەستە بە ژمارە و کەسی بکەر دو جار ئاماژەی پێدراوە، لەم حاڵەتەدا زانیارییە وەك یەکەکان لێکدەدرێن و تەنیا ئەوانەی وەك یەك نین، دەمیننەوە، دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین گوزارە (کە لێرە (کوڕ)ە گوزارەی ناوییە لانابرێن.

| تایبەتمەندی / ڕۆنانی ئەرکی | $f8$ | | ** | | لێکدان |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | تاك | ↔ | تاك | ↔ | تاك |
| گوزارە | کوڕ | ← | | | کوڕ |
| کەس | ٣ | ↔ | ٣ | ↔ | ٣ |

**(خشتەی ژمارە (٣)**

**لە کۆتاییدا ئەو ڕۆنانە ئەرکییەی دەمینێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:**

| | |
|---|---|
| بکەر | [ ژمارە: تاك ، کەس: 3 ، گوزارە: 'کوڕ' ] |
| بەرکار | [ ژمارە: تاك ، کەس: 3 ، گوزارە: 'کتێب' ] |
| گوزارە | دان > (↑ بکەر) (↑ بەرکار) (↑ بەرکار2) < ' |
| کات | ڕابردو |
| بەکاری٢ | [ ژمارە: تاك ، کەس: 3 ، گوزارە: 'نەوزاد' ] |

**ڕۆنانی ئەرکی سەرەوە بۆ نمونەی ژمارە (٣٩)کراوە، گوزارە کارییەکە پێویستی بە سێ هاوبەش هەیە (بکەر+ بەرکار+ بەرکاری٢ )، هەروەها ڕێکەوتنێك هەیە لە ڕوی کەس و ژمارەدا لە نێوان بکەر و کاری ڕستەکە.**

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە یاسایەك بكەین، لە لایەن كاپلانەوە دانراوە بۆ پەیوەندی نێوان ئەرك و بەها، ئەمە یاساكەیە: Ø = N→F




(هێڵكاری ژمارە (٥)) (Kaplan، ١٩٨٩، ٩)

وەك لە هێڵكارییەكە و هاوكێشەكەی كاپلاندا دەردەكەوێ، بە پێی ئەركی Ø (Phi) هەر گرێیەك لە ڕۆنانی پێكهاتەكاندا بۆ یەك و تەنیا یەك ڕۆنانی ئەركی دیاریكراو دەگەڕێتەوە . Ø جۆرێكی تایبەتی ئەركە بۆ بەهای تایبەتی ئەرگیومێنتێك دانراوە (Dalrymple، ٢٠٠١،ل٣٠).

ڕۆنانی ئەركی زانیاری تایبەت بە پەیوەندییە ئەركییە جیاوازەكانی نێوان بەشەكانی ڕستە نیشاندەدا. لە ڕوی فۆڕمەوە ڕۆنانی ئەركی كۆمەڵێك دوانەی بگۆڕ و بەهان، بە شێوەی خوارەوە نیشاندەدرێن:




(خشتەی ژمارە (٤)) ( اكرم طيبى، ١٩٩٦، ٥٣)

تایبەتمەندی و بەهاكان لە خشتەی سەرەوە وەكو هاوكێشەیەكی بیركاری كاردەكەن:




بەهای A یەكسانە بە fm .

بەهای B یەكسانە بە C .

بەهای D یەكسانە بە E .

بەهای F یەكسانە بە G .

بەهای H یەكسانە بە I.

## ۳-۱ ) مەرجەكانی فۆڕم دروستی:

فۆڕم دروستی[٤٠] زاراوەیەكە بۆ ڕێزمانێتی ڕستە دەگەڕێتەوە، ڕستەیەك فۆڕم دروستە پابەند بێ بە یاسا ڕێزمانییەكان (Crystal، ٢٠٠٨، ٤٩٩)، بە پێی جۆری ڕێزمانەكان بنەماكانی ڕێزمانێتی دەگۆڕێ، لە خوارەوە مەرجەكانی ڕێزمانێتی لە ڕێزمانی لێكسیكیی ئەركی دەخەینە ڕو.

---

40 ) Wellforme

ڕستەیەك ڕێزمانیە، تەنیا ئەگەر ڕۆنانی پێکهاتەکانی پەیوەندیی بە وەسفە ئەرکییەکانییەوە هەبێ و هەردوکیان سنور و گونجانیان هەبێ. ئەو ڕۆنانە ئەرکییەی بۆ ڕستە دیاریکراوە بەهاییێکە لە تایبەتمەندییە ئەرکییەکانی، یەکێ لە ڕێگاکان کە بە هۆیەوە ڕستەی ڕێزمانی دەستنیشاندەکرێ گۆڕاوی (↓)ە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆنانی پێکهاتەی فریێزی خوارەوە (Kaplan & Bresnan، ١٩٨٢، ٢٠٤ ). وەك دەبینین ڕێزمانێتی لەم ڕێزمانەدا بە پشتبەستن بە ئاستە جیاوازەکانی دەکرێ، وەکو ڕۆنانی پێکهاتەکان و ڕۆنانی ئەرکی، لە نێوان هەردوکیانیش (وەسفی ئەرکی) ڕۆلێکی تایبەتی هەیە.

لەم ڕێزمانەدا سێ بنەما بۆ فۆڕم دروستی لە ڕۆنانی ئەرکیدا دانراوە:

١- بنەمای یەکبون[٤١]

٢- بنەمای تەواوی[٤٢]

٣- بنەمای گونجان [٤٣]

### ١-٣-١ ) بنەمای یەکبون:

لە پەیوەندیی نێوان ڕۆنانی پێکهاتە و ڕۆنانی ئەرکی لە نمونەی (٣٧)دا بینیمان لە ڕێگەی ناونانی بگۆڕەکان (گوزارە و بەهاکانیان)و خستنە ناو کەوانەی چوارگۆشەیی، پەیوەندیی نێوان دو ئاستەکە دروستدەبو. لە کاتی گۆڕینی کەرەستەکانی ڕستە بە بگۆڕەکان دەبێ ئاگاداربین هەر بگۆڕێك تەنیا یەك بەهای هەیە. ڕستەیەك لە ڕۆنانی ئەرکی فۆڕم دروستە، ئەگەر هەر بگۆڕێك

---

41 ) Uniqueness
42 ) Completeness
43 ) Coherence

یەك بەهای هەبێ، ئەم بنەمایە ئەو ڕۆنانە بە فۆڕم نادروست دادەنێ ئەگەر تیایاندا بگۆڕێك لە بەهایەك زیاتری هەبێ.




(Nordlinger & Bresnan، ٢٠١١، ٧)

بۆ نمونە:

٤٠) من هاتین.




گوزارەی (هاتن) پێویستی بە بکەرێك هەیە، لەبەر ئەوەی ڕاناوی لکاوی (ین)ی لەگەڵیدا هاتوە دەبێ بکەرەکەی کۆ بێ، بەڵام لەم نمونەیەدا بکەرەکە تاکە. لە لێکدانی زانیاریی دوبارەکراوەکەی بکەر لە خشتەی (ژمارە ٣، لاپەرە ٤٤) ئاماژەمان بەوەدا لە زانیاری بکەر تەنیا یەکجار دوای لێکدان تۆمار دەکرێت کە هەر دو زانیاریی (کەس و ژمارەی) خودی بکەر و (کەس و ژمارەی بکەری داواکراوی کار) لە خۆ دەگرێ. لە نمونەی (٤٠) دا بکەر لە ڕوی ژمارەوە دو بەهای وەرگرتوە، یەکەمیان خودی گوزارە کە تاکە، دوەمیان پێویستی کارەکەی بە بکەرێکێك کە لە ڕوی ژمارەوە کۆیە. بۆیە بە پێی بنەمای یەکبون ڕستەیەکی فۆڕم نادروستە کە لە ئەنجامدا دەبێتە نارێزمانی.




من هاتین. ☹ ← من هاتین. ⋆

ئێمە هاتین. ☺

### ١-3-٢ ) بنەمای تەواوی:

یەکێکی تر لە بنەماکانی فۆڕم دروستی لە ڕۆنانی ئەرکیدا، بریتییە لە بنەمای تەواوی. لە کاتێکدا لە ڕۆنانی پێکهاتەوە بەرەو ڕۆنانی ئەرکی دەڕۆین، دەبێ ئاگاداری ئەو بنەمایە بین کە دەڵێ: هەمو ئەو ئەرکە ئارگیومێنتانەی بۆ بەهای گوزارەیەك دیارکراون، دەبێ لە ڕۆنانی ئەرکی هەمان گوزارەدا هەبێ (Falk ، ٢٠٠١، ٦٠).

لە کاتی لێکدانی بەها هاوبەشەکان ( لە خشتەی ژمارە (٣) لاپەرە ٤٤) بینیمان بەها یەکسانەکان بون بە یەك، گوزارەکە لا نەبرا. لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی ئەو ئارگیومێنتانەی کە لە ناو ' ' تۆمار دەکرێن گوزارەن و هەر دەبێ لە ڕۆنانی ئەرکیدا دەرکەون، چ گوزارەی کاری بێ، چ گوزارەی ناوی. هەر یەك لەم ئارگیومێنتانە ڕۆڵی تایبەت بە خۆیان هەیە لە پێکهاتەی ڕستەدا.

بۆ نمونە ئەگەر کارێك دو هاوبەش هەڵبژێرێ ( بکەر و بەرکار)، ئەمانە پێویستە هەردوکیان لە ڕۆنانی پێکهاتەکان هەبن و هەروەها لە کەوانە چوارگۆشەییەکەی ڕۆنانی ئەرکیدا وەکو پرێدیکەیتێك دەرکەون، ئەگینا لە ڕوی تەواوییەوە، ڕستەیەکی فۆڕم نادروستە و لە ئەنجامدا

دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانی. بە واتایەکی تر ئەگەر هاوبەشی هەڵبژێراوی (گوزارە) لە ڕۆنانەکان دەرنەکەوت دەبێتە فۆڕم نادروستی بە پێی بنەمای تەواوی.

٤١) پیاوەکە دەکوژێ.




پیاوەکە دەکوژێ. ☹ ← پیاوەکە دەکوژێ. *

پیاوکە مارەکە دەکوژێ. ☺

لە نمونەی (٤١) کاری (کوشتن) پێویستی بە دو هاوبەش هەیە (بکەر و بەرکار)، بەڵام تەنیا بکەری ڕستەکە لەگەڵیدا هاتوە بۆیە، لە ڕوی بنەمای تەواوی ڕستەیەکی فۆڕم نادروستە و لە ئەنجامیشدا دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانی.

## ١-٣-٣ ) بنەمای گونجان:

بە پێی بنەمای گونجان، (PRED) خۆی هاوبەشەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ و ئارگیومێنتی زیاد لە پێویستی خۆی پەسەندناکا و ئەگەر ئارگیومێنتی زیاد لە پێویست لە ڕۆنانەکان دەرکەوت کە بە پێی بنەمای گونجان، بە فۆڕم نادروست دادەنرێ، وەك نمونەی خوارەوە:

٤٢) نەوزاد کتێبێك پێنوسێکی کڕی.




نەوزاد کتێبێك پێنوسێکی کڕی. ☹ ← نەوزاد کتێبێك پێنوسێکی کڕی.*

نەوزاد کتێبێکی کڕی. ☺

## ٤-١ ) کۆنترۆڵ

کۆنترۆڵ دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی نێوان بکەری دەرنەبڕاو[٤٤] (کە پێی دەوترێ کەرەستەی کۆنترۆڵکراو[٤٥]) و پێکهێنێکی دەربڕاو یان دەرنەبڕاو کە پێی دەوترێ کۆنترۆڵکەر[٤٦]. ئەو تایبەتمەندییانەی بۆ کەرەستە کۆنترۆڵکراوەکان دەگەڕێنەوە (تیایاندا ئەگەری تایبەتمەندی بێ پەیوەندیبون) هەمویان بە تایبەتمەندییەکانی کۆنترۆڵکەری دادەنرێن .

زاراوەی پاڕستەی کۆنترۆڵکراو بۆ ئەو پاڕستانە دەگەڕێتەوە کە بکەرەکانیان کۆنترۆڵکەرن، وەکو ئەم نمونانەی خوارەوە:

٤٣) a- At the moment, the goal of the police is to try to prevent a riot.

(لەم کاتەدا، ئامانجی پۆلیسە هەوڵدان ڕێگرتن لە بارگرژی)[٤٧]

٤٣) b- At the moment, the goal is to try to prevent a riot.

(لەم کاتەدا، ئامانجە هەوڵدان ڕێگرتن لە بارگرژی)[٤٨]

لە نمونەی (٤٣-ا) بکەرە دەرنەبڕاوەکەی (try) لە لایەن (the police) کۆنترۆڵکراوە، هەروەها بکەرە دەرنەبڕاوەکەی (prevent)یش لە لایەن بکەرە دەرنەبڕاوەکەی (try) کۆنترۆڵکراوە کەواتە ئەویش هەر لە لایەن (the police) کۆنترۆڵکراوە. لە نمونەی (٤٣-ب) بکەرە دەرنەبڕاوەکەی (try) لە لایەن بکەرە دەرنەبراوەکەی (is)کۆنترۆڵکراوە، هەروەها بکەرە دەرنەبڕاوەکەی کاری (prevent) یش لە لایەن بکەرە دەرنەبڕاوەکەی کاری (try) کۆنترۆڵکراوە.

---

44 ) Unexpressed subject

45 ) the controlled element

46 ) controller

٤٧ ) وەرگێرانی وشە بە وشەی نمونەی (٤٣-ا)ە بۆ زیاتر ڕونبونی مەبەستەکە.

٤٨ ) وەرگێرانی وشە بە وشەی نمونەی (٤٣-ب)ە بۆ زیاتر ڕونبونی مەبەستەکە.

٤٣) a-At the moment, <u>the goal of the police is to try to prevent a riot.</u>







ئەو شوێنەی کە (the police) (واتە کۆنترۆڵکەرەکە) تیایدا هاتوە شوێنی بکەرێکی دەرنەبڕراوە، واتە کەرەستەی کۆنترۆڵکراو.

PRED: ‘TRY < ( SUBJ) ( XCOMP)>’

لەبەر ئەوەی بکەرەکە دەرنەبڕاوە کۆنترۆڵکەرەکە شوێنی گرتوە.

دەروازەی فەرهەنگی کاری بێکاتی (prevent) بەم شێوەیە:

PRED: ‘PREVENT < ( SUBJ) ( OBL)>’

لێرەشدا بەهەمان شێوە بکەرەکە دەرنەبڕاوە، بۆیە کۆنترۆڵکەرەکە شوێنی دەگرێ.

نمونەی (٤٣-ا) بۆ ئەو حاڵەتانە بو کە کۆنترۆڵکەرەکە لە ڕستەدا دەردەکەوێ، بەڵام لە ڕستەی (٤٣-ب) کۆنترۆڵکەری کەرەستە کۆنترۆڵکراوەکە بکەری دەرنەبڕاوە، دەرنەکەوتوە، لەم حاڵەتە پەیوەندییەکە بە پەیوەندییەکی شوێنی گیراو دادەنرێ کە پەیوەندییەکی زۆرەکییە ( Bresnan، ١٩٨٢، ٣٧٢).

بە شێوەیەکی گشتی کۆنترۆڵ دابەشی سەر دو جۆر دەبێ: کۆنترۆڵی ئەرکی و کۆنترۆڵی ئەنافۆڕی.

## ١-٤-١ ) کۆنترۆڵی ئەرکی:

کۆنترۆڵی ئەرکی بریتییە لەو پەیوەندییەی کە لە نێوان کۆنترۆڵکەر و کەرەستە کۆنترۆڵکراوەکەدا هەیە لە تەواوکەری کراوە و سەرباری کراوەدا. هەر یەك لەم ئەرکانە بە ڕێگەی سینتاکسی بە جێکەوتەی مەزنی لێکسیکی دیاریدەکرێن (Sells، ١٩٨٥، ١٦٥).

لە پەیوەندییەکانی کۆنترۆڵی ئەرکیدا، کەرەستە کۆنترۆڵکراوەکە بریتییە لە ئەرکە بکەرییەکە و پارستە کۆنترۆڵکراوەکان لە لایەن سەرباری کراوە و تەواوکەری کراوە ( واتە تەنیا ئەرکە ڕێزمانییە کراوەکان) دیاردەکرێن. کۆنترۆڵی ئەرکی دو جۆرە:




لە ئەرکی هەڵێنجراوی لێکسیکیدا، هاوکێشە کۆنترۆڵکراوەکە بەشێکە لە دەروازەی فەرهەنگی. پەیوەندیی کۆنترۆڵی بە هۆی ئەو ئەرکانەوە پێناسە کراوە لە لایەن کەرەستە لێکسیکییەکەوە هەڵێژێردراوە کە ئەرکی کۆنترۆڵی هەڵێنجاوە. کەواتە؛ پارستە کۆنترۆڵکراوەکە (ئەو ئەرکەی کە

[49] )lexically induced
[50] ) constructionally induced

بکەرەکەی کۆنترۆڵکراوە) بریتییە لە (XCOMP) کۆنترۆڵەکە بە پێی هاوکێشەی کۆنترۆڵی خوارەوە کۆنترۆڵکراوە:

( ↑ G )= ( ↑ XCOMP SUBJ)

تەنیا SUBJ و OBJ و OBJ2 کۆنترۆڵکەری ئەرکین، یان بەهای (G) یان هەیە لە هاوکێشەکەی سەرەوەدا. هەڵبژاردنە سنوردارەکانی کۆنترۆڵکەر لەم رۆلە جیهانییانەی خوارەوە پێشبینی کراون:

یاسا لێکسیکییەکانی کۆنترۆڵی ئەرکی (هەڵێنجراوی لێکسیکی)

ئەگەر L بۆ فۆرمی لێکسیکی دابنێین و FL بریتی بێ لە ئەرکە رێزمانییەکانی لێکسیکەکە، ئەگەر Xcomp ∈ FL ( تەواوکەری کراوە دانەیەك بێ لە ئەرکە رێزمانییەکانی لێکسیکەکە)، ئەو ئەرکە رێزمانییانە زیاد کراون بۆ دەروازەی فەرهەنگی L ، ئەوا بە پێی ئەم ئەگەرانە دەبن:

( ↑ OBJ2) = ( ↑ Xcomp SUBJ) if OBJ2 ∈ FL ;

Otherwise: ئەگەر نا

( ↑ OBJ) = ( ↑ Xcomp SUBJ) if OBJ ∈ FL ;

Otherwise: ئەگەر نا

( ↑ SUBJ) = ( ↑ Xcomp SUBJ)

کەواتە تەواوکەری کراوەی ئەرکە سینتاکسییەکە بە شێوەیەکی ئەرکی کۆنترۆڵ کراوە بە بەرکاری دوەم ئەگەر هەبێ؛ ئەگینا ئەرکە سینتاکسییەکە بە شێوەیەکی ئەرکی کۆنترۆڵ کراوە بە بەرکار ئەگەر هەبێ؛ ئەگینا ئەرکە سینتاکسییەکە بە شێوەیەکی ئەرکی کۆنترۆڵ کراوە بە بکەر.

٤٤) John persuaded Mary to came.

Lexical form: V , ‘persuade < (↑ SUBJ), (↑ OBJ), (↑ XCOMP)>’

(↑ OBJ)= (↑ XCOMP SUBJ)

f-structure

SUB [ PRED 'John' ]

TENS: PAST

PRED: 'persuade < (↑ SUBJ), (↑ OBJ), (↑ XCOMP)>'

OBJ [ PRED 'Mary' ]

XCOMP [ SUBJ
PRED 'come <(↑ SUBJ)>' ]

ئەم یاسا لێکسیکییانەی کۆنترۆڵی ئەرکی پێیاندەوترێ (یاسای دوبارە بوەوە)، چونکە ئەو یاسایە بە شێوەیەکی زۆرەکی دەروازەیەکی فەرهەنگی فراوان دەکا و هاوکێشە کۆنترۆڵییەکانی تێدا دیار نییە (Bresen، ١٩٨٢، ٣٧٦-٣٧٨).

یاسا پێکهێنیەکان بۆ کۆنترۆڵی ئەرکی:

لە ئەرکی کۆنترۆڵی پێکهێنیدا هاوکێشەی کۆنترۆڵەکە بریتییە لە بەشێك لە پەراوێزی یاسای ڕۆنانی پێکهاتەکە، پارستە کۆنترۆڵکراوەکە بریتییە لە XADJ و کۆنترۆڵکەرەکەی بە هۆی هێڵکاری ئەرکی دیاردەکرێ، بە شێوەی ( ↑G ) = ( ↓ XADJ ) بۆ ئەرکێکی لاوەکی سەربار دەگەڕێتەوە، چونکە هاوکێشە کۆنترۆڵییەکە بە شێوەیەکی سینتاکسی کۆنترۆڵکراوە، نەك بەشێوەیەکی لێکسیکی، ئەمەش واتای ئەوەیە ژمارەیەکی زۆر کۆنترۆڵکەر لەم بنەمایە هەن. ئەو کۆمەڵە ئەرکە کۆنترۆڵکەرە ڕێگەپێدراوە هێمای ( Γ ) بۆ دادەنرێ، وا دەردەکەوێ بە پارامیتەرێك بۆ جیاوازییەکانی زمانەکان دابنرێ، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزی و ڕوسیدا:

$$\Gamma = \{ SUBJ, OBJ, OBJ2, OBL\theta \}$$

یاسای کۆنترۆڵی پێکهێنی لەخوارەوە نیشان دەدەرێ.

ئەگەر ( XADJ ↑ ) = ↓ بریتییە لە پەراوێزی ئەرکی کە بەشێوەیەکی سینتاکسی کۆدی بۆ دانراوە.

$\{(\uparrow G) = (\downarrow SUBJ)(\ G \in \Gamma\ )\}$

واتە: ئەو یاسایەی سەرەوە بە ئەرکێکی دوبارەبووەوە دادەنرێ. ئەگەر (XADJ)ەکە کۆنترۆڵکەری نەبێ، ئەم یاسایەی سەرەوە بە شێوەیەکی زۆرەکی چەند کۆنترۆڵکەرێکی گونجاوی بۆ دیاردەکا (Bresen، ١٩٨٢، ٣٧٨). بۆ نمونە:

٤٥) I found the money walking the dog.

Lexical form: V , ‘ Find < (↑ SUBJ), (↑ OBJ), (↑ XADJ)>’

(↑ OBJ) = ( ↓XADJ SUBJ)

f-structure

SUB [ PRED ‘I’ ]

TENS: PAST

PRED: ‘Find < (↑ SUBJ), (↑ OBJ), (↑ XADJ)>’

OBJ [ PRED ‘money’<br>DEF + ]

XADJ [ SUBJ<br>PRED ‘WALK <(↑ SUBJ) (↑ OBJ)>’<br>OBJ [ PRED ‘dog’<br>DEF + ] ]

## ١-٤-٢ ) کۆنترۆڵی ئەنافۆڕ

پەیوەندییەکانی کۆنترۆڵی ئەنافۆڕ لە هەبونی ئەنافۆڕی ئەرکی <PRO>دا سەریهەڵداوە، ئەم بابەتە لە ڕۆنانی پێکهێن نەبوە. (سەرچاوەی پێشو، ٣٧٩) تەواوکەری پارستە لە کۆنترۆڵی ئەنافۆڕیدا ئەرکی تەواوکەری داخراوی هەیە (COMP) . پەیوەندی لە کۆنترۆڵی ئەنافۆڕی بە شێوەیەکی سیمانتیکییە (نزیکە لە کۆنترۆڵی ئەنافۆڕ لە تیۆری بەستنەوەدا) و ڕێگە بە پێناسەکردنی سینتاکسی نادا.

کۆنترۆڵی ئەنافۆڕی دەبێتە دو جۆر: کۆنترۆڵی ئەنافۆڕی زۆرەکی و رەمەکی. لە پێکهاتەکانی کۆنترۆڵی ئەنافۆڕی زۆرەکیدا، دەبێ لە نێوان ئارگیومێنتەکانی شارستە و شوێنی کۆنترۆڵکراوەکەی لە پارستەدا پەیوەندی بۆ یەك گەڕانەوە هەبێ، بەڵام لە کۆنترۆڵی ئەنافۆڕی ڕەمەکی، پەیوەندی بۆ یەك گەڕانەوە نییە و ئارگیومێنتە کۆنترۆڵکراوەکە لە شارستەدا خۆی ئەو کەرەستەیە دەدۆزێتەوە و لە ڕێگەی ئەو ئاماژە بۆ کراوانە و بۆ کۆنترۆڵکەری سینتاکسی دەگەڕێتەوە. ( لە پێکهاتەکانی کۆنترۆڵی ئەنافۆڕیدا، لەوانەیە ئاماژە بۆ کراو  بە هۆی یاساکانی ڕستەوە دیاربکا.) بۆ نمونە:

٤٦) David tried to leave.

```
PRED: ‘TRY<(SUBJ)( COMP)>’

SUBJ      PRED      ‘DAVID’

COMP      PRED      ‘LEAVE <SUBJ>’
          SUBJ      [ PRED   ‘PRO’ ]
```

لەم نمونەیەی کۆنترۆڵی ئەنافۆڕی زۆرەکی، بکەری کاری (tried) بە شێوەیەکی ئەنافۆڕی کۆنترۆڵی بکەری (COMP) کردوە.

کۆنترۆڵکەری پێکهاتەی کۆۆنترۆلی ئەنافۆڕی دەکرێ (شارستە)ش بێ وەکو ئەم نمونەیەی خوارەوە:

٤٧) David convinced Chris to leave.

PRED: ‘TRY<(SUBJ)( COMP)>’

SUBJ [ PRED ‘DAVID’ ]

OBJ [ PRED ‘Chris’ ]

COMP [ PRED ‘LEAVE <SUBJ>’
SUBJ [ PRED ‘PRO’ ] ]

(Dalrymple، ٢٠٠١، ١)

لەم نمونەیەی کۆنترۆڵکەری کاری (leave) بریتییە لە بەرکاری کاری سەرەکی (convinced).

## بەشی دووەم

## ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە زمانی کوردیدا

### ٢-١ ) سەرەتا :

ڕستە لە کۆمەڵێك کەرەستەی زمانی پێکهاتوە کە وەکو تۆڕێکی پێکەوەبەستراو کاردەکەن. ڕستە گەورەترین دانەی (ڕێزمانی) زمانە ( وریا عمر امین، ١٩٨٦-ب، ١٨٣). لە بەشی یەکەمدا باسی ئەوە کرا ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی، گرنگی بە هەر دو ئاستی ڕۆنانی پێکهاتە و ڕۆنانی ئەرکی دەدا (بڕوانە هێڵکاری ژمارە(١) لاپەرە ٨). بۆیە پێویستە سەرەتا باسی هەر یەك لەم ئاستانە بکەین لە زمانی کوردیدا.

### ٢-٢ ) ڕۆنانی پێکهاتەی ڕستە لە زمانی کوردیدا :

ڕستە لە فرێز پێکدێ و فرێزیش لە وشە و مۆڕفیم (Fattah، ١٩٩٧، ١٨٨). کەواتە وشە پێکهێنی ڕاستەوخۆی ڕستە نییە، بەڵکو دواپێکهێنە. وشەکان بۆ ڕۆنانی گەورەتر ڕێکدەخرێن پێیان دەوترێ فرێز، بە پێی ئەمە فرێز پێکهێنی ناوەندیە و دەکەوێتە نێوان وشە و ڕستە (حاتم ولیا محمد، ٢٠٠٩، ٧٠). ئەمەش وادەکا بۆ باسکردنی ڕۆنانی پێکهاتەی ڕستە، بە باسکردنی جۆرەکانی فرێز لە زمانی کوردی دەستپێبکەین.

### ٢-٢-١ ) جۆرەکانی فرێز لە زمانی کوردیدا :

لە بەشی یەکەمی ئەم نامەیە ئاماژە بەوەکرا، ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی، بە پشتبەستن بە تیۆری ئێکس-بار هێڵکاری درەختی ڕوکەشی ڕستە دەکا. لە پێکهاتەی سەرەکی تیۆری ئێکس-باردا ئەو کەرەستەیەی شوێنی $X^{\circ}$ پڕدەکاتەوە سەرەی فرێزەکەیە، چ کاتیگۆرییەکی لێکسیکی بێ چ کاتیگۆرییەکی ئەرکی (Dalrymple، ٢٠٠١، ٥٧). دالریمپل وەکو چۆن لە تیۆری ئێکس-باردا باوە، دو جۆر سەرەی بۆ فرێز دیاریکردوە، فرێزەکانیش بەپێی جۆری سەرەکانیان، بە فرێزی لێکسیکی و ئەرکی ناونراون.

### ٢-٢-١-١) فرێزی لێکسیکی:

لە یاساکانی فرێزەپێکهێنان کۆمەڵێك یاسای جیاواز بۆ فرێزەکان هەبو، یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی تیۆری ئێکس-بار لە سینتاکسدا، ئاماژە کردنە بەم بابەتە، دوا پێکهاتی ناوەوەی کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە (PP, AP, VP,NP) لە بنەڕەتدا یەکن، ڕوی جیاوازیشیان لە کاتیگۆریە فەرهەنگییەکانەوە سەرهەڵدەدا ( سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٩، ٤٢). واتە یاسایەکی گشتگیر بۆ فرێزەکان دابنرێ و تەنیا جیاوازییان لەو بگۆڕە بێ کە شوێنی سەرە لێکسیکییەکەی فرێز دەگرێ و سەرەکانیان وەك دانەیەکی واتادار لە فەرهەنگی ئاخێوەرانی زمانەکەدا هەن.

### ٢-٢-١-١-١) فرێزی ناوی:

ناو وەکو کاتیگۆرییەکی لێکسیکی دەتوانێ فرێزی ناوی دروستبکا، سادەترین فرێزی ناوی لە تاکە ناوێ (یا ڕاناوێك) پێکدێ (وریا عمر امین، ١٩٨٦-ب، ١٨٤). بۆ نمونە:

٤٨) ئازاد هات.

دەکرێ لە نمونەی (٤٨)دا لە جیاتی (ئازاد) ڕاناوێك دابنێین، وەك:

٤٩) ئەو هات.




(حاتم وليا محمد) ئەو کەرەستانەی بە سەرەی فرێزی ناوی داناوە: هەمو جۆرەکانی ناو لە ڕوی نێر و مێ، تایبەتی و گشتی، مادی و مەعنەوی،... هتد) دەتوانن لەم شێوەیەدا دەرکەون، هەروەها ئەو بەشە ئاخاوتنانەی لە زۆر خاسیەتەوە لە ناو نزیك دەبنەوە و لە هەندێ لێکۆڵینەوەدا بە کۆمەڵەی ناوی دانراون وەك (جێناو، ئاوەڵناو، چاوگ) دەتوانن بە هەمان ئەرك و فۆڕم دوبارە ببنەوە(حاتم وليا محمد، ٢٠٠٠، ٧)، دەبێ ئەمە ڕاستبکەینەوە ئاوەڵناوەکان نابنە سەرەی فرێزی ناوی. (بڕوانە نمونەی (٧٤))

**٢-٢-١-١-١-١ ) ڕۆنانی فرێزی ناوی:**

پێشتر وا دەزانرا هەمو فرێزێك لە زمانی کوردیدا بە لای کەمەوە لە سەرەیەك پێکدێ، هەندێ جار لە پێش و دوای سەرە، دیارخەرێك یا زیاتر لە ناو فرێزی ناویدا بەرچاودەکەوێ. بونی سەرەی ناوی زۆرەکیە و دیارخەرەکان کەرەستەی بە ئارەزون (شێرزاد سعید صدیق، ٢٠٠٨، ٦٣) لە ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی ناویدا ئەو ناوەی سەرەی فرێزەکەیە، لەلای ڕاست و چەپەوە توانای فراوانبونی هەیە، ئەو کەرەستانەی دەکەونە پێش ناوەکەوە پێیاندەوترێ سپێسیفایەر، ئەوانەی دوای ناوەکە پێیاندەوترێ مۆدیفایەر (Fattah، ١٩٩٧، ١٩٩ )[51] . دەبێ ئەمەش لەبیرنەکەین، پاش دەستنیشانکردنی ئەرك وەك سەرەی فرێز لە تیۆری ئێکس-باردا، ئەو کەرەستانەی کە بە فراوانکەری ڕۆنانی فرێزی ناوی دانراون ژمارەیان زۆر کەمترە لەوەی کە لە سەرچاوە ئاماژەپێکراوەکان دەستنیشانیانکراوە، چونکە لەو حاڵەتانەدا ئەرکەکە دەبێتە سەرەی فرێزەکە و فرێزە ناوییەکە دەبێتە تەواوکەری. ئەمەش وایکردوە کە ڕۆنانی فرێزی ناوی لە زمانی کوردیدا تەنیا لە پێش سەرەی ناوییەوە فراوان بکرێ. دیارخەرەکانی فراوانکەری فرێزی ناوی لە پێش ناوەوە ئەمانەن:

١- تاکبەند: هەر، تەنیا (سەرچاوەی پێشو )

٥٠) تەنیا ئازاد هات.

٢- ئاوەڵناوی پلەی باڵا:

٥١) زیرەکترین قوتابی

---

[51] ) بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

١- حاتم وليا محمد، ٢٠٠٠، ٤٠-٦٤.

٢- حاتم وليا محمد، ٢٠٠٩، ١٤٢-١٤٤.

٣- سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٩، ٥٠-٥٢.

٤- خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول، ٢٠١٢، ٢١-٣٣.

٥- سانیا جەبار عەبوزەید، ٢٠١٣، ١٥.

٣- بریناو: مامۆستا، شێخ، مەلا، دکتۆر...هتد بۆ نمونە:

٥٢) دکتۆر ئازاد

٤- ڕادە: وەکو ژمارەکان، ڕاناوی نادیار (گشت، هەمو، هەندێ، کەمێك،...هتد)

٥٣) دوو قوتابی

### ٢-٢-١-١-٢ ) فرێزی ئاوەڵناوی:

یەکێکی تر لەو کاتیگۆرییە لێکسیکییانەی لە زمانی کوردی جۆرێکی جیاواز لە فرێز دروستدەکات ئاوەڵناوە. ئاوەڵناو دەتوانێ دەرخەر وەربگرێ و بە زۆری وشەکانی ڕادە و نیشانەی پلەی بەراورد و باڵا شوێنی دیارخەری دەگرێتەوە (ڤیان سلێمان حاجی، ٢٠٠٩، ٦٦). بۆ نمونە:

١- ڕادە + ئاوەڵناو :

٥٤) گەشتێکی زۆر خۆش




٢- ئاوەڵناو + نیشانەی پلەی باڵا :

٥٥) جوانترین دیمەن



٣- ئاوەڵناو + نیشانەی پلەی بەراورد :

٥٥) پیاوێکی زۆر زیرەکتر لە نەوزاد ئەم پەرتوکەی نوسیوە.




٥٦) ئازاد زیرەکترە لە نەوزاد.



٥٧) ئازاد لە نەوزاد زیرەكترە.




٤- ئاوەڵناو:

٥٨) كراسێكی جوان




بە وردبونەوە نمونەكانی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ كە:

١- بچوكترین فرێزی ئاوەڵناوی لە تاكە ئاوەڵناوێك پێكدێ.

٢- لە كوردیدا تەنیا یەك كەرەستە دەتوانێ پێش ئاوەڵناو بكەوێ، ئەویش ڕادەیە (زۆر، گەلێك،... هتد).

٣- فرێزی ناوی هەمیشە لە ناو فرێزێكی تر دایە (محمد معروف فتاح، ٢٠/١٠/٢٠١٠).

ئەوەی شایەنی هەڵوەستەیە لە فرێزی ئاوەڵناویدا، چۆنیەتی پێكهێنانی ئاوەڵناوی پلەی بەراوردە، وەك لە نمونەكانی (٥٦) و (٥٧) دەبینین ئەم نمونانە بۆ دروستكردنی پلەی بەراورد پێویستییان بە (IP)ە و لە حاڵەتەكانی هاوشێوەی ئەم نمونانە ناتوانین بە بێ كار ئەم پلەیەی ئاوەڵناو دروستبكەین.

**٢-٢-١-١-٣ ) فرێزی بەند :**

کەرەستە لێکسیکییەکانی زمان بە تایبەتی کار، ناو و ئاوەڵناو هەندێ جار شێوازی بەکارهێنانیان بە شێوەیەکە، جگە لە ئەرکە ئاساییەکانی خۆیان، هەندێ ئاماژەش بە پەیوەندییان بە کەرەستەکانی تری ڕستەوە دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە سود لە ئامرازەکانی پەیوەندی وەردەگرن، ئەو فرێزەی سەرەکەی ئامرازی پەیوەندی بێ، بە فرێزی بەند ناودەبرێ. (جلال رحيميان، ٢٠١٠، ١٤١-١٤٥) ئەمەش وا دەردەخا بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی پەیوەستە بە دەرکەوتنی کەرەستەیەکی تر لەگەڵ ئامرازەکەدا، کەواتە فرێزی بەند بە سەرەیەکی زۆرەکی (ئامرازی پەیوەندی) و تەواوکەرێك پێکدێ، تەواوکەرەکەی دەتوانێ فرێزی ناوی، فرێزی دیارخەری و ئاوەڵکاری بێ. (Fattah، ١٩٩٧، ٢٢٥).

- ئامرازی پەیوەندی + فرێزی ناوی

٥٩) ئازاد پارەکەی بە نەوزاددا بۆ رزگار نارد.




- ئامرازی پەیوەندی + فرێزی ناوی

٦٠) لە باخەکە نەوزادمان بینی .



- ئامرازی پەیوەندی + فرێزی ئاوەڵکاری

٦١) لە پێش ماڵەکەی نەوزاد ئازادمان بینی .




لە زمانی کوردیدا ئامرازی پەیوەندی ( بە، لە، بۆ، تا، ە) (سەرچاوەی پێشو) هەروەها (لەگەڵ) یش دەتوانن ببن بە سەرەی فرێزی بەند.

٦٢) ئازاد لەگەڵ نەوزاد هات .




ئامرازی پەیوەندی ( بە، لە، بۆ) لە هەندێ دۆخی بەکارهێناندا پاشکۆ دەگرنە خۆیان و ئەگەر بکەونە دوای وشەیەکەوە بە نەبزوێن کۆتاییان هاتبێ، پاشکۆکانیان شێوەی (بۆ← دا/ا)، (بە← دا/ا)، (بە← دوە)، (لە← دا/ا)، ( لە← دوە) دەگرنە خۆیان(رفيق محمد محى الدين، ١٩٩٧، ٣٦).

(تا) و (بۆ) پاشگری ئاراستەی ئامرازی پەیوەندی وەرناگرن، ئەوانی تر لەو کارانە وەریدەگرن کە تەواوکەرەکانیان ڕۆڵی سیمانتیکی وەکو شوێن، سەرچاوە، چۆنیەتی،...هتد یان هەبێ. هەروەها

ئەو تەواوکەرانەی ڕۆڵی سیمانتیکی ئامانج و ئامراز دەگەیێنن ئەوانیش پاشگری ئاراستە وەرناگرن (Fattah، ١٩٩٧، ٢٢٣-٢٢٤).

جگە لەو ئامرازانەی پێشتر باسکران (پێ، لێ) دەبنە سەرەی فرێزی بەند. ئەگەر ئەو ناوە یان ڕاناوەی لە دوای پێشبەندی (بە) و (لە)وە دەردەکەوێ بە ڕاناوێکی لکاو دەربڕا (بە) دەبێتە (پێ) و (لە)دەبێتە (لێ). (وریا عمر امین، ١٩٨٦ - أ، ١٨٧).

٦٣) پێم نارد.




وەك لە هێڵکاری نمونەی (٦٣)دا دیارە، ئەو ناوەی کە لەگەڵ ئامرازی پەیوەندیدا فرێزێکی بەندی پێکهێناوە، کە لە شێوەی ڕاناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك دەرکەوتوە.

**٢-٢-١-١-٤) فرێزی ئاوەڵکاری:**

فرێزێکی لێکسیکییە کە سەرەکەی ئاوەڵکارە (Crystal، ٢٠٠٣، ١٤) لە زمانی کوردیدا فرێزی ئاوەڵکاری بە زۆری لە ناو فرێزێکی بەنددا دەردەکەوێ.

٦٤) ئازاد کتێبەکەی لەسەر مێزەکە دانا.



٦٥) ئازاد خێراتر لە نەوزاد هات.




**٢-٢-٢ ) فرێزی ئەرکی:**

ئەو فرێزانەی پێشتر باسکران هەمویان سەرەی لێکسیکییان هەبو و جیاوازن لە جۆرە فرێزێکی تر که پێی دەوترێ، فرێزی ئەرکی. لەسەرەتا تیۆری ئێکس-بار گرنگیی بە کەرەستەی لێکسیکی داوە و دواتر لە لایەن لە عبدالقادر فاسی فهری (١٩٨١ و ١٩٨٢)، چۆمسکی (١٩٨٦)، ئەبنی (١٩٨٧) گرنگی بە کاتیگۆریە ئەرکییەکان دراوە و باسی ڕۆنانی فرێزی ئەرکییان کردوە. (Falk، ٢٠٠١، ٤٠) ئەمەش بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێ لە تیۆری ئێکس-باردا، گرنگی زۆریان بە جۆری پەیوەندیی نێوان سەرە و تەواوکەرەکانی داوە.

**٢-٢-٢-١ ) فرێزی دیارخەری:**

ئەگەر وای دابنێین فرێزی دیارخەری، فرێزی ناوی نییە، دیارخەرەکە دەبێتە سەرەی فرێزی خۆی، کەواتە دیارخەرەکان بەشێك نین لە فرێزی ناوی بەڵکو فرێزە ناویەکە دەبێتە تەواوکەری سەرەی دیارخەری (Carnie، ٢٠٠٢، ١٤٤).

بۆ یەکەمجار ئەبنی لە ساڵی ١٩٨٧ز دا لە نامەی دکتۆراکەیدا( The English Noun Phrase in its Sentential Aspect ) باسی فرێزی دیارخەری کردوە[٥٢] و لەسەرەتادا باسی جۆری پەیوەندیی نێوان سەرە و تەواوکەرەکانیان دەکا و لە بارەی جۆری پەیوەندیی دیارخەر و ناو دەڵێ: لەم حاڵەتە مۆدێلێکی ئامادە هەیە بۆ جۆری پەیوەندیی نێوان دیارخەر و ناوەکان، ئەم پەیوەندییە پێی

---

[٥٢]) ئەبنی بەم شێوەیە شرۆڤەی گریمانەکەی لەبارەی سەرەبونی دیارخەر دەکا: پەیوەندییەکی دەستنیشانکراو هەیە لە نێوان دیارخەر و ناودا، ئەمەش پێشنیازێکمان پێدەدا لە بارەی جۆری پەیوەندییە رێگە پێدراوەکە و دیارخەرەکان تەنیا لەگەڵ فرێزی ناوی دەردەکەون و زۆربەی ناوەکان پێویستییان بە دیارخەر هەیە، بۆ نمونە ناوی تاکی ناسراو:

the book / that book

ئەگەر وای دابنێین کە ناوەکە، دیارخەر دەستنیشان دەکا، سروشتی پەیوەندیی نێوان دیارخەر و ناو بەم شێوەیە:



مۆدێلی ڕاستەڤینە بۆ ئەم جۆرە پەیوەندییە بریتییە لە پەیوەندیی نێوان Iو بکەرەکەی یا C و بکەرەکەی.




ئەگەر دیارخەرەکان بکەری ناو بن، ئێمە چاوەڕێ دەکەین that Paw وا لێکبدرێتەوە*that's Paw ، بەڵام دیارخەرەکان نە ئارگیومێنتن نە سەربار. ئەگەرێکی تر ئەوەیە، دیارخەرەکان مۆدیفایەری ناوەکە بن و وەسفی بکەن، ئەمەش بە پەیوەندیی وەسفی دەردەبڕێ:



لێرەدا جۆری پەیوەندیی دیارخەر وەکو پەیوەندیی ئاوەڵناوییە، ئاوەڵناوەکان لەم ڕوانەوە جیاوازن لە دیارخەر:

١- ئاوەڵناو سەرەی فرێزێکی لێکسیکیە و سپێسیفایەر وەردەگرن.

٢- ئاوەڵناو لە شوێنی جیاواز لە سنوری فرێزی ناویدا دەردەکەوێ، بۆ نمونە aو the ئەگەر یەکێکیان دەرکەوێ ئەویتر نایێ، هەروەها ئەوانی تر ئەگەر تەنیا دەرکەون، وەکو فرێزێکی ناوی هەڵسوکەوت دەکەن.

ئەمەش بەرەو گریمانەی سێیەممان دەبا، دیارخەرەکان، ناو هەڵدەبژێرن و جۆری پەیوەندییەکەش بەم شێوەیەیە:



(Abney، ١٩٨٧، ٤٨-٤٩)

دەوترێ، پەیوەندیی ئەرکی، دیارخەرەکان هەمو تایبەتمەندییەکانی کەرەستە ئەرکییەکانیان هەیە ( Abney، ١٩٨٧، ٤٩).

ئەم کەرەستانەی خوارەوە لە زمانی کوردیدا فرێزی دیارخەریدا پێکدەهێنن:

١) ناسراوی: (ەکە)بۆ نمونە:

٦٦) کتێبەکە




٢) نەناسراوی: (ێك) بۆ نمونە: (گەشتێك) لە نمونەی (٥٤)

٣) نیشانە، ( ئەم....ە، ئەو....ە) بۆ نمونە:

٦٧) ئەم کتێبە




لە فرێزی دیارخەریدا ئەم تایبەتمەندیانە دەبینرێ:

١- دیارخەری نیشانە لە کوردی دەبێتە دو بەش، بەشی یەکەم پێش ناو و بەشی دوەم دوای ناوەکە دەردەکەوێ.

٢- دیارخەرەکان پێکەوە دەرناکەون، واتە ئەگەر ناسراوی لە فرێزەکەدا هەبو نەناسراوی و نیشانە ناتوانن بێن.

**٢-٢-٢-٢ ) فرێزی خاوەندارێتی:**

هگمن فرێزی ناو بە ناوێك هەژمار دەکا کە دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی کاتیگۆرییەکی ڕێزمانی/ئەرکی یا زیاترەوە (رضا صحرایی، ٢٠١٠، ١٣٦). یەکێ لەو کاتیگۆریە ئەرکییانەی فرێزی

ناوی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، فرێزی خاوەنداریەتییە و بە یارمەتی ئامرازی خستنەسەر دروست دەبێ، یاسای ئەم فرێزە لە کوردیدا بەم شێوەیەیە:

فرێزی خاوەندارێتی = دیارخەر + خاوەندارێتی-بار

خاوەندارێتی-بار = ........ خاوەندارێتی-بار........

خاوەندارێتی-بار = خاوەندارێتی + فرێزی ناوی/ فرێزی دیارخەری

٦٨) کتێبی ئازاد




**٢-٢-٢-٣ ) فرێزی خستنەسەر[٥٣] :**

لەم فرێزەدا ئامرازی خستنەسەر دەبێتە سەرەی فرێزەکە، لە ڕوی ڕۆنانەوە بە فرێزی خاوەندارێتی دەچێ، بەڵام جیاوازی لە جۆری پەیوەندیی نێوان دیارخەر و تەواوکەری فرێزەکەدایە، لە فرێزی خاوەندارێتی تەواوکەر دەبێتە خاوەنی دیارخەرەکە (بڕوانە نمونەی(٦٨))، بەڵام لە فرێزی خستنەسەر فرێزێك (ناوی، دیارخەری، ئاوەڵناوی) دەخاتە سەر دیارخەرەکەی. بۆ نمونە:

٦٩) بازنی زێڕ




53 ) Ezafe Phrase / EzafP

### ٢-٢-٢-٤ ) فرێزی ژمارە[54] :

مۆرفیمی ژمارە لە زۆربەی زمانەکاندا لە فرێزی ژمارەدایە، ئەم فرێزە بە فرێزێکی ئەرکی دادەنرێ ( علی درزی، ٢٠٠٦، ٧٨). لەم فرێزەدا ژمارە دەبێتە سەرە وەك لەم نمونەیەی خوارەوە دبینرێ:

٧٠) ئەم کتێبانە




بە بڕوای پاناگیوتیدس لەو فرێزە دیارخەرییانەی تەواوکەری ناوییان دەرنەکەوتوە، ناوێکی بەتاڵ ($e_n$) شوێنەکەی پڕکردۆتەوە و لە ڕاستیدا بە جۆرێك بگۆڕی واتایی[55] هەژمار دەکرێ، بۆ دیارکردنی بۆگەڕاوەکەیان دەبێ پشت بە تایبەتمەندیی (وەکو تاك و کۆ، ئەو وەسفانەی لەلایەن ئاوەڵناوەکانەوە پێشکەشدەکرێن، ناسراوی یا نەناسراوی) سەرەکانی ناوەوەی ببەسترێ. (سەرچاوەی پێشو، ٨٤) لە کوردیشدا ئەم حاڵەتە بەرچاو دەکەوێ، بۆ نمونە:

٧١) ئەوانە




54 ) Number Phrase
55 ) Semantic Variables

٧٢) ئەم دووانە




٧٣) مامۆستایان




٧٤) زیرەکەکان گەیشتنە قۆناغی کۆتایی.




**٢-٢-٢-٥ ) فرێزی گەردانی:**

پێش ئەوەی باسی فرێزی گەردانی بکەین، پێویستە سەرەتا باسی هەندێ لایەنی کار بکەین لە زمانی کوردیدا.[56] ( ڕستە بریتییە لە ڕەگی کار و پێویستیەکانی) لە زمانی کوردیدا چەمکی کار

---

[56]) ئەم بابەتە پەیوەستە بە تێڕوانین بۆ کار لە زمانی کوردی بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی، دەکرێ ڕێزمانێکی تر بە پێی بنەما و ڕوانینی تایبەتی خۆی ڕای پێچەوانەی هەبێ.

تەنیا ڕەگی کار ناگرێتەوە، هەمو مۆڕفیمەکانی تری ڕستە پێویستی کارەکەن و پێویستییەکانیش دو جۆرن: سەرەکی و لاوەکی. لاوەکییەکان ئەوانەن ئەتوانرێ لا ببرێن وەك (ئاوەڵکار، ئاوەڵناو، دیارخەر،...هتد)، بەڵام سەرەکییەکان لانابرێن و ڕاستەوخۆ بە کارەکەوە ئەلکێن. کەواتە هەمو پێویستییە سەرەکییەکان یان مۆڕفیمی بەندی ڕێزمانین، یان ئەشێ بکرێن بە مۆڕفیمی بەندی ڕێزمانی. ( عبدالله حسین رسول، ١٩٩٥، ١٢٩) لە بنجدا هەمو کارێك یەك ڕەگی هەیە (هەڵگری واتای کارەکەیە) و مۆڕفیمێکی بەندی تەوەرەیی( stem) (سەرچاوە پێشو، ٩٨) کەواتە کار لە زمانی کوردی لە ڕەگ (کەرەسەیەکی سەربەخۆ نییە) و چەند مۆڕفیمێکی بەندی ڕێزمانی پێکهاتوە. یەکێ تایبەتییەکانی مۆڕفیمی بەندی ڕێزمانی ئەوەیە: ( ئەم جۆرە گیرەکانە بونیان لە ژێر دەسەڵاتی ڕێزمانی زمانەکە دایە، چونکە ئەو تایبەتییە وا دەکا گیرەکەکان مانای ئەبستراك بە دەستەوە بدەن کە لە سێبەری پەیوەندییە ڕێزمانییەکاندا کار دەکەن نەك فەرهەنگی زمانەکە) (Hudson، ٢٠٠٠، ل ٦٢- وەرگیراوە لە سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٦، ٤٩) بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین، مۆڕفیمە بەندە ڕێزمانییەکان مۆڕفیمی وشە بەرهەمهێن نین و کاتێك بۆ کەرەستەیەك زیاد دەکرێن کار لە پۆلی وشەکە ناکەن تەنیا هەندێ زانیاریی سینتاکسی دەبەخشن.

لایەنێکی تری کار کە پێویستە تیشکی بخەینەسەر، ئەوەیە (کردار بە دو فۆڕمی جیاواز دەردەکەوێ، فۆڕمێکی فەرهەنگیی، فۆڕمەکەی تریش فۆڕمێکی گەردانکراوە. واتە کردار هەم لە ئاستی مۆرفۆلۆجیی و هەم لە ئاستی سینتاکسدایە (حاتم ولیا محمد، ٢٠٠٩، ١٢١). کرداری کاتوکەسدار[٥٧] تەنیا لە ڕستەدا هەیە و جیاوازە لە کرداری فەرهەنگیی ( محەمەدی مەحویی، ٢٠١١، ١٧).

پێشتر باسی فرێزی لێکسیکیمان کرد لە زمانی کوردیدا، وتمان فرێزی لێکسیکی سەرەیەکی لێکسیکی هەیە، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ( ئایا کام لە فۆڕمەکانی کردار، واتە فۆڕمە فەرهەنگییەکە کە لێرەدا مەبەست چاوگە، یان فۆڕمە گەردانکراوەکە، کە فۆڕمێکی سینتاکسییە،

[57] ) Finite verb

دەبێتە سەرەی فرێزی کرداری؟ یەکێك لە وەڵامەکان ڕەنگە ئەوە بێ کە فۆڕمە گەردانکراوەکە دەبێتە سەرەی فرێزی کرداری (سەرچاوەی پێشو).

لەبەر ئەم هۆکارانەی لە خوارەوە باسیان دەکەین فۆڕمە گەردانکراوەکەی کار ناتوانێ ببێتە سەرەی لێکسیکی بۆ فرێز:

١- کار پێکهاتوە لە ڕەگی کار و پێویستیەکانی کە مۆڕفیمی بەندی ڕێزمانین. ڕەگی کار بەتەنیا (بە بێ مۆڕفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی) وەکو کار بەکار نایەت.

٢- ڕەگی کار و مۆڕفیمە ڕێزمانییەکانی کەرەستەی زۆرەکین و لە سادەترین کار لە زمانی کوردیدا دەبێ هەبن، ئەمەش وا دەکا کاتی شیکردنەوەی کارەکە بۆ کەرەستە پێکهێنەرەکانی، لە بنەمای دابەشکردنی دوانەیی (باینەری)دا توشی لادان دەبین ، چونکە هەر یەك لەم کەرەستانە تەواوکەری ئەوانی ترن و کۆی بەهاکانیان پێکەوە کار پێکدەهێنێ.




٣- ئەوەی لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە چاوگە و فۆڕمی ناوی هەیە و لە دەرکەوتنی لە ڕستەدا هەمان تایبەتمەندییەکانی ناوی دەبێ و کارە گەردانکراوەکان لە فەرهەنگ تۆمار ناکرێن و بە لێکسیك دانانرێن.

٤- لەبەر ئەوەی مۆڕفیمی بەندی ڕێزمانی، وشە بەرهەمهێن نین و کاتێ مۆڕفیمێکی بەندی ڕێزمانی بۆ لێکسیکێك زیاد دەکرێ، واتای وشەکە ناگۆڕێ و پێکهێنە نوێیەکە لە فەرهەنگ تۆمار ناکرێ بۆ نمونە: (کوڕ+ ەکە ← کوڕەکە) لە فەرهەنگدا تەنیا کوڕ تومار دەکرێ و فۆڕمە نوێیەکە (کوڕەکە) ناچێتە فەرهەنگەوە.

بە پشت بەستن بەم بەڵگانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین، کار لە زمانی کوردیدا فرێزێکی لێکسیکیی کاری پێکناهێنێ. کەواتە چۆن چارەسەری ئەم گرفتە بکەین؟

هەندێ زمانەوان بۆ ئەوە دەچن کە فرێزی کاری لە هەمو زمانێکدا نەبێ. (ڤیان سلیمان حاجی، ٢٠٠١، ١١). دەتوانین ئەم وتەیەی فالك بکەینە بنەمای چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، فالك دەڵێ: ئەو زمانانەی بۆ دەربڕینی کات وشەی سەربەخۆیان نییە[٥٨] (بە وشە کاتی کارەکانیان دەستنیشان ناکرێ)، ئەو زمانانە لەوانەیە کاتیگۆری (I)یان نەبێ یان کاری کاتدار لەوانەیە بە شێوەیەکی لێکسیکی بۆ کاتیگۆری (I) بگەڕێتەوە نەك بۆ کاتیگۆری (V) (Falk، ٢٠٠١، ٣٩).

فالك بە شێوەیەکی گشتی دو ئەگەری بۆ ئەو زمانانە داناوە کە (وەکو زمانی ئینگلیزی کاری یارمەتیدەر بۆ نمونە will) بە وشەی سەربەخۆ کاتی کار دیارناکرێ:

ئەگەری یەکەم: نەبونی (IP)ە لەو زمانانە، ئەمەش بۆ زمانی کوردی گونجاو نییە، چونکە هەمو کارێك لە زمانی کوردیدا کەرەستەی گەردانکراوی تێدایە (توخمەکان)، بۆیە ناتوانین ئەم کەرەستە گەردانکراوانە لە زماندا پشت گوێ بخەین.

ئەگەری دوەم: کارە کاتدارەکان بە شێوەیەکی لێکسیکی بۆ (I) بگەڕێتەوە نەك بۆ (V)، ئەمەیان بۆ زمانی کوردی گونجاوترە، چونکە فۆڕمە فەرهەنگییەکەی کار (چاوگ) مۆڕفیمی بەندی کاتی لەگەڵدایە و لە کاتی دەرکەوتنی لە ڕستەدا کات و توخمەکان بە شێوەیەکی گەردانکراو دەردەکەون. بەم پێیە نەبونی سەرەی لێکسیکی بۆ کار لە زمانی کوردیدا گرفت بۆ شیکردنەوەی ڕستە دروست ناکا و لە شیکردنەوەی ڕستە لە ڕۆنانی پێکهاتەدا پشت بە (IP) دەبەستین و لە ڕۆنانی ئەرکیدا فۆڕمی فەرهەنگیی کار تۆمار دەکەین.

گەردانکردن بابەتێکی ئەرکییە نەك لێکسیکی، بۆیە ئەو یاسایانەی کاردەکەنە سەر لێکسیك کار ناکەنە سەر فرێزی گەردانی. کەرەستە گەردانییەکە دەبێتە سەرەی فرێزی گەردانی و سەرەی پاڕستەیە و پاڕستە جێکەوتەی مەزنی فرێزێکی گەردانییە و فرێزی کاری دەبێتە تەواوکەری سەرەی گەردانی بکەر دەبێتە دیارخەر (وی. جی. کوك و مارك نیوسان، ٢٠١١، ١٦٤-١٦٥).

---

[٥٨]) مەبەستمان ئاوەڵگوزارەی کات نیە.




بۆ ئەوەی ئەم هێڵکارییەی سەرەوەی بۆ زمانی کوردی بگونجێ، دەبێ هەندێ گۆڕانکاری تێدا بکەین. پێشتر باسی گرفتی فریزی کاری لە کوردی و چارەسەرەکەمان کرد، بەوەی کە کار لە کوردیدا بەردەوام کات و کەسدارە و کار لە کوردی بۆ(I) دەگەڕێتەوە. کەواتە دەتوانین هێڵکاری سەرەوە بەم شێوەیە بگۆڕین.

(١




(٢




لە تیۆرری ئێکس-بار کات و ڕێککەوتن لە (I) تۆمار دەکرێن، بەڵام لە هێڵکاری ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی ئەم جۆرە زانیارییانە لە ڕۆنانی ئەرکی تۆمار دەکرێن، بۆیە لە ڕوی ئابوریەوە ئاساییە لە هێڵکارییە درەختییەکە ئاماژە بەو کەرەستانە نەدرێ. بۆ نمونە:

٧٥) ئازاد نامەیەکی بۆ نەوزاد نارد.



له GB وMP هەندێ کاتیگۆری تر، بە فریز دانراون، وەك ڕێککەوتنی بکەری، کات، تێپەڕاندن، ئەسپێکت،...هتد، بەڵام لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی بە فریزدانانریێن، لە هەندێ زماندا گیرەکی کارن و وشەی سەربەخۆیان نییە (Falk، ۲۰۰۱، ۳۹). ئەمە بۆ زمانی کوردیش گونجاوە، بۆیە ئەم کاتیگۆریە ئەرکییانە بە پێی تێروانینی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە کوردیدا فریز پێکناهێنن.

### ۲-۲-۲-۶ ) فرێزی گەیەنەری[59] :

چۆمسکی ئامرازی گەیەنەری بە سەرەی فرێزی گەیەنەری داناوە (C″, ComP) و شێوازی هێڵکارییەکەشی بەم شێوەیە نیشانداوە:




----- (محمد دبیرمقدم، ۲۰۰٤، ل ٤۹٤)

ئامرازە گەیەنەرەکان بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەی ئاڵۆزدا دەکەن، دەشێ بە شێوەیەکی فۆنەتیکی دەربکەون، یا دەرنەکەون و ئەبستڕاکتبن. (Chomsky، ۱۹۹۳، ۲۷- خەسرۆ ئەحمەد رەسول، ۲۰۱۲، ۱۰۲). لەم فرێزەدا پەیوەندییە خزمایەتییەکان بەم شێوەیە: C´خوشکی دیارخەرە و هەردوکیان کچی C″ن، و C خوشکی I″ە.

هەرچەندە کۆمەڵێك ئامرازی گەیەنەر لە زمانی کوردیدا دیارکراون، وەك (کە، ئەگەر، کە، کەچی، ئەگەر چی، لەکاتێکدا،...هتد)، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی شوێنی ComP ڕستەی کوردی

59 ) Complemetizer Phrase

بە دو جۆر یا بە دو شێوە پڕدەبێتەوە، جارجارێك ئامرازە گەیەنەرەکانی وەکو < ئەگەر>ی تێدایە، هەندێ جاری ئامرازە گەیەنەرەکانی وەك < کە>ی تێدایە ( محەمەدی مەحویی، ٢٠٠١، ٩٥- حاتم وليا محمد، ٢٠٠٩، ١٧١).

٧٦) دەزانم کە ئازاد نەخۆشە.




## ٢-٢-٢-٧ ) فرێزی لێکدەر[60] :

بیرۆکەی بە سەرە دانانی ئامرازی لێکدەر لە لایەن چەند زمانەوانێك ( Thiersch:1985, Collins:1988, Munn:1987,...) هاتۆتە ئاراوە، ئەوجۆرە شیکردنەوەیە ڕێگەمان پێدەدا کەرەستە لێکدراوەکان بە دیارخەر و تەواوکەری فرێزێکی لێکدەر دابنێین، دەتوانن دوبارەبن و ژمارەی دەرکەوتنیان لە دانەیەك زیاتربێ (Progovac، ١٩٩٨، ٣ ).




ئامرازە لێکدەرەکان لە زمانی کوردیدا دابەشی سەر دو پۆل دەکرێن:

- پۆلی یەکەم: ئەو ئامرازە لێکدەرانەی دو فرێزی لێکسیکی یا زیاتر پێکەوە دەلکێنن، (وەکو: دو فرێزی ناوی، دو فرێزی ئاوەڵناوی،..)

---

[60] ) Conjunction Phrase

٧٧) ئازاد و نەوزاد




٧٨) زیرەك و ژیر




- پۆلی دوەم: ئەو ئامرازە لێکدەرانەن دو ڕستە (IP) پێکەوە دەبەستن. ئەو ئامرازانەی دو ڕستەی سادە پێکەوە دەبەستن و ڕستەیەکی لێکدراو دروستدەکەن ئەمانەن: ( و، ش/ ش– ش (یش- یش)، هەم– هەم، نە– نە، یا، یان– یان، چ– چ، ئینجا، ئەمجا، بەڵام) (رفیق محمد محێدین شوانی، ١٩٩٧، ٤٣ ).

٧٩) ئازاد هات و نەوزاد ڕۆیشت.



ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە هێڵکاری درەختیدا پابەند نییە بە دابەشبونی دوانەیی[61]. (Dalrymple، ٢٠٠١، ٥٧) ئەمەش وادەکا، سەربەست بین لەوەی لە هێڵکارییەکەدا بە گرێیەکی تر لێکدەرەکە بەرجەستە بکەین، یا بە دابەشبونی دوانی. لەم ڕێزمانەدا وەکو کۆمەڵە وشەیەکی خاوەن ڕۆنانی ئەرکی، هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕۆنانی فرێزی لێکدەر دەکرێ. دو کەرەستە لێکدراوەکە پەیوەندیی پێکەوە کارکردنیان هەیە، هەر لێکدراوێك وەك بەشێك لە فرێزلێکدەر، ڕۆنانی پێکهاتەیی خۆی هەیە. کاپلان و ماکسوێل ئەم یاسایەی خوارەوەیان بۆ فرێزی لێکدەر داناوە:

$$IP \rightarrow IP^{+} \;\; Conj \;\; IP$$
$$\uparrow\in\downarrow \qquad \uparrow\in\downarrow$$

(Kazana، ٢٠١١، ١٩)

لە یاسای سەرەوە (+) بە واتای توانای دوبارەبونەوە دێ، بەو واتایەی دەکرێ لێکدەرەکان زیاتر لە دو کەرەسە لێکبدەن. دەکرێ بە لێکدانی یاسا جیاوازەکانی فرێزی لێکدەر، یاسایەکی گشتگیری ئەم فرێزە دەستنیشان بکەین:

$$NP \rightarrow NP^{+} \;\; Conj \;\; NP$$
$$AP \rightarrow AP^{+} \;\; Conj \;\; AP$$
$$IP \rightarrow IP^{+} \;\; Conj \;\; IP$$

ئەگەر (X) بگۆڕێك بێ، بۆ فرێزی ناوی، ئاوەڵناوی و گەردانی بگەڕێتەوە، یاساکە بەم شێوەیە دەبێ:

$$X = NP \,/\, AP \,/\, IP$$
$$ConjP \rightarrow XP^{+} \;\; Conj \;\; XP$$

لە حاڵەتی لێکدانی دو فرێز و پێکهێنانی فرێزێکی لێکدەر لە جێکەوتەی مەزن ناوی فرێزەکە، هاوناوی فرێزە لێکدراوەکان دەبێ (بڕاونە هێڵکاری نمونەکانی ژمارە(٧٧- ٧٨- ٧٩)).

61 ) Binary

**٢-٣ ) ڕۆنانی ئەرکیی ڕستە لە زمانی کوردیدا :**

لە ڕۆنانی ئەرکیی ڕستەدا، گرنگی بە دو لایەنی زانیاری پەیوەست بە دەروزاەی فەرهەنگی وشە (خۆیان لە قالبی بگۆڕ و بەهاکاندا نیشاندەدەن) و ئەرکە ڕێزمانییەکان دەدرێ، بەم پێیە پێویستە لە سەرەتادا باس لە بگۆڕ و بەهاکانی تایبەت بە زمانی کوردی بکەین.

**٢-٣-١ ) بگۆڕ و بەهاکانیان لە زمانی کوردیدا :**

هەر وشەیەك خاوەنی دەروازەی خۆیەتی و تێگەیشتنی چەمکی ڕستەش بە لێکدانەوەی ئەم دەروازە فەرهەنگیانەوە دەکرێ، کار کەرەستەی سەرەکی ڕستەیە و ڕۆڵێکی بالآی تێدا هەیە. برێزنان و کاپلان (١٩٨٢) نیشانیاندا ئاخێوەرانی زمانێك لە ژێر کاریگەریی ئەو (کار)انەی دەیانناسن بە سودوەرگرتن لە هۆکارە واتاییەکان لە ڕۆنانی بابەتیی کاری نوێ دەگەن. (فریدە حق بین، ٢٠٠٦، ٢٢). بە پێی ئەرکەکان باسی بگۆڕ و بەهاکانیان دەکەین، لەبەرئەوەی لەڕوی ڕۆنانییەوە لێکچون لە نێوان (بکەر ، بەرکار و بەرکاری ٢)دا هەیە تەنیا باسی بەها و بگۆڕەکانی بکەر دەکەین.

**٢-٣-١-١ ) بگۆڕ و بەهاکانی بکەر لە زمانی کوردیدا :**

ئەو تایبەتمەندییانەی بکەر لە زمانی کوردی هەیەتی ئەمانەن:

١- ژمارە ٢- کەس ٣- ناسراوی ٤- دیارخەر ٥- گوزارە

هەریەك لەمانە بە بگۆڕەکانی بکەر دادەنرێن. بکەر لە زمانی کوردیدا دەتوانێ بە فرێزی ناوی، دیارخەری، خستنەسەر، خاوەندارێتی، ژمارە، و فرێزی لێکدەر (بە مەرجێك فرێزی ناوی لێکدابێ) بەرجەستە بکرێ. لە خوارەوە باسی هەریەك لە بگۆڕەکانی بکەر و بەهاکانیان دەکەین.

**٢-٣-١-١-١ ) ژمارەی بکەر:**

هەمو زمانەکان لە ژمارەی بکەر وەك یەك نین و پەیڕەوی سیستەمی جیاواز دەکەن، (بۆ نمونە سیستەمی ژمارە لە زمانی عەرەبی سێ دەستەیە، تاك، دوانە و کۆ)، ژمارەی بکەر لە زمانی کوردی

دابەشی سەر دو جۆر دەبێ، یان تاکە یان کۆیە (ئەگەر دانەیەك بو، تاکە و لە دانەیەك زیاتربو، بە کۆ دادەنرێ) بەم شێوەیە تۆماردەکرێ.

SUBJ [ NUM SG/PL] / بکەر [ ژمارە تاك/ کۆ ]

٨٠) ئەوان هاتن. بکەر [ ژمارە کۆ ]

٨١) ئازاد هات. بکەر [ ژمارە تاك ]

٨٢) ئازاد و نەوزاد هاتن . بکەر [ ژمارە کۆ ]

**٢-٣-١-١-٢ ) بکەر لە ڕوی کەسەوە:**

لە زمانی کوردیدا ئەو کەرەستەیەی شوێنی بکەر دەکرێ، لە ڕوی کەسەوە بۆ یەکێ لەم ئەگەرانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

کەس { یەکەم / دوەم / سێیەم }

٨٣) ئەوان هاتن. بکەر [ کەس ٣ ]

٨٤) من و نەوزاد هاتین.

بکەر { [ کەس ١] / [ کەس ٣] / کەس ١ / لێکدەر و }

**٢-٣-١-١-٣ ) بکەر لە ڕوی ناسراوییەوە:**

ناسراوی تایبەتمەندییەکی تری بکەرە، بکەر یا ناسراوە، یا نەناسراو، بۆ ناسینەوەی بکەری ناسراو لە کوردیدا دو ڕێگا هەیە:

١- ئەگەر بکەرەکە بە یارمەتی نیشانەوە (ئەو...ە/ ئەم...ە) نیشاندارکرابێ، ناوەکە دەبێتە ناسراو.

٢- ئەگەر مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ناسراوی (ەکە)ی لەگەڵ هاتبێ.

بکەرە ناسراوەکان کاتێ لە دوای سەرە بە یارمەتی ئامرازی خستنەسەر کەرەستەی تر وەردەگرن، پێویستە ئامرازە خستنەسەرەکە لە حاڵەتی ناسراویدا (ە) بێ.

٨٥) ئەم قوتابیە بەیەکەم دەرچو.

| | | |
|---|---|---|
| | ژمارە | تاك |
| بکەر | کەس | 3 |
| | ناسراوی | + |

٨٦) کورە زیرەکەکە هات.

| | | |
|---|---|---|
| | ژمارە | تاك |
| بکەر | کەس | 3 |
| | ناسراوی | + |

دەرکەوتنی مۆرفیمی بەندی نەناسراوی (ێك) لەگەڵ بکەر، بکەرەکە دەکا بە نەناسراو. لە کاتی دروستکردنی فرێزی خستنەسەر بۆ ناوی نەناسراو سود لە نامرازی خستنەسەری (ی) وەردەگیرێ.

بۆ نمونە:

٨٧) کوڕێك هات.

| | | |
|---|---|---|
| | ژمارە | تاك |
| بکەر | کەس | 3 |
| | نەناسراوی | + |

٨٨) قوتابیەکی زیرەك هات.

| | | |
|---|---|---|
| | ژمارە | تاك |
| بکەر | کەس | 3 |
| | نەناسراوی | + |

لەبەر ئەوەی چەمکی ناسراوی و نەناسراوی پێچەوانەی یەکترن و لە کاتی دەرکەوتنی هەریەکەیان ئەویتر ناتوانێ دەرکەوێ، دەتوانین بۆ هەردو چەمك بگۆڕی ناسراوی دانێین و بەهاکانی بە (+) بۆ ناسراو و (-) بۆ نەناسراو بەم شێوەیەی خوارەوە:

بکەر [ ناسراوی + ] ( بکەرەکە ناسراوە)

بکەر [ ناسراوی - ] ( بکەرەکە نەناسراوە)

**٢-٣-١-١-٤ ) دیارخەرەکانی پێشەوەی بکەر:**

**ئەو دیارخەرانەی کە پێش بکەر دەکەون (تاکبەند، ڕادە، بریناو، ئاوەڵناو لە پلەی باڵا) بەم شێوەیە تۆماردەکرێن.**

**٨٩) تەنیا ئەم قوتابیە**

بکەر

| | | |
|---|---|---|
| دیارخەر | تاکبەند | [گوزارە تەنیا] |
| ژمارە | تاك | |
| کەس | 3 | |
| نەناسراوی | + | |

**٩٠) دو قوتابی**

بکەر

| | | |
|---|---|---|
| دیارخەر | ڕادە | [گوزارە دو] |
| ژمارە | تاك | |
| کەس | 3 | |
| نەناسراوی | + | |

**٩١) شێخ ئازاد**

بکەر

| | | |
|---|---|---|
| دیارخەر | بریناو | [گوزارە شێخ] |
| ژمارە | تاك | |
| کەس | 3 | |
| نەناسراوی | + | |

**٩٢) زیرەکترین قوتابی**

بکەر

| | | |
|---|---|---|
| دیارخەر | ئاوەڵناوی پلەی باڵا | [گوزارە زیرەکترین] |
| ژمارە | تاك | |
| کەس | 3 | |
| نەناسراوی | + | |

### ٢-٣-١-١-٥ ) گوزارەی بکەر:

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی، زاراوەی گوزارەی تایبەت بە کار نەکردوە و بۆ بکەر و بەرکار و ئەرکە ڕێزمانییەکانی تریش ئەو زاراوەیەی بەکار هێناوە، بۆ نمونە:

٩٣) ئازاد هات.

$$\begin{bmatrix} 3 & \text{کەس} \\ \text{تاك} & \text{ژمارە} \\ \text{'ئازاد'} & \text{گوزارە} \end{bmatrix}\text{بکەر}$$

٩٤) من ڕۆیشتم.

$$\begin{bmatrix} 1 & \text{کەس} \\ \text{تاك} & \text{ژمارە} \\ \text{'من'} & \text{گوزارە} \end{bmatrix}\text{بکەر}$$

لەو ڕستانەی کە بکەر بە وشە دەرناکەوێ، بکەرێکی بۆش< pro > شوێنی گوزارەی بکەر پڕدەکاتەوە.

٩٥) هاتین.

$$\begin{bmatrix} 1 & \text{کەس} \\ \text{کۆ} & \text{ژمارە} \\ \text{'pro'} & \text{گوزارە} \end{bmatrix}\text{بکەر}$$

ئەگەر بکەری ڕستەکەمان فرێزێکی لێکدەر بێ، پێویستە ئاگاداری کەس و ژمارەی بکەرەکە بین، لەبەر ئەوەی لە ڕوی ژمارەوە لە دانەیەك زیاترە و دو کەرەستە یا زیاتر پێکەوە لکێنراون، لە زمانی کوردیدا بەردەوام ژمارەی ئەم جۆرە بکەرانە، کۆ دەبێ.

٩٦) ئازاد و نەوزاد هاتن.

ماری دالریمپل هاوکێشەی ئەگریمێنتی کەس لە فرێزە لێکدراوە ناوییەکان بەم شێوەیە دەسنیشاندەکا:

کەسی یەکەم و دوەم = یەکەم

کەسی یەکەم و سێیەم = یەکەم

کەسی دوەم و سێیەم = دوەم

کەسی سێیەم و سێیەم = سێیەم (Dalrymple، ٢٠٠١، ٣٨٠)

ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە بۆ زمانی کوردیش ڕاستە، بۆ نمونە:

٩٧) من و تۆ دەچین بۆ سەیران.




٩٨) من و ئازاد دەچین بۆ سەیران.

ك ١ ك٣

ك١

٩٩) تۆ و ئازاد دەچن بۆ سەیران.

ك ٢ ك٣

ك٢

١٠٠) ئازاد و نەوزاد دەچن بۆ سەیران.

ك ٣ ك٣

ك٣

دەتوانین، بگۆڕ و بەهاکانی بکەر لە ڕۆنانی ئەرکیدا بەم شێوەیە نیشانبدەین:

| بکەر | | |
|---|---|---|
| | دیارخەر | تاکبەند — ژمارە — بریناو — ئاوەڵناوی پلەی باڵا [گوزارە '....'] |
| | ژمارە | کۆ/تاک |
| | کەس | 3 / 2 / 1 |
| | نەناسراوی | + / − |
| | گوزارە | '....' |

جگە لە دیارخەر و گوزارەی بگۆڕەکانی تر بەهایەك لە بەهایەکان هەڵدەبژێرن و بە هاتنی یەکێکیان بەهای تر ناتوانێ دەرکەوێ.

**٢-٣-١-٢ ) بگۆڕ و بەهاکانی بەرکار لە زمانی کوردیدا :**

بگۆڕ و بەهاکانی بەرکار لە زمانی کوردیدا هاوشێوەی بگۆڕ و بەهاکانی بکەرە.

**٢-٣-١-٣ ) بگۆڕ و بەهاکانی بەرکاری ٢ لە زمانی کوردیدا :**

جیاوازیی نێوان بەرکار و بەرکاری ٢ لە زمانی کوردی لە دەرکەوتنی ئامرازی پەیوەندییە لە سەرەتای فرێزی بەرکاری٢دا. بە واتایەکی تر، بەرکاری ٢ بەردەوام فرێزی بەندە و ئەگەر ئامرازی پەیوەندی نەبو، مۆڵەت بە دەرکەوتنی بەرکاری ٢ نادرێ. لە زمانی کوردیدا، ڕۆنانی بەرکاری٢ بەم شێوەیە لە ڕۆنانی ئەرکیدا تۆماردەکرێ.

| بەرکاری٢ | | |
|---|---|---|
| | گوزارە | 'ئامرازی پەیوەندی < تەواوکەر > ' |
| | تەواوکەر | ... ... |
| | کەس | ... ... |
| | ژمارە | ... ... |

١٠١) ئازاد نامەیەکی بۆ نەوزاد نارد.

| بەرکاری2 | | |
|---|---|---|
| | گوزارە | 'بۆ < تەواوکەر > ' |
| | تەواوکەر | نەوزاد |
| | کەس | 3 |
| | ژمارە | تاک |

**٢-٣-١-٤ ) بگۆڕ و بەهاکانی کار لە زمانی کوردیدا :**

**کار کەرەستەی سەرەکی ڕستە(پاڕستە)یە و بە پێی جۆری کارەکە هاوبەشێك یا زیاتر هەڵدەبژێرێ. کار لە ڕۆنانی ئەرکیدا لە شێوەی فۆڕمی فەرهەنگی دا تۆماردەکرێ و لەگەڵ فۆڕمە فەرهەنگییەکە دەروازە فەرهەنگییەکەی لە ناو < > دا دادەنرێ. بڕوانە نمونەی (١٠١):**

**گوزارە: ' ناردن < (↑بکەر )، (↑بەرکار )، (↑بەرکاری ٢)؛>'**

**ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کاری گەردانکراوی (نارد) لە فۆڕمی فەرهەنگی (ناردن)ەوە داتاشراوە و پێویستی بە چەند هاوبەشێك هەیە، هاوبەشەکان کەرەستەی زۆرەکین، (ناردن) پێویستی بە (بکەر)ێك هەیە کە لە ڕۆڵی سیمانتیکی (کارا)ی هەبێ، هەروەها پێویستی بە (بەرکار)ێکە بە ڕۆڵی سیمانتیکی (کارتێکراو)، لەگەڵ ئەمانەش لە ڕوی سیمانتیکییەوە (ئامانج)ێکی پێویستە کە لە لایەن (بەرکاری٢)ەمەوە بەرجەستە دەکرێ.**

**گوزارە: ' ناردن < (↑بکەر )، (↑بەرکار )، (↑بەرکاری ٢)>'**
**↓ ↓ ↓**
**کارا کارتێکراو ئامانج (ڕۆلە سیمانتیکییەکان)**

**پێش ئەوەی باس لە جۆرەکانی گوزارەی کار لە ڕوی هاوبەش وەرگرتنەوە بکەین، پێویستە باسی چەند بگۆڕێکی کار و بەهاکانیان بکەین لە زمانی کوردیدا. وەك: کات، ڕوکار، ڕێژە، ناکردن، توخمەکان و ڕێککەوتن.**

**٢-٣-١-٤-١) کات[٦٢] :**

**تێنس بریتییە لە پەیوەندیی نێوان کار و چەمکی کات ( باییز عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٥، ٥). چەمکی کات دابەشی سێ بەشی سەرەکی دەبێ : کاتی ئێستا، کاتی رابوردو (پێش ئێستا) و کاتی داهاتو (دوای ئێستا)[٦٣] (عبدالله حسين رسول، ١٩٩٥، ٩٦). کات لە ڕۆنانی ئەرکی نمونەی (١٠١)دا بەم شێوەیە خوارەوە تۆمار دەکرێ.**

---

[62] )Tense(

[٦٣]) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عبدالله حسين رسول، ١٩٩٧، ٩٦-١٢٧.




**مۆرفیمەکانی کات لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشانکراون:**




**(سەرچاوەی پێشو، ١١٠)**

### ٢-٣-١-٤-٢ ) ڕوکار[٦٤] :

**ڕای جیاواز هەیە لەبارەی ژمارەی ڕوکارەکان لە زمانە جیاوازەکاندا و مەرج نییە لە هەمو زمانەکاندا ژمارەی ڕوکار وەك یەك بێ. ئەم ڕوکارانە لە زمانی کوردیدا دەستنیشانکراون: سادە (بێ ئەسپێکت)، بەردەوام ، تەواو، دور (سانیا جەبار عەبوزەید، ٢٠٠٧، ٢٣). ڕوکار لە ڕۆنانی ئەرکیی نمونەی (١٠١)دا بەم شێوەیە دەخەینە ڕو:**




64 ) Aspect

### ٢-٣-١-٤-٣ ) ڕێژەی کار[٦٥] :

لە زمانی کوردیدا کار سێ ڕێژەی هەیە کە ئەمانەن:

١- ڕێژەی هەواڵدان
٢- ڕێژەی فەرماندان
٣- ڕێژەی دانانی (ئینشایی)

ڕێژەی هەواڵدان لەگەڵ هەمو کاتەکان دێ، بەڵام ڕێژەی فەرماندان تەنیا لەگەڵ کاتی ئێستا دێ و ڕێژەی دانانی لەگەڵ ڕابردو و داهاتو دەردەکەوێ. ڕێژەی کار لە ڕۆنانی ئەرکیی نمونەی (١٠١) بەم شێوەیە دەخەینە ڕو:




### ٢-٣-١-٤-٤ ) توخم:

یەکێ لە پێکهێنە سەرەکییەکانی کار توخمە. توخم بریتییە لە ئاماژە بۆ هاوبەشی کارەکە، کە لە ڕوی کەس و ژمارەوە پێویستە لەگەڵ بۆگەڕاوەکەی هاونیشانە بێ. لە کوردیدا هاونیشانەکان بکەر و بەرکارن و شوێنی دەرکەوتنیان لە سنوری (Í) و لەگەڵ بۆگەڕاوەکەیان لە ڕوی کەس و ژمارەوە ڕێکدەکەون.

---

65 ) Mood

**کاکلەی دیاردەی ڕێککەوتنی ڕێزمانی لەوەدایە، ئەو وشە یا کەرەستانەی پەیوەندییەکی سینتاکسییان بە یەکترەوە هەیە، هەندێ مۆرفیمی ڕێزمانی لێکچو یاخود هاوسەنگ لە ئەرکدا وەردەگرن (ادوارد ساپیر، ١٩٩٧، ١٧٦- ڤیان سلێمان حاجی، ٢٠٠١، ٢٦). لە زمانی کوردیدا ئەو ڕێککەوتنە لە سنوری کاردایە، هەمیشە بە پێی پێویست ڕاناوێکی لکاو یا پترى لەگەڵدا دێ (عبدالله حسین رسول، ١٩٩٥، ١٨٦). لە زمانی کوردیدا ئەم دو دەستە ڕاناوە لکاوە هەیە:**

**١- ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن: (م، ی، Ø، ین، ن، ن).**

**٢- ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی: (م، ت، ی، مان، تان، یان)، (سەرچاوەی پێشو، ١٨٧).**

**ڕێککەوتنی نێوان بکەر و کار لە ڕوی کەس و ژمارەوە لە زمانی کوردیدا :**

**١) ئەگەر کارەکە پێویستی بە یەك هاوبەش هەبو، لە هەمو حاڵەتەکان دەستەی ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن ئەم هاونیشانەییە دەردەخەن. شوێنی دەرکەوتنی بەردەوام لە سنوری (I)دایە:**

[IP [I′[ I [illegible]]]]

**٢) ئەگەر کارەکە پێویستی بە زیاتر لە هاوبەشێك هەبو لە هەمو حاڵەتەکان جگە لە کاتی ڕابردو دیسان دەستەی ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن هاونیشانەیی دەردەخەن و شوێنی دەرکەوتنیان وەك ئەگەری یەکەم وایە.**

[IP [I′[ I [illegible]]]]

**٣) ئەگەر کارەکە پێویستی بە زیاتر لە هاوبەشێك هەبو، لە کاتی ڕابردودا لە کارە گەردانکراوەکانی گشت فۆڕمە فەرهەنگییەکان، جگە لەوانەی پێویستییان بە هاوبەشێکی تەواوکەری (I) و بکەرێك هەیە، ڕێککەوتنی نێوان بکەر و کار لە لایەن دەستەی ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی بەرجەستە دەکرێ و بە پێی ئەم یاسایەی خوارەوە شوێنی دەرکەوتنیان لە ڕستەی زمانی کوردی دەستنیشاندەکرێ:**

أ- ئەگەر بەرکاری ڕستەکە بە فرێزێك دەرکەوتبو، لە دوای فرێزە بەرکارییەکە دەردەکەوێ؛ ئەگینا

ب- ئەگەر بەرکاری ٢ هەبو لە دوای فرێزی بەرکاری٢ەوە دێ، ؛ ئەگینا

پ- دەکەوێتە سنوری فرێزی گەردانی.

- [IP [I′(OBJ) ...]]]
- [IP [I′(OBJ2) ...]]]
- [IP [I′[I ]]

٤) ئەگەر کارەکە پێویستی بە دو هاوبەش یا زیاتر هەبو بە مەرجێك یەکێ لە هاوبەشەکان تەواوکەری زۆرەکی کارەکە بێ، لەم حاڵەتە، لە کاتی ڕابردودا تەواوکەرەکە هاوسەرەکی (I) و بە یارمەتی دەستەی ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن هاونیشانەیی نێوان بکەر و کارەکە دەردەخرێ.

## ڕێککەوتنی نێوان بەرکار و جێگرەکەی لە ڕوی کەس و ژمارەوە لە زمانی کوردیدا :

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی ئەوە کە بەرکار بە ڕاناوی لکاو جێگیر دەکرێ. لەو کارانەی کە پێویستییان بە زیاتر لە هاوبەشێك هەیە و یەکێ لە هاوبەشەکان بەرکاری ڕستەکەیە، لە کاتی ڕابردودا، ئەگەر بەرکار بە ڕاناوی لکاو جێگیر بکرێ، لەم حاڵەتە بە یارمەتیی دەستەی ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن جێگیر دەکرێ.

١٠٢) خوارد (م) یان.

١٠٣) هێنا (Ø) یان.

لە هەمان باری پێشو، بەڵام لە کاتی ڕانەبردو ئەگەر بەرکار بە ڕاناوی لکاو جێگیر بکرێ، ئەم جارە بە یارمەتی دەستەی ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی جێگیر دەکرێ.

١٠٤) دە(یان)شواØ.

شوێنی دەرکەوتنی جێگرە لکاوەکەی بەرکار لە باری دوەم (بە خاوەنی) بەم شێوەیە دەبێ:

أ- ئەگەر بەرکاری ٢ هەبو لە دوای فرێزی بەرکاری٢ەوە دێ، ؛ ئەگینا

ب- دەکەوێتە سنوری فرێزی گەردانی.

- [IP [I′(OBJ2) …]]]
- [IP [I′[I ]]

لە ڕیژەی فەرماندان لەبەر ئەوەی تەنیا ئاراستەی کەسی دوەم دەکرێ، بەردەوام کاتەکەی ئێستایە، ڕێککەوتنەکەی نێوان بکەر و کارەکە لە ڕێگەی کۆمەڵەی ڕێکەون هاونیشانە دەکرێ و لە کاتی جێگیری کردنی بەرکار لە لایەن ڕاناوی لکاوەوە، دەستەی ڕاناوەلکاوەکانی خاوەنی ئەم ڕۆلە دەبینێ.

١٠٥) ب(یان)ژمێرە(Ø).

بەرکار      بکەر

**٢-٣-١-٤-٥ ) ناکردن :**

ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی باوەڕی بە گوێزانەوە نییە، بەم پێیە لە ناکردن ناتوانین بڵێین (لە کوردی چەند نیشانەیەك هەیە بۆ گۆڕینی کاری ئەرێ بۆ نەرێ (عبداللە حسین رسول، ١٩٩١، ٥). بە پێی ڕوانینی ئەم ڕێزمانە، چۆن کاری گەردانکراوی ئەرێ لە فۆڕمی فەرهەنگی کارەوە دروستدەکرێ بە هەمان شێوە کاری گەردانکراوی نەرێش دروستدەکرێ. (بۆ دروستکردنی کاری نەرێ لە زمانی کوردیدا سود لە (ن ، نا، نە، نی، مە) (عبداللە حسین رسول، ١٩٩٥، ١٧٩) وەردەگیرێ، لە هەمویاندا مۆرفیمی (ن/م) ئەرکی ناکردن ئەبینێ (سەرچاوەی پێشو)[٦٦].

لەبەر ئەوەی ئەرێ و نەرێ پێچەوانەی یەکترن، دەتوانین بۆ هەردوکیان یەك بگۆڕ بە بەهای جیاوازی (+) بە واتای ئەرێ و (- ) بە واتای نەرێ بەکاربێنین.

[٦٦]) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : ١- عبداللە حسین رسول: ١٩٩١. ٢- عبداللە حسین رسول، ١٩٩٧، ل ١٧٩-١٨٤

| | |
|---|---|
| بکەر | [ ] |
| گوزارە | ‘ناردن < (↑ بکەر ) (↑ بەرکار ) (↑ بەرکاری ٢ )>‘ |
| کات | ڕابردو |
| ڕوکار | سادە |
| ڕێژە | هەواڵدان |
| ئەرێ | + |
| بەرکار | [ ] |
| بەرکاری ٢ | [ ] |

**٢-٣-١-٤-٦ ) گوزارە:**

سەرەکیترین کەرەستەی ڕستە کارەکەیەتی کە لە زمانی کوردیدا خۆی لە فرێزی گەردانیدا دەبینێتەوە، ئەمەش لە کاتی بەکارهێنانیەتی لە ڕستەدا. لە کاتی تۆمارکردنی زانیارییەکانی کارە گەردانکراوەکە لە ڕۆنانی ئەرکیدا، سود لە فۆڕمە فەرهەنگییەکەی کارەکە وەردەگیرێ و بە گوزارەی ڕستە دادەنرێ، وەك گوزارەکانی تر ئەمیش لە ناو ( ‘ ‘ ) دادەنرێ و هاوبەشەکانی فۆڕمە فەرهەنگییەکەی کار لە < > تۆمار دەکرێ و هەر هاوبەشێك لە کەوانەی تایبەتی خۆی دێ کە تیرێك بە ئاراستەی سەرەوەی لەگەڵدایە، ئەمە پیشاندەدا کە بۆ گرێی دایکی دەگەڕێتەوە. بۆ نمونە (هاتن) تەنیا یەك هاوبەشی پێویستە کە بە شێوەی خوارەوە تۆمار دەکرێ:

گوزارە ‘ هاتن < (↑بکەر) > ‘

١٠٦) ا- ئازاد هات.

١٠٦) ب- دوێنێ ئازاد هات.

١٠٦) پ- ئازاد دوێنێ لە هەولێرەوە هات.

١٠٦) ت- ئازاد دوێنێ بە پەلە لە هەولێرەوە هات.

١٠٦) ج- ئازاد دوێنێ بە پەلە لە هەولێرەوە هات بۆ سۆران.

لە نمونەی (١٠٦- ا) ڕستەکە پێکهاتوە لە کار و ئەو هاوبەشەی کە هەڵیدەبژێرێ. ئەگەر گوزارەی نمونەکانی (١٠٦– ب، پ، ت، ج) لە رۆنانی ئەرکیی ڕستەکە تۆمار بکەین، هاوشێوەی گوزارەی نمونەی (١٠٦ - ا) دەبێ. ئەو کەرەستانەی کە لە نمونەکانی (١٠٦– ب، پ، ت، ج) دەرکەوتون و

سەربارن و سەربارەكان بە ناهاوبەشەكانی ڕستە دادەنرێن و لە دەروازەی فەرهەنگی گوزارەدا تۆمار ناكرێن. پۆلینكردنی جیاواز بۆ دەروازەی فەرهەنگی كارەوە كراوە و بە پێی ڕێزمان و تیۆری جیاوازەوە باسی ئەم لایەنە كراوە[٦٧] و هەر یەكەیان بە پێی ڕوانگەیەكی تایبەتەوە لەم بابەتە دواون و جیاوازی لە كارەكانیان دەبینرێ. دەتوانین فۆڕمە فەرهەنگییەكانی كار لە زمانی كوردی بە پێی ئەو هاوبەشانەی كە هەڵیاندەبژێرن پۆلین بكەین.

پۆلینكردنی فۆڕمە فەرهەنگیيانەی كار بە پێی هاوبەشەكانیان:

١) ئەو فۆڕمە فەرهەنگیيانەی كار كە تەنیا هاوبەشێكیان هەیە، لەم حاڵەتەدا ئەو هاوبەشەی كار هەڵیدەبژێری (بكەر)ە، كەواتە دەروازە فەرهەنگییەكەی بەم شێوەیە دەبێ:

گوزارە ˊ ـــــ < (↑بكەر) > ˋ

وەكو: نوستن، هاتن، شكان، سوتێنران، چون، گەیشتن، مردن، دانیشتن، بیسترا، كەوتن، ...هتد.

١٠٧) پەنجەرەكە شكا.

١٠٨) پەنجەرەكە شكێنرا.

١٠٩) ئازاد هات.

١١٠) ئازاد كەوت.

٢) ئەو فۆڕمە فەرهەنگیيانەی كار كە تەنیا دو هاوبەشیان هەیە، لەو حاڵەتەدا بە چوار شێوازی جیا دەردەكەون:

٢-١) كارەكە بكەر و بەركار وەك هاوبەش هەڵدەبژێری.

گوزارە ˊ ـــــ < (↑بكەر)، (↑بەركار) > ˋ

وەكو: هێنان، وەرگرتن، كێڵان، بینین، ڕژاندن، كڕین، خوێندن، خواردنەوە، چاوەڕێكردن، تەواوكردن، ناسین، شوشتن، كردنەوە،...هتد.

---

[٦٧]) بڕوانە ١- كەمال محمد ئۆمەر ، دەروازەی فەرهەنگی هەندێ پێشكاری كوردی، ٢٠٠٣. ٢-محەمەد عومەر عەول، كردەی تەواوكردن لە كرمانجی خوارووداا، ٢٠٠٨. ٣-دلێر صادق كانبی، تیۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە، ٢٠١٣.

١١١) ئازاد کتێبەکانی هێنا.

١١٢) ئازاد نەوزادی بینی.

١١٣) ئازاد ئاوی ڕژاند.

١١٤) ئازاد ئاوی خواردەوە.

٢-٢) کارەکە بکەر و بەرکاری ٢ وەك هاوبەش هەڵدەبژێرێ.

گوزارە ' ـــــ < (↑بکەر)، (↑بەرکاری٢) > '

وەکو: بڕواکردن

١١٥) من بڕوای پێ ناکەم.

٣-٢) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی کار کە (بکەر و تەواوکەری I) هەڵدەبژێرن:

گوزارە ' ـــــ < (↑بکەر)، (↑تەواوکەریI) > '

وەکو: ترسان، حەزکردن، ویستن، بون،... هتد.

١١٦) منداڵەکان لە تاریکی دەترسان.

١١٧) من حەز لە خۆخ ناکەم.

١١٨) هەولێر خۆشە.

٤-٢) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی کار، کە (بکەر و تەواوکەریCP) هەڵدەبژێرن:

گوزارە ' ـــــ < (↑بکەر)، (↑تەواوکەریCP) > '

وەکو: ویستن، پێویستبون، دیاربون،...هتد.

١١٩) ئاکام دەیەوێ ژن بێنێ.

١٢٠) پێویستە سەردانی سۆران بکەم.

١٢١) دیارە ئازادی بەبێ ئازایەتی نایەتەدی.

٣) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی کار، کە سێ هاوبەش هەڵدەبژێرن، ئەوانیش بە پێنج شێوازی جیاواز دەردەکەون:

١-٣) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی (بکەر و بەرکار و بەرکاری٢) بە هاوبەش هەڵدەبژێرن:

گوزارە ' ـــــ < (↑بکەر)، (↑بەرکار)، (↑بەرکاری ٢) > '

وەکو: لەبەرکردن، نیشاندان، ئالاندن، گوتن، باسکردن، گێڕانەوە، دان، ناردن، ... هتد.

١٢٢) ژنەکە جلەکانی لەبەر منداڵەکە کرد.

١٢٣) ئازاد هەواڵەکانی بۆمان باسکرد.

١٢٤) ئازاد خانوەکەی نیشانی نەوزاد دا.

١٢٥) ئازاد کتێبەکەی بۆ نەوزاد نارد.

١٢٦) ئازاد ڕادیۆیەکی نوێی دایە نەوزاد.

٣-٢) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی (بکەر و بەرکار و تەواوکەری I) بە هاوبەش هەڵدەبژێرن:

گوزارە ' ـــــ < (↑بکەر)، (↑بەرکار)، (↑تەواوکەریI) > '

وەکو: سپاردن.

١٢٧) ئازاد خانوەکە بە حوسێن دەسپێرێ.

٣-٣) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی (بکەر و دو تەواوکەری I) بە هاوبەش هەڵدەبژێرن:

گوزارە ' ـــــ < (↑بکەر)، (↑تەواوکەریI) (↑تەواوکەریI) > '

وەکو : بون

١٢٨) ئازاد لە نەوزاد زیرەکترە.

١٢٩) ئازاد زیرەکترە لە نەوزاد.

٣-٤) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی (بکەر و بەرکار و تەواوکەری CP) بە هاوبەش هەڵدەبژێرن:

گوزارە ' ـــــ < (↑بکەر)، (↑بەرکار)، (↑تەواوکەریCP) > '

وەکو: هاندان، فێربون، ترساندن، بانگهێشت کردن، ئامۆژگاری کردن،... هتد.

١٣٠) ئازاد نەوزادی هاندا بۆ خوێندن بچێتە دەرەوەی وڵات.

١٣١) ئازاد ئامۆژگاری کوڕەکەی کرد زۆر تەماشای تەلەفزیۆن نەکات.

٣-٥) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی (بکەر و بەرکاری٢ و تەواوکەر) بە هاوبەش هەڵدەبژێرن:

گوزارە ʼ ــــــ < (↑بکەر)، (↑بەرکاری ٢ )، (↑تەواوکەر) > ʽ

وەکو: گفتدان، ڕونکردنەوە، گوتن،... هتد.

١٣٢) ئازاد گفتی بە منداڵەکەی دا، بیبا بۆ شاری یاری.

١٣٣) من بۆتان روندەکەمەوە، ئەمە چۆن ڕویداوە.

١٣٤) ئەوان بە باوکیان دەگوت کاکە.

٤) جۆرێکی تر لە هەڵبژاردنی هاوبەش لە گوزارە، گوزارەی چوار هاوبەشیە:

گوزارە ʼ ــــــ < (↑بکەر)، (↑بەرکاری ٢ )، (↑تەواوکەرI) (↑تەواوکەرCP) > ʽ

وەکو: بون.

١٣٥) پێم باشە ئەم کارە بکەین.

دەتوانین، هەمو فۆڕمە فەرهەنگییەکانی کار لەم چوارجۆرەدا کۆبکەینەوە. بەو پێیەی کە کاری زمانەوان دۆزینەوەی ڕاستییەکانە نەك دانانی یاسا، دەکرێ فۆڕمێکی فەرهەنگی بە پێی بەکارهێنانی لە ڕستەدا دەروازەی فەرهەنگی جیاوازی هەبێ. بۆ نمونە:

١٣٦) ا- ئازاد باسی ئازارەکانی خۆی بۆ ئێمە دەکرد.

بکەر بەرکار بەرکاری٢

١٣٧) ب- ئازاد باسی ئەمەی کرد کە زۆری ئازار بینیوە.

بکەر بەرکار تەواوکەری CP

١٣٦)ا- گوزارە ʼباسکردن<(↑بکەر)،(↑بەرکار)، (↑بەرکاری٢)> ʽ

١٣٧)ب- گوزارە ʼباسکردن<(↑بکەر)،(↑بەرکار)، (↑تەواوکەریCP)> ʽ

١٣٨) ا- ئازاد قسەی دڵی خۆی بە ئەو وت.

بکەر بەرکار بەرکاری٢

١٣٩) ب- ئازاد بە نەوزادی وت: بەیانی بێ بۆ سۆران.

بکەر بەرکار ٢ تەواوکەرCP

١٣٨)ا- گوزارە ʼوتن<(↑بکەر)،(↑بەرکار)، (↑بەرکاری٢)> ʽ

١٣٩)ب- گوزارە 'وتن<(↑بکەر)،(↑بەرکاری٢)، (↑تەواوکەریCP)> '

لە نمونەکانی (١٣٦) و (١٣٧) ئەمە بە ڕونی دەبینین کە هەرچەندە ڕستەکان یەك کاری گەردانکراویان هەیە، بەڵام بە پێی دەرکەوتنیان لە ڕستەدا هاوبەشی جیاوازیان وەرگرتوە.

## ٢-٤ ) شیکردنەوەی جۆرەکانی ڕستە :

ڕستەکان بە پێی ژمارەی ئەو هاوبەشانەی کە گوزارەی ڕستە هەڵیاندەبژێرێ، بەسەر چوار جۆر دابەش دەکرێن:-

### ٢-٤-١ ) ڕستەی یەك هاوبەشی:

ئەم جۆرە ڕستەیە، سادەترین جۆری ڕستە لە زمانی کوردیدا پێکدەهێنێ، پێکهێنەکانی ڕستەی یەك هاوبەشی بریتین لە گوزارەی ڕستە (کارە گەردانکراوەکە) و هاوبەشە تاقانەکەی(بکەر).

١٤٠) ئێمە هاتین.




زمانی کوردی یەکێ لەو زمانانەیە کە دەشێ بکەری بۆشی هەبێ بۆ کردارە کاتوکەسدارەکان و بە <pro> ئاماژەی بۆ دەکرێ (محەمەدی مەحویی، ٢٠١١، ١٥).

١٤١) هاتین.

| | | |
|---|---|---|
| بکەر | کەس | 1 |
| | ژمارە | کۆ |
| | گوزارە | '<pro>' |
| گوزارە | | 'هاتن <(↑ بکەر)>' |
| کات | | رابردو |
| کەسی بکەر | | 1 |
| ژمارەی بکەر | | کۆ |




کاتێك بکەرێکی بۆش لە ڕستەدا هەبێ، کەس و ژمارەی بکەرە بۆشەکە لە هاونیشانەکەی واتە ڕاناوی لکاو وەردەگیرێ، چونکە گوزارە لە ڕێگەی ئەم هاونیشانانە دەستنیشانی کەس و ژمارەی بکەری داواکراوی خۆی دەکا.

١٤٢) پەنجەرەکە شکا.

| | | |
|---|---|---|
| بکەر | کەس | 3 |
| | ژمارە | تاك |
| | ناسراوی | + |
| | گوزارە | 'پەنجەرە' |
| گوزارە | | 'شکان <(↑ بکەر)>' |
| کات | | رابردو |
| کەسی بکەر | | 3 |
| ژمارەی بکەر | | تاك |



١٤٣) پەنجەرەکە شکێنرا.




| | | |
|---|---|---|
| بکەر | کەس | 3 |
| | ژمارە | تاك |
| | ناسراوی | + |
| | گوزارە | 'پەنجەرە' |
| گوزارە | 'شکێنران < (↑ بکەر) >' | |
| کات | رابردو | |
| کەسی بکەر | 3 | |
| ژمارەی بکەر | تاك | |

پێویستە لێرەدا باسێکی بکەرنادیاری بکەین، زۆربەی ڕێزمانزانەکان باوەڕیان وایە، ڕستەی بکەرنادیار لە ڕستەی بکەردیارەوە دروستدەکرێ، هەرچەندە هەست بە ئەمە کراوە کە گرفتی تێدایە، بۆ نمونە فەرەیدون عەبدول دەڵێ: مەرج نییە هەمو ڕستەیەکی بکەرنادیار لە ڕستەی بکەردیارەوە وەرگیرابێ، چونکە لە زمانی کوردیدا زۆر ڕستەی بکەرنادیار دەبینرێ کە پەیوەندیی بە ڕستەی بکەردیارەوە نییە (فەرەیدون عەبدول محەمەد، ١٩٨٨، ٧٦). ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی، یەکێکە لە ڕێزمانە ناگوێزانەوەییەکان و باوەڕی وایە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ڕستەی بکەردیار و ڕستەی بکەر نادیاردا نییە.

ئێمە پێچەوانەی ئەو زمانەوانانەی پێیان وایە پرۆسەی بکەر بەنادیارکردن پرۆسەیەکی ڕستەسازییە، وای بۆ دەچین، کە پرۆسەی بکەر بەنادیارکردن پرۆسەیەکی وشەسازییە (دلێر سادق کانەبی، ٢٠١٣، ١٤٥). بەواتایەکی تر، فۆڕمێکی فەرهەنگی بکەرنادیاری هەیە، ناوی کرداریی بکەرنادیار[٦٨] توخمی بە لێکسیمبوی[٦٩] ناو فەرهەنگی کوردین (محەمەدی مەحویی، ٢٠١١، ١٧).

[68] ) Passive verbal noun
[69] ) Lexicalized element

لە هەمو هاوکێشەیەکی یەکسانبودا، دەتوانین شوێنی پێکهێنەکانی هەردو لای هاوکێشە بگۆڕین، بۆ نمونە A=B هیچ جیاوازیی نییە لەگەڵ B=A. وریا عومەر ئەمین دەڵێ: تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە (وریا عمر امین، ١٩٨٥، ١٩٦) کەواتە دەبێ پێچەوانەی ئەوەش ڕاست بێ کە بکەرنادیار فرمانێکی تێنەپەڕە و تێنەپەڕیش تەنیا یەك هاوبەشی دەوێ، بەم پێیە کارە بکەرنادیارە گەردانکراوەکان بە گوزارەی یەك هاوبەشی دادەنرێن و ڕستەی یەك هاوبەشی دروستدەکەن.

١٤٤) هەفتەی ڕابردو ئازاد لە هۆتێل نوستبو.




سەربارەکان هاوبەشی گوزارەی ڕستە نین، بۆیە ئاسایی لە ڕستەیەکی یەك هاوبەشی بێکۆتا سەربار دەرکەوێ، هەرچەندە لە ڕوی ئابوری زمانەوە ئەمە زۆر پەسەند نییە، لەم ڕووەوە هەوڵدەدرێ کەمترین ژمارەی ناهاوبەش بەکار بێ.

١٤٥) من و ئازاد هاتین.







## ٢-٤-٢) ڕستەی دو هاوبەشی:

پێکهێنی ڕستە دو هاوبەشییەکان سێ جۆرە، لە هەر سێکیان بکەر هاوبەشی یەکەم و جیاوازییەکە لە هاوبەشی دوەمدایە، (بەرکار)، (تەواوکەر) و (بەرکاری٢) هاوبەشی دوەمی ئەم جۆرە ڕستەیەن. لە خوارەوە باسیان دەکەین.

### ٢-٤-٢-١) ڕستەی دو هاوبەشی بە پێکهێنی (بکەر) و (بەرکار):

١٤٦) من کتێبەکان ناهێنم.






دەتوانین بکەر بە بکەری بۆش<pro> دەرببڕین و بەرکاریش بە ڕاناو جێگیر بکەین:

١٤٧) دەمخۆن.




| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 3 ؛ ژمارە کۆ ؛ گوزارە ‘ < pro > ’ ] |
| بەرکار | [ کەس 1 ؛ ژمارە تاک ؛ گوزارە ‘ڕاناو’ ؛ ڕاناو لکاو خاوەنی ] |
| گوزارە | ‘خواردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) > ’ |
| کات | نێستا |
| کەسی بکەر | 3 |
| ژمارەی بکەر | کۆ |
| کەسی بەرکار | 1 |
| ژمارەی بەرکار | تاک |

١٤٨) خواردمیان.




| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 3 ؛ ژمارە کۆ ؛ گوزارە ‘ < pro > ’ ] |
| بەرکار | [ کەس 1 ؛ ژمارە تاک ؛ گوزارە ‘ڕاناو’ ؛ ڕاناو لکاوی ڕێکەوتن ] |
| گوزارە | ‘خواردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) > ’ |
| کات | ڕابردو |
| کەسی بکەر | 3 |
| ژمارەی بکەر | کۆ |
| کەسی بەرکار | 1 |
| ژمارەی بەرکار | تاک |

له نمونەی (١٤٧) و (١٤٨)جیاوازیی ڕستەکان له جیاوازیی کاتەکەیاندایه، ئەمەش وایکردوه له هەریەك له کاته جیاوازەکاندا، له کاتی جێگیرکردنی بەرکار به ڕاناوی لکاو، به دەسته ڕاناوی لکاوی جیاواز جێگیر بکرێ. له کاتی ڕانەبردو جێگرەوەی له دەسته ڕاناوی لکاوی خاوەنی هەڵبژاردوه و له کاتی ڕابردو له دەسته ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن.

١٤٩) بەیانی ئازاد له بازاڕ کراسێك دەکڕێ.



١٥٠) ئازاد بە ڕاکردن خۆی رزگار کرد.




## ٢-٤-٢-٢ ( ڕستەی دو هاوبەشی بە پێکهێنی ( بکەر ) و ( تەواوکەری I ):

تەواوکەری (I) دەکرێ ناو بێ، ئاوەڵناو بێ، ئاوەڵکار بێ یاخود فریزێکی بەند، کە لەگەڵ فۆرمی فەرهەنگی(بون) وەك تەواوکەرێکی زۆرەکی دەردەکەون، لەم جۆرە ڕستانەدا زیاتر حاڵەت دەگەیەنێ و باسکردنە لە شتێك تا ڕوداوگەیاندن. لەم جۆرە پێکهێنەدا، تەواوکەرەکە دەبێتە هاو- سەرەی فریزی گەردانی.

١٥١) ئازاد ئەندازیارە.




## ٢-٤-٢-٣) ڕستەی دو هاوبەشی بە پێکهێنی (بکەر) و (تەواکەری CP):

١٥٢) ئازاد دەیەوێ ژن بێنێ.



١٥٣) ئازاد داوا دەكا پارمەتیی بدەین.[70]




[70] دەروازەی فەرهەنگیی كارەكە بە پێی جۆری ڕستەكە و بەكارهێنانی جیاوازەوە وەك یەك نیە. بۆ نمونە :

- ئازاد داوای پارە دەكا.



**٢-٤-٢-٤) ڕستەی دو هاوبەشی بە پێکهێنی (بکەر) و (بەرکاری ٢):**

**١٥٤) من بڕوای پێ ناکەم.**




| | | |
|---|---|---|
| بکەر | کەس | 1 |
| | ژمارە | تاك |
| | گوزارە | 'من' |
| بەرکاری2 | گوزارە | پێ < تەواوکەر > |
| | تەواوکەر | ڕاناو |
| | ڕاناوی | لکاو خاوەنی |
| | کەس | 3 |
| | ژمارە | تاك |
| گوزارە | | 'بڕواکردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکاری٢) > ' |
| کات | | ئێستا |
| نەرێ | | — |
| کەسی بکەر | | 3 |
| ژمارەی بکەر | | تاك |

### ٢-٤-٣ ) ڕستەی سێ هاوبەشی:

ڕستە سێ هاوبەشییەکان پێنج فۆڕمی جیاوازیان هەیە، بکەر لە هەمو فۆڕمەکان وەك هاوبەشێکی ڕستە بونی هەیە، بکەرێکی دەرکەوتو بێ ، یان بۆش.

**١-٣ ( ↑بکەر)، ( ↑بەرکار)، ( ↑بەرکاری ٢ ):**

١٥٥) ئازاد هەواڵەکانی بۆم باسکرد.






### ٣-٢ (↑بکەر)، (↑بەرکار)، (↑تەواوکەری CP):

١٥٦) ئازاد باسی ئەوەی کرد کە لە ژیاندا زۆر ناخۆشی بینیوە.




| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 3 ؛ ژمارە تاک ؛ گوزارە 'ئازاد' ] |
| بەرکار | [ کەس 3 ؛ ژمارە تاک ؛ گوزارە ئەوە ] |
| گوزارە | 'باسکردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) (↑ تەواوکەری CP) >' |
| کات | ڕابردو |
| کەسی بکەر | 3 |
| ژمارەی بکەر | تاک |
| تەواوکەری CP | [ گوزارە کە لە ژیاندا زۆر ناخۆشی بینیوە ] |

### ٣-٣ (↑بکەر)، (↑بەرکاری ٢)، (↑تەواوکەری CP):

١٥٧) من بە نەوزادم وت بەیانی بێت بۆ سۆران.




| | |
|---|---|
| بکەر | کەس 1<br>ژمارە تاک<br>گوزارە 'من' |
| بەرکاری2 | گوزارە 'بە < تەواوکەر >'<br>تەواوکەر نەوزاد<br>کەس 3<br>ژمارە تاک |
| گوزارە | 'وتن < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) (↑ تەواوکەری $CP$) >' |
| کات | رابردو |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | تاک |
| تەواوکەری $CP$ | گوزارە بەیانی بێت بۆ سۆران |

### ٤-٣ (↑بکەر)، (↑تەواوکەری I)، (↑تەواوکەری CP):

**١٥٨) ئاشکرایە کە قۆپییەی کردووە.**




| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 3 ، ژمارە تاک ، گوزارە ' < pro > ' ] |
| گوزارە | ' بوون < (↑ بکەر) (↑ تەواوکەری I) (↑ تەواوکەری CP) > ' |
| کات | ئێستا |
| کەسی بکەر | 3 |
| ژمارەی بکەر | تاک |
| تەواوکەری I | [ گوزارە ئاشکرا ] |
| تەواوکەری CP | [ گوزارە کە قۆپییەی کردووە ] |

**٥-٣ ( ↑بکەر)، ( ↑تەواوکەری I)، ( ↑تەواوکەری I):**

**١٥٩) ئازاد لە نەوزاد زیرەکترە.**




| | |
|---|---|
| بکەر | [کەس 3 ; ژمارە تاک ; گوزارە 'ئازاد'] |
| گوزارە | 'بون < (↑ بکەر) (↑ تەواوکەری I) (↑ تەواوکەری *I*) > ' |
| کات | ئێستا |
| کەسی بکەر | 3 |
| ژمارەی بکەر | تاک |
| تەواوکەری *I* | [گوزارە زیرەکتر] |
| تەواوکەری *I* | [گوزارە 'لە < تەواوکەر >' ; تەواوکەر [گوزارە 'نەوزاد' ; کەس 3 ; ژمارە تاک]] |

### ٢-٤-٤) ڕستەی چوار هاوبەشی:

(↑بکەر)، (↑بەرکاری ٢)، (↑تەواوکەری I)، (↑تەواوکەری CP)

١٦٠) پێم باشە کە سەردانێکی سۆران بکەین.




| | |
|---|---|
| بکەر | [کەس 1 / ژمارە تاک / گوزارە '< pro >'] |
| بەرکاری 2 | [گوزارە 'پێ < تەواوکەر >' / تەواوکەر [گوزارە ڕاناو / ڕاناو لکاوی خاوەنی / کەس 1 / ژمارە تاک]] |
| گوزارە | 'بون < (↑ بکەر) (↑ بەرکاری٢) (↑ تەواوکەریI) (↑ تەواوکەریCP) >' |
| کات | ئێستا |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | تاک |
| تەواوکەری $I$ | [گوزارە باش] |
| تەواوکەری $CP$ | [گوزارە کە سەردانێکی سۆران بکەین] |

**کەواتە ڕستەکان لە زمانی کوردی لە ڕوی وەرگرتنی هاوبەشەوە چوار جۆرن:**

| ژمارەی هاوبەش | هاوبەشەکان | ژمارەی فۆڕم |
|---|---|---|
| ١ هاوبەشی | (↑بکەر) | ١ |
| ٢ هاوبەشی | (↑بکەر)، (↑بەرکار )<br>(↑بکەر)، (↑بەرکاری ٢ )<br>(↑بکەر)، (↑تەواوکەری I)<br>(↑بکەر)، (↑تەواوکەر CP) | ٤ |
| ٣ هاوبەشی | (↑بکەر)، (↑بەرکار)، (↑بەرکاری ٢)<br>(↑بکەر)، (↑بەرکار)، (↑تەواوکەری CP)<br>(↑بکەر)، (↑بەرکاری ٢)، (↑تەواوکەری CP)<br>(↑بکەر)، (↑تەواوکەری I)، (↑تەواوکەری CP)<br>(↑بکەر)، (↑تەواوکەری I)، (↑تەواوکەری I) | ٥ |
| ٤ هاوبەشی | (↑بکەر)، (↑بەرکاری ٢)، (↑تەواوکەری I)، (↑تەواوکەری CP) | ١ |
| ٤ جۆر ڕستە | (↑بکەر) لە هەمو ڕستەیەکی کوردی هاوبەشی کارە بە پێی جۆر و فۆڕمەوە، ڕستەکە (↑بەرکار)، (↑بەرکاری ٢)، (↑تەواوکەری I)، (↑تەواوکەری CP) وەك هاوبەشەکانی تر هەڵدەبژێرێ. | ١١ فۆڕم |

### ٢-٥ ) باس و تەوەرەی ڕستە لە زمانی کوردیدا :

باس و تەوەرە پەیوەستن بە جۆری ئەو زانیارییانەی کە هاوبەشەکانی ڕستە دەیگەیەنن. ئەو بەشەی ڕستە کە زانیارییەکی کۆن دەگەیەنێ باسە و ئەو بەشەی ڕستە کە زانیارییەکی نوێ بەرجەستە دەکا، تەوەرەی ڕستەیە. لە کوردیدا ڕۆنانی باس لە ڕستەدا پەیوەندیی تەواوی بە پەیڕەوی مودەوە هەیە، چونکە زاراوەکانی پەیڕەوی مود(جۆری ڕستە) هەرجارە و کەرەستەیەکی جیاواز دەنێرێتە پێشەوەی ڕستە. بە شیوەیەکی گشتی پەیڕەوی مود لە کوردیدا لە سێ جۆرە ڕستەدا دەبینرێ:

١- ڕستەی هەواڵدان (ڕێژەی ئیخباری)

٢- ڕستەی پرسیار (تایبەتی یان گشتی)

٣- ڕستەی فەرماندان (ئەریٚ یان نەریٚ)                    (ساجیدە عبداللە فەرهادی، ٢٠٠٨، ١٠٦)

هەریەك لەم ڕێژانەی ڕستە، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاردێن و پێکهێنی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەمەش وادەکا، کە جۆر و شێوازی گەیاندنی زانیارییەکانیان جیاوازبیٚ.

باس، خاڵی دەستپێکردنە لای قسەکەر یان ئەو سنگەیە کە هەموو پاشماوەی ڕستەکەی پێدا هەڵدەواسریٚ، لەبەرئەوە باس ئاسایی دەبیٚ زانراوبیٚ. دیسان ئاساییە لە سەرەتای ڕستە بیٚ، چونکە بۆ لێکدانەوەی واتا، ئاسانترە لە کۆنەوە بچین بۆ نویٚ نەك بە پێچەوانەوە. کەرتی یەکەمی ڕستە ئەو کەرەسەیەی کە زانراوە باس و بکەری ڕستەیە لەیەك کاتدا (محمد معروف فتاح،١٩٩٢، وەرگیراو لە محمد معروف فتاح ، ٢٠١٠، ٣٤٧).

بۆ نمونە:

١٦١) ئازاد ئەمڕۆ لە هەولێرەوە هات.

لەو ڕستەی سەرەوەدا (ئازاد) ناوێکی تایبەتییە و کەسێکی ناسراوە لای قسەکەر و گوێگر (دو لایەنەکەی پرۆسەی پەیوەندیکردن)، ئەرکی بکەری ڕستەکەی هەیە و لەسەرەتای ڕستە دەرکەوتووە، باسی ڕستەکەیە. زانیارییە نوێیەکە دوای (ئازاد) دێت لە ڕستەکە و بەشی دوەمی زانیارییەکە (زانیاری نویٚ) لێرەدا دەگاتە گوێگر کە تەوەرەی ڕستەیە. بڕیاردان لەسەرجۆری زانیارییەکە لەڕوی کۆنی و نوێی، پەیوەستە بە پاشخانی زانیاریی گوێگرەوە، بۆیە گوێگر بڕیاردەدا کە زانیارییەکە دەبێتە باس یان دەبێتە تەوەرە. بۆ نمونە:

١٦٢) ئازاد       هات.       ئەو پەیامەی کە قسەکەر ئاراستەی کردوە بەم جۆرەیە، قسەکەر مەزەندەی ئەوە دەکا کە ئازاد لای گوێگر ناسراوە.<br>باس       تەوەرە

ئەگەر زانیاریی گوێگر وەك پێشبینی قسەکەربێ، ئەوا هیچ گرفتێك دروستنابێ، بە پێچەوانەوە، ئەگەر لە پاشخانی زانیاریی گوێگر ئەو کەرەستەی لە پەیامەکە بە باس دانراوە نەزانراوبو، لەو حاڵەتەدا گرفت لە پرۆسەی پەیوەندیکردن دروستدەبێ.

١٦٣) ئازاد هات. لێکدانەوەی وەرگر بۆ پەیامەکە: ئازاد؟ ئازاد کێیە؟ / کام ئازاد؟

☹؟ تەوەرە

بۆیە گوێگر ناچاردەبێ پرسیار بکا: ئازاد کێیە؟/ کام ئازاد؟

بە شێوەیەکی گشتی، لە حاڵەتی ڕیزکردنی ئاسایی کەرەستەکانی ڕستەدا ئەو وشەیەی کە گوێگر دەیناسێ و زانیاریی کۆنترە و هەمو ڕستەکە لەبارەی ئەوە، باسە (ساجیدە عبداللە فەرهادی، ٢٠٠٨، ١٠٣) و لە سەرەتا دەردەبڕێ.

کەرەستە نیشاندارکراوەکان بە یارمەتی ناسراوی و نیشانە، لەبەرئەوەی ناسراون و هەردو لایەنی پەیوەندییەکە زانیارییان لەبارەوە هەیە، دەبێتە باس، تەنانەت ئەگەر بکەری ڕستەش نەبێ. بۆ نمونە:

١٦٤) ئازاد کتێبەکەی هێنا.

باس تەوەرە

دەکرێ لە ڕستەیەکدا زیاتر لە تەوەرەیەك هەبێ. بۆ نمونە:

١٦٥) ئازاد نامەیەکی بۆ نەوزاد نارد.

باس تەوەرە تەوەرە

هەروەها کەرەستە لێکدراوەکان لە ڕوی جۆری گەیاندنی زانیارییەوە، هەرهەمان ڕۆڵیان هەیە، چونکە لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی هەمان جۆری فرێز پێکدەهێنن. بۆ نمونە:

١٦٦) ئازاد و نەوزاد هاتن.

باس تەوەرە

لە حاڵەتی ئاساییدا بکەر باسی ڕستەیە، بەڵام لەو حاڵەتانەی کە ئەرکی بکەر دەخرێتە ئەستۆی کەرەستەیەکی تری ڕستەکە ، بەم جۆرە باس و بکەر لەیەك کەرەستەی ڕستەکە کۆنابنەوە. بۆ نمونە:

١٦٧) شارەکە شەقامەکانی تەسکن.(محمد معروف فتاح،١٩٩٢، وەرگیراو لە محمد معروف فتاح ، ٢٠١٠، ٣٥٢)

لە زمانی کوردیدا سەربار لە چەند شوێنێکی جیاوازی ڕستەدا دەردەکەوێ، یەکێك لەو شوێنانە سەرەتای ڕستەیە. ئەگەر سەربار بە پێش بکەریش بکەوێ، دیسان نابێ بە باس بۆ ڕستەکە، چونکە زانیارییەکی زیادەیە. سەربار تەنیا لەو حاڵەتانەی کە نیشاندارکراون(ئەو کاتەی پرسیاریان لەبارەوە دەکرێ) دەبن بە تەوەری ڕستەکە. بۆ نمونە:

١٦٨)ا- ئازاد کەی هات؟

باس تەوەرە باس

١٦٨) ب- ئازاد دوێنێ هات.

باس تەوەرە باس

لە زمانی کوردی دەکرێ لە ڕستەدا تەنیا تەوەرە دەرکەوێ. بۆ نمونە:

١٦٩) <pro> هات.

تەوەرە

لە نمونەی سەرەوە بکەری ڕستە، بکەرێکی بۆشە، ئەمەش ڕێگا دەدا، زۆرجار تەنیا تەوەری ڕستە بە شێوەیەکی بەرجەستە دەرکەوێ. ئەمە بۆ ڕستە لێکدراوەکانیش ڕاستە. بۆ نمونە:

١٧٠) <pro> هات و <pro> ڕۆیشت.

تەوەرە تەوەرە

لە ڕستەی فەرماندانی ئاشکرا، لەبەر ئەوەی تەنیا ئاراستەی کەسی دوەم دەکرێ و کەسی دوەمیش دەبێتە بکەرێکی ناسراو و دەبێتە باسی ڕستە و فەرمانەکەش دەبێتە تەوەرە.

١٧١) تۆ بڕۆ. ١٦٤) ئێوە مەڕۆن.

باس تەوەرە باس تەوەرە

لە ڕێژەی پرسیارکردن، پرسیار لەبارەی ئەو بەشەی ڕستە دەکرێ کە زانیاریی لەسەر نییە، بۆیە لە ڕستەی پرس ئامرازی پرس دەبێتە تەوەرە.

١٧٢) کێ هات؟

تەوەرە باس

لە نمونەی سەرەوە هەرچەندە کە (کێ)ی ئامرازی پرس بکەری ڕستەکەیە، بەڵام تەوەری ڕستەکەیە و بە باس دانانرێ.

١٧٣) پۆلیس دزەکەی گرت.

باس تەوەرە

١٧٤) دزەکە لەلایەن پۆلیسەوە گیرا.

باس تەوەرە

١٧٥) ئازاد چی کڕی؟

باس تەوەرە باس

١٧٦) ئازاد کەی دێت؟

باس تەوەرە باس

جگە لەو ڕێژانەی ڕستە کە باسکران، هەندێ زمانەوان ڕستەی سەرسوڕمان بە ڕێژەی ڕستە دادەنێن، لە ڕستەی سەرسوڕمان قسەکەر و گوێگر زانیاریی تەواویان لەبارەی ڕستەکە هەیە (قسەکەر پێشبینی ئەوە دەکا گوێگریش هەمان زانیاریی لایە، یاخود پێشتر خودی قسەکەر ئەو زانیارییەی گەیاندۆتە گوێگر) و تەنیا قسەکەر هەستی خۆی لەبارەی بابەتەکەوە دەردەبڕێ، بۆیە ڕستەکە هەموی دەبێتە باس و تەوەرەی تێدا نییە.

١٧٧) ئازاد هات !

له خوارەوە شێوازی تۆمارکردنی باس و تەوەرە لە شیکردنەوەی ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی-ئەرکی نیشاندەدەین.

- بەیانی ئازاد لە بازاڕ کراسێك دەکڕێ. (نموونەی ١٤٩)



- **ئازاد کتێبەکەی بۆ نەوزاد نارد.(نمونەی ١٢٥)**







**١٧٨) سەردانی سۆران بکەن.**






١٧٩) مامۆستا پرسی، کێ وەڵامە ڕاستەکە دەزانێ؟






### ٢-٦ ) فۆڕم دروستی ڕۆنانی ئەرکی ڕستە لە زمانی کوردیدا :

ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی سێ بنەمای بۆ فۆڕمی دروستی ڕۆنانی ئەرکی داناوە، لێرەدا بە جیا باس لە هەریەك لەم بنەمایانە دەکەین لە ڕۆنانی ئەرکی ڕستەی زمانی کوردیدا.

#### ٢-٦-١ ) بنەمای ( یەکبون )ی ڕۆنانی ئەرکی ڕستە لە زمانی کوردیدا :

کرۆکی بابەتی یەکبون دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە کە نابێ لە بگۆڕێك زیاتر  لە یەك بەها هەبێ، بە پێچەوانەوە ئەم ڕستەیە لە ڕوی بنەمای یەکبون بە ڕستەیەکی فۆڕم نادروست دادەنرێ، ئاکامەکەشی ناڕێزمانیی ڕستە دەبێ. بۆ نمونە:

١٨٠) ئەم قوتابییەکە هات.




لە نمونەی (١٨٠)دا بگۆڕی ناسراوی دو بەهای وەرگرتوە، لە کوردیدا ناسراوی بە یارمەتی یەکێ لەم دو بەهایە دەکرێن، بۆیە بە پێی بنەمای یەکبون، ڕستەی سەرەوە فۆڕم نادروستە و ڕستەی فۆڕم نادروستیش ڕستەی ناڕێزمانی بەرهەم دێنێ.



١٨١) ئەم کوڕێکە هات.

| | |
|---|---|
| کەس | 3 |
| ژمارە | تاک |
| ناسراوی | +} ئەم ... ـە \| – ێك |
| گوزارە | 'کوڕ' |

دیسان ناسراوی دو بەهای وەرگرتوە، هەرچەندە کە ئەمجارە (بە پێچەوانەی جاری پێشو) بەهاکان وەك نین (+ و -)، بەڵام دیسان ڕێگە بەمە نادرێت و بە پێی بنەمای یەکبون دەبێتە ڕستەیەکی فۆڕم نادروست و نارێزمانی.




بگۆڕی ناسراوی لە ڕێگای دو بەهای (+ و -) تۆمار دەکرێ، بەهای (+) بە ڕێگای ئامرازی نیشانە یا مۆڕفیمی ناسراوی لە ڕستەدا دەردەکەوێ، بە ( - )یش بە ڕێگای مۆڕفیمی نەناسراوی بەرجەستە دەکرێ. ئەگەر دو بەهای ناسراوی پێکەوە دەرکەون، بەپێی بنەمای یەکبون، ڕستەکە، ڕستەیەکی فۆڕم نادروستە.

١٨٢) یەك قوتابییەکان هاتن.

| | |
|---|---|
| کەس | 3 |
| ژمارە | کۆ |
| دیارخەر | [ژمارە یەك] |
| ناسراوی | + |
| گوزارە | ’قوتابی‘ |

یەکێ لەو دیارخەرانەی کە لە پێشەوەی ناو دەردەکەوێ، ژمارەیە. کاتێ کە ژمارە دەبێتە دیارخەری پێشەوەی فرێزەکە پێویستە لە یەکبونی نێوان ژمارەی ناوەکە و دیارخەرەکە ئاگاداربین، پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە (یەك) تاکە و زیاتر لە یەك دەبێتە کۆ، دیارخەری ژمارە کاریگەریی هەیە لەسەر بەهای ژمارەی گوزارەی فرێزەکە، لە نمونەی سەرەوە گوزارەکە لە ڕوی ژمارەوە کۆیە و ژمارەی دیارخەرەکە تاکە.




ئەمەش وادەکا، بە پێی بنەمای یەکبون، ڕستەیەکی فۆڕم نادروستمان هەبێ.



١٨٣) دو قوتابییەکان هاتن.

| | |
|---|---|
| کەس | 3 |
| ژمارە | کۆ |
| دیارخەر | [ژمارە دو] |
| ناسراوی | + |
| گوزارە | 'قوتابی' |

لەم نمونەیەدا کیشەی نمونەی پێشو بەرچاو ناکەوێ، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە بگۆڕی ژمارە بە دو بەها بەرجەستە بوە. یەکیان بە یارمەتی دیارخەری پێشەوەی گوزارە (دو = کۆ) و دوەمیان مۆرفیمی کۆ (ان = کۆ)، ئەمەش پێچەوانەی بنەمای یەکبونە.




بابەتێکی تر کە دەکرێ بە پێی بنەمای یەکبون، فۆڕم دروستی یا نادروستیەکەی نیشانبدرێ، ڕێککەوتنی نێوان ڕاناوی خۆییە لە ڕوی کەس و ژمارە لەگەڵ کەس و ژمارەی بۆگەڕاوەکەی، ئەگەر ڕێککەوتن هەبو لە نێوانیان، ئەمە فۆڕم دروستە، بە پێچەوانەوە، دەبێتە ڕستەیەکی فۆڕم نادروست و لە ئەنجامدا ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەرهەمدێ.

١٨٤) ئازاد خۆیان شوشت.




ئازاد خۆیان شوشت.☹ ← ئازاد خۆیان شوشت. *

لە نمونەی سەرەوەدا ژمارەی ڕاناوی خۆیی لەگەڵ بۆ گەڕاوەکەی یەکناگرنەوە.

١٨٥) ئازاد خۆت دەشوا.




ئازاد خۆت دەشوا.☹ ← ئازاد خۆت دەشوا.*

لە نمونەی سەرەوەدا، کەسی ڕاناوی خۆیی و بۆگەڕاوەکەی یەکناگرنەوە. لەم دو نمونەیەی پێشو، لەبەرئەوەی دو بەهای جیاواز هەبو لە نێوان دەرکەوتەی (ڕاناوە خۆیی)یەکەی و ئەو ڕاناوەی کە لەلایەن بۆگەڕاوەکەی دەستنیشانکرابو، بگۆڕەکە دەبوە خاوەنی دو بەهای جیاواز، ئەمەش دژی بنەمای یەکبونە لە ڕۆنانی ئەرکی ڕستەدا، بەم پێیە دو نمونەکەی پێشو فۆڕم نادروستن و دەبنە ڕستەی ناڕێزمانی.

بابەتێکی تر کە دەتوانین لە ڕێگەی بنەمای یەکبون لە فۆرمی دروستیی ڕۆنانی ئەرکی دڵنیابینەوە، ڕێککەوتنە (بڕوانە ڕێککەوتنی بکەر و کار، هەروەها ڕێککەوتنی بەرکار و ڕاناوە لکاوە جێگرەکەی).

١٨٦) من هاتØ.




من هاتØ. ☹ ← من هاتØ. *

١٨٧) ئەوان هاتØ.




ئەوان هاتØ. ☹ ← ئەوان هاتØ. *

لە نمونەکانی (١٨٦)و (١٨٧) بکەرەکان خاوەنی بگۆڕێکن کە بە دو بەهای جیاوازەوە بەرجەستە کراوە. لە نمونەی (١٨٦) بگۆڕی کەسی بکەر دو بەهای هەیە، یەکیان هی بکەرەکەیە کە (کەسیی

یەکەم)ە ، دووەمیان، بکەرە داواکراوەکەی گوزارەی ڕستەیە کە (کەسی سێیەم)ە، بۆیە دەبێتە فۆڕمێکی نادروست. لە نمونەی (١٨٧) بگۆڕی ژمارەی بکەر دو بەهای وەرگرتوە، یەکەمیان هی خودی بکەرەکە کە (کۆ) یە و دووەمیان ژمارەی (تاك)ی بکەرە داواکراوەکەی گوزارەیە. نەبونی هاونیشانەیی لەم دو نمونەیەدا وا دەکا بگۆڕەکە ببێتە خاوەنی دو بەها ئەمەش لە بنەمای یەکبون ڕێگەی پێنادرێت.

**٢-٦-٢ ) بنەمای( تەواوی )ی ڕۆنانی ئەرکی ڕستە لە زمانی کوردیدا :**

مەبەست لە بنەمای (تەواوی)ی دەرکەوتنی هەمو هاوبەشەکانی گوزارەیە لە ڕستەدا، ئەو ڕستانەی هەمو هاوبەشەکانی ئامادە نەبن، بە ڕستەی فۆڕم نادروست دادەنرێن و دەبنە هۆی نارێزمانێتی ڕستە. بۆ نمونە:

١٨٨) دەیانبینین.

دە یان بین.

بەرکار

| | |
|---|---|
| بکەر | [ ؟ ] |
| بەرکار | کەس: 3<br>ژمارە: کۆ<br>گوزارە: 'ڕاناو'<br>ڕاناو: لکاو خاوەنی |
| گوزارە | 'بینین < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) > ' |
| کات | داهاتو |
| کەسی بکەر | ؟ |
| ژمارەی بکەر | ؟ |
| کەسی بەرکار | 3 |
| ژمارەی بەرکار | کۆ |

بکەری بۆش دەتوانێ لە ڕستەدا دەرکەوێ، لەم حاڵەتەدا پێویستە هاونیشانەکەی لە کاردا بەرجەستە بکرێ، کاتێ هاونیشانەکەی لە کاردا دەرناکەوێ، واتای ئەمەیە، هاوبەشی (بکەر) لەم ڕستەیەدا نییە. (Ø) ڕاناوی لکاوە و بۆ کەسی سێیەمی تاك دەگەڕێتەوە، ئاساییە کە بکەرە

بۆشەکەشی دەرنەکەوێ، لەم حاڵەتەدا بە پێی بنەمای تەواوییەوە نابێتە فۆڕم نادروست بۆ نمونە (<pro> هات∅. ڕستەیەکی فۆڕم دروستە، بەڵام هات. بە بێ ∅ ڕستەیەکی فۆڕم نادروستە.)

**٣-٦-٢ ) بنەمای( گونجان )ی ڕۆنانی ئەرکی ڕستە لە زمانی کوردیدا :**

بنەمای (گونجان)، ڕێگا بە دەرکەوتنی هاوبەشی زیاتر نادا، تەنیا ڕێگا بەو هاوبەشانە دەدا لە ڕستە دەرکەون کە گوزارەی ڕستەدا وەك هاوبەش هەڵیاندەبژێرێ، بە پێچەوانەوە، ئەو ڕستەیە بە ڕستەی فۆڕم نادروست دادەنرێ و دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانی. بۆ نمونە:

١٨٩) ئازاد پەڕاوێك پێنوسێکی کرِی.

ئازاد (پەڕاوێك) (پێنوسيك)ی کڕی.

بکەر بەرکار بەرکار



*ئازاد پەڕاوێك پێنوسێكی كڕی. ☹ ئازاد پەڕاوێك پێنوسێكی كڕی

ئازاد پەڕاوێك و پێنوسێكی كڕی. ☺

ئازاد پەڕاوێكی كڕی. ☺

ئازاد پێنوسێكی كڕی. ☺

## ٢-٧ ) كۆنترۆل لە ڕستەی زمانی كوردیدا :

بابەتی كۆنتڕۆڵ پەیوەستە بە تەواوكەر و سەرباری كراوەوە (XCOMP,XADJ)، تەواوكەر و سەرباری كراوەش ئەوانە بون كە بكەرەكانیان لە دەرەوە كۆنتڕۆڵ دەكرا. بەزۆری لەو حاڵەتانەدا بەرچاو دەكەون كە چاوگێكیان (كاری بێكات و كەس) لەگەڵ دەركەوتوە، بەڵام بەو پێیەی لە زمانی كوردیدا هەمو كارێك بكەری خۆی هەیە (هەندێجار بە بكەری بۆش دەردەكەوێ)و لەوكاتانەی كە فۆرمی فەرهەنگی كار لە ڕستەدا دەردەكەوێ، وەكو ناو هەڵسوكەوت دەكا، كەواتە، جۆرە كراوەكانی سەربار و تەواوكەر لە زمانی كوردی نییە، ئەمەش وادەكا بە پێی ئەو پێناسە و سنوردانانەی(بڕوانە ل ٥٢) ڕێزمانی لێكسیكیی ئەركی بۆ ئەم بابەتە (كۆنتڕۆڵ) كردویەتی، لە زمانی كوردیدا كۆنتڕۆڵ لە دەرەوەی سنوری ڕستە نییە.

# بەشی سێیەم

# ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە زمانی فارسیدا

## ٣-١ ) سەرەتا :

ڕوانگەی تایبەتی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی بۆ دو ئاستی جیاوازی ڕۆنانی پێکهاتە و ڕۆنانی ئەرکی وادەکا، لە شیکردنەوەی ڕستەدا باسی ئەم دو لایەنە بکەین، (بڕوانە هێڵکاری ژمارە ١ لاپەرە ٨). بە مەبەستی نیشاندانی وردەکاری زیاتر، لە زمانی فارسیدا، سەرەتا باسی هەر یەك لەم ئاستانە دەکەین، دواتر بە شێوەیەکی هاوتەریب بۆ شیکردنەوەی ڕستە لە زمانی فارسیدا سود لە هەر دو ئاستەکە وەردەگرین.

## ٣-٢ ) ڕۆنانی پێکهاتەی ڕستە لە زمانی فارسیدا :

ڕستە لە ڕوانگەی ڕۆنانکارەکانەوە، لە چەند یەکەیەکی بچوك پێکهاتوە، بۆ نمونە :

١٩٠) دانشجویان کلاس اول بخش زبان کردی درسهایشان را خوب می خوانند.

( قوتابیانی پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی وانەکانیان باش دەخوێنن.)

١ - دانشجویان کلاس اول بخش زبان کردی

٢- درسهایشان را

٣- خوب

٤- می خوانند

هەر یەك لەم یەکانەی لە سەرەوە دەستنیشانکراون، لە زمانی فارسیدا فرێزین و پێکەوە نمونەی ژمارە (١٩٠)یان پێکهێناوە، بەم پێیە سەرەتا بۆ باسکردنی ڕۆنانی پێکهاتەی ڕستە لەم زمانەدا، وەك پێویستییەك سەرەتا جۆرە جیاوازەکانی فرێز باسدەکەین.

**٣-٢-١ ) جۆرەکانی فرێز لە زمانی فارسیدا :**

بۆ دابەشکردنی فرێزەکان، سەرەی فرێز کرا بە پێوەر. بە پێی جۆری (سەرە)وە، فرێزی لێکسیکی و فرێزی ئەرکی لێکجیاکرانەوە، لە فرێزی لێکسیکیدا سەرە کەرەستەیەکی لێکسیکییە، هەرچی فرێزی ئەرکیشە، سەرەکەی ئەرکێکی ڕێزمانییە.

**٣-٢-١-١ ) فرێزی لێکسیکی :**

لێکسیکی بونی فرێزێك دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی ئاخێوەرانی زمانەکە، ئەو کەرەستانەی کە لە فەرهەنگی زەینی ئاخێوەردا خاوەنی فۆڕم و واتای دیاریکراون، بە لێکسیك دادەنرێن و مەرج نییە لە هەمو زمانەکاندا کەرەستە وەك یەکەکان، لە ڕوی فەرهەنگییەوە هەمان هەڵسوکەوتیان هەبێ. ئاساییە، کەرەستەیەك لە زمانێك لێکسیك بێ، بەڵام ڕۆڵی هەمان کەرەستە لە زمانێکی تردا بە مۆڕفیمێکی بەندی ڕێزمانی دەربڕێ کە لێکسیك نییە. لە خوارەوە لە قاڵبی فرێزی لێکسیکیدا باسی ئەو فرێزانەی زمانی فارسی دەکەین کە سەرەی لێکسیکییان هەیە:

**٣-٢-١-١-١ ) فرێزی ناوی ( گروه اسمی ) :**

ڕێزماننوسە فارسەکان بە چەند شێوەیەکی جیاوازەوە باسی فرێزی ناوییان کردوە، لە خوارەوە باسی هەندێکیان دەکەین:

١- فرێزی ناوی جێکەوتەی مەزنی کاتیگۆریی لێکسیکی ناوە (دینا یوسفی، ٢٠٠٨، ٦٤).

یوسفی تەنیا لایەنی پێکهاتەیی فرێزی لێکسیکیی لەبەرچاوگرتوە و فرێزەکە بە ناوی سەرەکەیەوە پێناسەدەکا، ئەمە پێناسەیەکی گشتگیرە و بۆ هەمو فرێزە لێکسیکییەکانی تریش دەگونجێ، بۆ نمونە لە پێناسەی سەرەوە تەنیا پێویستە ( ناو) بگۆڕین بە ئاوەڵناو بۆ ئەوەی ببێتە پێناسەی فرێزی ئاوەڵناوی.

٢- فرێزی ناوی لە سەرەیەکی ناوی و یەك یا چەند دیارخەرێکی پەیوەندیدار پێکدەهێنرێ (حسین حسنیان، ١٩٨٩، ٢٩).

**ئەم پێناسەیەش بێ کەم و کوڕی نییە، یەکەم: ڕاستە فریزی ناوی سەرەیەکی ناوی هەیە، بەڵام لە زمانی فارسیدا جگە لە ناو، ڕاناوە کەسییە سەربەخۆکانیش دەتوانن ببنە سەرەی ئەم جۆرە فریزە. دووەم: بە پێی پێناسەی سەرەوە بێ، تاکە ناوێك بە بێ دیارخەر ناتوانێ فریزی ناوی پێکبهێنێ، ئەمەش ڕاست نییە، لە پێکهێنی فریزی ناویدا دیارخەرەکان کەرەستەی زۆرەکی نین.**

**٣- هەر فریزێك سەرەکەی ناو بێ، بە فریزی ناوی ناودەنرێ، فریزێکی ناوی لە سەرەیەکی زۆرەکی و چەند پەیوەستێکی بە ئارەزو پێکدێ (جلال رحیمیان، ٢٠١٠، ٨٩).**

**٤- فریزی ناوی یەکەیەکی ڕێزمانیە، لە لێکسیکێك یا زیاتر پێکهاتوە و لێکسیکە سەرەکیەکەی ناوە. بەردەوام لەم جۆرە فریزە، ناوێك وەك سەرە بەکاردێ (مهدی مشکوەالدینی، ٢٠١٠، ١٣٧).**

**لە پێناسەکانی ژمارە ٣ و ٤ کەم وکوڕی دووەمی پێناسەی ژمارە ٢ چارەسەرکراوە، بەڵام کەم و کوڕی یەکەم هەر بەرچاو دەکەوێ.**

**٥- سەرەی فریزی ناوی ناوە، هەڵبەتە بەو پێیەی ڕاناو جێگرەوەی ناوە، دەکرێ ڕاناویش سەرەی فریزی ناوی بێ (ازیتا افراشی، ٢٠٠٩، ١٢٠).**

**ئەم پێناسەیە زیاتر لەگەڵ فریزی ناوی زمانی فارسی دەگونجێ، هەرچەندە لەو کاتانەی کە فریزی ناوی وەك بەشێك لە پێکهێنی فریزەکانی تری وەك فریزی دیارخەری ، خستەسەر، دیارخەری، کۆ دەردەکەوێ، ئەگەری ئەوە هەیە، سەرەی فریزەکە، ناوێکی بەتاڵ بێ. بەو واتایەی ناوەکە دەرنەکەوتوە، تەنیا پاشماوەی بونی ناوکە لە فریزەکە بە شێوەیەکی هەستپێکراو هەیە.**

### ٣-٢-١-١-١-١) ڕۆنانی فریزی ناوی:

**سەرەی فریزی ناوی لە زمانی فارسیدا ناو یا ڕاناوە. فریزێکی ناوی دەتوانێ لە تاکە ناوێك وەك سەرە پێکبێ، یاخود بە یارمەتی ئامرازی (و) چەند ناوێك لێکبدرێن و ببنە سەرەیەکی لێکدراو بۆ فریزە ناوییەکە.**

١٩١) علی رفت. (عەلی ڕۆیشت.)

١٩٢) او رفت. (ئەو ڕۆیشت.)







١٩٣) علی و حسین رفتند. (عەلی و حوسێن ڕۆیشتن.)

١٩٤) من و حسین رفتیم. (من و حوسێن ڕۆیشتین.)







جۆره جیاوازەکانی ناو (تایبەتی و گشتی، مادی و واتایی،...هتد) دەتوانن ببنه سەرەی فریزی ناوی. له زمانی فارسیدا تەنیا ئەو دیارخەرانەی دێنه پێشەوەی سەره، دەتوانن فرێزەکه فراوان بکەن، به بێ ئەوەی کاریگەرییان له سەر جۆری فرێزەکه هەبێ، به واتایەکی تر فرێزەکه له فرێزی ناوی نەگۆڕن بۆ فرێزی تر.

١- تاکبەند: (هر، تنها...)

٢- ڕاده : ( شمارەها، تعدادی، کمی،...)

١٩٥) **هر دو خانه** خریدەشدند.

(هەر دو خانو کڕران.)




٣- ئاوەڵناوی پلەی باڵا: (بزرگترین، جسورترین، خوشبوترین، زیباترین،...هتد)

١٩٦) **بلندترین درخت** بریدەشد.

(بەرزترین دار بڕرا.)




٤- بریناو: استاد، مهندس، حاجی، دکتر، سیّد، مشهدی، کربلایی، خانم...هتد بۆ نمونە:

١٩٧) دکتر علی

**٣-٢-١-١-٢ ) فرێزی ئاوەڵناوی ( گروه صفتی ):**

یەکێکی تر لەو کاتیگۆرییە لێکسیکییانەی لە زمانی فارسی جۆرێکی جیاواز لە فرێز دروستدەکات، ئاوەڵناوە. فرێزی ئاوەڵناوی کۆمەڵە لێکسیکێکن لەگەڵ ئاوەڵناو دەردەکەون، ئەگەری ئەوەش هەیە لە شێوەی تاکە ئاوەڵناوێك دەرکەون (مهدی مشکوەالدینی، ٢٠٠٧، ٢٣٢ ).

**٣-٢-١-١-٢-١ ) ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوی:**

فرێزی ئاوەڵناوی لە زمانی فارسیدا بە چەند شێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێ:

١- تاکە ئاوەڵناوێك:

١٩٨) کودك باهوش

( منداڵی ژیر)




٢- ڕادە + ئاوەڵناو :

١٩٩) عکس بسیار زیبا

(وێنەی زۆر جوان)



٣- ئاوەڵناو + نیشانەی پلەی باڵا :

٢٠٠) بزرگترین جزیره

(گەورەترین دورگە)




٤- ئاوەڵناو + نیشانەی پلەی بەراورد :

٢٠١) علی از حسین جسورتراست. (عەلی لە حوسێن بوێرترە.)

٢٠٢) علی از حسن و حسین جسورتراست. (عەلی لە حەسەن و حوسێن بوێرترە. )




٢٠٣) علی باهوشتر است از حسین. (عەلی زیرەکترە لە حوسێن)



### ٣-٢-١-١-٣ ) فرێزی بەند: ( گروه حرف اضافه )

ئامرازی پەیوەندی، لە زمانی فارسیدا سەرەی فرێزی بەندە و باوترین پێکهێنی ئەم فرێزەش بریتییە لە (ئامرازی پەیوەندی + فرێزی ناوی) (مهدی مشکوەالدینی، ٢٠٠٧، ٢٣٤ و ٢٠٠٩، ١٩٩. آزیتا افراشی، ٢٠٠٩، ١٢٣). ئەوەی جێگای هەڵوەستەیە، جۆراوجۆری باسکردنی ئەم بابەتەیە لە سەرچاوە جیاوازەکان، تەنانەت لە هەندێ سەرچاوەدا بە فرێزی لێکسیکیش دانەنراوە، لە خوارەوە باسی هەندێکیان دەکەین:

وەحیدیانی کامیار و عومرانی، ئامرازی پەیوەندییان بە تەواوکەری ئاوەڵکار داناوە و لەباسکردنی پێکهێنی فرێزی ئاوەڵکاری بەم جۆرە باسیان کردوە: فرێزی ئاوەڵکاری، پێکدێ لە (ئامرازی پەیوەندی + ناو یا ڕاناو)، ئامرازە پەیوەندییەکانیش ئەمانەن: (بـ(ـە)، با، از، تا، در، پی،...هتد) (تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، ٢٠١٠، ١٠٩). ئەمەش ڕاست نییە، چونکە ئەم فرێزە دەبێتە فرێزی بەند، نەك فرێزی ئاوەڵکاری، دەکرێ لە ڕوی مۆرفۆلۆجیەوە، ئاوەڵکاری ناسادە بەم پێکهاتەیە هەبێ، بەڵام لە ڕوی جۆری پەیوەندییان ئەمە ڕاست نییە کە ئامرازی پەیوەندی بە تەواوکەر هەژمار بکرێ.

خەتیبی رەهبەرلەم بارەوە دەڵێ: ئامرازی پەیوەندی یا حەرفی پەیوەندی، وشەیەکە دەکەوێتە پێش ناو یا هەر جێگرەوەیەکی تری، بە مەبەستی نیشاندانی پەیوەندیی نێوان ناو یا جێگرەوەکەی لەگەڵ وشەی تر. ئامرازەکان وەکو( از، الّا، اندر، ایدون، به ، با، باز، بی، تا، جز، چو، چون، در، را، زی، فا، فرا، فره، کسره اضافه(-)، که، مگر، و، وا، برای، بجز، جز از، جز مگر، مگر از، از راه، چنان چون، از بهر،...هتد) (خطیب رهبر، ٢٠٠٢، ٢٦٦-٢٧٢). ئەمەش ڕاست نییە و نوسەر جیاوازیی نەکردوە لە نێوان ئامرازی پەیوەندی و جۆرەکانی تری ئامراز (وەك ئامرازی گەیەنەر، بەستن و خستنەسەر) هەموویانی بە ئامرازی پەیوەندی داناوە.

مستەفا قادرحەسەن لە باسکردنی جۆرەکانی فرێز لە زمانی فارسیدا، فرێزی بەند بە فرێزێکی لێکسیکی دانەناوە. لە باسکردنی فرێزی ئاوەڵکاریدا باس لە جۆرێك ئاوەڵکاری ناسادە دەکا، کە بە یارمەتی پێشگری وەك (با، از، در، بە،...هتد) دروستدەکرێن، هەندێ نمونەی بۆ هێناوە، لە

نمونەکانی دا (از بیرون، در داخل) بەرچاو دەکەون (مستەفا قادر حسن، ٢٠١٠، ٦٢) و لای ناوبراو ئەمانە فرێزی ئاوەڵکاری لێکدراون، جێگەی سەرسوڕمانە، بۆ ئەم نمونانە بە فرێزی ئاوەڵکاری هەژمارکردوە؟ و لەڕوی وشەسازیشەوە بە لێکدراوی داناون؟ ئەم نمونانە وشەی لێکدراو نین، بەڵکو پێکهاتەیەکی سینتاکسین و فرێزیان پێکهێناوە، جۆری فرێزەکانیش بەهۆی بە سەرەبونی ئامرازی پەیوەندی، دەبنە فرێزی بەند.

لە زمانی فارسیدا، تەنیا ژمارەیەکی کەم ئامرازی پەیوەندی بە واتای بنەڕەتی هەن، کە ئەمانەن: بە (ئاراستە/ لا، شوێن، شێواز، ئامراز)، در (شوێن)، بر (شوێن، ئاراستە/ لا)، از (سەرچاوە)، با (هاورێیەتی، ئامراز)، بی، تا، جز، چون (ژیلبر لازار، ٢٠١٠، ٩٨).

ڕەحیمیان بۆ ناسینەوەی ئامرازی پەیوەندی لە زمانی فارسیدا، شەش پێوەری داناوە:

١- ئامرازی پەیوەندی، لە شوێنی بکەری ڕستە دەرناکەوێ (نابێتە بکەری ڕستە).

٢- ئامرازی پەیوەندی، لەگەڵ (را)ی نیشانەی دۆخ دەرناکەوێ.

٣- ئامرازی پەیوەندی، وەکو ناو دیارخەری پێشەوە (وەك این، آن،...هتد) وەرناگرێ.

٤- ئامرازی پەیوەندی، بە ڕاناو جێگیر ناکرێ.

٥- ئامرازی پەیوەندی، بە زۆری لە پێشەوەی فرێزی ناوی، ڕاناوە کەسییەکان و ئەو کەرەستانەدێ کە کات و شوێن دیاردەکەن.

٦- ئامرازی پەیوەندی، ڕاناوەلکاوەکان وەردەگرێ (جلال رحیمیان، ٢٠١٠، ١٤٣-١٤٤).

لە خوارەوە هەندێ نمونە بۆ فرێزی بەند لە زمانی فارسی دەهێنینەوە:

- ئامرازی پەیوەندی + فرێزی ناوی:

٢٠٤) من با هواپیما از تبریز به تهران رفتم.

(من بە فرۆکە لە تەورێز چومە تاران)




وەك لە نمونەی (٢٠٤)دا دەبینین، ژمارەی دەرکەوتنی فرێزی بەند لە زمانی فارسی سنوردارنییە و دەکرێ، لە ڕستەیەك زیاتر لە فرێزێکی بەند دەرکەوێ.

٢٠٥) من نامە را  بهش دادم. (من نامەکەم پێی دا.)



٢٠٦) من ازش خواستم که بیاید. (من داوام لێکرد که بێ.)




- ئامرازی پەیوەندی + فرێزی خاوەندارێتی:

٢٠٧) علی از سفرش راضی نبود. (عەلی لە گەشتەکەی رازی نەبو.)



- ئامرازی پەیوەندی + فرێزی ژمارە:

٢٠٨) از بچەها مراقبت خواهم کرد. (چاودێری منداڵەکان دەکەم.)




- ئامرازی پەیوەندی + فرێزی ژمارە:

٢٠٩) دستهایش را با صابون لوکس می شوید. (دەستەکانی بە سابونی لۆکس دەشوا.)



### ٣-٢-١-١-٤ ) فرێزی ئاوەڵکاری: ( گروه قیدی )

کاری هەر زمانێك کەرەستەیەکە بۆ دەربڕینی ڕوداو و حاڵەتەکان، ئەم حاڵەت و ڕوداوانە بە پێی ناوەرۆکەکانیان، لایەنی جۆراوجۆریان هەیە، کار بەتەنیا ناتوانێ هەمویان بگەیەنێ (چەند لایەنێکی وەك تێڕوانین و بیروڕای قسەکەر لەبارەی ڕوداو، حاڵەتی ڕودانی، جۆری دوبارەبونەوە و بەردەوامی، هتد)ئەو کەرەستەیەی حاڵەتە باسکراوەکان دەگەیەنێ پێی دەوترێ ئاوەڵکار (سەرچاوەی پێشو، ١٣٠).

ئەو فرێزەی سەرەکەی ئاوەڵکار بێ، پێی دەوترێ: فرێزی ئاوەڵکاری (مهدی مشکوەالدینی، ٢٠٠٩، ١٩٠)، دەکرێ فرێزی ئاوەڵکاری لە تاکە ئاوەڵکارێك پێکهاتبێ (جلال رحیمیان، ٢٠١٠، ١٣١). یاسای پێکهاتنی فرێزی ئاوەڵکاری لە زمانی فارسی بەم شێوەیە:

فرێزی ئاوەڵکاری لە زمانی فارسی ⟵ { (ڕادە)+ ئاوەڵکار ، (ڕادە)+ ئاوەڵکار + تر + فرێزی بەندی (از)ی }

بونی ڕادە لە ناو کەوانەدا، نیشانەی بە ئارەزو بونی ئەم کەرەستەیە لە پێکهاتەی فرێزی ئاوەڵکاریدا، هەروەها لە حاڵەتی دوەمدا، بەردەوام فرێزە بەندەکە بە یارمەتی ئامرازی پەیوەندی (از) دروستدەبێ.

٢١٠) او شجاعانە با دشمن می جنگید. (ئەو بوێرانە لەگەڵ دوژمن شەڕدەکا.)



٢١١) او بسيار شجاعانه با دشمن مى جنگيد. (ئەو زۆر بوێرانە لەگەڵ دوژمن شەڕدەكا.)




٢١٢) او بسيار شجاعانه‌تر از ديگران با دشمن مى جنگيد.

(ئەو زۆربوێرانەتر لەئەوانى تر لەگەڵ دوژمن شەڕدەكا.)



### ٣-٢-٢ ) فرێزە ئەرکییەکانی زمانی فارسی :

فرێزە ئەرکییەکان، ئەو فرێزانەن کە سەرەی لێکسیکییان نییە، سەرەکەیان بریتییە لە ئەرکێکی سینتاکسی. لە خوارەوە باسی جۆرە جیاوازەکانی فرێزی ئەرکی لە زمانی فارسیدا دەکەین.

### ٣-٢-٢-١ ) فرێزی دیارخەری: ( گروه تعریف )

لە زمانی فارسیدا فرێزی دیارخەری، بە دو شێوە دروستدەبێ و تیایدا دیارخەر دەبێتە سەرە و فرێزێکی ناوی یا ختنەسەر یا خاوەنداریێتی یا ژمارە دەبێتە تەواوکەری. ئەو دیارخەرانەی لە زمانی فارسیدا فرێزی دیارخەری دروست دەکەن ئەمانەن:

**١)** نیشانە: (آن، این) (ئەو...ە ، ئەم...ە)

٢١٣) این فرش گرانبها

(ئەم مافورە بەنرخە)




٢١٤) آن کتاب (ئەو کتێبە)




**٢)** مۆرفیمی نەناسراوی: (ی)

٢١٥) پسری (کوڕێك)



له زمانی فارسیدا، ئامرازی نیشانه (آن، این) و مۆڕفیمی بەندی نەناسراوی بەیەکەوە له فرێزێکدا دەرناکەون، بەیەکەوە دەرکەوتنیان ناڕێزمانێتی بەرهەمدێنێ :

★ (نیشانه + ناو + مۆڕفیمی نەناسراوی)

**۳-۲-۲-۲ ) فرێزی خاوەندارێتی : ( گروه مالکیت )**

لەو زمانانەی له ڕوی پێکهێنی لێکسیکییەوە دەوڵەمەندن، چەمکی خاوەنێتی بە یارمەتی کەرەستەیەکی تایبەتیەوە دەردەبڕێ. بۆ نمونە، له زمانی ئینگلیزی بە یارمەتی (ʼs) و (of) ئەم چەمکە دەردەبڕێ، بەڵام له زمانی فارسیدا بە یارمەتی ِ (ژێر) و له هەندێ حاڵەتدا بە (ی) دەردەبڕێ (رضا صحرائی، ۲۰۱۰، ۱٤۳). لەم جۆرە فرێزەدا ِ/ی دەبێتە سەرە و پەیوەندی له نێوان خاوەن و ئەو شتەی خاوەنێتی دروستدەکا. وەکو:

۲۱٦) پیراهن علی (کراسی عەلی)




۲۱۷) کتابهای علی  (کتێبەکانی عەلی)



### ٣-٢-٢-٣ ) فرێزی خستنەسەر: ( گروه اضافه )

ئەرکی خستنەسەر،جۆرێکی تر لە فرێزی ئەرکی دروستدەکا، ئەویش فرێزی خستنەسەرە، ئامرازی خستنەسەر لە زمانی فارسیدا دەبێتە سەرەی ئەو فرێزەیە، لە زمانی فارسیدا (ِ/ی) ئامرازی خستنەسەرن و بە یارمەتی ئەم ئامرازانە، وشەیەك دەخرێتە سەر وشەیەكی تر، لە جۆری پەیوەندیی نێوان وشەكان لە فرێزی خاوەنێتی جیادەبنەوە. بۆ نمونە: انگشتر نقره، کتاب خوب، پیراهن سفید، گل طلایی، رادیوی کهنه

٢١٨) انگشتر نقره

(ئەنگوستیلەی زیو)




### ٣-٢-٢-٤ ) فرێزی ژمارە: ( گروه شمار )

لە زمانی فارسیدا، ژمارە دەتوانێ، بۆ جێکەوتەی مەزن بەرزبێتەوە و وەکو زمانەکانی تر فرێزێکی جیاواز دروستکا (علی درزی و آرزو معظمی، ٢٠٠٦، ل ٩٤). لەم فرێزەدا مۆڕفیمەکانی کۆ، دەبنە سەرەی فرێزەکە. بۆ نمونە:

٢١٩) بچەها آمدند.

(منداڵەکان هاتن.)




لە زمانی فارسیدا، دیارخەری ژمارە لەگەڵ مۆڕفیمی کۆ پێکەوە لە فرێزێك دەرناکەون (علی درزی و لیلا قدیری، ٢٠١١، ل ٧٤). بۆ نمونە:

٢٢٠-ا) دو کتابها را خریدم.* (دو کتێبەکان کڕیم.)

٢٢٠-ب) کتابها را خریدم. (کتێبەکانم کڕی.)

هەروەها لەو فرێزە دیارخەریانەی زمانی فارسیش کە تەواوکەرەکانیان فرێزێکی ژمارەییە و تەنیا دیارخەر و ژمارە دەرکەوتون، ناوێکی بۆش ($e_n$) لە نێوانیان هەیە و شوێنی ناوی پڕکردۆتەوە. بۆ نمونە:

٢٢١) اینها (ئەمانە)




### ٣-٢-٢-٥) فرێزی دۆخ[71] : (گروه حالت)

سەرەی فرێزی دۆخ، مۆرفیمێکی دۆخییە کە پێویستی بە دەربڕینێکی ناوی هەیە (Jayaseelan، ٢٠٠٨، ٩١). زۆربەی بەرکارەکان لە زمانی فارسیدا، نیشانەی دۆخی بەرکارییان هەیە و شوێنی دەرکەوتنی (را)ی نیشانەی دۆخی بەرکاری کۆتایی فرێزەکەیە.

نیشانەی دۆخ، تایبەتمەندیی دۆخی ئەو ئارگیومێنتانە نیشاندەدا کە بۆتە سەرەی فرێزەکەیان. ئەو تایبەتمەندییە دۆخیانەش دەبێ، لە لایەن ئەو دۆخەی بۆ ئارگیومێنتەکە دیارکراوە، ڕێگەپێدراو بن (Abney، ١٩٨٧، ٥٥). بەم پێیە (را)[72]ی نیشانەی دۆخ لە زمانی فارسیدا هەمان دۆخی بەرکاری لەو ئارگیومێنتە وەردەگرێ کە لەگەڵی دەردەکەوێ.

٢٢٢) من احمد را دیدم. (من ئەحمەدم بینی.)
بەرکار نیشانەی دۆخی بەرکاری

71 ) Case Phrase / KP

72 ) هەمو (را) یەك نیشانەی بەرکاری نیە، بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی جۆرەکانی (را) لە زمانی فارسیدا، بڕوانە: فاطمه مدرّسی، ٢٠٠٨، ٣٧-٤٠.




لەو کاتانەی (را) دەبێتە نیشانەی، دۆخ، ناکرێ بە دیارخەری ناوەکە دابنرێ، بەو پێیەی (را) و نیشانەی نەناسراوی پێکەوە لە فرێزێکدا دەردەکەون. (ی ) نەناسراوی دیارخەرە، فرێزی ناوی لە زمانی فارسی لە یەك کاتدا دو دیارخەر (بۆ نمونە نەناسراو) پێکەوە وەرناگرێ. بە پێی ئەم بەڵگەیە (را) سەرەی فرێزێکی ئەرکییە کە پێی دەوترێ، فرێزی دۆخ (Ghomeshi، ١٩٩٦، ٢١١).

٢٢٣) کتابی را خریدم کە علی دنبالش می گشت.

کتاب(بەرکار)+ (ی)نەناسراوی + (را)ی نیشانەی دۆخ

هەروەها (را) لەگەڵ ئەو ناوانەی بە یارمەتی نیشانە فرێزی دیارخەری دروستدەکەن، دەردەکەوێ. ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەوەی (را) دیارخەر نییە.

٢٢٤) من آن کتاب را خریدم. (من ئەو کتێبەم کڕی.)



قۆمێشی لە نامەی دکتۆراکەی(١٩٩٦) باسی ئەو بابەتە دەکا، کە فرێزی دۆخ لەگەڵ دو جۆر فرێزی دیارخەری دەردەکەوێ: یەکەم: فرێزی دیارخەری نەناسراوی (سەرەی ئەم فرێزە مۆرفیمی(ی) نەناسراوییە)، دووەم: فرێزی دیارخەری ناسراوی ( سەرەی ئەم فرێزە مۆرفیمی بۆشی (Ø) ناسراوییە.) (سەرچاوەی پێشو).

دووەم                                                یەکەم




(را)ی نیشانەی بەرکاری لە زمانی فارسیدا، ڕای جیاوازی لەسەرە، لە خوارەوە هەندێ لەم بیروڕایانە دەخەینە ڕو:

- ئامرازی (را) لە هەندێ حاڵەتدا بەو ناوانە دەلکێ، کە لە ڕستەدا ڕۆڵی بەرکاری ڕاستەوخۆیان هەیە. ئامرازی (را) دوای پەیوەستەکانی دیارخەری (ناسراوی و نەناسراوی) دێ (ژیلبر لازار، ٢٠١٠، ٩٧).

لێرەدا جگە لە جەختکردن لەسەر نیشاندانی ڕۆڵی بەرکاری، لازار باسی شوێنی دەرکەوتنی (را) دەکا، دانانی شوێنی دوای مۆرفیمە بەندەکانی ناسراوی و نەناسراوی جێی هەڵوەستەیە، چونکە زۆربەی ڕێزماننوسان باوەڕیان وایە، ناسراوی لە زمانی فارسیدا مۆرفیمێکی تایبەتیی نییە، بەشێکی تریان Ø بۆ داناوە.

- پیترسۆن لە نامەی دکتۆراکەیدا، بەم شێوەیە باسی (را) دەکا: دەکرێ (را) بۆ هەمو ناوێك جگە لە بکەر و بەرکاری ناڕاستەوخۆ زیادبکرێ و لە هەر ڕستەیەکی سادەدا (را) تەنیا یەکجار دەردەکەوێ (محمد دبیر مقدم، ١٩٩٠، ٤).

لێرەدا پیترسون تاکە ئەرکێکی ناوی مابێ و باسی نەکردبێ، ئەرکی بەرکارییە و یەکانگیرییەك لەگەڵ ڕایەکەی لازار دروستدەبێ، هەروەها ئاماژەشی بە ژمارەی دەرکەوتنی (را) کردوە ، لەبەر ئەوەی لەم جۆرە ڕستەیەدا تەنیا ئەگەری دەرکەوتنی بەرکارێك (ڕاستەوخۆ) هەیە و (را)ش نیشانەی دۆخی بەرکارییە، بۆیە ناکرێ، لە ڕستەیەکی سادەدا زیاتر لە (را)یێك دەرکەوێ.

سیمینی کەریمی، لە نامەی دکتۆرایەکەیدا، (را) بە یەکەیەکی بەرکاری بۆ دەسنیشانکردن (دیارکردن) دادەنێ (سەرچاوەی پێشو، ٢٩). بە ڕای کەریمی، کاتێ (را) لەگەڵ کەرەستەیەك دەرکەوێ، گەرەستەکە ئەم چەمکانەی لە خۆ گرتوە ( - بکەر، - ئامرازی پەیوەندی، + دیاربون) (سەرچاوەی پێشو، ٥١).

بە ڕای کەریمی ڕۆڵی دیارخەرەکان دەستنیشانکردنە. کەریمی وانیشاندەدا تاکە ڕۆڵی (را) بریتییە لە دەستنیشانکردن، بەو پێیە بێ، (را) فریزی دیارخەری دروستدەکا، وا دەردەکەوێ، کەریمی ئەو پێکهێنە بە فرێزێکی دیارخەری تایبەت بە بەرکار دانابێ. هەروەها ئەم ڕایەی کەریمی لەگەڵ ئەوە ناگونجێ کە ناوێك ناتوانێ لە یەك کاتدا بە یارمەتی دو دیارخەر دەستنیشانبکرێ (بڕوانە نمونەکانی ٢٢٣ و ٢٢٤). بۆیە ناتوانین (را) بە نیشانەی دەستنیشانکردن و ناسراوی هەژمار بکەین.

- نیشانەی دۆخی بەرکاری (را) یە، لە کۆتایی ئەو فرێزە دەردەکەوێ، کە ڕۆڵی بەرکاری بینیوە،. ئەم نیشانەیە ئەگەر دوای مۆرفیمی نەناسراوی(ی) بێ، نیشانەی بەرکارە، بەڵام ئەگەر مۆرفیمی نەناسراوی (ی)ی لە پێش نەهاتبو لەم حاڵەتەدا ئەم (را)یە نیشانەی ناسراوی بەرکارە (فاطمە مدرسی، ٢٠٠٨، ٤٩).

جۆرێك لە دژیەکی لە ڕایەکەی مودەڕڕیسی بەدی دەکرێ، ئەمەیان لە ڕوی لۆجیکیەوە گونجاو نییە و ڕۆڵی نیشاندانی بەرکارە و ناتوانێ، ببێتە نیشانەی ناسراوی، ناکرێ دو ئەرك بدرێتە کەرەستەیەکی سینتاکسی. هەروەها ئەگەر نیشانەی ناسراوی بێ، ناتوانێ لەگەڵ مۆڕفیمی نەناسراویدا پێکەوە دەرکەون. هەرچەندە ناوبراو ئەگەرێکی داناوە بۆ ئەوەی چاو لە گرفتەکە بپۆشێ، بەڵام پەسەندکردنی کارێکی ئەستەمە، چونکە هەڵێنجانێکی لۆجیکییانەی تێدا بەرچاو ناکەوێ.

**بە شێوەیەکی گشتی، (را)ی نیشانەی بەرکاری بە دو شێوەی زۆرەکی و بە ئارەزو دەرکەوێ:**

**أ- دەرکەوتنی زۆرەکی (را)ی نیشانەی بەرکاری ئەگەریەکێ لەم حاڵەتانە بێ:**

**ئەگەربەرکار یەکێ لەمانە بێ:**
- **ناوێکی تایبەتی**
- **ڕاناوی کەسی**
- **فرێزی دیارخەری**
- **ڕاناوی نادیاری (وەك: یکی، همە،...)**
- **ئامرازی پرس (وەك: کە، چە)**
- **فرێزی خستنەسەر**
- **فرێزی خاوەنێتی**

**ب- دەرکەوتنی بە ئارەزوی (را)ی نیشانەی بەرکار، تەنیا لە حاڵەتەێك ڕودەدا:**

**١- ئەگەر بەرکار فرێزی ژمارە بێ.**

**لە هەمو حاڵەتەکاندا (را) ڕاستەوخۆ دوای فرێزی بەرکاری دەردەکەوێ (بەدەستکارییەوە وەرگیراوە لە Ghomeshi، ١٩٩٦، ٢١٤-٢٢٠).**

**٢٢٥) من** { **علی** / **او (ئەو)** / **پسری (کوڕێك)** / **یکی (یەکێکی)** / **موش بزرگی (مشکێکی گەورە)** / **کتاب علی (کتێبی عەلی)** } **را دیدم.**

**٢٢٦) تو کە را دیدەای؟ (تۆ کێت بینیوە؟)**

**٢٢٧-ا ) من فیلمها را دیدەام. (من فیلمەکانم بینیوە.)**

**٢٢٧-ب ) من فیلمها دیدەام.(من فیلمانم بینیوە.)**

لەو حاڵەتانەی کە دەرکەوتنی (را) زۆرەکیە، ئەگەر بەرکاری ٢ بە ڕۆڵی واتایی سودمەند پێش بەرکار بکەوێ، لەم حاڵەتەدا (را)ی نیشانەی بەرکاری دەرناکەوێ. بۆ نمونە:

٢٢٨- ا) علی کادو را برای حسین فرستاد.  (عەلی دیارییەکەی بۆ حوسێن نارد.)

٢٢٨- ب) علی برای حسین کادو فرستاد. (عەلی بۆ حوسێن دیاری نارد.)

٢٢٩-ا) علی کتاب را به حسین داد. (عەلی کتێبەکەی بە حوسێن دا.)

٢٢٩-ب) علی به حسین کتاب داد. (عەلی بە حوسێن کتێبی دا.)

### ٣-٢-٢-٦ ) فرێزی گەردانی: ( گروه تصریفی )

یەکێکی تر لە فرێزە ئەرکییەکان، فرێزی گەردانییە. لە زمانی فارسیدا، بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی ئەم فرێزە بۆ فۆڕمی گەردانکراوی کار دەگەڕێتەوە، بەردەوام فۆڕمی گەردانکراوی کار لە زمانی فارسیدا هەندێ کەرەستەی گەردانی وەکو کات و توخمی لەگەڵدایە و دەردەکەوێ.

لە شیکردنەوەی ڕوکەشی ڕستەدا، ناتوانین بە یارمەتی هێڵکاری درەختی کەرەستە گەردانکراوەکانی کاری فارسی لە یەك جیابکەینەوە، چونکە کۆی کەرەستەکان (ڕەگ+ کەرەستە گەردانییەکان) کار دروستدەکەن و کار دانەیەکی لێکسیکی نییە لە فارسیدا، ئەوەی لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێ فۆڕمی فەرهەنگی کارە، نەك فۆڕمە گەردانکراوەکەی. بەم پێیە وای بۆدەچین کە کار لە زمانی فارسیدا بۆ (I) بگەڕێتەوە نەك بۆ (V) (بڕوانە ل ٧٢-٧٥).

٢٣٠)رفت. (رۆیشت.)



٢٣١) علی به دانشگاه رفت. (عەلی چو بۆ زانکۆ. )




٢٣٢) علی کتابهارا از حسین گرفت. (عەلی کتێبەکانی لە حوسێن وەرگرت.)




### ٣-٢-٢-٧ ) فرێزی گەیەنەری: ( گروه متمم نما )

ئامرازی گەیەنەر سەرەی ئەم جۆرە فرێزەیە و ئەرکی بەستنەوەی پاڕستەی بە شاڕستە لە ئەستۆدایە. ئەمەش وادەکا، بە فرێزێکی ئەرکی هەژمار بکرێ. چالاکترین ئامرازی گەیەنەر[٧٣] لە زمانی فارسیدا ئامرازی (کە) یە.

---

[٧٣]) که، اگر، اگرکه، چون، چونکه، تا، برای اینکه، تا اینکه، با وجود اینکه، مثل اینکه، همین که، وقتی که، تا وقتی که، همان طوری که، طوری که، در صورتی که،...هتد.

٢٣٣) می دانم كه او نخواهد آمد. (دەزانم كە نایێ.)




٢٣٤) می دانم او نخواهد آمد. (دەزانم ئەو نایێ.)




وەك لە نمونەی (٢٣٤) دەبینین، مەرج نییە ئامرازی گەیەنەری (كە) بەردەوام فۆڕمێكی فیزیكی دەركەوتوی هەبێ.

### ٣-٢-٢-٨ ) فریزی لێکدەر[٧٤] : ( گروه ربطی )

له زمانی فارسیدا، ئەم جۆرە فریزە لە دو فریزی هاوشێوە و هاوئەرك یا زیاتر پێکدێ کە بە یارمەتی ئامراز لێکدراون. ئامرازی لێکدەر  لە زمانی فارسیدا بریتییە لە (و).

٢٣٥) حسين و علی آمدند. (حوسێن و عەلی هاتن.)




٢٣٦) ندا، نرگس، حسين و علی آمدند. (نێدا، نەرگێس، حوسێن و عەلی هاتن.)

وەك لە نمونەی (٢٣٦)دا دەبینین، لەو حاڵەتانەی ژمارەی ئەو فریزانەی دەمانەوێ لێکیانبدەین، زۆربن، ئامرازە لێکدەرەکە لە نێوان دو فریزی کۆتاییدا دەردەکەوێ و فریزەکانی تر وەستان لە ئاخاوتن و (،) لە نوسین دەکەوێتە نێوانیان.

ئامرازە لێکدەرەکان لە زمانی فارسیدا، دابەشی سەر دو پۆل دەکرێن:

- پۆلی یەکەم: ئەو ئامرازە لێکدەرانەی دو فریزی لێکسیکی یا زیاتر پێکەوە دەلکێنن، (وەکو: دو فریزی ناوی، دو فریزی ئاوەڵناوی،..)

٢٣٧) دانیال و رامین




---

[74] ) Conjunction Phrase

٢٣٨) باهوش و باستعداد ( ژیر و بە توانا)




- پۆلی دوەم: ئەو ئامرازە لێکدەرانەن، دو ڕستە (IP) پێکەوە دەبەستن. ئەو ئامرازانەی دو ڕستەی سادە پێکەوە دەبەستن و ڕستەیەکی لێکدراو دروستدەکەن، ئەمانەن: و، هم- هم، بعد، امّا، ولی، ولیکن، نه-نه،...هتد.

٢٣٩) علی رفت و حسین آمد.

(عەلی ڕۆیشت و حوسێن هات.)




٣-٣ ) ڕۆنانی ئەرکیی ڕستە لە زمانی فارسیدا :

لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکیدا، ئاستێکی تر دەچێتە خانەی ڕێزمانەوە، ئەمەش ڕۆنانی ئەرکییە. ئەم ئاستە گرنگی بە دو لایەن دەدا: لایەنی دەروازەی فەرهەنگی وشەکان (بگۆڕ و بەهاکانیان لە خۆدەگرێ) و لایەنی ئەرکە ڕێزمانییەکان (هاوبەش و ناهاوبەشەکان). بەم پێیە پێویستە، لە سەرەتادا بگۆڕ و بەهاکانیان لە زمانی فارسیدا باس بکەین.

### ٣-١-٣) بگۆڕ و بەهاکانیان لە زمانی فارسیدا :

زمان سیستەمێکی یاسابەندە و لە ژێر کۆنترۆڵی ئەم یاسایە کار دەکا. بگۆڕەکان بەیارمەتی بەهاکانیان دەناسرێنەوە و بە لێکدانەوەی بگۆڕ و بەهاکانیان ئاخێوەرانی زمان دەتوانن لە واتای ڕستەکان بگەن. لە خوارەوە باسی بگۆڕ و بەهاکانی هەریەکە لە بکەر، بەرکار، بەرکاری٢ و گوزارەی ڕستە دەکەین:

### ٣-١-١-٣) بگۆڕ و بەهاکانی بکەر لە زمانی فارسیدا :

ئەو تایبەتمەندییانەی بکەر لە زمانی فارسیدا هەیەتی ئەمانەن:




لەم حاڵەتەدا بکەر بگۆڕە و گشت زانیارییەکانی ناو کەوانە لە زمانی فارسیدا دەبنە بەهای بکەر، هەریەکە لە ژمارە، کەس، ناسراوی، دیارخەر، گوزارە بگۆڕن و بەهای هەریەکەیان لە چوارگۆشەکەی بەرامبەری دەنوسرێ.

#### ٣-١-١-١-٣) ژمارەی بکەر:

لە نێو سیستەمە جیاوازەکانی ژمارەدا، زمانی فارسی پێڕەوی سیستەمی دوانی دەکا. بە واتایەکی تر، تەنیا دو جۆر ژمارە هەیە لەو زمانەدا، یا تاکە یا کۆیە. تاك یەکسانە بە یەك و کۆش زیاتر لە یەك. بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەگەر بکەر = ١ بکەرەکە تاکە، بەڵام ئەگەر بکەر > ١ بکەرەکە کۆیە.

کەواتە بگۆڕی ژمارە لە زمانی فارسیدا یەکێ لەم دو بەهایە هەڵدەبژێرێ:

بکەر [ ژمارە تاك/ کۆ ] / SUBJ [ NUM SG/PL]

٢٤٠) بچەها رفتند. (منداڵەکان ڕۆیشتن.) بکەر [ ژمارە کۆ ]

٢٤١) افتادم. (کەوتم.) بکەر [ ژمارە تاك ]

٢٤٢) حسن و حسین آمدند . (حەسەن و حوسێن هاتن.) بکەر [ ژمارە کۆ ]

نیشانەی تاك لە زمانی فارسیدا (Ø) و نیشانەی کۆش ئەمانەن: ان(ان، یان، گان، وان)، ها، جات، ات، ین، ون، کۆی شکاوەی عەرەبی (مهدی مشکوەالدینی، ٢٠٠٩، ٤٨). تەنیا (ان ، ها) مۆرفیمی کۆی ڕەسەنی فارسین و مۆڕفیمەکانی تر لە زمانی عەرەبیەوە هاتونەتە ناو زمانی فارسییەوە.

**٣-٣-١-١-٢ ) بکەر لە ڕوی کەسەوە:**

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی بکەر هەبونی کەسە. هەر کەرەستەیەك شوێنی بکەر بگرێ، گیاندار بێ یا بێ گیان، پێویستە بچێتە خانەی یەکێ لە جۆرەکانی کەسەوە. بکەر لە زمانی فارسیدا سێ ئەگەری لە بەردەمیدایە بۆ هەڵبژاردنیان، ئەمانەش بریتین لە :

بکەر [ کەس یەکەم/ دوەم/ سێیەم ]

تەنانەت ئەگەر بکەری بۆش <pro>یش لە ڕستەدا دەرکەوێ، دیسان دەتوانین، لە ڕێگەی ڕاناوی لکاوی بکەری کە لەگەڵ کاردا دەرکەوتوە، کەسی بکەر دەستنیشانبکەین.

٢٤٣) آنها آدرس منزل حسین را می خواهند. بکەر [ کەس ٣ ]

(ئەوان ناونیشانی ماڵی حوسێنیان دەوێ)

٢٤٤) علی دانشجوی ترم چهارم است. بکەر [ کەس ٣ ]

(عەلی قوتابی کۆرسی چوارەمە.)

٢٤٥) ما و شما باهم صحبت خواهیم کرد. بکەر { [ کەس ١] / [ کەس ٢] / کەس ١ / لێکدەر و }

(ئێمە و ئێوە پێکەوە قسە دەکەین.)

### ٣-٣-١-١-٣ ) بكەر لە ڕوی ناسراوییەوە:

ئەو زمانانەی ناسراو و نەناسراوەکانیان نیشاندار دەکەن. پێڕەوی یەکێ لەم حاڵەتانەی خوارەوە دەکەن:

١) تەنیا نیشانەی ناسراویان هەیە.

٢) تەنیا نیشانەی نەناسراویان هەیە.

٣) هەم نیشانەی ناسراویان هەیە، هەم نیشانەی نەناسراوی (محمد راسخ مهند،٢٠٠٩، ٨١).

هەرچەندە ناوەکان بەبێ نیشانەی ناسراویش دەتوانن ناسراو بن، (گیوی و انوری) ئەم حاڵەتانەی خوارەوەیان لە زمانی فارسیدا بە ناسراو داناوە:

٣- هەمو ناوە تایبەتییەکان

٤- هەمو ناوە گشتییەکان

٥- ناوێك کە لە لایەن ناوی ناسراو، ڕاناوی کەسی یا ڕاناوی هاوبەش ئاماژەی پێکرابێ.

(حسن احمد گیوی و حسن انوری، ٢٠٠٩، ٦٥)

مەبەستی ئێمە لە ناسراوی و نەناسراوی، ناسراوی و نەناسراوی ڕێزمانییە نەك لێکسیکی، لەبارەی ناسراوی ڕێزمانی لە زمانی فارسیدا دو ڕای جیاواز هەیە:

<u>یەکەمیان</u> نیشانەی (∅)یان بە نیشانەی ناسراوی داناوە (مهدی مشکوەالدینی، ٢٠٠٩، ٤٢).

<u>دوەمیان</u> ناسراوی لە زمانی فارسیدا نیشانەی نییە (حسن احمد گیوی و حسن انوری،٢٠٠٩، ٦٥).

ئەوەی کە لە هەر دو ڕایەکە دەبینرێ، ئەوەیە، زمانی فارسی مۆڕفیمێکی بەرجەستەی تایبەتی بۆ ناسراوی نییە. کەواتە دەتوانین بڵێین، لە زمانی فارسیدا ناسراوی تەنیا بە یارمەتی نیشاندارکردن لە ڕێگەی دیارخەری (آن ، این) دروستدەکرێ.

٢٤٦) آن مرد آمد. (ئەو پیاوە هات.) بکەر [ ناسراوی + ]

نیشانەی نەناسراوی (-ی) و نیشانەی ئاسایی نەناسراوی (یك)، لە زۆربەی زمانەکان هاوڕەگن و هاوڕەگییان لە ژمارە (١) هەیە. لە زمانی فارسیشدا نیشانەی نەناسراوی (-ی) ڕەگەکەی لە ژمارە

(١) دایه. (محمد راسخ مهند، ٢٠٠٩، ٨٦). له بارەی ئەوەی (-ی) نەناسراوی له ژماره (١) وەرگیراوه لەگەڵ (راسخ مهند) هاورام، بەڵام ناتوانین بڵێین، ژمارەی (یك) که دیارخەره و له پێش ناو دەردەکەوێ، دەبێته نیشانەی ئاسایی نەناسراوی. (یك) یش وەك ژمارەکانی تر دێته پێش ناو و ژمارەی ناوەکه دەستنیشاندەکا.

٢٤٧) تنها یك دانشجو نیامده است.

(تەنیا یەك قوتابی نەهاتوه.)

بکەر

| | |
|---|---|
| ژماره | تاك |
| کەس | 3 |
| دیارخەری١ | تنها |
| دیارخەری٢ | یك |
| گوزاره | دانشجو |

٢٤٨) کودکی گریەکنان آمد. (منداڵێك بەگریانەوە هات.) بکەر [ ناسراوی - ]

٢٤٩) خانەای سوخت. (خانوێك سوتا.) بکەر [ ناسراوی - ]

٢٥٠) مرد قدبلندی از اینجا ردشد. (پیاوێکی باڵابەرز لێره تێپەربو.) بکەر [ ناسراوی - ]

### ٣-٣-١-١-٤ ) دیارخەرەکانی پێشەوەی بکەر:

ئەو دیارخەرانەی پێش بکەر دەکەون بریتین له (تاکبەند، ڕاده ، بریناو، ئاوەڵناو له پلەی باڵا):

٢٥١) فقط علی جواب سوالها را میدانست. (تەنیا عەلی وەڵامی پرسیارەکانی دەزانی.)

بکەر

| | | | |
|---|---|---|---|
| دیارخەر | تاکبەند | [گوزاره | فقط ] |
| ژماره | تاك | | |
| کەس | 3 | | |

۲۵۲) در درگیریهای اخیر دو پلیس کشتەشدند. (لە پێکدادانەکانی ئەم دواییە دو پۆلیس کوژران.)

| | | |
|---|---|---|
| بکەر | دیارخەر | ڕادە [گوزارە دو] |
| | ژمارە | کۆ |
| | کەس | ۳ |

۲۵۳) دکتر علی رفت. (دکتۆر عەلی ڕۆیشت.)

| | | |
|---|---|---|
| بکەر | دیارخەر | بریناو [گوزارە دکتر] |
| | ژمارە | تاك |
| | کەس | 3 |

۲۵٤) باهوشترین دانشجو امروز نیامدەاست. (ژیرترین قوتابی ئەمرۆ نەهاتوە.)

| | | |
|---|---|---|
| بکەر | دیارخەر | ناوەڵناوی پلەی باڵا [گوزارە باهوشترین] |
| | ژمارە | تاك |
| | کەس | 3 |

### ۳-۳-۱-۱-٥ ) گوزارەی بکەر:

گوزارەی بکەر ئەو ناوەیە کە ڕۆلی بکەری ڕستە دەبینێ، لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکیدا بگۆڕ بە گوزارە ناو دەبرێ و ناوەکەش دەبێتە بەهای ئەم بگۆڕە. هەرچەندە فرێزە جیاوازەکانی وەك: دیارخەری، ناوی، خستنەسەر، ژمارە و خاوەنداریێتی دەتوانن، ڕۆلی بکەر ببینن، بەڵام ئەو کەرەستەیەی بە گوزارەی بکەر لە ڕۆنانی ئەرکیدا دەردەکەوێ ناوەکەیە، نەك سەرە ئەرکییەکان.

۲٥٥) بچەها آمدند. (منداڵەکان هاتن.)

| | | |
|---|---|---|
| بکەر | کەس | 3 |
| | ژمارە | کۆ |
| | گوزارە | 'بچە' |

٢٥٦) این خانه خیلی دلگیر است. (ئەم خانوە زۆر دلگیرە. )

بکەر

| | |
|---|---|
| کەس | 3 |
| ژمارە | تاك |
| ناسراوی | + |
| گوزارە | 'خانە' |

لەو ڕستانەی بکەر بە وشە دەرناکەوێ، بکەرێکی بۆش< pro > شوێنی گوزاەی بکەر پڕدەکاتەوە.

٢٥٧) بردیمش. (بردمان)

بکەر

| | |
|---|---|
| کەس | 1 |
| ژمارە | کۆ |
| گوزارە | 'pro' |

ئەگەر بکەری ڕستەکەمان فرێزێکی لێکدەر بێ، پێویستە ئاگاداری کەس و ژمارەی بکەرەکە بین، هاوکێشەی ماری دالریمپل بۆ لێکدانەوەی کەسەکان بۆ زمانی فارسیش دەگونجێ:

کەسی یەکەم + { کەسی دوەم / کەسی سێیەم / کەسی دوەم و سێیەم } = کەسی یەکەم

کەسی دوەم + کەسی سێیەم = کەسی دوەم

کەسی سێیەم + کەسی سێەم = کەسی سێەم

٢٥٨) من و { تو / او / تو و او } خواهیم رفت. من و (تۆ/ئەو/ تۆ و ئەو) دەڕۆین.

٢٥٩) من و تو و علی به گردش رفتیم.

(من و تۆ و عەلی چوین بۆ سەیران.)




وەك لە سەرەوە بینیمان،لە فرێزی لێکدراو کەسەکانیش لێکدەدرێن و کەسی بکەر دەسنیشاندەکرێ، ژمارەی بکەری فرێزی لێکدەریش بەم شێوەیە هەژمار دەکرێ:




٢٦٠) تو و او خواهید رفت. (تۆ و ئەو دەڕۆن.)

٢٦١) علی و حسین خواهند رفت. (عەلی و حوسێن دەڕۆن.)

دەتوانین بگۆڕ و بەهاکانیانی بکەر لە ڕۆنانی ئەرکی بەم شێوەیە نیشانبدەین:

| | | |
|---|---|---|
| بکەر | دیارخەر | تاکبەند – ژمارە – بریناو – ناوەڵناوی پلەی باڵا [گوزارە '....'] |
| | ژمارە | کۆ/تاك |
| | کەس | 3 / 2 / 1 |
| | نەناسراوی | + / – |
| | گوزارە | '....' |

جگە لە دیارخەر و گوزارەی بگۆڕەکانی تر بەهایەك لە بەهایەکان هەڵدەبژێرن و بە هاتنی یەکێکیان بەهای تر  ناتوانێ دەرکەوێ.

### ٣-٣-١-٢ ) بگۆڕ و بەهاکانی بەرکار لە زمانی فارسیدا :

لە زمانی فارسیدا بگۆڕ و بەهاکانی بەرکار هاوشێوەی بگۆڕ و بەهاکانی بکەرە. تاکە جیاوازی لە نێوانیان ئەوەیە، پێویستە، لەو حاڵەتانەی بەرکار (را)ی نیشانەی بەرکاری وەرگرتوە، ئەم نیشانەیە لەگەڵ گوزارەی بەرکار تۆمار بکرێ.

٢٦٢) من بچەها را دیدم.

| | | |
|---|---|---|
| بکەر | کەس | 1 |
| | ژمارە | تاك |
| | گوزارە | 'من' |
| بەرکار | کەس | 3 |
| | ژمارە | کۆ |
| | گوزارە | 'بچە (را)' |

ئەگەر بەرکاری٢ بە ڕۆڵی واتایی سودمەند پێش بەرکار بکەوێ، لەم حاڵەتەدا بەرکار (را)ی نیشانەی بەرکاری دەرناکەوێ.

٢٦٣) او بەعلی کتاب داد.

| | | |
|---|---|---|
| بکەر | کەس | 3 |
| | ژمارە | تاك |
| | گوزارە | 'او' |
| بەرکاری٢ | [ ] | |
| بەرکار | کەس | 3 |
| | ژمارە | تاك |
| | گوزارە | 'کتاب' |

### ٣-٣-١-٣ ) بگۆڕ و بەهاکانی بەرکاری ٢ لە زمانی فارسیدا :

جیاوازیی نێوان بەرکار و بەرکاری ٢ لە دەرکەوتنی نیشانەی بەرکارییە لە بەرکارەکەدا و دەرکەوتنی ئامرازی پەیوەندییە لە سەرەتای فرێزی بەرکاری٢دا. بە واتایەکی تر، بەرکاری ٢ بەردەوام فرێزی بەندە و ئەگەر ئامرازی پەیوەندی نەبو، مۆڵەت بە دەرکەوتنی بەرکاری ٢ نادرێ، لە زمانی فارسیدا، ڕۆنانی بەرکاری٢ بەم شێوەیە لە ڕۆنانی ئەرکی تۆماردەکرێ.

بەکاری٢
[ گوزارە ‘ئامرازی پەیوەندی < تەواوکەر >’
تەواوکەر ... ...
کەس ... ...
ژمارە ... ... ]

٢٦٤) احمد نامە را برای حسین فرستاد. (ئەحمەد نامەکەی بۆ حوسێن نارد.)

[
بکەر [ کەس 3
ژمارە تاك
گوزارە ‘احمد’ ]
بەرکار [ کەس 3
ژمارە تاك
گوزارە ‘نامە (را)’ ]
بەرکاری2 [ گوزارە ‘برای < تەواوکەر >’
تەواوکەر حسین
کەس 3
ژمارە تاك ]
]

### ٣-٣-١-٤ ) بگۆڕ و بەهاکانی کار لە زمانی فارسیدا :

کار سەرەی ڕستەیە، بە گرنگترین بەشی ڕستە دادەنرێ. لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکیدا، کار هاوبەشەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ. سادەترین ڕستە لە زمانی فارسیدا بریتییە لە کار و

پێویستییەکانی، ئەمەش بە هۆی ئەوەیە کە زمانی فارسی یەکێ لەو زمانانەیە کە ڕێگە دەدا بکەری بۆش شوێنی بکەری ڕستە پڕکاتەوە. ژمارە و کەسی بکەرە بۆشەکە بەیارمەتی ڕاناوی لکاوی بکەری دەستنیشاندەکرێ. جگە لە گوزارە کە بەهاکەی بریتییە لە فۆڕمی فەرهەنگی کارە گەردانکراوەکە و دەروازە فەرهەنگییەکەی، کار چەند بگۆڕێکی تری هەیە، وەك : (کات، ڕوکار، ڕێژە، ناکردن، توخم) کە پێویستە لە زمانی فارسیدا باسی هەر یەکەیان بکەین.

**٣-٣-١-٤-١) کات ( زمان ):**

چەند پۆلینکردنێکی جیاواز لەبارەی کاتەوە کراوە، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، هەر کردارێك لە یەکێ لە کاتەکانی ڕابردو (ماضی) ئێستا (حال- مضارع) و داهاتو (آینده- مستقبل) ڕودەدا (فاطمە مدرسی، ٢٠٠٨، ل٢٤٢).

هەرچەندە هەندێ زمانەوانی تر وەك (عبدالعظیم قریب ) ڕایان وایە، شێوازێکی تایبەت بۆ کاتی ئێستا لە زمانی فارسیدا نییە و ئەمە کاتی ڕابردوە کە هەندێجار ئاماژە بە ئێستا دەکا و هەندێجار ئاماژە بە داهاتو (عبدالعظیم قریب و دیگران، ٢٠١٠، ١٩١). بونی پێکهاتەی تایبەت بۆ دروستکردنی کاتی داهاتو لە زمانی فارسیدا وادەکا ئەم ڕایە پەسەندنەکەین.

بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی، شێوازی تۆمارکردنی کاتی کار لە ڕۆنانی ئەرکی بەم شێوەیە:




**٣-٣-١-٤-٢) ڕوکار ( نمود ):**

بۆ ئاخێوەرانی زمانە نوێیە هیندو ئەوروپیەکان، تێگەیشتن لە چەمکی ڕوکار کارێکی ئەستەمە، چونکە ئاخێوەرانی ئەم زمانانە مەیلی تێکەڵکردنی چەمکی ڕوکار و چەمکی کاتی ڕێزمانییان هەیە (فاختە نخاولی، ٢٠٠٨). ئەمەش وایکردوە (مجیدی) بەم شێوەیە باسی ڕوکار بکا: ڕوکار کاتی

ڕێزمانی له نارێزمانی جیا دەکاتەوە (مریم مجیدی،٢٠٠٩، ١٤٦). (تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی،٢٠١٠، ٥٥) بەم شێوەیە ڕوکارەکان دەستنیشان دەکەن:

١) ڕابردوی بەردەوام ٢) ڕابردوی بەردەوامی تەواو ٣)ڕانەبردوی بەردەوام

له فارسیدا، ڕای جیاواز لەسەر ژمارەی ڕوکار هەیە، له خوارەوە هەندێکیان دەخەینەڕو:

أ) ڕوکار له زمانی فارسیدا دابەشی سەر سێ جۆر دەکەن: سادە، بەردەوام، تەواو (فاطمه مدرسی، ٢٠٠٨، ٢٤٢. مهدی مشکوەالدینی، ٢٠١٠، ٧٧).

ب) ڕوکار له زمانی فارسیدا دابەشی سەر شەش جۆر دەکەن:

١- سادە. وەك: خواندم. — خواهد خواند.

٢- بەردەوام (استمراری). وەك: می خوانم. — می خواندم.

٣- درێژەدار (جاری). وەك دارم می خوانم. — داشتم میخواندم.

٤- تەواو (نقلی). خوانده است. خوانده بود.

٥- تەواوی بەردەوام (نقلی استمراری). می خوانده است. می خوانده بود.

٦- تەواوی درێژەدار (نقلی جاری) داشته می خوانده است. (جلال رحیمیان، ٢٠١٠، ٦٩).

که سەیری پۆلینکردنی دوەمی ڕوکار دەکەین، نمونەکانی (دارم می خوانم، داشتم میخواندم، داشته می خوانده است) ناچارمان دەکا، ڕای چەند ڕێزماننوسێك لەبارەی کاری (داشتن) بخەینه ڕو:

- له زمانی فارسی ئەمرۆدا (داشتن) جگه له گەیاندنی خاوەنداریێتی وەك ڕوکاری بەردەوامیش بەکار دێ، ئەم ڕۆنانه نوێیه له فارسیدا هێواش هێواش له ئاخاوتنەوە هاتۆته ناو زمانی نوسین (اعظم استاجی، ٢٠٠٦، ١١).

ناوبراو دانی پێدادەنێ، هیچ بەڵگەیەکی بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەی له دەستدا نییه و نەیسەلماندوە چۆن کاری (داشتن) له کارێك که پێویستی به تەواوکەرێکی ناوی هەیە، گۆڕاوە بۆ کارێکی

یاریدەدەر. هەروەها ناتوانێ، لە مێژوی زمانی فارسیدا قۆناغێکی ناوەند بۆ ئەم دو بەکارهێنانە جیاوازەی (داشتن) دەستنیشان بکا (سەرچاوەی پێشو، ل ١٢).

- کارەکانی (داشتن)، (بودن) و(استادن) بە پێی پرۆسەی بە سینتاکسی کردن لە کاری تەواوەوە گۆڕاون بۆ کاری یاریدەدەر (مهرداد نغزگوی کهن، ٢٠١٠، ٩٨-١٠٧).

لەم دو ڕایەی تا ئێستا باسکراون، ڕەچاوی تایبەتمەندییەکی زمانی فارسی نەکراوە، ئەویش دەرکەوتنی تەنیا یەك ڕاناوی لکاوی بکەرییە لە پارستەیەکدا، لە کاتێکدا گەردانکردنی ئەم کارانە وەك ڕوکار ڕوبەڕوی ئەم گرفتەمان دەکا. بۆ نمونە:

٢٦٥) دارم می روم.

وەك لە نمونەی (٢٦٥)دا دەبینین، ئەگەر وا دانێین، (داشتن) کاری یاریدەدەرە و وەك ڕوکار کاردەکا، ئەمە لەگەڵ ئابوری زمان ناگونجێ. هەروەها لە ڕوی لۆجیکیشەوە پێویست ناکا لە یەك کاردا دو هاونیشانەی بکەر دەرکەوێ.

٢٦٦-١) من رفتم. (من ڕۆیشتم.)

٢٦٦-٢) من می روم. (من دەڕۆم.)

٢٦٦-٣) من رفتەام. (من ڕۆیشتومە.)

٢٦٦-٤) من می رفتەام. (من دەڕۆیشتومە.)

٢٦٦-٥) من رفتە بودم. (من ڕۆیشتوبوم.)

٢٦٦-٦) من رفتە بودەام. (من ڕۆیشتبومە.)

٢٦٦-٧) من رفتە باشم. (من ڕۆیشتبام.)

٢٦٦-٨) من بروم. (من بڕۆم.)

٢٦٦-٩) من خواهم رفت. (من دەڕۆم.)

٢٦٦-١٠) شما بروید. (ئێوە بڕۆن.)

بەڵگە بۆ ئەمە لە گەردانکردنی کاری (رفتن)بۆ کات و ڕێژە و روکاری جیاواز دەبینین، کە تەنیا یەکجار ڕاناوی لکاوی بکەری دەرکەوتوە، تەنانەت لە (ڕابردوی دور، ڕابردوی هەرە دور، ڕابردوی ئینشائی، ڕانەبردوی ئینشائی، داهاتو)ش تەنیا یەك ڕاناوی لکاوی بکەری دەرکەوتوە. بۆیە ناتوانین (گەردانکراوی داشتن) بە ڕوکار هەژمار بکەین.

ڕوکارەکان لە زمانی فارسیدا دابەشی سەر ئەم جۆرانەی خوارەوە دەکەین:

١- ساده (رفتم - خواهم رفت – بروم - برو) (ڕۆیشتم – دەڕۆم- بڕۆم - بڕۆ)

٢- بەردەوام (می رفتم – می روم) (دەڕۆیشتم - دەڕۆم)

٣- تەواو (رفتەام) (ڕۆیشتومە)

٤- تەواوی دور (رفتە بودم – رفتە باشم) (ڕۆیشتوبوم - ڕۆیشتبام )

٥- تەواوی هەرەدور (رفتە بودەام) (ڕۆیشتوبومە)

٦- تەواوی بەردەوام (می رفتەام) (دەڕۆیشتومە)

لە ڕۆنانی ئەرکیدا بەم شێوەیە تۆمار دەکرێن:

| | |
|---|---|
| بکەر | [ ] |
| گوزارە | ...'... < (↑ بکەر) > ... ' |
| کات | ڕابردو/ئێستا/داهاتو |
| ڕوکار | سادە/بەردەوام/تەواو/تەواوی دور/تەواوی هەرەدور/تەواوی بەردەوام |

٢٦٧) علی برای ادامە تحصیل بە انگلستان رفت. (عەلی بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕۆیشتە بریتانیا.)

| | |
|---|---|
| بکەر | [ ] |
| گوزارە | 'رفتن < (↑ بکەر) > ' |
| کات | ڕابردو |
| ڕوکار | سادە |

**٣-٣-١-٤-٣ ) ڕێژەی کار ( وجه فعل ):**

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی کار ڕێژەیە. لێکدانەوەی قسەکەر یا نوسەر بۆ ڕستە، واتە ڕودان یا ڕونەدان، ئەمری بون یا نەبونی کار پێی دەوترێ ڕێژە.  لە زمانی فارسیی ئەمڕۆدا سێ ڕێژەی سەرەکی هەن: ١- ڕێژەی هەواڵدان ٢- ڕێژەی دانانی (ئینشایی) ٣- ڕێژەی فەرماندان (تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، ٢٠١٠، ٥٣). ڕێژە بەم شێوەیەی خوارەوە لە ڕۆنانی ئەرکی ڕستەی زمانی فارسی تۆماردەکرێ:




ڕێژەی هەواڵدان لەگەڵ هەمو کاتەکان دێ، بەڵام ڕێژەی فەرماندان تەنیا لەگەڵ کاتی ئێستا دێ و ڕێژەی دانانی لەگەڵ ڕابردو و ڕانەبردو دەردەکەوێ. ڕێژەی کار لە ڕۆنانی ئەرکیی نمونەی (٢٦٧) بەم شێوەیە تۆماردەکرێ.




**٣-٣-١-٤-٤ ) توخم ( شناسە ):**

یەکێ لە پێکهێنە سەرەکییەکانی کار لە زمانی فارسیدا، توخمە. توخم بریتییە لە ئاماژە بۆ هاوبەشی کارەکە کە لە ڕوی کەس و ژمارەوە پێویستە لەگەڵ بۆگەڕاوەکەی هاونیشانە بێ. لە

زمانی فارسیدا، هاونیشانەکان بکەر و بەرکارن. ڕاناوە لکاوەکان لە زمانی فارسیدا دابەشی سەر دو جۆر دەبن:

١) ڕاناوە لکاوەکانی بکەری: ئەم جۆرەیان بەردەوام لەگەڵ بکەری ڕستەدا لە ڕوی کەس و ژمارە ڕێکدەکەون. شوێنی دەرکەوتنیان لە (I) دایە. ڕاناوە لکاوە بکەرییەکانی فارسی ئەمانەن:

| کەس / ژمارە | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | ◌َم | ـیم |
| دوەم | ـی | ـید |
| سێیەم ڕابردو | Ø | ◌َند |
| سێیەم ڕانەبردو | ◌َد | |

(ژیلبر لازار، ٢٠١٠،ل ١٦٤)

لە نمونەکانی خوارەوەدا فۆڕمی فەرهەنگی (رفتن) گەردانەدەکەین:

٢٦٨)

| | | | |
|---|---|---|---|
| من رفتــَم. | (من ڕۆیشتم.) | من می روَم. | (من دەڕۆم.) |
| تو رفتــی. | (تۆ ڕۆیشتی.) | تو می روی. | (تۆ دەرۆی.) |
| او رفتØ. | (ئەو ڕۆیشتØ.) | او می رود. | (ئەو دەڕوا.) |
| ما رفتــیم. | (ئێمە ڕۆیشتین.) | ما می رویم. | (ئێمە دەڕۆین.) |
| شما رفتــید. | (ئێوە ڕۆیشتن.) | شما می روید. | (ئێوە دەڕۆن.) |
| ایشان رفتــَند. | (ئەوان ڕۆیشتن.) | آنها می روَند. | (ئەوان دەڕۆن.) |

یەکێ لە جۆرەکانی توخم شوناسی بکەرییە و لە گشت حاڵەتەکاندا لە لایەن ڕاناوی لکاوی بکەری بەرجەستە دەکرێ.

٢) ڕاناوە لکاوەکانی کەسی، ئەمانەن:

| کەس / ژمارە | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | ◌َم | ◌ِمان |
| دوەم | ◌َت | ◌ِتان |
| سێیەم | ◌َش | ◌ِشان |

(سەرچاوەی پێشو)

ئەم ڕاناوە لکاوە کەسییانە چەند بەکارهێنانێکی جیاوازیان لە زمانی فارسیدا هەیە و لەم حاڵەتانەی خوارەوە دەردەکەوێ:

- لەگەڵ ڕاناوی خۆیی: لەم حاڵەتەدا پێویستە، ڕاناوەکە لەگەڵ بۆگەڕاوەکەی هاونیشانە بێ.

٢٦٩-ا) او خودش را معرفی کرد.

٢٧٠-ا) من خودم را نجات دادم.

ئەم بەکارهێنانەی ڕاناوە لکاوە کەسیەکان بە ئارەزوە چونکە دەتوانین هەمان ئەو ڕستانە بە بێ ڕاناوە لکاوەکە بەکاربێنین و کار لە ڕێزمانێتی ڕستە نەکا.

٢٦٩- ب) او خود را معرفی کرد. (ئەو خۆ ناساند.)

٢٧٠- ب) من خود را نجات دادم. (من خۆ ڕزگار کرد.)

- ڕاناوی لکاوی کەسی لە فرێزی خاوەنداریێتی دەتوانێ شوێنی خاوەنەکە بگرێ.

٢٧١- ا) کتاب مرا آوردی؟ (کتێبی منت هێنا؟)

٢٧١- ب)کتابم را آوردی؟ (کتێبەکەمت هێنا؟)

٢٧٢- ا) کتاب حسین را آوردی؟ (کتێبی حسینت هێنا؟)

٢٧٢- ب) کتابش را آوردی؟ (کتێبەکەیت هێنا؟)

- ڕاناوی لکاوی کەسی دەبێتە جێگرەوەی بەرکار.

٢٧٣ – ا) او را آوردم. (ئەوم هێناØ.)

٢٧٣–ب) آوردمش. (هێناØم.)

٢٧٤ – ا) او را در آوردم. (ئەوم دەرهێناØ.)

٢٧٤ –ب) درش آوردم. (دەرم هێناØ.)

٢٧٥ – ا) او را بیرون آوردم. (ئەوم هێناØ دەرەوە.)

٢٧٥ –ب) بیرونش آوردم. (هێنامە دەرەوە.)

ئەو توخمانەی لەگەڵ کار دەردەکەون، دو جۆرن: ڕاناوی لکاوی بکەری و ڕاناوی لکاوی کەسی (هەندێ زمانەوان ناوی ڕاناوی لکاوی بەرکارییان بۆ داناوە). لە ڕۆنانی ئەرکیدا بەم شێوانەی خوارەوە نیشاندەدرێن:

٢٧٦) آمدم.

| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 1 ؛ ژمارە تاک ؛ گوزارە $< pro >$ ] |
| گوزارە | 'آمدن $<$ (↑ بکەر) $>$' |
| کات | ڕابردو |
| ڕوکار | سادە |
| ڕێژە | هەواڵدان |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | تاک |

٢٧٧) من او را آوردم.

| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 1 ؛ ژمارە تاک ؛ گوزارە 'من' ] |
| بەرکار | [ کەس 3 ؛ ژمارە تاک ؛ گوزارە 'او' (را) ] |
| گوزارە | 'آوردن $<$ (↑ بکەر) (↑ بەرکار) $>$' |
| کات | ڕابردو |
| ڕوکار | سادە |
| ڕێژە | هەواڵدان |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | تاک |

٢٧٨) آوردمش.

| | |
|---|---|
| بکەر | کەس 1<br>ژمارە تاک<br>گوزارە < pro > |
| بەرکار | کەس 3<br>ژمارە تاک<br>گوزارە < pro > |
| گوزارە | آوردن' < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) > ' |
| کات | رابردو |
| ڕوکار | سادە |
| ڕێژە | هەواڵدان |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | تاک |
| کەسی بەرکار | 3 |
| ژمارەی بەرکار | تاک |

**٣-٣-١-٤-٥ ) ناکردن :**

بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی، ناکردن بریتییە لە گەردانکردنی کارێکی نەرێ لە فۆڕمی فەرهەنگی کارەوە. ناکردن لە زمانی فارسیدا، بەیارمەتی پێشگری (نـ) دروستدەکرێ. ئەم پێشگرە هێز بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ (ژیلبر لازار، ٢٠١٠، ١٩٤). پێشتر بۆ ناکردنی ڕێژەی فەرماندان (مـَ) بەکاردەهات، بەڵام لە فارسی ئەمڕۆدا ئەم مۆڕفیمە چیتر بەکار ناهێنرێ و ناکردنی ڕێژی فەرماندان هەر بە (نـ) دەبێ (پرویز ناتل خانلری، ٢٠٠٩، ١٢٦. مهدی مشکوەالدینی، ٢٠١٠، ١٢٩).

لەبەر ئەوەی ئەرێ و نەرێ پێچەوانەی یەکترن، دەتوانین، بۆ هەردوکیان یەك بگۆڕ بە بەهای جیاوازی (+) بە واتای ئەرێ و (- ) بە واتای نەرێ بەکاربێنین. بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی ڕستەی نەرێ لە زمانی فارسیدا لە ڕستەی ئەرێ دروستناکرێ، بەڵکو هەردوکیان بە پێی یاسای تایبەتی خۆیان لە فۆڕمی فەرهەنگی کارەوە دروستدەکرێن. بەم شێوەیە لە ڕۆنانی ئەرکیدا تۆمار دەکرێ.

| | |
|---|---|
| بکەر | [ ] |
| گوزارە | ‘ < ⋯ (بکەر ↑) > ...‘.. |
| کات | ڕابردو/ئێستا/داهاتو |
| ڕوکار | سادە/بەردەوام/تەواو/تەواوی دور/تەواوی هەرەدور/تەواوی بەردەوام |
| ڕێژە | هەواڵدان/دانانی/ئەمری |
| ئەرێ | −/+ |

(٢٧٩) نیاوردمش. (نەمهێنا $\emptyset$.)

| | |
|---|---|
| بکەر | [کەس 1 / ژمارە تاك / گوزارە < pro >] |
| بەرکار | [کەس 3 / ژمارە تاك / گوزارە < pro >] |
| گوزارە | ‘آوردن > (بکەر ↑) (بەرکار ↑) < ‘ |
| کات | ڕابردو |
| ڕوکار | سادە |
| ڕێژە | هەواڵدان |
| ئەرێ | − |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | تاك |
| کەسی بەرکار | 3 |
| ژمارەی بەرکار | تاك |

### ٣-٣-١-٤-٦ ) گوزارە:

لە زمانی فارسیدا، فرێزی گەردانی، گرنگترین کەرەستەی ڕستەی لە خۆ گرتوە، ئەویش بریتییە لە فۆڕمە گەردانکراوەکەی کار. کار هاوبەشەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ. دەکرێ، جگە لە هاوبەشەکان چەند کەرەستەیەکی ناهاوبەشیش بەشداری ڕۆنانی ڕستە بکەن. دەرکەوتنی ئەم کەرەستانە کاریگەریی نییە لەسەر ژمارەی هاوبەشەکانی ڕستە. بەهای گوزارەی ڕستە لە نێوان ˊ ˋ و کۆی هابەشەکان لە ناو دو کەوانەی شکاوە < > تۆمار دەکرێن. شێوازی تۆمارکردنی زانیارییەکانی پەیوەست بە گوزارە لە زمانی فارسیدا بە نمونە ڕوندەکەینەوە.

٢٨٠) امروز حسین نیامده‌است. (ئەمڕۆ حوسێن نەهاتوە.)

گوزارەی نمونەی (٢٨٠) بریتییە لە ˊ آمدن ˋ و تەنیا پێویستی بە هاوبەشێك هەیە کە ڕۆڵی بکەرە.

| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 3 ; ژمارە تاک ; گوزارە < حسین > ] |
| گوزارە | ˊ آمدن < (↑ بکەر) > ˋ |
| کات | رابردو |
| ڕوکار | سادە |
| ڕێژە | هەواڵدان |
| نەرێ | — |
| کەسی بکەر | 3 |
| ژمارەی بکەر | تاک |
| سەربار | [ گوزارە امروز ] |

لە نمونەی (٢٨٠)دا ڕستەکە پێکهاتوە لە کار و ئەو هاوبەشەی کە هەڵیدەبژێرێ. لەم نمونەیەدا جگە لە هاوبەشەکەی ڕستە، سەربارێکیش بەشداری پێکهاتنەی ڕستەکەی کردوە. وەك لە ڕۆنانی

ئەرکی ڕستەکە دەبینین، کاری گەردانکراوی (نیامدەاست) لە فۆڕمی فەرهەنگی (آمدن)ەوە وەرگیراوە. لە حاڵەتی گەردانکراوی کۆمەڵێ بەهای تری وەرگرتوە، کە بە یارمەتی بگۆڕەکانی (کات، ڕوکار، ڕێژە، ئەرێ و کەس و ژمارەی بکەر) بەهای هەریەکەیان لە بەرامبەری تۆمار کراوە. کاتێك سەیری زانیارییە تۆمارکراوەکەی بەرامبەر گوزارە دەکەین، دەبینین تەنیا ئاماژە بە فۆڕمە فەرهەنگییە تۆمارکراوەکە و ئەو هاوبەشانەی وەریدەگرێ کراوە، سەربارەکان لە ناو کەوانە شکاوەکە تۆمار ناکرێن.

بۆ پۆلینکردنی فۆڕمە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی فارسیدا، پشت بە ژمارەی ئەو هاوبەشانە دەبەستین کە لە دەروازەی فەرهەنگییەکەیدا هەیە.

پۆلینکردنی فۆڕمە فەرهەنگییەکانی کار بە پێی هاوبەشەکانیان:

١) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی کار کە تەنیا هاوبەشێکیان هەیە، لەم حاڵەتەدا ئەو هاوبەشەی کار هەڵیدەبژێرێ (بکەر)ە، کەواتە، دەروازە فەرهەنگییەکەی بەم شێوەیە دەبێ:

گوزارە ʾ ـــــ < (↑بکەر) > ʾ

وەکو: رفتن، آمدن ، ربودە شدن، خوابیدن، افتادن،... هتد.

٢٨١) علی آمد. (علی هات.)

٢٨٢) افتاد. (کەوت.)

٢٨٣) علی ربودە شد. (عەلی رفێنرا.)

٢) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی کار کە تەنیا دو هاوبەشیان هەیە، لەو حاڵەتەدا بە چوار شێوازی جیا دەردەکەون:

٢-١) فۆڕمە فەرهەنگییەکەی کار بکەر و بەرکار وەك هاوبەش هەڵدەبژێرێ:

گوزارە ʾ ـــــ < (↑بکەر)، (↑بەرکار) > ʾ

وەکو: آوردن، سرودن، دیدن، بردن، گرفتن، ...هتد.

٢٨٤) حسین کتاب را آورد. (حوسێن کتێبی هێنا.)

٢٨٥) فردوسی شاهنامە را سرود. (فێردۆسی شانامەی نوسی.)

٢٨٦) پلیس دزدها را گرفت. (پۆلیس دزەکانی گرت.)

٢٨٧) بردمشان. (بردنم)

٢-٢) فۆڕمە فەرهەنگییەکەی کار، بکەر و بەرکاری٢ وەك هاوبەش هەڵدەبژێرێ.

گوزارە ' ـــــ < (↑بکەر)، (↑بەرکاری٢) > '

وەکو: پرستاری کردن، مراقبت کردن، گفته شدن،... هتد.

٢٨٨) تو ازش پرستاری کن. (تۆ پەرەستاری لێ بکە.)

٢٨٩) من از شما مراقبت می کنم. (من ئاگام لە ئێوە دەبێ.)

٢٩٠) موضوع به او گفته شد. (بابەتەکە پێی وترا.)

٣-٢) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی کار کە (بکەر و تەواوکەریI) هەڵدەبژێرن:

گوزارە ' ـــــ < (↑بکەر)، (↑تەواوکەرI) > '

وەکو: بودن، شدن، قرارگذاشتن، پناەبردن، گریزان بودن، داشتن...هتد.

٢٩١) کتاب از علی گرفتەشدە است. (کتێب لە عەلی وەرگیرا.)

٢٩٢) علی از ورزش گریزان است. (عەلی لە وەرزش را دەکا.)

٢٩٣) هوا تاریك شد. (هەوا تاریك بو.)

٤-٢) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی کار کە (بکەر و تەواوکەرCP) هەڵدەبژێرن:

گوزارە ' ـــــ < (↑بکەر)، (↑تەواوکەرCP) > '

وەکو: دانستن، پنداشتن، تصمیم گرفتن، گفتن، مشخص بودن... هتد.

٢٩٤) مشخص است چە کسی این کار را انجام دادەاست. (دیارە کێ ئەم کارەی ئەنجامداوە.)

٢٩٥) تصمیم گرفتم بە ملاقاتش نروم. (بریارمدا نەچم بۆ سەردانی.)

٢٩٦) می دانم کە خواهد آمد. (دەزانم کە دێ.)

٣) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی کار کە سێ هاوبەش هەڵدەبژێرن، ئەوانیش بە پێنج شێوازی جیاواز دەردەکەون:

**٣-١) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی (بکەر و بەرکارو بەرکاری٢) بە هاوبەش هەڵدەبژێرن:**

**گوزاره ' ——— < (↑بکەر)، (↑بەرکار)، (↑بەرکاری ٢) > '**

**وەکو: فرستادن، یاد دادن، پوشاندن، قاطی کردن، مخلوط کردن ،...هتد.**

**٢٩٧) معلم به بچەها نوشتن یاد داد. (مامۆستا منداڵەکانی فێری نوسین کرد.)**

**٢٩٨) شیر را با آرد مخلوط می کنیم. (شیرەکەمان لەگەڵ ئارد تێکەڵکرد.)**

**٢٩٩) مادر دارو را به نوزاد خوراند. ( دایك دەرمانەکەی دەرخواردی منالەکە دا.)**

**٣-٢) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی (بکەر و بەرکارو تەواوکەریI) بە هاوبەش هەڵدەبژێرن:**

**گوزاره ' ——— < (↑بکەر)، (↑بەرکار)، (↑تەواوکەرI) > '**

**وەکو: سپردن، پنداشتن، گرفتن،... هتد.**

**٣٠٠) علی خانه را به حسین سپرد. (عەلی خانوەکەی بە حوسێن سپارد.)**

**٣٠١) کتاب را از علی گرفت. (کتێبەکەی لە عەلی وەرگرت.)**

**٣-٣) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی کار کە (بکەر و دو تەواوکەرI) بە هاوبەش هەڵدەبژێرن:**

**گوزاره ' ——— < (↑بکەر)، (↑تەواوکەرI)، (↑تەواوکەرI) > '**

**وەکو: بودن،...هتد.**

**٣٠٢) علی از همه باهوشتر است. ( عەلی لە هەموان ژیرترە)**

**٣٠٣) علی باهوشتر است از حسین. (عەلی ژیرترە لە حوسێن.)**

**٣-٤) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی کار کە (بکەر و بەرکار و تەواوکەرCP) بە هاوبەش هەڵدەبژێرن:**

**گوزاره ' ——— < (↑بکەر)، (↑بەرکار )، (↑تەواوکەری CP) > '**

**وەکو: تشویقکردن، وادارکردن،...هتد.**

**٣٠٤) من او را وادارکردم که این کار را انجام بدهد.**

**( من ئەوم ناچارکرد کە ئەم کارە ئەنجامبدا)**

٣٠٥) من او را تشویق کردم به دیدن دوستان و بستگانش برود.

(من  ئەوم هاندا سەردانی هاورێ و خزمەکانی بکا.)

٣- ٥) ئەو فۆڕمە فەرهەنگییانەی کار کە (بکەر و بەرکاری٢ و تەواوکەرCP) بە هاوبەش هەڵدەبژێرن:

گوزارە ʼ —— < (↑بکەر)، (↑بەرکاری٢ )، (↑تەواوکەری CP) > ʻ

وەکو: گفتن،...هتد.

٣٠٦) من بهش گفتم برود. ( من پێم وت بڕوا.)

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، دەروازە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی فارسیدا، جێگیر نین و لە بەکارهێناندا دەکرێ دەروازەی جیاوازیان هەبێ. بۆ  نمونە:

گوزارە ʼ داشتن < (↑بکەر)، (↑تەواوکەرI) > ʻ

٣٠٧) من دوستان زیادی داشتم. ( من هاوڕێی زۆرم هەبو.)

گوزارە ʼ داشتن < (↑بکەر)، (↑تەواوکەرCP) > ʻ

٣٠٨) من داشتم می رفتم. ( من خەریکبوم دەڕۆیشتم.)

لە ڕێزمانی پەسەنکارانەدا تەنیا وەسفی دیاردە زمانییەکان دەکرێ، بۆیە  ناتوانین، بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە ئایا کامەیان ڕاستە و کامەیان هەڵەیە؟ تەنیا دەکرێ باسی ئەو ڕاستییە زمانییانە بکرێ کە لە زماندا هەن. هەردو دەروازەی فەرهەنگی (داشتن) لە زمانی فارسیدا بەکاردێن.

### ٣-٤ ) شیکردنەوەی جۆرەکانی ڕستە :

ڕستەکانی زمانی فارسی بە پێی ژمارەی ئەو هاوبەشانەی کە گوزارەی ڕستە هەڵیاندەبژێرێ، دابەشی سەر سێ جۆر دەکرێن. لە خوارەوەدا هەر یەك لەو جۆرانە و فۆڕمە جیاوازەکانیان بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی شیدەکەینەوە.

### ٣-٤-١) ڕستەی یەك هاوبەشی:

سادەترین جۆری ڕستە لە زمانی فارسیدا ئەم جۆرە ڕستەیە کە تاکە هاوبەشێکی هەبێ. هاوبەشەکەش بەردەوام بکەری ڕستەیە.

٣٠٩) حسين آمد. (حوسێن هات.)

| | |
|---|---|
| بکەر | [کەس 3، ژمارە تاك، گوزارە ‹ حسين ›] |
| گوزارە | 'آمدن < (↑ بکەر) >' |
| کات | رابردو |
| کەسی بکەر | 3 |
| ژمارەی بکەر | تاك |




یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی زمانی فارسی پڕکردنی شوێنی بکەرە بە بکەری بۆش، لەم حاڵەتەدا ژمارە و کەسی بکەر بە پێی ڕاناوی لکاوی بکەری دەستنیشان دەکرێ.

٣١٠) آمدند. (هاتن.)

| | |
|---|---|
| بکەر | [کەس ٣، ژمارە کۆ، گوزارە ‹ $pro$ ›] |
| گوزارە | 'آمدن < (↑ بکەر) >' |
| کات | ڕابردو |
| کەسی بکەر | ٣ |
| ژمارەی بکەر | کۆ |




ئەگەر فریزێکی لێکدراو ڕۆڵی بکەری ڕستە ببینێ، فریزە لێکدراوەکە بە لایەنی کەم لە دو فریزی هاوشێوە پێکدێ. لە ڕوی ژمارەی هاوبەشی ڕستەکە، فریزە لێکدراوەکە هەر بە یەك هاوبەش هەژمار دەکرێ.

٣١١) علی و حسین آمدند. ( عەلی و حوسین هاتن.)







هەرچەندە دو کەس بەشدارن لە (آمدن)، بەڵام هەردوکیان یەك هاوبەشن و لە ڕوی کەس و ژمارەش، کەس و ژمارەی فرێزە لێکدراوەکە لەگەڵ کار ڕێکدەکەوێ .

٣١٢) حسین افتاد. (حوسێن کەوت.)






٣١٣) حسين ربوده شد. (حوسێن رفێنرا.)

| | | |
|---|---|---|
| بکەر | کەس | 3 |
| | ژمارە | تاك |
| | گوزارە | < حسين > |
| گوزارە | 'ربوده شدن < (↑ بکەر) > ' | |
| کات | ڕابردو | |
| کەسی بکەر | 3 | |
| ژمارەی بکەر | تاك | |




پێویستە لێرەدا باسێکی بکەرنادیاری لە زمانی فارسی بکەین. بە ئاراستەی جیاواز باسی بکەرنادیاری لە زمانی فارسی کراوە:

ئاراستەی یەکەم: باوەڕیان بە گوێزانەوە هەیە و چەند هەنگاوێکیان داناوە بۆ گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیارەوە. زۆربەی ڕێزماننوسە فارسەکان (دبیرمقدم، مشکوەالدینی، عبدی، ...هتد) پشتگیری ئەم ڕایە دەکەن و پێیان وایە ڕستەی بکەرنادیار لە ڕستەی بکەردیارەوە وەردەگیرێ.

ئاراستەی دوەم: پێچەوانەی ڕای یەکەمە. ئەم ڕایە بۆ یەکەم جار لە لایەن (جۆن معینی)[٧٥] لە ساڵی ١٩٧٤ەوە باسکراوە، دەڵێ، لە زمانی فارسیدا، بکەردیار و بکەرنادیار پەیوەندییان بەیەکەوە نییە. (Alexiadou & Schäfer، ٢٠١٣، ٢٦٣)

لە زمانی فارسیدا، (شدن) بۆ نیشاندانی گۆڕانی حاڵەتی شتێك بەکاردێ. (جون معینی، دکتر بشیری، خانم نوبهار، دکتر شریفی)یش دان بەو ڕاستیەدا دەنێن، فۆڕمە فەرهەنگییە لێکدراوەکانی وەکو (منفجر شدن، نوشتە شدن، خشك شدن،...هتد) و فۆڕمی فەرهەنگیی کارەکانی تر کە لە ڕوی

75 ) John Moyne

وشەسازییەوە لێکدراون، دەتوانن لە ڕستەدا هەمو ئەو ئەرکانە ببینن کە فۆڕمی فەرهەنگی سادە وەك (رفتن، دیدن،...هتد) دەیبینن. (محمدمهدی واحدی لنگرودی، ١٩٩٨، ل٩٧)

ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی ڕای دوەم پەسەند دەکا، چونکە لە لایەك باوەڕی بە گوێزانەوە نییە و لە لایەکی تر باسی ئەوە دەکا کە بەکارهێنانی فۆڕمی فەرهەنگی لێکدراو بە یارمەتی (شدن) لە فۆڕمە فەرهەنگییەکانی تر جیاواز نییە.

ئەوەی کە لای ئێمە گرنگە، ئەو بابەتەیە کە فۆڕمێکی فەرهەنگی وەك (منفجر شدن) تەنیا پێویستی بە هاوبەشێك هەیە، لە زمانی فارسیشدا ڕاناوی لکاوی بکەری لە روی کەس و ژمارەدا هاونیشانەی بکەرە، ئەو هاوبەشە بە بکەری ڕستە دادەنرێ. بۆ نمونە :

٣١٤) بمب منفجر شد. (بۆمبەکە تەقێنرا.)

| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 3 / ژمارە تاك / گوزارە < بمب > ] |
| گوزارە | 'منفجر شدن < (↑ بکەر) >' |
| کات | رابردو |
| کەسی بکەر | 3 |
| ژمارەی بکەر | تاك |




**٣-٤-٢ ) ڕستەی دو هاوبەشی:**

پێکهێنی ڕستە دو هاوبەشییەکان چوار جۆرە، لە هەر چواریان، بکەر هاوبەشی یەکەمە و جیاوازییەکە لە هاوبەشی دوەمدایە، (بەرکار)، (بەرکاری٢) ، (تەواوکەرI) و (تەواوکەری CP) هاوبەشی دوەمی ئەم جۆرە ڕستەیەن. لە خوارەوەدا باسیان دەکەین.

### ٣-٤-٢-١) ڕستەی دو هاوبەشی بە پێکهێنی (بکەر) و (بەرکار):

٣١٥) من کتاب را آوردم. (من کتێبەکەم هێنا.)




| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 1 ، ژمارە تاک ، گوزارە 'من' ] |
| بەرکار | [ کەس 3 ، ژمارە تاک ، گوزارە 'کتاب (را)' ] |
| گوزارە | 'آوردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) >' |
| کات | ڕابردو |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | تاک |

دەتوانین، بکەر بە بکەری بۆش <pro> دەرببڕین و بەرکاریش بە ڕاناو جێگیربکەین:

٣١٦) کتاب را آوردم. (کتێبەکەم هێنا.)




| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 1 ، ژمارە تاک ، گوزارە '< pro >' ] |
| بەرکار | [ کەس 3 ، ژمارە تاک ، گوزارە 'کتاب (را)' ] |
| گوزارە | 'آوردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) >' |
| کات | ڕابردو |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | تاک |

دەتوانین، بەرکار بە ڕاناوی لکاو جێگیربکەین:

(٣١٧) آوردمش. (هێناØم.)




| | |
|---|---|
| بکەر | کەس 1 ؛ ژمارە تاک ؛ گوزارە '<pro>' |
| بەرکار | کەس 3 ؛ ژمارە تاک ؛ گوزارە 'ڕاناو' ؛ ڕاناو کەسی |
| گوزارە | 'آوردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) >' |
| کات | ڕابردو |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | تاک |
| کەسی بەرکار | 3 |
| ژمارەی بەرکار | تاک |

لە نمونەی (٣١٧)دا دەبینین لەو حاڵەتانەی کە بەرکار بە ڕاناوی لکاوی کەسی جێگیرکراوە، کەس و ژمارەی بەرکار بە یارمەتی ڕاناوە لکاوە کەسیەکە دەستنیشان دەکرێ.

### ٣-٤-٢-٢ ( ڕستەی دو هاوبەشی بە پێکهێنی ( بکەر ) و ( بەرکاری ٢ ):

(٣١٨) من از او مراقبت خواهم کرد. (من چاودێری لە ئەو دەکەم.)




| | |
|---|---|
| بکەر | کەس 1 ؛ ژمارە تاک ؛ گوزارە 'من' |
| بەرکاری 2 | گوزارە از < تەواوکەر > ؛ تەواوکەر [گوزارە او] ؛ کەس 3 ؛ ژمارە تاک |
| گوزارە | 'مراقبت کردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) >' |
| کات | داهاتو |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | تاک |

### ۳-٤-۲-۳) ڕستەی دو هاوبەشی بە پێکهێنی (بکەر) و (تەواکەری I):

۳۱۹) حسین معلم است. (حوسێن مامۆستایە.)




| | |
|---|---|
| بکەر | کەس 3<br>ژمارە تاك<br>گوزارە 'حسین' |
| گوزارە | 'بودن < (↑ بکەر) (↑ تەواوکەری I) > ' |
| کات | نێستا |
| کەسی بکەر | 3 |
| ژمارەی بکەر | تاك |
| تەواوکەری I | گوزارە معلم |

### ۳-٤-۲-٤) ڕستەی دو هاوبەشی بە پێکهێنی (بکەر) و (تەواکەری CP):

۳۲۰) می دانم کە خواهد آمد. (دەزانم کە دێ.)




| | |
|---|---|
| بکەر | کەس 1<br>ژمارە تاك<br>گوزارە <pro> |
| گوزارە | 'دانستن < (↑ بکەر) (↑ تەواوکەری CP) > ' |
| کات | نێستا |
| ڕوکار | بەردەوام |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | تاك |
| تەواوکەری CP | گوزارە کە خواهد آمد |

ئەمە دوبارە دەکەمەوە کە دەروازەی فەرهەنگی ۱۰۰٪ جێگیرنییە.

۳۲۱) او این را می دانست. (ئەو ئەمەی دەزانی.)

گوزارە ' دانستن < (↑بکەر) (↑بەرکار)> '

### ٣-٤-٣ ) ڕستەی سێ هاوبەشی :

ڕستە سێ هاوبەشییەکان، پێج فۆڕمی جیاوازیان هەیە، بکەر لە هەمو فۆڕمەکان وەك هاوبەشێکی ڕستە هەیە، بکەرێکی دەرکەوتو بێ ، یان بکەرێکی بۆش.

### ٣-١ ڕستەی سێ هاوبەشی بە پێکهێنی ( ↑بکەر)، ( ↑بەرکار)، ( ↑بەرکاری ٢ ):

(٣٢٢) شیر را با آرد مخلوط کردیم. (شیرمان لەگەڵ ئارد تێکەڵکرد.)




| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 1 ; ژمارە کۆ ; گوزارە < pro > ] |
| بەرکار | [ کەس 3 ; ژمارە تاك ; گوزارە 'شیر (را)' ] |
| بەرکاری 2 | [ گوزارە با < تەواوکەر > ; تەواوکەر [ گوزارە آرد ; کەس 3 ; ژمارە تاك ] ] |
| گوزارە | 'مخلوط کردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) (↑ بەرکاری٢) >' |
| کات | رابردو |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | کۆ |

### ٣-٢- ڕستەی سێ هاوبەشی بە پێکهێنی (↑بکەر)، (↑بەرکار)، (↑تەواوکەری I):

**٣٢٣) علی خانه را به حسین سپرد. (عەلی خانوەکەی بە حوسێن سپارد.)**




| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 3 ، ژمارە تاک ، گوزارە 'علی' ] |
| بەرکار | [ کەس 3 ، ژمارە تاک ، گوزارە 'خانە (را)' ] |
| گوزارە | 'سپردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) (↑ تەواوکەری $I$) >' |
| کات | رابردو |
| تەواوکەری $I$ | [ گوزارە: بە < تەواوکەر > ؛ تەواوکەر: [ گوزارە 'حسین' ، کەس 3 ، ژمارە تاک ] ] |
| کەسی بکەر | 3 |
| ژمارەی بکەر | تاک |

### ٣-٣ ڕستەی سێ هاوبەشی بە پێکهێنی (↑بکەر)، (↑تەواوکەری I)، (↑تەواوکەری I):

٣٢٤) علی از حسین باهوشتر است. (عەلی لە حوسێن ژیرترە.)




| | |
|---|---|
| بکەر | [کەس 3 / ژمارە تاك / گوزارە 'علی'] |
| گوزارە | 'بودن < (↑ بکەر) (↑ تەواوکەری $I$) (↑ تەواوکەری $I$) >' |
| کات | ئێستا |
| کەسی بکەر | 3 |
| ژمارەی بکەر | تاك |
| تەواوکەری $I$ | [گوزارە باهوشتر] |
| تەواوکەری $I$ | [گوزارە 'از < تەواوکەر >' / تەواوکەر [گوزارە 'حسین' / کەس 3 / ژمارە تاك]] |

### ٣-٤- ڕستەی سێ هاوبەشی بە پێکهێنی (↑بکەر)، (↑بەرکار)، (↑تەواوکەری CP):

**٣٢٥) او را وادارکردم که به دیدن بستگانش برود. (ئەوم ناچارکرد سەردانی خزمەکانی بکا.)**




| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 1 <br> ژمارە تاك <br> گوزارە < pro > ] |
| بەرکار | [ کەس 3 <br> ژمارە تاك <br> گوزارە ' او(را) ' ] |
| گوزارە | ' وادار کردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) (↑ تەواوکەری CP) > ' |
| کات | ڕابردو |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | تاك |
| تەواوکەری CP | [ گوزارە ' که به دیدن بستگانش برود ' ] |

### ٥-٣ ( ↑بکەر)، ( ↑بەرکاری ٢ )، ( ↑تەواوکەری CP ):

**٣٢٦) من از او خواستم برود. (من داوام لە ئەو کرد بڕوا.)**




| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 1 ، ژمارە تاك ، گوزارە ‘من’ ] |
| بەرکاری2 | [ گوزارە ‘از < تەواوکەر >’ ، تەواوکەر او ، کەس 3 ، ژمارە تاك ] |
| گوزارە | ‘خواستن < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) (↑ تەواوکەری CP) >’ |
| کات | رابردو |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | تاك |
| تەواوکەری CP | [ گوزارە برود ] |

**کەواتە ڕستەکان لە زمانی فارسیدا لە ڕوی وەرگرتنی هاوبەشەوە سێ جۆرن:**

| ژمارەی هاوبەش | هاوبەشەکان | ژمارەی فۆرم |
|---|---|---|
| ١ هاوبەشی | (↑بکەر) | ١ |
| ٢ هاوبەشی | (↑بکەر)، (↑بەرکار)<br>(↑بکەر)، (↑بەرکاری ٢)<br>(↑بکەر)، (↑تەواوکەری I)<br>(↑بکەر)، (↑تەواوکەر CP) | ٤ |
| ٣ هاوبەشی | (↑بکەر)، (↑بەرکار)، (↑بەرکاری ٢)<br>(↑بکەر)، (↑بەرکار)، (↑تەواوکەری CP)<br>(↑بکەر)، (↑بەرکاری ٢)، (↑تەواوکەری CP)<br>(↑بکەر)، (↑تەواوکەری I)، (↑تەواوکەری CP)<br>(↑بکەر)، (↑تەواوکەری I)، (↑تەواوکەری I) | ٥ |
| ٣ جۆر ڕستە | (↑بکەر) لە هەمو ڕستەیەکی فارسی هاوبەشی کارە بە پێی جۆر و فۆڕمەوە، ڕستەکە (↑بەرکار)، (↑بەرکاری ٢)، (↑تەواوکەری I)، (↑تەواوکەری CP) وەك هاوبەشەکانی تر هەڵدەبژێرێ. | ١٠ فۆڕم |

**٣-٥ ) باس و تەوەرەی ڕستە لە زمانی فارسیدا :**

ڕستە دو جۆری زانیاری دەگەیەنێ، یان زانیارییەکە کۆنە یان نوێیە. زانیارییە کۆنەکە باسە و زانیارییە نوێیەکە تەوەرەیە. باس ناوێکە بەهای بابەتی هەیە و قسەکەر هەواڵێکی لەبارەوە دەدا، بە واتایەکی تر باس بوار بۆ ئەو هەواڵە دەڕەخسێنێ کە بەدوایدا دێ ( داود مدنی، ٢٠١١، ١٢٢). تەوەرەش ئەو هەواڵەیە کە لەبارەی باسەوە دەدوێ.

لە زمانی فارسیدا، چەند توێژینەوەیەك لە بارەی ئەو بابەتەوە کراوە، (ئومید ئەمجەد) ڕای وایە باسکردنی باس(مبتدأ) و هەواڵ(خبر) پەیوەست نییە بە ڕێزمانی فارسییەوە و لە ڕێزمانی عەرەبیەوە هاتۆتە ناو ڕێزمانی فارسی. (امید امجد، ٢٠١٠ ، ٩٦). ئەمە لە حاڵەتێك ڕاستە کە تەنیا

لە ڕوانگەی ڕێزمانی دێرین لە ڕێزمانی فارسی بڕوانین، چونکە هەندێ لە ڕێزمانە نوێیەکان ئاوڕیان لە باس و تەوەرە داوەتەوە و ئەم بابەتە پەیوەست نییە بە زمانێکی دیاریکراو.

ڕێژە جیاوازەکانی ڕستە پێکهێنی تایبەتی خۆیان هەیە و بە مەبەستێکی دیاریکراو بەکاردێن. گەیاندنی زانیاریش پەیوەستە بە ڕێژەی ڕستەوە. لە خوارەوە، بابەتی باس و تەوەرەی ڕێژەکانی هەواڵگەیاندن و پرسیار و ئەمری لە زمانی فارسیدا دەخەینە ڕو.

٣٢٧) علی آمد. (عەلی هات.)

لە نمونەی سەرەوەدا، (علی) باس و (آمد) تەوەرەی ڕستەکەیە. بەردەوام هەوڵدەدرێ، ئاراستەکە لە باسەوە بەرەو تەوەرە بڕوا و بە زۆری ڕستە لە ڕێژەی هەواڵگەیاندن لە زمانی فارسیدا بە بکەر دەستپێدەکا. بکەر لای هەردو لایەنی پەیوەندیکردن (قسەکەر و گوێگر) ناسراوە. لە نمونەی (٣٢٧)دا (علی ) ناوێکی تایبەتییە و ناوی تایبەتی چەمکی ناسراویەتی تێدایە و دەبێتە باس، ناوی نەناسراو دەبێتە تەوەرە، جگە لەو حاڵەتانەی کە ناوەکە بە یارمەتی کەرەستەی تر نیشاندارکرابێ و بە هۆیەوە گوێگر بزانێ باسی کێ دەکرێ، بۆ نمونە:

٣٢٨) مردی آمد. (پیاوێك هات.)

لێرەدا ناوەکە نەناسراوە، نابێتە باسی ڕستە، چونکە نە قسەکەر و نە گوێگر زانیارییان لە بارەیەوە نییە و نایناسن.

٣٢٩) مردی کە دیروز خانە شما بود امروز هم می آید.

لە نمونەی (٣٢٩)دا قسەکەر بە یارمەتیی پاڕستە، ناوە نەناسراوەکە نیشاندار دەکا، ئەم نیشاندار کردنە دەبێتە هۆی ناسینەوەی پیاوەکە لای گوێگر. بۆیە لێرە ناوە نەناسراوەکە دەتوانێ ببێتە باسی ڕستە.

ژمارەی باس لە ڕستەدا سنوردار نییە و دەکرێ زیاتر لە باسێك لە ڕستەدا دەرکەوێ. (دبیر مقدم) بە باسی ١ و باسی٢ ناویان دەبا:

بکەر > بەرکار > بەرکاری٢> تەواوکەرەکانی ٢

باسی ١ باسی٢ نابنە باس (غیر مبتدا) (بە دەستکارییەوە محمد دبیر مقدم، ١٩٩٠، ١٢٢)

(دبیر مقدم) ڕای وایە بەرکار تەنیا لەو کاتانەدا دەبێتە باسی ٢ کە بە یارمەتی (را) نیشاندار کرابێ، ئەم نمونەیەی خوارەوەی بۆ هێناوە:




(سەرچاوەی پێشو، ٣٧، بە دەستکارییەوە)

لە حاڵەتی یەکەمدا، دو باس لە ڕستەدایە (بکەر و بەرکار) و لە حاڵەتی دوەمدا، کە بەرکار بە بێ (را)ی نیشانەی بەرکاری دەرکەوتوە، تەنیا باسێك لە ڕستەدا دەبینرێ.

لە خوارەوە هەندێ نمونە بۆ باس و تەوەرە لە ڕێژەی هەوالگەیاندن نیشاندەدەین:

٣٣٠) آن پسر آمد. (ئەو کوڕە هات.)

باس تەوەرە

٣٣١) <pro> آمد. (<pro> هات)

باس تەوەرە

٣٣٢) پلیس قاتل را   دستگیر کرد. (پۆلیس بکوژەکەی گرت.)

باس        تەوەرە

٣٣٣) قاتل   توسط پلیس دستگیر شد. (بکوژەکە لەلایەن پۆلیسەوە گیرا.)

باس        تەوەرە

٣٣٤-ا ) علی   نامەای برای حسین فرستاد. (عەلی نامەیەکی بۆ حوسێن نارد.)

باس             تەوەرە

٣٣٤- ب) نامە را   علی برای حسین فرستاد. (نامەکە عەلی بۆ حوسێنی نارد.)

باس             تەوەرە

٣٣٤- پ) برای حسین   علی نامە فرستاد. (بۆ حوسێن عەلی نامەیەکی نارد.)

باس             تەوەرە

وەك لە نمونەکانی (٣٣٤- ا،ب،پ)دا دەبینین، هەندێجار قسەکەر بە مەبەستی جیاوازەوە شوێنی کەرەستەکانی ڕستە دەگۆڕێ، ئەمەش وادەکا، کە نەتوانین بڵێین، لە هەمو ڕستەیەك بکەری ڕستە دەبێتە باس. لە نمونەکانی (٣٣٤-ب،پ)دا بکەر بۆتە تەوەرەی ڕستە.

لە ڕێژەی پرسیاریدا تەوەرەی ڕستە بابەتی پرسیارەکەیە. واتە، لەبارەی چییەوە پرسیار بکرێ، ئەو زانیارییە نەزانراوە، یا قسەکەر لێی دڵنیا نییە و دەیەوێ، زانیاریی تەواوی لەسەر تەوەرەکە دەستکەوێ. لە خوارەوەدا هەندێ نمونە بۆ باس و تەوەرە لە ڕێژەی پرسیاریدا دەخەینە ڕو:

٣٣٥) کی   بە علی گفتە است امروز کارخانە تعطیل است؟

باس                    تەوەرە   (کێ بە عەلیی وتوە ئەمڕۆ لە کارخانە دەوام نییە؟)

٣٣٦) دزد   چە چیزی را   بردەاست؟(دزەکە چی بردوە؟)

باس      تەوەرە         باس

٣٣٧) علی   کجا   رفتەاست؟ (عەلی بۆ  کوێ چوە؟)

باس   تەوەرە    باس

٣٣٨) نیامد؟        (نەهات؟)

تەوەرە

٣٣٩) کدام    پنجره را شکسته‌اند؟(کام پەنجەرەیان شکاندوە؟)

تەوەرە          باس

هەندێ نمونە بۆ باس و تەوەرە لە ڕێژەی فەرماندان دەخەینە ڕو:

٣٤٠) آن کتاب را    بیاور. (ئەو کتێبە بێنە.)

باس          تەوەرە

٣٤١) پنجره‌ها را    بازکن. (پەنجەرەکان بکەوە.)

باس        تەوەرە

٣٤٢) دست و صورتت را    بشوی.  (دەست و روخسارت بشۆ.)

باس          تەوەرە

٣٤٣) برو.  (برۆ)

تەوەرە

جگە لەو ڕێژانەی باسکران، هەندێ زمانەوان ڕێژەی سەرسوڕمانیش بە ڕێژەی ڕستە دادەنێن. لە ڕێژەی سەرسوڕمان هەمو ڕستەکە دەبێتە باس و لەو ڕێژەیەدا تەوەرە نییە، چونکە قسەکەر و گوێگر زانیاری تەواویان لەبارەی بابەتەکەوە هەیە. یاخود بە لای کەم قسەکەر مەزەندەی ئەوە دەکا، گوێگریش زانیاریی لەبارەی بابەتەکەوە هەیە.

٣٤٤) حسین در مسابقات استانی مقام نخست را کسب کرد !

باس

(حوسێن لە کێبرکێکانی پارێزگا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.)

**لە خوارەوە شێوازی تۆمارکردنی باس و تەوەرە لە شیکردنەوەی ڕستە، بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی-ئەرکی نیشاندەدەین.**

**٣٤٥) فردا من از بچەها مراقبت خواهم کرد. (بەیانی من ئاگاداری منداڵەکان دەبم.)**









**علی خانه را به حسین سپرد.(نمونەی ٣٢٣)**




**٣٤٦) پنجره را بازکن. (پەنجەرەکەی بکەوە.)**



**٣٤٧) علی گفت کی پنجره را شکستەاست؟ (عەلی وتی کێ پەنجەرەکەی شکاندوە؟)**






**٣-٥ ) فۆڕم دروستی ڕۆنانی ئەركی ڕستە لە زمانی فارسیدا :**

ڕێزمانی لێكسیكیی ئەركی سێ بنەمای بۆ فۆڕمی دروستی ڕۆنانی ئەركی داناوە، لە ڕۆنانی ئەركیی ڕستە لە زمانی فارسیدا، بە جیا باس لە هەریەك لەم بنەمایانە دەكەین.

**٣-٥-١ ) بنەمای ( یەكبون )ی ڕۆنانی ئەركیی ڕستە لە زمانی فارسیدا :**

كرۆكی بابەتی یەكبون، دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە كە نابێ هەر بگۆڕێك زیاتر لە یەك بەهای هەبێ، بە پێچەوانەوەی ئەمە، ڕستەكە لە ڕوی بنەمای یەكبون بە ڕستەیەكی فۆڕم نادروست دادەنرێ، ئاكامەكەشی ناڕێزمانی بونی ڕستە دەبێ. هەندێ نمونە بۆ فۆڕم نادروستی بە پێی بنەمای یەكبون:

٣٤٨) آن مردی رفت. (ئەو پیاوێك ڕۆیشت.)

| | |
|---|---|
| كەس | 3 |
| ژمارە | تاك |
| ناسراوی | — ی + آن |
| گوزارە | 'مرد' |

لە نمونەی (٣٤٨)دا بگۆڕی ناسراوی دو بەهای وەرگرتوە، لە فارسیدا، ناسراوی بە یارمەتی دیارخەری نیشان (این/آن) دەكرێ. جگە لە ناسراویەكە، ناوێك بە یارمەتی (-ی) نەناسراوی بۆتە نەناسراو، بگۆڕی ناسراوی لە یەك كاتدا دو بەهای وەرگرتوە، بۆیە بە پێی بنەمای یەكبون ڕستەی سەرەوە فۆڕم نادرستە و ڕستەی فۆڕم نادروستیش ڕستەی ناڕێزمانی بەرهەم دێنێ:



٣٤٩) <u>يك دانشجوها</u> رفتند. (یەك قوتابیەكان هات.)

| | |
|---|---|
| كەس | 3 |
| ژمارە | كۆ (ها) |
| دیارخەر | [ژمارە يك] |
| گوزارە | 'دانشجو' |

یەكێ لەو دیارخەرانەی لە پێشەوەی ناو دەردەكەوێ، ژمارەیە. كاتێ ژمارە دەبێتە دیارخەری پێشەوەی فرێزەكە، پێویستە ئاگاداری یەكبونی نێوان ژمارەی ناوەكە و دیارخەرەكە بین. پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە كرد كە (يك) تاكە و زیاتر لە یەك دەبێتە كۆ. دیارخەری ژمارە كاریگەری هەیە لەسەر بەهای ژمارەی گوزارەی فرێزەكە. لە نمونەی سەرەوە گوزارەكە لە ڕوی ژمارەوە كۆیە و ژمارەی دیارخەرەكە تاكە:




ئەمەش وادەكا، بە پێی بنەمای یەكبون، ڕستەیەكی فۆڕم نادروستمان هەبێ.

*



بابەتێکی تر کە دەکرێ بە پێی بنەمای یەکبون فۆڕم دروستی یا نادروستییەکەی پیشانبدرێ، ڕێککەوتنی نێوان ڕاناوی خۆییە لە ڕوی کەس و ژمارەوە، لەگەڵ کەس و ژمارەی بۆگەڕاوەکەی. ئەگەر ڕێککەوتن هەبو لە نێوانیان، ئەمە فۆڕم دروستە، بە پێچەوانەوە، دەبێتە ڕستەیەکی فۆڕم نادروست و لە ئەنجامدا ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەرهەمدێ:

٣٥٠) علی خودت را کشت. (عەلی خۆت کوشت)




علی خودت را کشت.☹ ← علی خودت را کشت. *

لە نمونەی سەرەوەدا، کەسی ڕاناوی خۆیی لەگەڵ بۆگەڕاوەکەی یەکناگرنەوە. لەبەر ئەوەی لەم نمونەیەدا دو بەهای جیاواز هەیە لە نێوان دەرکەوتەی (ڕاناوە خۆیی)یەکەی و ئەو ڕاناوەی کە لەلایەن بۆگەڕاوەکەی بۆ بگۆڕەکە دەستنیشانکراوە ، دەبێتە خاوەنی دو بەهای جیاواز، ئەمەش لە ڕۆنانی ئەرکیی ڕستەدا دژی بنەمای یەکبونە، بەم پێیە، نمونەکە فۆڕم نادروستە و دەبێتە ڕستەی ناڕێزمانی.

بابەتێکی تر کە دەتوانین لە ڕێگەی بنەمای یەکبون، لە فۆڕم دروستی ڕۆنانی ئەرکی دڵنیا ببینەوە، ڕێککەوتنە لە نێوان بکەر و ڕاناوی لکاوی بکەری.

٣٥١) من رفتØ. (من ڕۆیشتØ.)




من رفتØ. ☹ ← من رفتØ. *

٣٥٢) من رفتیم. (من ڕۆیشتین.)




من رفتیم. ☹ ← من رفتیمØ. *

لە نمونەکانی (٣٥١) و (٣٥٢)دا بکەرەکان خاوەنی بگۆڕێکن کە بە دو بەهای جیاوازەوە بەرجەستە کراون. لە نمونەی (٣٥١)دا، بگۆڕی کەسی بکەر دو بەهای هەیە، یەکیان هی بکەرەکەیە کە (کەسی یەکەم)ە، دوەمیان کەسی بکەرە داواکراوەکەی گوزارەی ڕستەیە کە (کەسی سێیەم)ە، بۆیە دەبێتە فۆڕم نادروست. لە نمونەی (٣٥٢)دا، بگۆڕی ژمارەی بکەر دو بەهای وەرگرتوە، یەکەمیان هی خودی بکەرەکەیە کە (تاك)ە و دوەمیان ژمارەی (کۆ)ی بکەرە داواکراوەکەی گوزارەیە. نەبونی هاونیشانەیی لەم دو نمونەیەدا وادەکا، بگۆڕەکە ببێتە خاوەنی دو بەها، ئەمەش لە بنەمای یەکبون ڕێگەی پێنادرێ.

**٣-٥-٢ ) بنەمای( تەواوی )ی ڕۆنانی ئەرکیی ڕستە لە زمانی فارسیدا :**

**مەبەست لە بنەمای (تەواوی)، دەرکەوتنی هەمو هاوبەشکانی گوزارەیە لە ڕستەدا، بە پێچەوانەوە، ئەو ڕستانەی هەمو هاوبەشەکانی نەبن، بە ڕستەی فۆڕم نادروست دادەنرێن و دەبنە هۆی نارێزمانێتی ڕستە. بۆ نمونە:**

**٣٥٣) من گرفتم. (من گرتم.)**




**فۆڕم گەردانی (گرفتن)، پێویستیی بە بکەر و بەرکار هەیە. لە زمانی فارسیدا، بەرکار دەتوانێ، بە دو شێوە دەرکەوێ، یا بە شێوەیەکی بەرجەستە، یا بە شێوەی جێگرتنەوەی بەرکار لە لایەن ڕاناوی کەسیەوە. لە ڕۆنانی ئەرکیی نمونەی سەرەوەدا، بەرکار نە بەشێوەی بەرجەستە دەرکەوتوە، نە بەجێگرتنەوە لە لایەن ڕاناوی کەسی کە بۆ بەرکار بگەڕێتەوە. دەرنەکەوتنی یەکێ لە هاوبەشەکانی کارەکە وادەکا ڕستەیەکی فۆڕم نادروست بەرهەم بێ کە دەبێتە هۆی نارێزمانێتی ڕستەکە.**

### ٣-٥-٣ ) بنەمای( گونجان )ی ڕۆنانی ئەرکیی ڕستە لە زمانی فارسیدا :

بنەمای (گونجان) ڕێگا بە دەرکەوتنی هاوبەشی زیاتر نادا، تەنیا ڕێگا بەو هاوبەشانە دەدا لە ڕستە دەرکەون کە گوزارەی ڕستە وەك هاوبەش هەڵیاندەبژێرێ، ئەگەر وانەبێ، ئەو ڕستەیە بە ڕستەی فۆڕم نادروست دادەنرێ و دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانی. بۆ نمونە:

٣٥٤) من پیراهن را کاپشن را خریدم. (من کراسێك قەمسەڵەیەکم کڕی.)

من (پیراهن)را (کاپشن)را خریدم.

بکەر بەرکار بەرکار




*من پیراهن را کاپشن را خریدم.☹ من پیراهن را کاپشن را خریدم.

من کاپشن را خریدم. ☺ من پیراهن را خریدم. ☺

### ٣-٦ ) کۆنترۆڵ لە ڕستەی زمانی فارسیدا :

بابەتی کۆنترۆڵ پەیوەستە بە تەواوکەر و سەرباری کراوەوە (XCOMP,XADJ)، تەواوکەر و سەرباری کراوەش ئەوانە بون کە بکەرەکانیان لە دەرەوە کۆنترۆڵ دەکرا. بە زۆری لەو حاڵەتانە بەرچاو دەکەون کە چاوگێکیان (کاری بێکات و کەس) لەگەڵ دەرکەوتوە، بەڵام بەو پێیەی کە لە زمانی فارسیدا، هەمو کارێك بکەری خۆی هەیە (هەندێجار بە بکەری بۆش دەردەکەوێ)و لەوکاتانەی کە فۆڕمی فەرهەنگی کار لە ڕستەدا دەردەکەوێ، وەکو ناو هەڵسوکەوت دەکا، دەتوانین بڵێین، جۆرە کراوەکانی سەربار و تەواوکەر لە زمانی فارسیدا نین، ئەمەش وادەکا، بە پێی ئەو پێناسە و سنوردانانەی (بڕوانە ل ٥٢) ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی بۆ ئەم بابەتە (کۆنترۆڵ) کردویەتی، لە زمانی فارسیدا کۆنترۆڵ لە دەرەوەی سنوری ڕستەدا نییە.

# بەشی چوارەم
# بەراوردی ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی
# لە زمانی کوردی و فارسیدا

## ٤-١ ) سەرەتا :

لەم بەشەدا باسی لایەنە لێکچو و جیاوازەکانی ڕستە لە هەردو زمانی کوردی و فارسیدا دەکەین. بەراوردەکە هەر دو ئاستی ڕۆنانی پێکهاتە و ڕۆنانی ئەرکی دەگرێتە خۆی. جگە لە بگۆڕ و بەهاکانی تەواوکەرەکان و سەربار کە تەنیا لە نمونەکان نیشاندرابون، بە پێی ڕیزبەندیی بابەتەکان لە بەشەکانی دوەم و سێیەم بەراوردەکە ئەنجامدەدەین.

## ٤-٢ ) ڕۆنانی پێکهاتەی ڕستە لە زمانی کوردی و فارسیدا :

لە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکیدا، هێڵکاری درەختیی شیکردنەوەی ڕوکەشی ڕستە، کرۆکی کاری ڕۆنانی پێکهاتەیە. بەم پێیە بۆ بەراوردکردنی ڕۆنانی پێکهاتەی زمانەکانی کوردی و فارسی، پێویستە بەراوردی فرێزەکانی ئەم دو زمانە بکەین، بە دەستنیشانکردنی لایەنی لێکچو و جیاوازی فرێزەکان لە شیکردنەوەی ڕوکەشی ڕستەدا، بەراوردی ڕۆنانی پێکهاتەمان ئەنجامدەدەین.

### ٤-٢-١ ) جۆرەکانی فرێز لە زمانی کوردی و فارسیدا :

فرێز و جۆرەکانی لە هەردو زمانەکەدا پەیڕەوی بنەماکانی تیۆری ئێکس-باڕ دەکا و بە پێی جۆری سەرەی فرێزەکانیان خاوەنی دو جۆر فرێزن، فرێزی لێکسیکی و فرێزی ئەرکی. لە خوارەوە بە جیا بەراوردی جۆرە جیاوازەکانی فرێز لە زمانی کوردی و فارسیدا دەکەین .

**٤-٢-١-١ ) فرێزی لێکسیکی لە زمانی کوردی و فارسیدا :**

**بونی سەرەی لێکسیکی، مەرجی سەرەکی دروستبونی ئەم جۆرە فرێزەیە لە هەر زمانێکدا. لە زمانی کوردی و فارسیدا ژمارەی فرێزە لێکسیکییەکان وەك یەکن، لە هەر کامەیان (٤) جۆر فرێزی لێکسیکی هەیە: فرێزی ناوی، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی بەند و فرێزی ئاوەڵکاری.**

**٤-٢-١-١-١ ) فرێزی ناوی لە زمانی کوردی و فارسیدا :**

**لە هەردو زمانەکەدا، سەرەی ئەم جۆرە فرێزە، ناوە، یا ڕاناوی سەربەخۆیە.**

**فرێزی ناوی**

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
|   |   |

**وەك لە بەراوردی فرێزی ناوی کوردی و فارسیدا دەبینین، فرێزی ناوی لە هەردو زمانەکەدا سەرە کۆتایە و دیارخەرەکان تەنیا لە پێش سەرەوە دێن. بە واتایەکی تر فرێزی ناوی لە کوردی و فارسیدا، لە دوای سەرە فراوان ناکرێن. دیارخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ناوی لەم دو زمانە نیشاندەدەین:**






جۆر و ژمارەی دیارخەرەکان لە هەردو زمان وەك یەکن. بەو پێیەی سەرە و دیارخەرەکانی فرێزی ناوی لە هەردو زمان وەك یەك بون. دەتوانین بڵێین، فرێزی ناوی لە زمانی کوردی و فارسیدا وەکو یەکە.

## ٤-٢-١-١-٢ ) فرێزی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردی و فارسیدا :

ئاوەڵناو لە هەردو زمانەکەدا سەرەی ئەم جۆرە فرێزەیە. لە ڕوی دەرکەوتنەوە بەردەوام ئاوەڵناو دەبێتە بەشێك لە فرێزێکی تر. ئەم فرێزە لە کوردی و فارسیدا هەم لە پێشەوە و هەم لە دواوە فراوان دەکرێ.




لە هەردو زمانەکەدا، ئاوەڵناوی پلەی بەراورد بە لای کەم پێویستی بە فرێزێکی بەند هەیە. سەرەی ئەم فرێزە بەندە لە زمانی کوردیدا (لە) یە و لە زمانی فارسی (از)ە.

٣٥٥-ك)جوانتر لە گوڵ        ٣٥٥-ف)زیباتر از گل

لە زمانی کوردی و فارسیدا (ڕادە ) و پلەی باڵا پێکەوە لە فرێزی ئاوەڵناوی دەرناکەون، بەڵام پێکەوە هاتنی (ڕادە) و (پلەی بەراورد) لە فرێزێکی ئاوەڵناویدا ڕێگە پێدراوە.

٣٥٦-ك)زۆر جوانتر لە گوڵ        ٣٥٦-ف) بسیار زیباتر از گل

*زۆر جوانترین گوڵ        *بسیار زیباترین گل

بەم پێیە فرێزی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردی و فارسیدا وەك یەکە.

### ٤-٢-١-١-٣ ) فریزی بەند لە زمانی کوردی و فارسیدا :

**لە هەردو زمانەکەدا، ئامرازی پەیوەندی سەرەی ئەم فریزەیە. سەرە سەرەتایی فریزی بەند بە لایەنێکی لێکچونی ئەم فریزە لە هەردو زمان دادەنرێ.**

**فریزی بەند**

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
| --- | --- |







**فریزی بەند لە زمانی کوردی و فارسیدا ئەم جیاوازیانەی خوارەوەی هەیە:**

**أ) فریزی بەند لە زمانی کوردیدا، هەندێ کات کە تەواوکەری ئامرازی پەیوەندی ڕاناوی لکاو بێ، بە یارمەتی ئامرازی پەیوەندی (پێ، تێ، لێ) ئەم جۆرە فریزانە پێکدێ. بە واتایەکی تر، ئەم ئامرازانە جگە لە تەواوکەری ڕاناوی لکاو، هیچ جۆرە تەواوکەرێکی تر وەرناگرن. جگە لەم ئامرازانەی باسکران ئامرازی پەیوەندیی (ە) تەنیا لە دوای کار دەردەکەوێ، جگە لەم شوێنە ناتوانێ لە شوێنی تر دەرکەوێ. ئەمە وادەکا ئامرازە پەیوەندییەکان لە کوردیدا بە پێی چۆنیەتی بەکارهێنانیان بۆ سێ بەش پۆلین بکرێن:**

**١- ئەوانەی تەنیا ڕاناوی لکاو بە تەواوکەر وەردەگرن، وەك: (پێ، تێ، لێ).**

**٢- ئەو ئامرازەی تەنیا دەتوانێ دوای کار دەرکەوێ، وەك: (ە).**

**٣- ئەو ئامرازانەی کە هەمو جۆرە تەواوکەرێك وەردەگرن و شوێنی دیاریکراویان نییە، وەك: (بە، بۆ، لە، تا).**

**ب) فریزی بەند لە هەندێ حاڵەتدا (بڕوانە ل ٦٧) پاشکۆی ئامرازی پەیوەندی وەردەگرێ، کە دەکەوێتە کۆتایی فریزەکە، بەڵام فریزە بەندەکان لە فارسیدا پاشکۆیان نییە.**

فرێزی بەند لە زمانی کوردی و فارسیدا لێکچون و جیاوازیان هەیە. لێکچونەکە لە جۆر و شوێنی دەرکەوتنی سەرە و تەواوکەرەکەیەتی. جیاوازییەکانیش لەم هێڵکارییە نیشاندەدەین:

فرێزی بەند

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| ± پاشکۆ | - پاشکۆ |
| ± جۆری تەواوکەری تایبەتی بۆ ئامراز | - جۆری تەواوکەری تایبەتی بۆ ئامراز |
| ± شوێنی دیاریکراو بۆ فرێزی بەند | - شوێنی دیاریکراو بۆ فرێزی بەند |

**٤-٢-١-١-٤ ) فرێزی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردی و فارسیدا :**

ئاوەڵکار، سەرەی فرێزی ئاوەڵکاریە، لە هەردو زمانی کوردی و فارسیدا و ڕۆنانی ئەگەرەکانی پێکهێنانی ئەم جۆرە فرێزە لە هەردو زماندا وەکو یەکە.

فرێزی ئاوەڵکاری

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| AdvP → ( ڕادە) ئاوەڵکار<br>(ڕادە) ئاوەڵکار + تر + PP (لە) یی | AdvP → ( ڕادە) ئاوەڵکار<br>(ڕادە) ئاوەڵکار + تر + PP (از) ی |

**٤-٢-٢ ) فرێزە ئەرکییەکان لە زمانی کوردی و فارسیدا :**

لە هەردو زمانەکەدا، ئەرکێکی سینتاکسی دەبێتە سەرەی ئەم جۆرە فرێزە. ژمارەی فرێزە ئەرکییەکانی زمانی فارسی ٨ فرێزە و فرێزێکی ئەرکی لە زمانی فارسی هەیە، کە لە زمانی کوردیدا نییە. فرێزە ئەرکییەکانی زمانی کوردی و فارسی ئەمانەن:




**٤-٢-٢-١ ) فرێزی دیارخەری لە زمانی کوردی و فارسیدا :**

**فرێزی دیارخەری لە کوردی و فارسیدا وەك یەك نین، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی سیستەمی ناسراوی جیاواز. زمانی کوردی بۆ ناسراوی مۆڕفیمی تایبەتی هەیە، بەڵام لە زمانی فارسیدا تەنیا مۆڕفیمی نەناسراوی هەیە.**

**بە شێوەیەکی گشتی فرێزی دیارخەری بە دو شێوە دەکرێ:**

**١- نیشاندار کردن بە یارمەتیی ئامرازی نیشانە.**

**٢- ناسراوی و نەناسراوی.**

**لە خوارەوە لێکچون و جیاوازییەکانی فرێزی دیارخەری لە زمانی کوردی و فارسیدا نیشاندەدەین:**

**فرێزی دیارخەری**

| **زمانی کوردی** | **زمانی فارسی** |
|---|---|
| **١- بە یارمەتی ئامرازی نیشانە.** | **١- بە یارمەتی ئامرازی نیشانە.** |
| **٢- بە یارمەتی مۆڕفیمی نەناسراوی.** | **٢- بە یارمەتی مۆڕفیمی نەناسراوی.** |
| **٣- بە یارمەتی مۆڕفیمی ناسراوی.** | |

کەواتە، ئەو کەرەستانەی فرێزی دیارخەری لە زمانی کوردیدا دروستدەکەن، ژمارەیان زیاترە لەو کەرەستانەی کە فرێزی دیارخەری لە زمانی فارسی دروستدەکەن. جگە لە ئەمە، تایبەتمەندی لەتبونی ئامرازی نیشانە لە زمانی کوردیدا (ئەم...ە/ ئەو...ە) جیاوازیەکی تری فرێزی دیارخەرییە لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا.




لە زمانی کوردی و فارسیدا جیاوازی هەیە لە هەڵسوکەوتی مۆرفیمی نەناسراوی لە ڕوی دەرکەوتنەوە لە فرێزدا. لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی نەناسراوی جگە لەو کاتانەی کە مۆرفیمی کۆی پێشی کەوتوە (ساڵانێك، خەڵکانێك،...هتد) لە هەمو حاڵەتەکانی تردا بە ناوەوە دەلکێ، بەڵام لە زمانی فارسیدا، مۆرفیمی نەناسراوی دەکەوێتە کۆتایی فرێزەوە.

٣٥٧-ك) خەڵکانێکی دلێر و بوێر بون. ٣٥٧-ف) مردمان دلیر و شجاعی بودند.

٣٥٨-ك) کوڕێکی زیرەك و بەتوانا بو. ٣٥٨-ف) پسر باهوش و باستعدادی بود.

٣٥٩-ك) کوڕێك هات. ٣٥٩-ف) پسری آمد.

### ٤-٢-٢-٢ ) فرێزی خاوەندارێتی لە زمانی کوردی و فارسیدا :

فرێزی خاوەندارێتی لە کوردی و فارسیدا وەکو یەکن، تاکە جیاوازییان لە جۆری ئەو ئامرازەیە کە ئەم ڕۆلە دەبینێ، لە کوردیدا، فرێزی خاوەندارێتی بە یارمەتی مۆڕفیمی (ی) پێکدێ، بەڵام لە فارسیدا، ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی ژێر( ِکەسرە) و لە هەندێ حاڵەت و بە پێی کاریگەریی ئەو دەنگەی ژێرەکەی بۆ زیاد دەکرێ، بە (ی) دەردەکەوێ.

فرێزی خاوەندارێتی

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
|  |  |

### ٤-٢-٢-٣ ) فرێزی خستنەسەر لە زمانی کوردی و فارسیدا :

جۆر و ژمارەی ئەو ئامرازانەی کە ڕۆڵی خستنەسەریان هەیە، دەبنە هۆی دروستکردنی جیاوازی لە فرێزی خستنەسەر لە زمانی کوردی و فارسیدا. لە زمانی فارسیدا ژێر ( لە هەندێ حاڵەتدا دەبێتە (- ی)) ئەرکی دروستکردنی خستنەسەری هەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی فرێزی خستنەسەر ئەوەیە کە ئامرازەکە بە پێی ناسراوی یان نەناسراوی دیاریکەر هەڵدەبژێردرێ، بەو واتایەی ئەگەر دیاریکەر ناسراو بو، مۆڕفیمی(ە) ڕۆڵی خستنەسەری دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام ئەگەر  دیاریکەر نەناسراو (ی) ئەم ڕۆڵە دەبینێ.

**فرێزی خستنەسەر**

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
| --- | --- |
|  |  |

لە زمانی کوردیدا دو مۆرفیمی خستنەسەر هەن بۆ ناوە ناسراو یا نەناسراوەکان. هەرچی زمانی فارسیە، تەنیا مۆرفیمێکی خستنەسەری هەیە، ناوەکە ناسراو بی یا نەناسراو.

**٤-٢-٢-٤ ) فرێزی ژمارە لە زمانی کوردی و فارسیدا :**

لە هەردو زمانەکەدا مۆرفیمی کۆ سەرەی ئەم فرێزەیە. زمانی کوردی و فارسی هەردوکیان کاریگەریی زۆری زمانی عەرەبیان لە سەرە، چەند مۆرفیمێکی کۆی عەرەبی هاتۆتە ناو ئەم دو زمانە وەك (ات، جات، وات)، جگە لەو مۆرفیمە کۆیە عەرەبیانەی لە هەردو زمانەکە بەکاردێن، لە زمانی فارسیدا چەند مۆرفیمێکی تری کۆی عەرەبی وەکو (ین، ون)یش بەکار دێ، لەم ڕوەوە کاریگەرییەکە هەر بەوەندە نەوەستاوە و تەنانەت کۆی شکاوە (جمع تکسیر/ کۆی ناوێزە)ی عەرەبیش هاتۆتە ناو فارسییەوە. ئەو مۆرفیمە کۆیانەی لەم دو زمانە دەبنە سەرە ئەوانەن:

**مۆرفیمی کۆ**

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
|  |  |

**له زمانەکانی کوردی و فارسیدا هەڵسوکەوتی مۆرفیمە کۆیەکان لە ناو فرێزی ژمارەدا وەك یەك نییە. لە زمانی کوردیدا دو شوێنی جیاوازی هەیە:**

**١- مۆرفیمی کۆ بە ناوەوە دەلکێ: مامۆستایان، ژنان.**

**٢- مۆرفیمی کۆ لە ناوی ناسراودا دەکەوێتە دوای مۆرفیمی ناسراوی: قوتابییە زیرەکەکان.**

**٣- مۆرفیمی کۆ لە ناوی نەناسراو دەکەوێتە پێش مۆرفیمی نەناسراوی: خەڵکانێك، ڕۆژانێك.**

**کەچی لە زمانی فارسیدا مۆرفیمە کۆیەکان بەردەوام بە ناوەوە دەلکێن. دانشجویان با استعداد.**

### ٤-٢-٢-٥ ) فرێزی دۆخ لە زمانی کوردی و فارسیدا :

**فرێزی دۆخ تاکە فرێزێکی ئەرکییە کە لە زمانی فارسیدا هەیە، بەڵام لە زمانی کوردی نییە. ئەم فرێزە سەرە کۆتایە.**

**فرێزی دۆخ**

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| **لە کوردیدا نییە.** |  |

### ٤-٢-٢-٦ ) فرێزی گەردانی لە زمانی کوردی و فارسیدا :

فرێزی گەردانی لە هەردو زمانەکە وەکو یەکە:

**فرێزی گەردانی**

<table>
<tr><th>زمانی کوردی</th><th>زمانی فارسی</th></tr>
<tr><td>
</td><td>
</td></tr>
</table>

لەم هێلکارییەکەی سەرەوەدا دەبینین لە دەرکەوتندا فرێزی گەردانی لە هەردو زمانەکەدا دو ئەگەری جیاوازی لەبەردەمدایە و جۆری گوزارەی ڕستە بڕیار لەسەر ئەوە دەدا کامەیان هەڵبژێرێ. لە فۆڕمی دوەمی دەرکەوتنی فرێزی گەردانی شێوازی تیرەکانی تەواوکەری (أ) هاوشێوەی (أ)ە.

### ٤-٢-٢-٧ ) فرێزی گەیەنەری لە زمانی کوردی و فارسیدا :

فرێزی گەیەنەری لە هەردو زمانەکەدا وەکو یەکە:

**فرێزی گەیەنەری**

<table>
<tr><th>زمانی کوردی</th><th>زمانی فارسی</th></tr>
<tr><td>
</td><td>
</td></tr>
</table>

### ٤-٢-٢-٨ ) فرێزی لێکدەر لە زمانی کوردی و فارسیدا :

فرێزی لێکدەر لە هەردو زمانەکەدا وەکو یەکە:

فرێزی لێکدەر

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
| --- | --- |
|   |   |

لە هێڵکاری خوارەوە فرێزە لێکچو و جیاوازەکانی زمانی کوردی و فارسی نیشاندەدەین:




### ٤-٣ ) ڕۆنانی ئەرکی ڕستە لە زمانی کوردی و فارسیدا :

بۆ نیشاندانی لێکچون و جیاوازیی ڕۆنانی ئەرکی ڕستە لە زمانی کوردی و فارسیدا، پێویستە لەم دو زمانەدا باس لە لێکچون و جیاوازیی بەهای بگۆڕەکانیان بکەین.

**٤-٣-١- ) بگۆڕ و بەهاکانیان لە زمانی کوردی و فارسیدا :**

زمانی کوردی و فارسی سەر بە یەك خێزانی زمانین و پەیوەندیی خزمایەیتی نزیکیان هەیە. بەم پێیە بگۆڕەکانیان وەك یەکە، لە ڕوی ئەرکییەوە بەهای بگۆڕەکان و یاسا ڕێزمانییەکان جیاوازی لە نێوانیان دروستدەکا. لە خوارەوە بەراوردی بگۆڕ و بەهاکانی بکەر و بەرکار، بەرکاری٢، سەربار و تەواوکەرەکان دەکەین:

**٤-٣-١-١- ) بگۆڕ و بەهاکانی بکەر لە زمانی کوردی و فارسیدا :**

بکەر لە زمانی کوردی و فارسیدا هەمو ئەو بەهایانەی هەیە کە لە کەوانەی خوارەوەدا نوسراوە:




بە مەبەستی زیاتر وردبونەوەی بەراوردەکە، بە جیا باسی لێکچون و جیاوازیی بەهای بگۆڕەکانی ناو کەوانە دەکەین.

**٤-٣-١-١-١ ) ژمارەی بکەر لە زمانی کوردی و فارسیدا :**

هەردو زمان پێڕەوی یەك سیستەمی ژمارەیی دەکەن کە بریتییە لە سیستەمی دوانەیی، واتە تاکی و کۆیی:

ژمارەی بکەر

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| تاك / کۆ | تاك / کۆ |
| تاك = ١ | تاك = ١ |
| کۆ > ١ | کۆ > ١ |

لەو کاتانەی کە بکەری ڕستە لە فرێزێکی لێکدەر پێکدێ بەردەوام ژمارەی بکەر کۆ دەبێ:

ژمارەی بکەر لە فرێزی لێکدەر

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
| --- | --- |
| تاك + تاك / کۆ = کۆ | تاك + تاك / کۆ = کۆ |
| ١ + ١ = ٢ > ١ ← کۆ | ١ + ١ = ٢ > ١ ← کۆ |
| ژمارەی بکەر لە فرێزی لێکدەر = کۆ | ژمارەی بکەر لە فرێزی لێکدەر = کۆ |

لە هەردو زمانەکەدا دیارخەری ژمارەیی و مۆرفیمی کۆ کاریگەرییان بە سەر ژمارەی بکەرەوە هەیە:

٣٦٠) دو قوتابی [ ژمارەی بکەر کۆ ]

٣٦١) دو دانشجو [ ژمارەی بکەر کۆ]

٣٦٢)دراوسیەکان [ ژمارەی بکەر کۆ]

٣٦٣) همسایەها [ ژمارەی بکەر کۆ]

بەم پێیە ژمارەی بکەر لە زمانی کوردی و فارسیدا وەك یەکە.

**٤-٣-١-١-٢ ) کەسی بکەر لە زمانی کوردی و فارسیدا :**

لە زمانی کوردی و فارسیدا، کەسی بکەر وەك بگۆڕێك سێ بەهای هەیە، کە لە دەرکەوتنی ناو ڕستەدا تەنیا یەکیان دەردەکەوێ. بە واتایەکی تر، لە یەك کاتدا کەسەکان پێکەوە نایێن:

کەسی بکەر

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
| --- | --- |
| ٣/٢/١ | ٣/٢/١ |

لیکدانی کەسەکان لە هەردو زماندا هاوشێوەن:

**کەسی بکەر لە فرێزی لێکدەر**

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
| --- | --- |
| (١) + (٢) / (٣) / (٢ و ٣) = (١) | (١) + (٢) / (٣) / (٢ و ٣) = (١) |
| (٢) = (٣) + (٢) | (٢) = (٣) + (٢) |
| (٣) = (٣) + (٣) | (٣) = (٣) + (٣) |

**٤-٣-١-١-٣ ) بکەر لە ڕوی ناسراوییەوە لە زمانی کوردی و فارسیدا :**

**جگە لەوەی کە ئامرازی نیشانە لە هەردو زماندا، بە مەبەستی نیشاندارکردن بەکاردەهێنرێ و وەك یەکە. لە ڕوی سیستەمی ناسراوییەوە زمانی کوردی و فارسی جیاوازییان لە نێواندا هەیە. زمانی کوردی لەو جۆرە زمانانەیە، کە ناسراوی و نەناسراوی مۆڕفیمی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام زمانی فارسی تەنیا مۆڕفیمی نەناسراوی هەیە.**

**ناسراوی**

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
| --- | --- |
|  |  |

**لە خشتەی سەرەوە تەنیا باسی ناسراوی و نەناسراوی ڕێزمانی کراوە.**

**٤-٣-١-١-٤ ) دیارخەری بکەر لە زمانی کوردی و فارسیدا :**

**دیارخەرەکانی پێشەوەی بکەر لە زمانی کوردی وفارسیدا وەك یەکن.**

**دیارخەری پێشەوە**

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
| --- | --- |
| ١) تاکبەند | ١) تاکبەند |
| ٢) ژمارە | ٢) ژمارە |
| ٣) بریناو | ٣) بریناو |
| ٤) ئاوەڵناوی پلەی باڵا | ٤) ئاوەڵناوی پلەی باڵا |

### ٤-٣-١-١-٥ ) گوزارەی بکەر لە زمانی کوردی و فارسیدا :

لە زمانی کوردی و فارسیدا، ئەو ناوە یا ڕاناوە کەسییەی کارەکەی ئەنجامداوە، دەبێتە بکەری ڕستە. مەرج نییە، گوزارەی بکەر سەرەی ئەو فرێزە بێ کە لە ڕستەکەدا ڕۆلی بکەری بینیوە. بۆ نمونە لە فرێزەکانی ژمارە، خاوەندارێتی، دیارخەری و خستنەسەری لەبەر ئەوەی سەرەی فرێزەکە ئەرکە و لێکسیك نییە، نابن بە گوزارە، ئەمە وادەکا لە ڕۆنانی ئەرکیدا گوزارەی بکەر یەکسان نەبێ بە سەرەی فرێزەکان لە ڕۆنانی پێکهاتەدا.

هەروەها ئەم دو زمانە ڕێگە بە دەرکەوتنی بکەری بۆش (pro) دەدەن. بۆیە گوزارەی بکەر لەم دو زمانە وەکو یەکە.

لێکچون و جیاوازییەکانی بکەر لە کوردی و فارسیدا لە ناو ئەم کەوانانە کۆ دەکەینەوە:

بگۆڕ و بەهاکانی بکەر

| زمانی کوردی | | | زمانی فارسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | تاك/كۆ | | ژمارە | تاك/كۆ |
| | کەس | 3/2/1 | | کەس | 3/2/1 |
| بکەر | ناسراوی | +(1) ئامرازی نیشانە (2)م. ناسراوی / – .م نەناسراوی | بکەر | ناسراوی | + ئامرازی نیشانە / – .م نەناسراوی |
| | دیارخەر | تاکبەند /ژمارە/بریناو / ئاوەڵناوی پلەی باڵا | | دیارخەر | تاکبەند /ژمارە/بریناو / ئاوەڵناوی پلەی باڵا |
| | گوزارە | '...' | | گوزارە | '...' |

وەك لە ناو کەوانەکاندا ئاماژەی پێکراوە، تاکە جیاوازی نێوان بگۆڕ و بەهاکانی بکەر لە زمانی کوردی و فارسیدا، لە بەهای ناسراوی بکەرە و بەهای گشت بگۆڕەکانی تر وەك یەکە.

### ٤-٣-١-٢- ) بگۆڕ و بەهاکانی بەرکار لە زمانی کوردی و فارسیدا :

بە شێوەیەکی گشتی، لە زمانی کوردیدا، گشت بگۆڕ و بەهاکانی بەرکار وەك بگۆڕ و بەهاکانی بکەرە، بەڵام لە زمانی فارسیدا، تاکە جیاوازییەك لە نێوان بگۆڕو بەهاکانی بکەر و بەرکار هەبێ دەرکەوتنی (را)ی نیشانەی بەرکارییە، لە دوای هەندێ لە گوزارەکانی بەرکاردا.

**زمانی کوردی**

| بگۆڕ و بەهاکانی بکەر | | بگۆڕ و بەهاکانی بەرکار | |
|---|---|---|---|
| ژمارە | تاك/کۆ | ژمارە | تاك/کۆ |
| کەس | 3/2/1 | کەس | 3/2/1 |
| بکەر ناسراوی | + 1) ئامرازی نیشانە 2)م. ناسراوی/ – .م نەناسراوی | بەرکار ناسراوی | + 1) ئامرازی نیشانە 2)م. ناسراوی/ – .م نەناسراوی |
| دیارخەر | تاگبەند/ ژمارە/بریناو / ئاوەڵناوی پلەی باڵا | دیارخەر | تاگبەند/ ژمارە/بریناو / ئاوەڵناوی پلەی باڵا |
| گوزارە | '...' | گوزارە | '...' |

**زمانی فارسی**

| بگۆڕ و بەهاکانی بکەر | | بگۆڕ و بەهاکانی بەرکار | |
|---|---|---|---|
| ژمارە | تاك/کۆ | ژمارە | تاك/کۆ |
| کەس | 3/2/1 | کەس | 3/2/1 |
| بکەر ناسراوی | + ئامرازی نیشانە / – .م نەناسراوی | بەرکار ناسراوی | + ئامرازی نیشانە/ – .م نەناسراوی |
| دیارخەر | تاگبەند/ ژمارە/بریناو / ئاوەڵناوی پلەی باڵا | دیارخەر | تاگبەند/ ژمارە/بریناو / ئاوەڵناوی پلەی باڵا |
| گوزارە | '...' | گوزارە | '...(را)' / '...' |

**ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بگۆڕ و بەهاکانی بەرکار لە کوردی و فارسیدا دو جیاوازییان هەبێ، یەکەمیان لە ڕوی ناسراویە (ئەم جیاوازییە هاوبەشە لە نێوان بگۆڕ و بەهاکانی بکەر و بەرکار لە زمانی کوردی و فارسیدا)، ئەوی تر گوزارەی بەرکارە لە کوردی و فارسیدا (لە کاتی دەرکەوتنی (را)ی نیشانەی بەرکاری).**

بگۆڕ و بەهاکانی بەرکار

| | | زمانی کوردی | زمانی فارسی |
| --- | --- | --- | --- |
| بەرکار | ژمارە | تاك/كۆ | تاك/كۆ |
| | کەس | 3/2/1 | 3/2/1 |
| | ناسراوی | + 1) ئامرازی نیشانە 2)م. ناسراوی/ – م. نەناسراوی | + ئامرازی نیشانە/ – م. نەناسراوی |
| | دیارخەر | تاکبەند/ ژمارە/بریناو / ئاوەڵناوی پلەی باڵا | تاکبەند/ ژمارە/بریناو / ئاوەڵناوی پلەی باڵا |
| | گوزارە | '...' | '... (را) '/ '... ' |

## ٤-٣-١-٣- ) بگۆڕ و بەهاکانی بەرکاری ٢ لە زمانی کوردی و فارسیدا :

بگۆڕ و بەهاکانی بەرکاری ٢ لە هەردو زمان وەك یەکن، لە هەردو زماندا گوزارەی بەرکاری ٢ بریتییە لە ئامرازی پەیوەندی و تەواوکەر.

بگۆڕ و بەهاکانی بەرکاری ٢

| | | زمانی کوردی | زمانی فارسی |
| --- | --- | --- | --- |
| بەرکاری 2 | گوزارە | 'ئامرازی پەیوەندی > تەواوکەر > ' | 'ئامرازی پەیوەندی > تەواوکەر > ' |
| | تەواوکەر | '....' | '....' |
| | کەس | 3/2/1 | 3/2/1 |
| | ژمارە | تاك/كۆ | تاك/كۆ |

## ٤-٣-١-٤- ) بگۆڕ و بەهاکانی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا :

بگۆڕەکانی کار لە هەردو زمان وەك یەکن، بریتین لە: کات، ڕوکار، ڕێژە، توخم، ناکردن و گوزارە. بە مەبەستی بەراوردکردنی کار لە کوردی و فارسیدا، پێویستە بەراوردی بەهای ئەم بگۆڕانەی کار بکەین.

### ٤-٣-١-٤-١- ) کاتی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا :

لە هەردو زمانەکەدا بگۆڕی کاتی کار ٣ بەهای وەك یەکی هەیە کە ئەمانەن

کاتی کار

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| ڕابردو | رابردو |
| ئێستا | ئێستا |
| داهاتو | داهاتو |

### ٤-٣-١-٤-٢- ) ڕوکاری کار لە زمانی کوردی و فارسیدا :

یەکێ لەو بگۆڕانەی کار کە لە زمانی کوردی و فارسیدا بەهای جیاوازی هەیە، ڕوکارە. کار لە زمانی کوردیدا، ٤ ڕوکاری هەیە، بەڵام لە فارسیدا ٦ ڕوکاری هەیە.

ڕوکاری کار

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| ١) سادە | ١) سادە |
| ٢) بەردەوام | ٢) بەردەوام (استمراری) |
| ٣) تەواو | ٣) تەواو (نقلی) |
| ٤) دور | ٤) تەواوی دور (نقلی بعید) |
| | ٥) تەواوی هەرەدور (نقلی ابعد) |
| | ٦) تەواوی بەردەوام (نقلی استمراری) |

### ٤-٣-١-٤-٣- ) ڕێژەی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا :

ڕێژەی کار لە کوردی و فارسیدا وەك یەکە و ئەو بەهایانەی هەیە:

ڕێژەی کار

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| ١) هەواڵدان | ١) هەواڵدان |
| ٢) فەرماندان | ٢) فەرماندان |
| ٣) دانانی/ئینشایی | ٣) دانانی/ئینشایی |

**٤-٣-١-٤- ٤ ) توخم له زمانی کوردی و فارسیدا :**

توخم یەکێ لەو بگۆڕانەیە کە بەهای هاوشێوەی هەیە، لە هەردو زمانەکەدا، بەڵام لە ڕوی دەرکەوتنی لە ڕستەدا، جیاوازی هەیە، لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا. لە زمانی کوردیدا، بکەری ڕستە بە پێی جۆر و کاتی گوزارەی ڕستە، لەگەڵ کۆمەڵە جیاوازەکانی ڕاناوە لکاوەکان (ڕێککەوتن/ خاوەنی) ڕێکدەکەوێ. ئەمەش وادەکا، گریمانەی ئەوە بکرێ کە زمانی کوردی زمانێکی ئەرگەتیڤی و ئەگریمێنتییە. لە هەندێ کاتدا، بەشێك لە کارەکانی زمانی کوردی هاونیشانەیی نێوان کار و بکەر بە یارمەتی ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن دەکرێ و لە هەندێ کاتی تردا، ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن لە هەمان جۆرە کاردا، هاونیشانەیی نێوان بەرکار و کار نیشاندەدا. (بڕوانە: ڕێککەوتنی بکەر و کار، هەروەها ڕێککەوتنی بەرکار و کار، لە بەشی دوەمی ئەم نامەیەدا)، بەڵام لە زمانی فارسیدا، بەردەوام ڕاناوی لکاوی دەستەی بکەری هاونیشانەیی نێوان بکەر و کاری ڕستە نیشاندەدا.

لە هەردو زمانەکەدا، ڕێگە بەوە دراوە، لە هەندێ کاردا کە پێویستییان بە بەرکار هەیە، بەرکاری ڕستە لە شێوەی ڕاناوی لکاو جێگیر بکرێ. لەم حاڵەتەدا، ڕاناوە لکاوەکە هاونیشانەی بەرکارە دەرنەکەوتوەکەیە. لە زمانی فارسیدا، ئەمەیان بە یارمەتی ڕاناوە لکاوە کەسییەکان دەکرێ، بەڵام لە زمانی کوردیدا، ئەو دەستە ڕاناوە لکاوە ئەم ڕۆلە دەبینێ، کە لە کارەکەدا بۆ هاونیشانەیی نێوان بکەر و کار بەکار نەهاتوە، بە واتایەکی تر، ئەگەر هاونیشانەیی نێوان بکەر و کار بە دەستە ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن کرابو، لەم حاڵەتەدا ئەم ڕۆلە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵە ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی، بە پێچەوانەوە ئەگەر هاونیشانەیی بکەر و کار لە لایەن ڕاناوی لکاوی خاوەنێتی بەرجەستە کرابو، ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن هاونیشانەیی نێوان بەرکار و کار نیشاندەدەن.

لە ڕوی شوێنی دەرکەوتنیان، ڕاناوە لکاوە بکەرییەکان لە زمانی فارسیدا، بەردەوام لە سنوری [I] هاونیشانەیی نێوان بکەر و کار نیشاندەدەن، بەڵام لە زمانی کوردی ئەو ڕاناوەی هاونیشانەیی

بکەر و کار نیشاندەدا، لە هەندێ باری دیاریکراودا، ئەم سنورە دەبەزێنێ و لە چەند شوێنێکی جیاواز دەردەکەوێ.

لە چۆنیەتی تۆمارکردنی زانیارییەکانی تایبەت بە هاونیشانەیی بکەری و بەرکاریش (لە هەندێ حاڵەتی پێویستدا لە درکەوتنیان) هەردو زمانەکە هاوشێوەن و لێکدەچن. توخمەکان لە ڕێگای بگۆڕەکانی کەس و ژمارەی بکەر و کەس و ژمارەی بەرکار، لە کەوانەی ڕۆنانی ئەرکی تۆماردەکرێن:

توخم

| زمانی کوردی | | زمانی فارسی | |
|---|---|---|---|
| کەسی بکەر | ٣/٢/١ | کەسی بکەر | ٣/٢/١ |
| ژمارەی بکەر | تاك / کۆ | ژمارەی بکەر | تاك / کۆ |
| کەسی بەرکار | ٣/٢/١ | کەسی بەرکار | ٣/٢/١ |
| ژمارەی بەرکار | تاك / کۆ | ژمارەی بەرکار | تاك / کۆ |

### ٤-٣-١-٤- ٥ ) ناکردنی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا :

لە هەردو زماندا، ناکردنی کار بە یارمەتی گەرادانکراوی نەرێ فۆڕمە فەرهەنگییەکەی کارەوە ئەنجامدەدرێ. بە واتایەکی تر، نە ڕستەی ئەرێ لە نەرێ وەردەگیرێ و نە بە پێچەوانەوە. لە زمانی کوردیدا، ئەم بگۆڕە دو بەهای جیاوازی هەیە کە بەکارهێنانیان پەیوەستە بە ڕێژەی کارەکە: یەکیان پەیوەستە بە ڕێژەی فەرماندان، ئەویتریان بۆ ڕێژەکانی تری کار بەکاردێ، بەڵام لە زمانی فارسیدا، ئەم بگۆڕە تەنیا یەك بەهای هەیە و بۆ هەمو ڕێژە جیاوازەکان بەکاردێ.

ناکردن

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| ١) (م) بۆ ڕێژەی فەرماندان<br>٢) (ن) بۆ گشت ڕێژەکان جگە لە فەرماندان | ١) (ن) بۆ گشت ڕێژەکان |

**هەرچەندە پێشتر لە زمانی فارسیدا (م) بۆ ناکردنی ڕێژەی فەرماندان بەکار هاتوە، بەڵام لە ئەمڕۆدا ئەم ڕۆڵەی خۆی لە دەستداوە و (ن) ئەم ڕۆڵەی گرتۆتەی ئەستۆی خۆی.**

### ٤-٣-١-٤-٦ ) گوزارەی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا :

**لە ڕۆنانی ئەرکیدا، بەهای بگۆڕی گوزارەی کار بریتییە لە فۆڕمی فەرهەنگی کار و دەروازە فەرهەنگییەکەی. ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی تەنیا گرنگی بە تۆمارکردنی هاوبەشەکان دەدا لە دەروازەی فەرهەنگیدا و سەربارەکان پشتگوێدەخا. لە هەردو زمانەکەدا، هاوبەشەکان بریتین لە (بکەر، بەرکار، بەرکاری ٢، تەواوکەری I و تەواوکەری CP).**

**گوزارە لە زمانی کوردیدا، خاوەنی ٤ قاڵبە و ١١ فۆڕمی جیاوازی پێکەوە هاتنی هاوبەشەکانی لێ بەرهەمدێ، بەڵام گوزارە لە زمانی فارسیدا، خاوەنی ٣ قاڵبە و ١٠ فۆڕمی پێکەوە هاتنی هاوبەشەکانی هەیە.**

**گوزارە**

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| گوزارە ́..... <٤ قاڵب (١١ فۆڕم)> ́ | گوزارە ́..... <٣ قاڵب (١٠ فۆڕم)> ́ |

**دەتوانین لێکچون و جیاوازیی بەهای بگۆڕەکانی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا لەم خشتەیەی خوارەوە نیشانبدەین:**

## کار

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| **گوزارهٔ**..... <**٤ قاڵب** ( **١١ فۆڕم** )>ٔ | **گوزارهٔ**..... <**٣ قاڵب** ( **١٠ فۆڕم** )>ٔ |
| کات     ڕابردو / ئێستا / داهاتو | کات     ڕابردو / ئێستا / داهاتو |
| **ڕوکار**  ساده / بەردەوام / تەواو/ **دور** | **ڕوکار**  ساده/ بەردەوام / تەواو/ **تەواوی دور/ تەواوی هەرەدور/ تەواوی بەردەوام** |
| ڕێژه     هەواڵدان/ فەرماندان/ دانانی | ڕێژه     هەواڵدان/ فەرماندان/ دانانی |
| **ناکردن**     - ن / م | **ناکردن**     - ن |
| **توخم ١ )بکەر     ڕێککەوتن / خاوەنی** | **توخم ١ )بکەر     بکەری** |
| **٢ ) بەرکار     ڕێککەوتن / خاوەنی** | **٢ ) بەرکار     کەسی** |
| کەسی بکەر     ٣/٢/١ | کەسی بکەر     ٣/٢/١ |
| ژمارەی بکەر     تاك/ کۆ | ژمارەی بکەر     تاك/ کۆ |
| کەسی بەرکار     ٣/٢/١ | کەسی بەرکار     ٣/٢/١ |
| ژمارەی بەرکار     تاك / کۆ | ژمارەی بەرکار     تاك / کۆ |

**وەك لە خشتەکەدا دەبینین، کات، ڕێژه، کەس و ژمارەی بکەر و بەرکار لە هەردو زمانەکە وەك یەکن و بەهای بگۆڕەکانی گوزاره، ڕوکار، ناکردن جیاوازن. توخم لە کەوانەی ئەرکیدا تەنیا بە یارمەتی بگۆڕەکانی کەس و ژمارەی بکەر و بەرکار  تۆمار دەکرێ و لە خشتەی سەرەوەدا، تەنیا بۆ بەرجەستەکردن و نیشاندانی جیاوازیی بەکارهێنانی توخمەکان لە هەردو زمانەکەدا ئاماژەی پێکراوە.**

### ٤-٣-١-٥- ) بگۆڕ و بەهاکانی تەواوکەر لە زمانی کوردی و فارسیدا :

**تەواوکەرەکان (بە هەردو جۆرەکەی، واتە، تەواوکەری (I) و تەواوکەری (CP)) لە زمانی کوردی و فارسیدا وەك یەکن و جیاوازییان لە نێوان نییە.**

**تەواوکەری (I)**

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| ١- گوزارە '..... <...( تەواوکەری I) >'<br>تەواوکەری I [گوزارە ....] | ١- گوزارە '..... <...( تەواوکەری I) >'<br>تەواوکەری I [گوزارە ....] |
| ٢- گوزارە '..... <...( تەواوکەری I) >'<br>گوزارە ئامرازی پەیوەندی <تەواوکەر><br>تەواوکەر [گوزارە ....] | ٢- گوزارە '..... <...( تەواوکەری I) >'<br>گوزارە ئامرازی پەیوەندی <تەواوکەر><br>تەواوکەر [گوزارە ....] |

**لە زمانی کوردی و فارسیدا، تەواوکەری CP هەندێ جار بە ئامرازی گەیەنەر دەردەکەوێ و هەندێ جار ئامرازە گەیەنەرەکە بە Ø دەردەکەوێ (واتە، بە بێ ئامرازی گەیەنەر).**

| | | |
|---|---|---|
| تەواوکەری (CP) | زمانی کوردی | ١- گوزارە ...<...(تەواوکەری CP)>'<br>تەواوکەری CP + ئامرازی گەیەنەر <تەواوکەر><br>تەواوکەر [گوزارە ....]<br>٢- گوزارە ...<...(تەواوکەری CP)>'<br>تەواوکەری CP - ئامرازی گەیەنەر <تەواوکەر><br>تەواوکەر [گوزارە ....] |
| | زمانی فارسی | ١- گوزارە ...<...(تەواوکەری CP)>'<br>تەواوکەری CP + ئامرازی گەیەنەر <تەواوکەر><br>تەواوکەر [گوزارە ....]<br>٢- گوزارە ...<...(تەواوکەری CP)>'<br>تەواوکەری CP - ئامرازی گەیەنەر <تەواوکەر><br>تەواوکەر [گوزارە ....] |

### ٤-٣-١-٦ ) بگۆڕ و بەهاکانی سەربار لە زمانی کوردی و فارسیدا :

لە زمانی کوردی و فارسیدا، سەربارەکان بە دو شێوە دەردەکەون و ژمارەیان لە ڕستەدا سنوردار نییە. جگە لەمانە دەتوانن لە چەند شوێنێکی جیاوازی ڕستە دەرکەون.

سەربار

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| ١-سەربار [گوزارە ....] | ١-سەربار [گوزارە ....] |
| ٢-ا) سەربار ئامرازی پەیوەندی <تەواوکەر> | ٢- سەربار ئامرازی پەیوەندی <تەواوکەر> |
| تەواوکەر [گوزارە ....] | تەواوکەر [گوزارە ....] |
| ٢-ب) سەربار ئامرازی پەیوەندی <تەواوکەر> | |
| تەواوکەر [گوزارە.... (پاشکۆ)] | |

وەك لە خشتەی بەراوردی سەربار لە زمانی کوردی و فارسیدا دەبینین، لە شێوەی دوەمی سەربار لە زمانی کوردیدا، هەندێ لەو ئامرازە پەیوەندییانە، پاشکۆیان هەیە کە لە کۆتایی گوزارەی تەواوکەرەکە تۆمار دەکرێ، بەڵام لە زمانی فارسیدا ئامرازەکانی پەیوەندی پاشکۆیان نییە.

لە خوارەوە گشت بگۆڕ و بەهاکانی هەردو زمانەکە لە کەوانەی ڕۆنانی ئەرکیدا نیشان دەدەین:

| | زمانی کوردی | | زمانی فارسی |
|---|---|---|---|
| بکەر | ژمارە: تاک/کۆ<br>کەس: 3/2/1<br>ناسراوی: + 1. ئامرازی نیشانە 2. م. ناسراوی/ – م. نەناسراوی<br>دیارخەر: ئاکبەند /ژمارە/برینو / ئاوەڵناوی پلەی باڵا<br>گوزارە: '...' | ١ | ژمارە: تاک/کۆ<br>کەس: 3/2/1<br>ناسراوی: + ئامرازی نیشانە/ – م. نەناسراوی<br>دیارخەر: ئاکبەند /ژمارە/برینو / ئاوەڵناوی پلەی باڵا<br>گوزارە: '...' |
| بەرکار | ژمارە: تاک/کۆ<br>کەس: 3/2/1<br>ناسراوی: + 1. ئامرازی نیشانە 2. م. ناسراوی/ – م. نەناسراوی<br>دیارخەر: ئاکبەند /ژمارە/برینو / ئاوەڵناوی پلەی باڵا<br>گوزارە: '...' | ٢<br>٣ | ژمارە: تاک/کۆ<br>کەس: 3/2/1<br>ناسراوی: + ئامرازی نیشانە/ – م. نەناسراوی<br>دیارخەر: ئاکبەند /ژمارە/برینو / ئاوەڵناوی پلەی باڵا<br>گوزارە: '... (را)' / '... ' |
| بەرکاری 2 | گوزارە: 'ئامرازی پەیوەندی < تەواوکەر > '<br>تەواوکەر: '....'<br>کەس: 3/2/1<br>ژمارە: تاک/کۆ | | گوزارە: 'ئامرازی پەیوەندی < تەواوکەر > '<br>تەواوکەر: '....'<br>کەس: 3/2/1<br>ژمارە: تاک/کۆ |
| گوزارە | '... > 4 قالب (11 فۆرم) < ' | ٤ | '... > 3 قالب (10 فۆرم) < ' |
| کات | ڕابردو / ئێستا / داهاتو | | ڕابردو / ئێستا / داهاتو |
| ڕوکار | سادە /بەردەوام/تەواو / دور | ٥ | سادە /بەردەوام/تەواو /تەواوی دور /تەواوی هەرەدور/تەواوی بەردەوام |
| ڕێژە | هەواڵدان/فەرماندان/دانانی | | هەواڵدان/فەرماندان/دانانی |
| ناکردن | – 1. ن 2. م | ٦ | – ن |
| کەسی بکەر | 3/2/1 | | 3/2/1 |
| ژمارەی بکەر | تاک / کۆ | | تاک / کۆ |
| کەسی بەرکار | 3/2/1 | | 3/2/1 |
| ژمارەی بەرکار | تاک / کۆ | | تاک / کۆ |
| تەواوکەری $I$ | [گوزارە ...]<br>/<br>[گوزارە < تەواوکەر ><br>تەواوکەر [گوزارە ...]] | | [گوزارە ...]<br>/<br>[گوزارە < تەواوکەر ><br>تەواوکەر [گوزارە ...]] |
| تەواوکەری $CP$ | گوزارە ئامرازی گەیەنەر/Ø < تەواوکەر ><br>تەواوکەر [گوزارە ...] | | گوزارە ئامرازی گەیەنەر/Ø < تەواوکەر ><br>تەواوکەر [گوزارە ...] |
| سەربار | [گوزارە ...]<br>/<br>[گوزارە ئامرازی پەیوەندی < تەواوکەر ><br>تەواوکەر [گوزارە '...']] | | [گوزارە ...]<br>/<br>[گوزارە ئامرازی پەیوەندی < تەواوکەر ><br>تەواوکەر [گوزارە '...']] |

### ٤- ٤ ) شیکردنەوەی ڕستە زمانی کوردی و فارسیدا :

شیکردنەوەی ڕستە لە هەردو زمانەکەدا، تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەیی و ئەرکی زمانەکە بەرجەستە دەکا. لەبەر ئەوەی لە شیکردنەوە ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی پەیڕەو کراوە جیاوازیی نێوان ڕستەکان پەیوەستە بە جیاوازیی ڕۆنانی پێکهاتە و ڕۆنانی ئەرکی ئەم دو زمانە. ڕۆنانی پێکهاتە و ڕۆنانی ئەرکی بە شێوەیەکی هاوتەریب دەردەکەون و شیکارییەکی وردی ڕستە پێشکەش دەکەن.

لێرەدا بە یارمەتی شیکردنەوەی قاڵب و فۆڕمە وەك یەکەکانی ڕستە لە هەردو زماندا، لێکچون و جیاوازییەکانی ڕستە نیشاندەدەین، بۆ وردی زیاتر، لە هەردو زمان هەمان ڕستە بە نمونە دەهێنین.

| رستە | زمان | ژمارەی هاوبەش | هاوبەشەکان | ژمارەی فۆرم |
|---|---|---|---|---|
| رستە | زمانی کوردی | ١ هاوبەشی | (آبکەر) | ١ |
| | | ٢ هاوبەشی | (آبکەر)، (آبەرکاری )<br>(آبکەر)، (آبەرکاری ٢ )<br>(آبکەر)، (آتەواوکەری I)<br>(آبکەر)، (آتەواوکەر CP) | ٤ |
| | | ٣ هاوبەشی | (آبکەر)، (آبەرکار)، (آبەرکاری ٢)<br>(آبکەر)، (آبەرکار)، (آتەواوکەری CP)<br>(آبکەر)، (آبەرکاری ٢)، (آتەواوکەری CP)<br>(آبکەر)، (آتەواوکەری I)، (آتەواوکەری CP)<br>(آبکەر)، (آتەواوکەری I)، (آتەواوکەری I) | ٥ |
| | | ٤ هاوبەشی | (آبکەر)، (آبەرکاری ٢)، (آتەواوکەری I)، (آتەواوکەری CP) | ١ |
| | | ٤ جۆر رستە | (آبکەر) لە هەمو رستەیەکی کوردی هاوبەشی کەوە بە پێی جۆر و فۆرمەوە، رستەکە (آبەرکار)، (آبوکاری ٢)، (آتەواوکەری I)، (آتەواوکەری CP) وەک هاوبەشەکانی تر هەڵدەبژێرێ | ١١ فۆرم |
| | زمانی فارسی | ژمارەی هاوبەش | هاوبەشەکان | ژمارەی فۆرم |
| | | ١ هاوبەشی | (آبکەر) | ١ |
| | | ٢ هاوبەشی | (آبکەر)، (آبەرکاری )<br>(آبکەر)، (آبەرکاری ٢ )<br>(آبکەر)، (آتەواوکەری I)<br>(آبکەر)، (آتەواوکەر CP) | ٤ |
| | | ٣ هاوبەشی | (آبکەر)، (آبەرکار)، (آبەرکاری ٢)<br>(آبکەر)، (آبەرکار)، (آتەواوکەری CP)<br>(آبکەر)، (آبەرکاری ٢)، (آتەواوکەری CP)<br>(آبکەر)، (آتەواوکەری I)، (آتەواوکەری CP)<br>(آبکەر)، (آتەواوکەری I)، (آتەواوکەری I) | ٥ |
| | | ٢ جۆر رستە | (آبکەر) لە هەمو رستەیەکی فارسی هاوبەشی کەوە بە پێی جۆر و فۆرمەوە، رستەکە (آبەرکار)، (آبوکاری ٢)، (آتەواوکەری I)، (آتەواوکەری CP) وەک هاوبەشەکانی تر هەڵدەبژێرێ | ١٠ فۆرم |

ڕستە لە زمانی کوردی و فارسیدا، ٣ قاڵب و ١٠ فۆڕمی هاوبەشی هەیە. ئەو قاڵب و فۆڕمەی کە لە زمانی کوردی هەیە و لە زمانی فارسیدا نییە، بە یەکێ لە جیاوازییەکانی ڕستە لە زمانی کوردی و فارسی دادەنرێ.

### ٤- ٤ -١ ) ڕستەی یەك هاوبەشی لە زمانی كوردی و فارسیدا :

لە زمانی کوردی و فارسیدا، هاوبەشە تاقانەکەی ئەم جۆرە ڕستەیە بریتییە لە بکەری ڕستە. دەرکەوتنی بکەری بۆش لە شوێنی بکەر، تایبەتمەندییەکی هاوبەشی هەردو زمانەکەیە.

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
| --- | --- |
| ٣٦٤-ك) ئەمڕۆ مامۆستایە نوێیەکان هاتن. | ٣٦٤-ف) امروز معلمین جدید آمدند. |
|  |  |
| بکەر [ کەس 3 / ژمارە کۆ / ناسراوی + / گوزارە 'مامۆستا' ]<br>گوزارە 'هاتن < (↑ بکەر) >'<br>کات ڕابردو<br>ڕوکار سادە<br>کەسی بکەر 3<br>ژمارەی بکەر کۆ<br>سەربار [ گوزارە 'ئەمڕۆ' ] | بکەر [ کەس 3 / ژمارە کۆ / گوزارە 'معلم' ]<br>گوزارە 'آمدن < (↑ بکەر) >'<br>کات ڕابردو<br>ڕوکار سادە<br>کەسی بکەر 3<br>ژمارەی بکەر کۆ<br>سەربار [ گوزارە 'امروز' ] |

جیاوازییەکانی ئەم ڕستەیە لە زمانی کوردی و فارسیدا، لەم خاڵانەی خوارەوەدا، بەرجەستە بوە:

أ) جیاوازییەکان لە ڕۆنانی پێکهاتەدا:

١- لە نمونە کوردییەکەدا فرێزی دیارخەری هەیە (سەرەکەی مۆڕفیمی ناسراوییە)، بەڵام هەمان نمونە لە فارسیدا فرێزی دیارخەری نییە، چونکە لە فارسیدا، ناسراوی مۆڕفیمی تایبەت بە خۆی نییە.

٢- شوێنی دەرکەوتنی مۆڕفیمی کۆ لە کوردی و فارسیدا جیاوازە.

٣- لە نمونە کوردییەکەدا، ئامرازی خستنەسەری تایبەت بە ناسراوی دەرکەوتوە (ئەم ئامرازە تایبەتە، لە خستنەسەری ناوی ناسراو. بۆ نەناسراوەکان، ئامرازێکی تر ئەم ڕۆڵە دەبینێ)، بەڵام هەمان نمونە لە فارسیدا، ژێر ڕۆڵی خستنەسەری بینیوە ( ژێر هەمان ڕۆڵ بۆ خستنەسەری ناوە نەناسراوەکانیش دەبینێ).

ب) جیاوازی لە ڕۆنانی ئەرکیدا:

١- بونی بگۆڕی ناسراوی، لە ناو کەوانەی ئەرکی بکەر، لە نمونە کوردییەکەدا و نەبونی لە کەوانەی ئەرکیی نمونە فارسییەکەدا.

لێکچونەکانی ئەم ڕستەیە لە زمانی کوردی و فارسیدا، لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەرجەستە بوە:

أ) لێکچون لە ڕۆنانی پێکهاتەدا:

١- جگە لە فرێزی دیارخەری (تەنیا لە کوردیدا هەیە)، و شوێنی فرێزی ژمارە، لایەنەکانی تری ڕۆنانی پێکهاتەیی ڕستە لێکدەچن.

پ) لێکچون لە ڕۆنانی ئەرکیدا:

١- جگە لەوەی بگۆڕی ناسراوی و بەهاکەی لە نمونەکەی زمانی کوردیدا هەیە و لە نمونە فارسییەکەدا نییە، گشت بگۆڕەکان وەك یەکن و بەهای تایبەتیی هەریەك لەم بگۆڕانە لە بەرامبەرییەوە هاتوە.

## ٤- ٤ -٢ ) ڕستەی دو هاوبەشی لە زمانی کوردی و فارسیدا :

بە پێی فۆڕمە جیاوازەکانی ئەم جۆرە ڕستەیە لە کوردی وفارسیدا، باسی لێکچون و جیاوازییەکانیان دەکەین:

### ٤- ٤ -٢- ١ ) ڕستەی دو هاوبەشی ( بکەر و بەرکار ) لە زمانی کوردی و فارسیدا :

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| ٣٦٥-ك) عەلی کتێبەکانی هێنا. | ٣٦٥-ك) علی کتابها را آورد. |
|  |  |
| بکەر [ کەس 3 ، ژمارە تاک ، گوزارە 'عەلی' ]<br>بەرکار [ کەس 3 ، ژمارە کۆ ، ناسراوی + ، گوزارە 'کتێب' ]<br>گوزارە 'هێنان < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) >'<br>کات رابردو<br>کەسی بکەر 3<br>ژمارەی بکەر تاک | بکەر [ کەس 3 ، ژمارە تاک ، گوزارە 'علی' ]<br>بەرکار [ کەس 3 ، ژمارە کۆ ، گوزارە 'کتاب' (را) ]<br>گوزارە 'آوردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) >'<br>کات رابردو<br>کەسی بکەر 3<br>ژمارەی بکەر تاک |

**جیاوازییەکانی ئەم ڕستەیە لە زمانی کوردی و فارسیدا لەم خاڵانەی خوارەوە بەرجەستە بوە:**

**أ) جیاوازییەکان لە ڕۆنانی پێکهاتەدا:**

**١- لە نمونە فارسییەکەدا فرێزی دۆخ هەیە (سەرەکەی (را)ی نیشانەی بەرکارییە)، بەڵام هەمان نمونە لە کوردیدا، فرێزی دۆخی نییە، چونکە لە زمانی کوردیدا بەرکار نیشانەی تایبەتی نییە.**

**٢- شوێنی دەرکەوتنی مۆڕفیمی کۆ لە کوردی و فارسیدا جیاوازە.**

**٣- لە نمونە کوردییەکەدا، ئامرازی خستنەسەری تایبەت بە ناسراوی دەرکەوتوە، (ئەم ئامرازە تایبەتە و لە خستنەسەری ناوی ناسراو بۆ نەناسراوەکاندا ئامرازێکی تر ئەم ڕۆڵە دەبینێ)، بەڵام هەمان نمونە لە فارسیدا، ژێر ڕۆڵی خستنەسەری بینیوە (ژێر هەمان ڕۆل بۆ خستنەسەری ناوە نەناسراوەکانیش دەبینێ).**

**٤- شوێنی دەرکەوتنی ڕاناوی لکاوی هاونیشانەی بکەر لە کوردی و فارسیدا جیاوازە.**

**ب) جیاوازییەکان لە ڕۆنانی ئەرکیدا:**

**١-بونی بگۆڕی ناسراوی لە کەوانەی ئەرکی بکەر لە ناو نمونە کوردییەکەدا و نەبونی لە کەوانەی ئەرکی نمونە فارسییەکەدا.**

**٢- دەرکەوتنی (را) لە کۆتایی گوزارەی بەرکار تایبەتە بە زمانی فارسی و لە کوردیدا بونی نییە.**

**لێکچونەکانی ئەم ڕستەیە لە زمانی کوردی و فارسیدا لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەرجەستە بوە:**

**أ) لێکچونەکان لە ڕۆنانی پێکهاتەدا:**

**جگە لە فرێزی دیارخەری (تەنیا لە کوردی هەیە)، فرێزی دۆخ، شوێنی فرێزی ژمارە و شوێنی دەرکەوتنی توخمی هاونیشانەی بکەر و لایەنەکانی تری ڕۆنانی پێکهاتەیی ڕستە لێکدەچن.**

**ب) لێکچونەکان لە ڕۆنانی ئەرکیدا:**

**جگە لە بگۆڕی ناسراوی و بەهاکەی لە ناو کەوانەی ئەرکیی نمونە کوردییەکە و (را)ی نیشانەی بەرکاری لە کۆتایی گوزارەی بەرکار لە نمونەکەی زمانی فارسیدا، گشت بگۆڕەکان وەك یەکن و بەهای تایبەتی هەردو زمانەکە بەرامبەر هاتوە.**

### ٤- ٤ -٢- ٢ ) ڕستەی دو هاوبەشی ( بکەر و بەرکاری ٢ ) لە زمانی کوردی و فارسیدا :

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| ٣٦٦- ك) متمانه به ئەو مەکە. | ٣٦٦-ف) به او اعتماد نکن. |

**زمانی کوردی**

٣٦٦- ك) متمانه به ئەو مەکە.




| | |
|---|---|
| بکەر | کەس 2<br>ژمارە تاك<br>گوزارە ‘< pro >’ |
| بەرکار 2 | گوزارە به < تەواوکەر ><br>تەواوکەر ئەو<br>کەس 3<br>ژمارە تاك |
| گوزارە | ‘متمانە کردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکاری 2) >’ |
| کات | ئێستا |
| ڕێژە | فەرماندان |
| کەسی بکەر | 2 |
| ژمارەی بکەر | تاك |

**زمانی فارسی**

٣٦٦-ف) به او اعتماد نکن.




| | |
|---|---|
| بکەر | کەس 2<br>ژمارە تاك<br>گوزارە ‘< pro >’ |
| بەرکار 2 | گوزارە به < تەواوکەر ><br>تەواوکەر او<br>کەس 3<br>ژمارە تاك |
| گوزارە | ‘اعتماد کردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکاری 2) >’ |
| کات | ئێستا |
| ڕێژە | فەرماندان |
| کەسی بکەر | 2 |
| ژمارەی بکەر | تاك |

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی کاری لێکدراو لە زمانی کوردی توانای لەتبون و چونە ناوەوەی کەرەستەی ترە بۆ نێوان هەردو لەتەکە. ئەم حاڵەتە، جوڵەیە نەك گوێزانەوە. بۆیە لە ڕۆنانی پێکهاتە و ئەرکیدا هەردو لەتی کارەکە پێکەوە نوسراون.

**٤- ٤ -٢- ٣ ) ڕستەی دو هاوبەشی ( بکەر و تەواوکەری I ) لە زمانی کوردی و فارسیدا:**

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| ٣٦٧-ك) عەلی مامۆستایە. | ٣٦٧-ف) علی معلم است. |
|  |  |
|  |  |

### ٤-٤-٢-٤ ) ڕستەی دو هاوبەشی ( بکەر و تەواوکەری CP ) لە زمانی کوردی و فارسیدا :

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
| --- | --- |
| ٣٦٨-ك)دەزانم کە ڕۆیشتوە. | ٣٦٨-ف) می دانم کە رفتەاست. |
|  |  |





لەم دو فۆڕمەی کۆتاییدا ڕۆنانی پێکهاتەیی و ئەرکی ڕستە لە هەردو زمانەکە وەك یەکن. دەکرێ لە نمونەی تر، جیاوازی لە بکەری ڕستەی هەردو زمانەکە لە ڕۆنانی پێکهاتەیی و ئەرکیدا هەبێ.

### ٤- ٤ -٣ ) ڕستەی سێ هاوبەشی لە زمانی کوردی و فارسیدا :

بە پێی فۆڕمە جیاوازەکانی ئەم جۆرە ڕستەیە، لە کوردی وفارسیدا، باسی لێکچون و جیاوازییەکانیان دەکەین:

### ٤- ٤ -٣- ١ ) ڕستەی سێ هاوبەشی ( بکەر ، بەرکار و بەرکاری ٢ ) لە زمانی کوردی و فارسیدا :

| فارسی | کوردی |
| --- | --- |
| ٣٦٩-ف) کتاب را برای علی فرستادم. | ٣٦٩-ك) کتێبەکەم بۆ عەلی نارد. |






فرێزی دیارخەری و فرێزی دۆخ لە ڕۆنانی پێکهاتەیی و ناسراوی و بەهاکەی لە ڕۆنانی ئەرکیدا جیاوازییەکانی ئەم نمونەیەن لە زمانی کوردی و فارسیدا.

**٤- ٤ -٣- ٢ ) ڕستەی سێ هاوبەشی ( بکەر ، بەرکار و تەواوکەری I ) لە زمانی کوردی و فارسیدا :**

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
| --- | --- |
| **٣٧٠-ک) عەلی کتێبەکانی بە حوسێن دەسپێرێ.** | **٣٧٠-ف) علی کتابهایش را به حسین می سپارد.** |
|  |  |

### ٤-٤ -٣- ٣ ) ڕستەی سێ هاوبەشی ( بکەر ، بەرکار و تەواوکەری CP ) لە زمانی کوردی و فارسیدا :

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| ٣٧١-ک) حوسێنم ناچارکرد بڕواتە تاران. | ٣٧١-ف) حسین را مجبورکردم به تهران برود. |





**زمانی کوردی:**

| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 1 ، ژمارە تاک ، گوزارە < pro > ] |
| بەرکار | [ کەس 3 ، ژمارە تاک ، گوزارە 'حوسێن' ] |
| گوزارە | 'ناچار کردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) (↑ تەواوکەری CP) >' |
| کات | ڕابردو |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | تاک |
| تەواوکەری CP | [ گوزارە 'بڕواتە تاران' ] |

**زمانی فارسی:**

| | |
|---|---|
| بکەر | [ کەس 1 ، ژمارە تاک ، گوزارە < pro > ] |
| بەرکار | [ کەس 3 ، ژمارە تاک ، گوزارە 'حسین(را)' ] |
| گوزارە | 'مجبور کردن < (↑ بکەر) (↑ بەرکار) (↑ تەواوکەری CP) >' |
| کات | ڕابردو |
| کەسی بکەر | 1 |
| ژمارەی بکەر | تاک |
| تەواوکەری CP | [ گوزارە 'به تهران برود' ] |

**٤-٤-٣-٤) ڕستەی سێ هاوبەشی (بکەر، تەواوکەری I و تەواوکەری I) لە زمانی کوردی و فارسیدا:**

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|

**٣٧٢-ك) عەلی زیرەکترە لە حوسێن.**







**٣٧٢-ف) علی زرنگتراست از حسین.**






**٤-٤-٣-٥) ڕستەی سێ هاوبەشی (بکەر، بەرکاری٢ و تەواوکەری CP) لە زمانی کوردی و فارسیدا:**

| زمانی کوردی | زمانی فارسی |
|---|---|
| ٣٧٣-ک) پێم وت بەیانی زوتر بێ. | ٣٧٣-ف) بهش گفتم فردا زودتر بیاید. |

**زمانی کوردی**




بکەر: [کەس 1 / ژمارە تاک / گوزارە < pro >]

بەرکاری 2: [گوزارە بە < تەواوکەر > / تەواوکەر Ø / ژمارە تاک / کەس 3]

گوزارە: 'وتن < (↑بکەر) (↑بەرکاری 2) (↑تەواوکەری CP) >'

کات: ڕابردو

کەسی بکەر: 1

ژمارەی بکەر: تاک

تەواوکەری CP: [گوزارە 'بەیانی زوتر بێ']

**زمانی فارسی**




بکەر: [کەس 1 / ژمارە تاک / گوزارە < pro >]

بەرکاری 2: [گوزارە بە < تەواوکەر > / تەواوکەر ش / ژمارە تاک / کەس 3]

گوزارە: 'گفتن < (↑بکەر) (↑بەرکاری 2) (↑تەواوکەری CP) >'

کات: ڕابردو

کەسی بکەر: 1

ژمارەی بکەر: تاک

تەواوکەری CP: [گوزارە 'فردا زودتر بیاید']

وەك لە قاڵب و فۆڕمە جیاوازەکانی ڕستە لە زمانی کوردی و فارسیدا، دەبینین، جیاوازییەکان لە هەردو ئاستی ڕۆنانی پێکهاتەیی و ئەرکیدا بەرچاو دەکەون.

**٤- ٥ ) باس و تەوەرەی ڕستە لە زمانی کوردی و فارسیدا :**

جیاوازیی نێوان باس و تەورەی ڕستە لە زمانی کوردی و فارسیدا بۆ دو کەرەستەی زمانی دەگەڕێتەوە: (ەکە)ی نیشانەی ناسراوی لە زمانی کوردی و (را)ی نیشانەی دۆخی بەرکاری لە زمانی فارسیدا، هەریەك لەمانە تایبەتە بە یەکێ لەم زمانانە و لە زمانەکەی تردا نییە، هەرچەندە دو کەرەستەی ڕێزمانی جیاوازن، بەڵام لە ڕوی ئەرکەوە لە دەسنیشانکردنی باسدا هەمان ڕۆلیان هەیە. ئەم کەرەستانە لە زمانەکانی خۆیاندا، سنورێك بۆ باس دادەنێن و وا دەکەن کەرەستەکانی پێشەوەیان ببنە باس.

جگە لەو خاڵەی لەسەرەوە باس کرا، گشت لایەنەکانی تری باس و تەوەرە لە زمانی کوردی و فارسیدا، وەك یەکن.

**٤- ٦ ) فۆڕم دروستی لە ڕۆنانی ئەرکی ڕستە لە زمانی کوردی و فارسیدا :**

لە هەردو زمانەکەدا بنەماکانی فۆڕم دروستی لە ڕۆنانی ئەرکی پەیڕەودەکرێ و لەم ڕوەوە جیاوازییان نییە.

**٤- ٧ ) کۆنترۆل لە ڕستەی زمانی کوردی و فارسیدا :**

لە لایەك دەرکەوتنی بکەری بۆش لە ڕستەدا تایبەتمەندییەکی سینتاکسی هەردو زمانەکەیە و لە لایەکی تر نەبونی تەواوکەری کراوە و سەرباری کراوە لەم دو زمانەدا وادەکا، لە هیچ یەك لەم زمانانە کۆنترۆڵی دەرەکی نەبێ و لەم ڕوەوە لێکدەچن.

# ئەنجام

**لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك، لە خوارەوە ئەم ئەنجامانە دەخەینە ڕو:**

**یەکەم: ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی وەك ئەوەی دامەزرێنەرانی ڕێزمانە بانگەشەی بۆ دەکەن، ڕێزمانێکی گشتگیرە. گونجانی ڕێزمانەکە لەگەڵ زمانی کوردی و فارسیدا ئەم ڕاستیە دوپاتدەکاتەوە.**

**دوەم: هەرچەندە زمانی کوردی و فارسی لە ڕوی پەیوەندیی خزمایەتیەوە، لێك نزیکن، بەڵام هەر یەکەیان خاوەنی کۆمەڵە تایبەتمەندین کە لێکیان جیادەکاتەوە، بونی ئەم جیاوازییانەش، ڕای ئەو زمانەوانە فارسەکان ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێن زمانی کوردی شێوەزارێکی زمانی فارسیە. بەشێك لە جیاوازییەکان ئەمانەن:**

**أ) بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی ڕستە لە زمانی کوردیدا، خاوەنی ٤ قاڵب و ١١ فۆڕمە، بەڵام ڕستە لە زمانی فارسیدا، خاوەنی ٣ قاڵب و ١٠ فۆڕمە.**

**ب) بونی فرێزی دۆخ لە ڕۆنانی پێکهاتەیی ڕستە و نەبونی هەمان فرێز لە زمانی کوردیدا.**

**پ)دەرکەوتنی پاشکۆی ئامرازی پەیوەندی لە فرێزی بەند و نەبونی ئەم پاشکۆیە لە زمانی فارسیدا.**

**ت) ئەو جیاوازییانەی لە بەراوردی ڕۆنانی ئەرکیی ڕستە لە زمانی کوردی و فارسیدا دەردەکەون، لە چوارچێوەی بەهای بگۆڕەکان بەرجەستە دەبن.**

**ج)شوێنی دەرکەوتن و چونیەتی ڕێککەوتنی ڕاناوە لکاوەکان و نیشاندانی هاونیشانەیی جیاوازیەکی تری ڕستەیە لە زمانی کوردی و فارسیدا.**

**سێیەم: فرێزی کاری لە زمانی کوردی و فارسی نیە، فرێزی گەردانی، کارە گەردانکراوەکە دەگرێتە خۆی.**

**چوارەم: دەروازەی فەرهەنگی کار لە هەردو زماندا ١٠٠٪ جێگیر نییە و ئەگەری دەرکەوتنی دەروازەی فەرهەنگی جیاواز بۆ فۆڕمە فەرهەنگییەکانی کار لە ئارادایە.**

**پێنجەم: بکەر هاوبەشێکی زۆرەکی ڕستەیە. لە هەمو ڕستەیەکی زمانی کوردی و فارسیدا ئەم هاوبەشە ئامادەیە، یان بە شێوەی بەرجەستە یا بە بکەری بۆش.**

**شەشەم: ڕستەی بکەر نادیار لە ڕوانگەی ئەم ڕێزمانەوە دەکەوێتە خانەی قاڵبی یەکەم، فۆڕمی یەکەم، واتە فۆرمی فەرهەنگی کار کە یەك هاوبەش وەردەگرێ.**

**حەوتەم: نەبونی سەربار و تەواوکەری کراوە، وایکردوە بابەتی کۆنتڕۆڵی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە زمانی کوردی و فارسیدا نەبێ.**

# ليستی سەرچاوەكان

## يەكەم- سەرچاوە كوردييەكان:


١. بائيز عمر احمد، (٢٠٠٥)، دەربڕينی ڕێژە لە دياليكتی ژوورووی زمانی كورديدا ((گۆڤەری بادينی))، نامەی دكتۆرا، كۆليجی زمان، زانكۆی سەلاحەددين.

٢. حاتم وليا محمد، (٢٠٠٠)، فرێزی ناوی و فرێزی كاری لە دياليكتی كرمانجی ژووروودا، نامەی ماستەر، كۆلێجی زمان، زانكۆی سلێمانی.

٣. حاتم وليا محمد، (٢٠٠٩)، پەيوەندييە ڕۆنانييەكانی نواندنە سينتاكسييەكان، دەزگای توێژينەوە و بلاوكردنەوەی موكريانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٤. خەسرۆ ڕەسول ئەحمەد، (٢٠١٢)، ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتيدا لە ڕوانگەی تيۆری دەسەڵات و بەستنەوە، نامەی دكتۆرا، فاكەڵتيی ئاداب، زانكۆی سۆران.

٥. دلێر صادق كانبی، (٢٠١٣)، تيۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە، نامەی دكتۆرا، فاكەڵتيی ئاداب، زانكۆی سۆران.

٦. ساجيدە عبدالله فەرهادی، (٢٠٠٩)، ڕستە و پاش ڕستە، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٧. سانيا جبار عبوزيد، (٢٠٠٧)، ئەسپێكتێن كاری د كورديا سەريدا، نامەی ماستەر، كۆلێژا ئادابێ، زانكۆيا دهۆك.

٨. سەباح ڕەشيد قادر،(٢٠٠٩)، هەندێ لايەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لە زمانی كورديدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٩. شێرزاد سعيد صديق، (٢٠٠٨)، ڕستەی زمانی كوردی بە پێی (تيۆری كاتيگۆری و پێوانە)ی هاڵيدەی، نامەی ماستەر، كۆلێجی زمان، زانكۆی سەلاحەددين، هەولێر.

١٠. فريدون عبدول محمد، (١٩٨٨)، ناديارى، نامەی ماستەر، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددين، هەولێر.

١١. ڤیان سلێمان حاجی، (٢٠٠١)، ڕێککەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٢. ڤیان سلیمان حاجی، (٢٠٠٩)، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە. (شێوەزاری کرمانجی سەروو)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، کوردستان: هەولێر.

١٣. عبدالله حسین رسول، (١٩٩١)، ناکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٤. ــــــــــــــ، (١٩٩٥)، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، بەغدا.

١٥. عبدالله حسین رسول، (١٩٩١)، ناکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٦. ــــــــــــــ، (١٩٩٥)، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، بەغدا.

١٧. عبدالواحد مشیر دزەیی، ، (٢٠٠٩)، واتاسازی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، کوردستان، هەولێر.

١٨. عومەر محمود کەریم،(٢٠٠٤)، کاری تێپەڕو تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا، (کرمانجی خواروو)، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد- زانکۆی بەغدا.

١٩. محمد معروف فتاح و سەباح ڕەشید قادر،(٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

٢٠. محمد معروف فتاح ، (٢٠٠٩- ٢٠١٠)، قوتابخانە سینتاکسییەکان- وانەی دکتۆرا، کۆرسی دوەم، بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سۆران.

٢١. ــــــــــــــ، (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حسین خۆشناو ، و شێروان محمد میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٢. محەمەد عومەر عەول، (٢٠٠٨)، کردەی تەواوکردن لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان - زانکۆی سلێمانی.

٢٣. محەمەدی مەحویی، (٢٠١١)، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.

٢٤. مستەفا قادر حەسەن، (٢٠١٠)، کارتێکردنی هەندێ لایەنی سینتاکسی زمانی فارسی لەسەر زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر

٢٥. یوسف شەریف سەعید، (٢٠٠٩)، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٦. وریا عومەر ئەمین، (١٩٨٥)، تێنەپەر فرمانێکی بکەرنادیارە- گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٠٧، ل ١٩٦- ٢٠٠.

٢٧. ———— ، (١٩٨٦-أ) پاشبەندەکان ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، ژمارە (١٥)، بەغدا، ل ١٨٢-١٩٣.

٢٨. ———— ، (١٩٨٦-ب) بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١١)، بەغدا، ل ١٨٣-١٨٩.

## دووەم- سەرچاوە فارسییەکان:

٢٩. ارسلان گلفام، (٢٠٠٧)، اصول دستور زبان، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها(سمت)، تهران.

٣٠. آزیتا افراشی، (٢٠٠٩)، ساخت زبان فارسی، ویراست دوم، چاپ چهارم، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها(سمت)، تهران.

٣١. اکرم طیبی، (١٩٩٦)، کاربرد دستور واژگانی نقشمند در ترجمه ماشینی پارەای از متون زبان فارسی، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه تهران، دانشکده ادبیات و علوم انسانی.

٣٢. اعظم استاجی، (٢٠٠٦)، گذر از مالکیت به نمود در زبان فارسی، نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی ، دانشگاه شهید باهنر کرمان، پیاپی ١٦، ١ - ١٧.

٣٣. امید امجد، (٢٠١٠)، دستور زبان فارسی از دیدگاه هندیان با تکیه بر قصیده جواهر الترکیب، نشریه مطالعات شبه قاره فارسی، دانشگاه سیستان و بلوچستان، شماره ٥، ٧٩ - ١٠٠.

۳٤. ایوان ساگ و توماس واسو،(۲۰۰۵)، مروری بردستورهای غیر گشتاری،ترجمه: مهران انوشیروان تقوائی پور و امیر حسین فلکه، مجله زبانشناسی، شماره اول، سال بیست و دوم، ٦۱-۷۲.

۳۵. حسین حسنیان، (۱۹۸۹)، گروه اسمی در زبان فارسی بر مبنای نظریه ایکس تیره، مجله زبانشناسی، سال ششم، شماره اول، پیاپی ۱۱، ۲۹- ٤۰.

۳٦. جلال رحیمیان، (۲۰۱۰)، ساخت زبان فارسی، انتشارات دانشگاه شیراز.

۳۷. حسن احمد گیوی و حسن انوری، (۲۰۰۹)، دستور زبان فارسی (۱)، چاپ چهارم، نشر موسسه فرهنگی فاطمی، چاپخانه خاشع، تهران.

۳۸. خلیل خطیب رهبر، (۲۰۰۲)، دستور زبان فارسی، نشر مهتاب، تهران .

۳۹. پرویز ناتل خانلری (۲۰۰۹)، دستور زبان فارسی ، چاپ بیست و دوم، انتشارات توس، تهران.

٤۰. پیترا أ . ام.سورن،(۲۰۰۹)، مکاتب زبانشناسی نوین در غرب، ترجمه: علی محمد حق شناس، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها، مرکز تحقیق و توسعه علوم انسانی.

٤۱. تقی وحیدیان کامیار و غلامرچا عمرانی، (۲۰۱۰)، دستور زبان فارسی (۱)، چاپ دوازدهم، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها، مرکز تحقیق و توسعه علوم انسانی.

٤۲. داود مدنی، (۲۰۱۱)، بررسی ساختار اطلاعاتی جمله در زبان فارسی به لحاظ کلامی و کاربردشناسی، فصلنامه اندیشه‌های ادبی، شماره ۷، ۱۲۱ -۱٤٤.

٤۳. دینا یوسفی، (۱۹۹٦)، بررسی ترتیب سازه‌ای گروه‌های واژگانی زبان فارسی بر پلیه نظریه حاکمیت و مرجع گزینی، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه فردوسی مشهد ،دانشکده ادبیات و علوم انسانی،

٤٤. رضا صحرائی، (۲۰۱۰) گروه حرف تعریف در زبان فارسی، فصلنامه متن پژوهی ادبی، شماره ٤۵، دانشگاه علامه طباطبایی، تهران، ۱۲۹-۱۵۸.

٤۵. ژیلبر لازار، (۲۰۱۰)، دستور زبان فارسی معاصر، ترجمه مهستی بحرینی، انتشلرلت هرمس، تهران.

٤٦. شهلا شریفی،(۲۰۰۷)، رویکرد دستور زایشی و برخی دستورهای منشعب از ان به واژه و مدخلهای واژگانی در برخی فرهنگهای دو زبانه، انگلیسی-فارسی، مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی مشهد(علمی-پژوهشی)، شماره ۱۵۹، زمستان، ۹۱-۱۱۵.

٤۷. عبدالعظیم قریب و دیگران، (۲۰۱۰)، دستور زبان فارسی پنج استاد، به اهتمام جهانگیرمنصور، چاپ پنجم، انتشارات ناهید، تهران.

٤۸. علی درزی، (۲۰۰٦)، شیوه استدلال نحوی، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها(سمت)، تهران.

٤۹. علی درزی و آرزو معظمی، (۲۰۰٦)، کمیت نمایی نشانه جمع ((–ها)) در زبان فارسی، فصلنامه جستارهای زبانی، سال دوم، شماره ۵، ۷۱ - ۸۵.

۵۰. علی درزی و لیلا قدیری، (۲۰۱۱)، تکواژ جمع در زبان فارسی، مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران، ۷۷-۹۵.

۵۱. فاخته نخاولی، (۲۰۰۸)، بررسی نمود و انواع مختلف آن و تمایز نمودی عمده در زبان فارسی، دانشگاه فردوسی مشهد، دانشکده ادبیات و علوم انسانی دکتر علی شریعتی.

http://pajuheshgar.gigfa.com/maghalat/barrasi%20nemood%20va%20anvae%20mokhtalefe%20aan.htm

٥٢. فاطمه مدرسی (٢٠٠٨)، از واج تا جمله: فرهنگ زبانشناسی- دستوری، چاپ دوم، نشر چاپار، تهران،

٥٣. فریده حق بین، (٢٠٠٦)، ڤرفیت در ساختهای اسنادی در زبان فارسی، فصلنامه زبان و زبانشناسی، سال دوم، شماره ٤، تهران ، ٢١-٣٩.

٥٤. محمد دبیر مقدم، (١٩٩٠)، پیرامون "را" زبان فارسی، مجله زبانشناسی، سال هفتم، شماره اول، پیاپی ١٣، ٢- ٦٠.

٥٥. ______، (٢٠٠٤)، زبانشناسی نظری،(پیدایش و تکوین دستور زایشی)، کتابخانه ملی ایران.

٥٦. محمد راسخ مهند، (٢٠٠٩)، معرفه و نکره در زبان فارسی، ویژه‌نامه فرهنگستان، جلد پنجم، شماره مسلسل ٥، ٨١- ١٠٣.

٥٧. محمد مهدی واحدی لنگرودی،(١٩٩٨)، ساختهای فعلی مجهول با "شدن" در زبان فارسی، مجله مدرس، شماره ٧، ٧٥ – ١٠١.

٥٨. مریم مجیدی، (٢٠٠٩)، جلوه‌ها و کارکردهای نمود فعل در زبان فارسی ، فصلنامه علمی پژوهشی (پژوهش زبان و ادبیات فارسی)، شماره پانزدهم، ١٤٥- ١٥٨.

٥٩. مهدی مشکوه‌الدینی، (٢٠٠٧) توصیف و آموزش زبان فارسی، چاپ سوم، انتشارات دانشگاه فردوسی، مشهد.

٦٠. ______، (٢٠٠٩) دستور زبان فارسی- واژگان و پیوندهای ساختی، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها(سمت)، تهران.

٦١. ______، (٢٠١٠) دستور زبان فارسی بر پایه نظریه گشتاری ، ویرایش دوم، چاپ یازدهم، انتشارات دانشگاه فردوسی، مشهد.

٦٢. مهرداد نغزگوی کهن، (٢٠١٠)، افعال معین و نمایش نمود در زبان فارسی، مجله ادب پژوهی، شماره ١٤، ٩٣ – ١١٠.

٦٣. وی جی کوك و مارك نیوسان(٢٠١١)، دستور زبان جهانی چامسکی، ترجمه ابراهیم چنگی، چاپ چهاردهم، ویرایش سوم، انتشارات رهنما، چاپخانه نقره‌فام، تهران.

## سێیەم- سەرچاوەی عەرەبی:

٦٤. محمد علي خولي،(١٩٨٢)، معجم علم اللغة النظري (انكليزى-عربي)، مكتبة لبنان: بيروت.

## چوارەم- سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

65.Abney, S.P, (1987), The English Noun Phrase in its Sentential Aspect, Ph.D. dissertation, Cambridge: MIT Press.

66. Asudeh, A. & Toivonen, I., (2009), Lexical Functional Grammar, Oxford: Oxford University Press.

67. Alexiadou A. and Schäfer F. (2013), Non-Canonical Passives, John Benjamins.

68. Bresnan,J.(1982), Control and Complementation, *The Mental Representation of Grammatical Relations*, pages 282-390, MIT Press, Cambridge, Massachusetts.

69. Butt, M. & Holloway King, T.(1996), Structural Topic and Focus without Movement, CSLI Publishers. http://www.stanford.edu/group/cslipublications/cslipublications/LFG/1/toc-lfg1.html

70. Black, Cheryl A. (1998), A Step-by-Step Introduction to the Government and Binding Theory of Syntax, SIL-Mexico Branch and University of North Dakota.

71. Bresnan, J,(2001), Lexical Functional Grammar, Blackwell Publishers.

72. Crystal, D,(1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Blackwell.

73. ……………. (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics,(6th ed.), Oxford: Blackwell.

74. Cook, V. & Newson, M.(1996), Chomsky's Universal Grammar: an introduction. (2nd ed.), Oxford: Blackwell.

75. Carnie, A.(2002), Syntax- A generative Introduction, Oxford: Blackwell.

76. Dalrymple, M.( 2001), Lexical Functional Grammar, Academic press.

77.____________,(2005), Lexical Functional Grammar, centre for Linguistics and Philology, http://users.ox.ac.uk/~cpgl0015/lfg.pdf

78. Fattah, M. M.(1997), A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished Ph.D. Dissertation, University of Amsterdam.

79. Falk, Yehuda N.(2001), Lexical Functional Grammar, University of Chicago press.

80. Frank, A.(2013), A Tour of Grammar Formalisms, (From Quirky Case to Representing Space: Papers in Honour of Annie Zaenen),CSLI publications, http://www.cl.uni-heidelberg.de/~frank/papers/azfest_frank.pdf

81. Gomeshi, J. (1996), A STUDY OF PERSIAN PHRASE STRUCTURE, Unpublished Ph.D. Dissertation, University of Toronto.

82. Henadeerage, K.D.(2002),Topics in Sinhala Syntax, PhD. Dissertation, The Australian National University.

83. Jayaseelan, K.A. (2008), Bare Phrase Structure and Specifier-less Syntax , BIOLINGUSTICS, Digital Journal, Vol 2, No 1 http://www.biolinguistics.eu/index.php/biolinguistics/article/view/18

84.Kaplan, Ronald M.& Bresnan,J.(1982), Lexical-Functional Grammar: A Formal System for Grammatical Representation, Cambridge : The MIT Press, 173 – 281.

85. Kaplan, Ronald M.(1989),The Formal Architecture of Lexical-Functional Grammar, Journal of Information Science and Engineering, vol. 5, 305-322.

86. Karamat, N. (2006), Verb Transfer from English to Urdu- Machine Translation-(Using Lexical Functional Grammar (LFG), MS Thesis, National University of computer & Emerging Sciences, Pakistan.

87. Kazana, D. (2011). Agreement in Modern Greek Coordinate Noun Phrase. Ph.D. Dissertation. University of Essex.

88.Kroeger, Paul R. (2005), Analyzing Grammar. An Introduction, Cambridge: Cambridge University Press.

89.Kumar, Deepthi, (2002)

90. Musgrave, S. (2001). Non-Subject Arguments in Indonesian, Ph.D. dissertation, The University of Melbourne.

91. Nordlinger, R. & Bresnan, J. (2011).Lexical-Functional Grammar: interactions between morphology and syntax. Blackwell Publishing, pp.112-140.

92. Progovac L. (1998a), STRUCTURE FOR COORDINATION Part I, Glot international, volume 3 ,issue 7, 3-7.

93. _________. (1998b), STRUCTURE FOR COORDINATION Part II, Glot international, volume 3 ,issue 8, 3-9.

94. Sells, P.(1985). Lectures on cotemporary syntactic theories. Stanford university, CSLI.

95. ________.(2001). Structure, Alignment and Optimality in Swedish. CSLI publications.

96. Shiber, Stuart M. (2003). An Introduction to Unification. Based Approaches to Grammar. Massachusetts.

97. Wescoat, Michael T.& Zaenen,A. (1991), Lexical Functional Grammar. In Linguistic Theory and Grammatical Description: Nine Current Approaches, Droste, Flip G. and John E. Joseph (eds.) http://books.google.iqlbooks?id=1H8Ak_8YiLkC&pg=PAPA103&lpg=PA103&dq=Lexical+Functional+Grammar.+In+Linguistic+Theory+and+Grammatical+Description:+Nine+Current+Approaches,&source=bl&ots=sIxxfiNORn&sig=L-dXDJeKQh-nCoovwtchD4pY5As&hl=en&sa=X&ei=GRdmUt7kHeSR0QW8poCACw&ved=0CDIQ6AEwAQ#v=onepage&q=Lexical%20Functional%20Grammar.%20In%20Linguistic%20Theory%20and%20Grammatical%20Description%3A%20Nine%20Current%20Approaches%2C&f=false

وزارة التعليم العالي و البحث العلمى

جامعة سوران

فاكلتي الآداب

قسم اللغة الكوردية

# الجملة في ضوء النحو المعجمي الوظيفي

# في اللغتين الكوردية و الفارسية

اطروحة دكتوراه تقدم بها

**شيرزاد سعيد صديق**

الى مجلس كلية الآداب جامعة سوران، وهى جزء من متطلبات نيل درجة دكتوراه فلسفة في اللغة الكوردية

المشرف

**الاستاذ المساعد**

**د.عبدالله حسين رسول**

٢٧١٣ كوردي ٢٠١٣ ميلادي ١٤٣٥ هجري

# ملخص البحث

عنوان الاطروحة " الجملة في ضوء النحو المعجمي الوظيفي في اللغتين الكوردية و الفارسية". يتضمن البحث البنية التأسيسية و البنية الوظيفية في اللغة الكوردية الوسطى و اللغة الفارسية فى اطار النحو المعجمي الوظيفي.

يتناول البحث اربعة فصول مع المقدمة و الخاتمة و قائمة المصادر و المراجع.

الفصل الأول: " النحو المعجمي الوظيفي" يحتوي هذا الفصل الجانب النظري لهذا النحو و يتضمن البنية التأسيسية و البنية الوظيفية.

الفصل الثاني: "الجملة بحسب النحو المعجمي الوظيفي في اللغة الكوردية"في ضوء المنهج الوصفى و في اطار النحو المعجمي الوظيفي يتحدث هذا الفصل عن البنية التأسيسية و البنية الوظيفية، تحليل الجملة، الموضوع و التركيز و التشكيل الصحيح للبنية الوظيفية للجملة في اللغة الكوردية مع المثال و التحليلات المناسبة.

الفصل الثالث: "الجملة حسب النحو المعجمي الوظيفي في اللغة الفارسية"حسب المنهج الوصفى و في اطار النحو المعجمي الوظيفي. يتحدث هذا الفصل عن البنية التأسيسية و البنية الوظيفية، تحليل الجملة، الموضوع و التركيز و التشكيل الصحيح للبنية الوظيفية للجملة في اللغة الفارسية مع الأمثلة و التحليلات المناسبة.

الفصل الرابع: عنوان هذا الفصل " مقارنة الجملة بحسب النحو المعجمي الوظيفي في اللغتين الكوردية و الفارسية" يتناول هذا الفصل اوجه التشابه و الإختلاف في الجملة بين هاتين اللغتين.

ينتهى البحث بـ نتائج البحث و قائمة المصادر و المراجع.

# Abstract

The dissertation is entitled “Sentence According to Lexical Functional Grammar in Kurdish and Persian languages”. This dissertation deals with constituent structure and functional structures of sentence in Central Kurdish and standard Persian according to Lexical Functional Grammar.

It consists of four chapters as well as an introduction, conclusion and bibliography.

Chapter one is in entitled “Lexical Functional Grammar” It is theoretical chapter, and deals with the theoretical part of this grammar, and its development. It also clarifies both constituent and functional structures.

Chapter two is under the title “Sentence According to Lexical Functional Grammar in Kurdish”. This chapter deals with the analysis of sentence by descriptive method and in Lexical Functional Grammar framework, it consists of “constituent structure, functional structure, sentence analysis, topic and focus and well-formedness in functional structure of sentence in Kurdish. It is clarified through examples.

Chapter three is under the title “Sentence According to Lexical Functional Grammar in Persian”. This chapter deals with the analysis of sentence by descriptive method and in Lexical Functional Grammar framework, it consists of “constituent structure, functional structure, sentence analysis, topic and focus and well-formedness in functional structure of sentence in Persian. It is clarified through examples.

Chapter four is a comparison between chapter two and chapter three and it is entitled “Comparison of Sentence According to Lexical Functional Grammar in Kurdish and Persian languages”. This chapter similarities and differences in sentence analysis are presented in both languages.

In conclusion the concluded points are shown. The dissertation ends in bibliography.

**Ministry of Higher Education & Scientific Research**

**Soran University**

**Faculty of Arts**

**Kurdish department**

# SENTENCE ACCORDING TO LEXICAL FUNCTIONAL GRAMMAR IN KURDISH & PERSIAN LANGUAGES

A Dissertation submitted to the Council of the Faculty of Arts in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Doctor of Philosophy in Kurdish Language

**By**

**Sherzad Saeed Sedeeq**

**B.A 2004 Salahaddin University**

**M.A 2008 Salahaddin University**

**Supervised by**

**Assistant Professor**

**Dr.Abdulla Husen Rasool**

2713(K )　　2013(A.D)　　1435(A.H.)